

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [١٣]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی




تەفسیری رەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی سیانزە

نووسینی
مەلا مەحموودی گەلاڵەیی

جزمی (٢٦)



- تەفسیری رەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان
- نوسینی : مەلا مەحمودی گەلاڵەیی
- چاپی یەکەم
- چاپخانەی تیشك
- تیراژ (٥٠٠) دانە
- ژمارەی سپاردن (٦٩) ی ساڵی ٢٠٠٥/٢/٦

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی(الأحقاف)

ئەم سورەتە ناونراوە سورەتی(الأحقاف) چونکە لەئایەتی ژمارە(٢١)ی دابڵسی ئەحقاف دەکا: کە شوێن و نیشتمانی گەلی عاد بووە لەولاتی یەمەن و خودا بەڕەشەباو زریانی بەردەوام و ڕیشە کێشکەر لەناوی بردن.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەهی پێشەوە لەچەند ڕوبەکەوەیە:

١- سەرەتای هەردو سورەتەکان وەکوو یەك وان، ئەوەتا هەر دووسورەتەکە بە ﴿حم: تنزيل الكتاب من الله العزيز الحكيم﴾ دەست پێ دەکەن.

٢- ناوەڕۆکی هەردو سورەتەکە لێك دەچن، هەردوکیان باسی یەکتاپەرستی و پێغەمبەرایەتی و نیگاو سروش و زیندو بوونەوەیان لەخۆگرتووە.

٣- سورەتی پێشوو بەسەرزەنشتکردنی موشریکەکان کۆتایی هات، ئەم سورەتەش بەهەمان مەبەست دەست پێ دەکا، پووچی و گەندەڵی بیرو باوەڕیان دیاری دەکا، بەڵگەیان لەدژ راست دەکاتەوە، داوای بەڵگەیان لێ دەکا، گەورەيي و شکۆمەندی پەروەردگار ڕون دەکاتەوە، ڕەحمەت و بەهانا هاتنی بۆ ئادەمیزاد نمایش دەکا، بەپێچەوانەی ئەوخودا درۆزنانەی: کە موشریکەکان بەندایەتییان بۆ دەکەن، نەهیچ دەبیسن و نەفریای کەس دەکەون!

باس و مەوزوعی سەرەکی ئەم سورەتە(قضییە)ی عەقیدەیە، واتە: ئیمان بەتاك و تەنهایی خودا و خاوەنیەتی رەهای بۆ بوونەوەر، ئیمان بەسروش و نیگای پێغەمبەرایەتی، بڕوا بەوە: کە موحەممەد پێغەمبەرەو

قورئـانی بـۆ نـێردراوە، لــەپێش ئـەودا پێغەمبــەری‌تر هـەبوون و ئــەم دواپێغەمبەرە، هەروەها ئیمان بەزیندوبوونەوەو حیساب و لێکۆلینەوە.

ئەم بنەمایانە چەند بنەمایەکی ســەرەکی و بنـەڕەتین، ئیسـلام لەسـەر ئەم بنەمایانە دروست بووە، بۆیە قورئــانی پیرۆز لەهـەموو سـوورەتێکی مــەککی‌دا عیـلاج و چارەسـەریان دەکـا، لەسورەتە مەدینەییـەکانیش دا ناوبەناو ئاماژەیان بۆ دەکا، چونکە سروشتی ئیسلام وەهایە، دێنێ ئیمان بـەتاك و تەنــهایی خــودا و پێغەمبەرایــەتی و ڕابوونـــی قیامـــەت و زیندوبوونەوە دەکاتە جەمسەرێکی مەرکـەزی و ئـاداب و شـەریعەتەکانی بەدەوردا دەسوڕێنەوە، بەم جۆرە ئەم سورەتە دلەکان دێنێ‌و دەبا، هــەموو ڕێگـاو بــانێکی گومڕاییــان لیّ دەگـرێ، لەهــەموو وەتــەرێکیان دەدا، لەجۆرەها بواردا ئـەو بنەمایانـە رادەنوێـنێ، بەلگـەی (کـەونی و نەفسی و مێژووی) یان لەسەر دەهێنێتەوە، هەر وەکوو چـۆن دەیانکاتـە(قضییــە)ی بوونەوەر ......، هەمووی نەك تەنها هی ئادەمیزادو بەس!

سەلماندنی هەبوونی‌خوداو تاک و تەنهایی زاتی‌پاکی و زیندوکردنەوەی ئادەمیزاد و ڕابوونی قیامەت و ڕەتدانەوەی بتپەرستەکان

بسم الله الرحمن الرحيم

حمٓ ﴿١﴾ تَنزِيلُ ٱلْكِتَـٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ ﴿٢﴾ مَا خَلَقْنَا ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَآ إِلَّا بِٱلْحَقِّ وَأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَمَّآ أُنذِرُوا۟ مُعْرِضُونَ ﴿٣﴾ قُلْ أَرَءَيْتُم مَّا تَدْعُونَ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَرُونِى مَاذَا خَلَقُوا۟ مِنَ ٱلْأَرْضِ أَمْ لَهُمْ شِرْكٌ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ

ﭐئْتُونِي بِكِتَٰبٖ مِّن قَبۡلِ هَٰذَآ أَوۡ أَثَٰرَةٖ مِّنۡ عِلۡمٍ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿٤﴾ وَمَنۡ أَضَلُّ مِمَّن يَدۡعُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَن لَّا يَسۡتَجِيبُ لَهُۥٓ إِلَىٰ يَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَهُمۡ عَن دُعَآئِهِمۡ غَٰفِلُونَ ﴿٥﴾ وَإِذَا حُشِرَ ٱلنَّاسُ كَانُواْ لَهُمۡ أَعۡدَآءٗ وَكَانُواْ بِعِبَادَتِهِمۡ كَٰفِرِينَ ﴿٦﴾

پەروەدگار سەرەتای سورەتەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿حم﴾ دەبێ ئەم وشەیە بە پچڕپچڕی بخوێندرێتەوە واتە: بگوترێ: (حا میم) دەربارەی ماناکەشی هەمان تەفسیرو راڤەی هاووێنەکانی ڕەچاو دەکرێ.

﴿تنزيل الكتاب من الله العزيز الحكيم﴾ واتە: نازڵکردنی قورئان لەلایەن خودای باڵادەست و کار دروست و داناوەیە، ئەو قورئانی بۆ حەزرەتی موحەممەد ناردوە، پەیامی خودایە بۆ بوونەوەرو حەزرەتی موحەممەدﷺ هەڵگرو ڕاگەیەنەری ئەو پەیامەیە، موحەممەد بۆ خۆی دای نەناوە، وەکوو موشریکەکان دەیڵێن، کەوابێ پێویستە هەموو ئادەمیزاد بڕوا بەو پەیامە پیرۆزە بکەن، حەزەرتی موحەممەد بە پێغەمبەری هەموو ئادەمیزاد و جندۆکە بزانن و شوێنی بکەون و پابەندی بانگەوازییەکەی بن، خۆیان بەئەخلاق و رەوشتی ئیسلامی ئارایش بدەن و بەختەوەریی دونیاو قیامەت بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن.

﴿ما خلقنا السموات والأرض وما بينهما الا بالحق وأجل مسمى والذين كفروا عما أنذروا معرضون﴾ دڵنیابە و دڵنیاییت زیاد بێ ئێمە ئاسمانە بەرزو بەرینەکان و زەوی و ئەوەی لەناو یان دا هەیە بەحەق و ڕاستی دروستمان کردون، جگە لە شێوازی حەق و ڕاستی بەهیچ

جۆرێکیتر بەدیان نەهێناون، بەگوێرەی حیکمەت و دانـایی خـودا یانـەی خۆمـان دروسـتمان کـردون، بەبێـهودەو عەبـەث و بـێ مەبەسـت نـەمان هێناونەدی ، هێناونەدی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەر کـاتێ تـەواو بـوو، ڕۆژی قیامــەت هــات، کۆتاییــان پــێدێ، وئاسمــان و زەوییــەکیتر دێنینە کایەوە!

ئادەمیزاد دەکەونە ژیانێکی ترەوە، جا ئەوانـەی ئینکـاری هـەبوون و تاك و تەنهایی خودا دەکەن، وێڕای ئەو هەموو بەڵگـەو دەلیلانـە تـەمبێ خـوارد و نـابن، ئەوانـە سـەرپێچیکارو بـێ ئاگـاو پشـت هـەلکردون لـەو هەڕەشەو ئامۆژگاریانەی لەقورئان دا لێیان کراوە، هیچ خۆ ئامادە ناکـەن بۆ حیساب و لێکۆڵینەوەی ڕۆژی قیامـەت، لەوەبەولاوە، سـەرەنجامی ئـەو بێ گوێی و سەرپێچیکردنەی خۆیانیان بۆ دەردەکەوێ، ئەوکاتە پەشـیمان دەبنەوە بەلام چ سود؟!

ئەمجار دوای سەلماندنی هەبوونی خوداو ڕابوونی قیامــەت، پـەروەردگار ڕەدی بتپەرستەکان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿**قل: ارأيتم ماتدعون من دون الله، أروني ماذا خلقوا مـن الأرض أم هـم شـرك في السـموات**﴾ ئـەی پێغەمبـەری خۆشەویسـت؛ بــەو موشـریکانە بڵـێ: ئێـوەی بتپەرسـت: کە لەتەك خودادا بت و صەنەم دەپەرستن (هەروەها ئەوانەیش: کە ئـەمڕۆ حیزب پەرست و گۆڕ پەرستی دەکەن) پێم بڵێن و شارەزای حاڵ و وەزعـی پەرستراوەکانی خۆتانم بکەن، ئایا ئەو پەرسـتراوانەی ئێـوە چییـان لەسـەر زەوی بەدیـهێناوە؟ کوا توانیویانـە چ شـتێك لەسـەر زەوی و نـاو زەوی و ئاسمانەکان لەنەبوەوە دروست بکەن؟ ئایا ئەوان هاوکاری خودا یان کـردوە بەدیهێنانی ئاسمانەکان و هاوبەشن لەبەڕێوە بردنیان دا؟

لەواقیع دا ئەم پەرسـتراوانەی ئـەوان هیچیـان دروست نـەکردوە، هیچ هاوبەشێکیان لەسەر زەوی و ئاسمانەکان و ناویان دانیە، ئەدی چۆن و بەچ

بەڵگەیەك لەتەك خودا ئەو چتە پڕو پوچانە دەپەرستن؟ بەچ عەقڵێك ئەو شتانە دەكەنە هاوەڵێ خودایەك كە بەدیهێنەرو بەڕێوەبەرو خاوەنی هەموو شتێكە؟؟

﴿ائتوني بكتاب من قبل هذا أواثارة من علمٍ ان كنتم صادقين﴾ بەڵگەیەكی نووسراوی پێش قورئانم بۆ بێنن، لەونامەو صوحوفانەی لەوە پێش بۆ سەر پێغەمبەران نازڵ كراون، وەكوو تەورات و ئینجیل، بەڵگەیەكم نیشان بدەن لەو نامە ئاسمانییانە بیرو باوەڕو هەڵس و كەوتتان پەسند بكا، ئەو مەنهەج و ڕێبازەتان بەڕاست بزانێ، یان تارمایی و ڕۆشنای یەك لە زانیاری گەل و نەتەوە پێشنەكان و پێغەمبەرانی ڕابردو بخەنە ڕو: كە ئەو ڕێبازەی ئێوە بەڕاست بزانێ، ئەگەر ئێوە ڕاست دەكەن ئەو بتانە خودان و شیاوی پەرستنن چتێك لەو بەڵگانە بخەنەڕو دەی: كە ئێوە هیچ بەڵگەیەكی نەقلی و عەقلیتان بەدەستەوە نیە، كەواتە لەخۆڕایی و نەفامیتانە ئەو بتپەرستییە دەكەن .

﴿ومن أضل ممن يدعو من دون الله من لا يستجيب له الى يوم القيامة، وهم عن دعائهم غافلون﴾ كێ لەو كەسە گومڕاترو سەر لێ شێواو ترە: كە جگە لەخودا شتێك دەپەرستێ تارۆژی قیامەت بەهانایەوە نایە؟ واتە: كەس لەو كەسە گومڕاترو نەفامتر نیە: كە لەجیاتی خودا شتێك دەپەرستێ و هانای بۆ دەباو لێی دەپاڕێتەوە: كە ئەو چتە ناتوانێ هیچ یارمەتیەكی بدا تاقیامەت، تا هەتا هەتایە، چونكە ئەو هاواری كردۆتە شتێك نابیسێ، ئەدی چۆن بەتەمای وەڵامدانەوەیەتی؟ وەلحال ئەوبت و صەنەمانە: كە ئەوان پەرستشیان بۆ دەكەن بێ ئاگان لەو عیبادەتەی بۆیان دەكرێ، هیچ نابیسن و عەقڵیان بەهیچ ناشكێ!

بەکورتی ئەو بت و صەنەمانە دەسەلاتی هیچیان نیە، بێ ئاگان، بێگیان و بێ هەستن، دەی عیبادەتکردن بۆ غەیری خودا بەگشتی و بۆ بێگیانان بەتایبەتی گومڕاییە و هیچ پاساوێکی بۆ ناهێندرێتەوە ، کەدەفەرموێ: ﴿**الی یوم القیامة**﴾ مەبەست ئەوە نیە: کە رۆژی قیامەت وەلامیان دەدەنەوە، نەخەیر مەبەست ئەوەیە بۆ هەتا هەتایە وەلامیان نادەنەوەو سودیان لێ نابینرێ .

﴿**واذا حشر الناس کانوا لهم اعداء وکانوا بعبادتهم کافرین**﴾

ئەو ڕۆژەی ئادەمیزادە بتەپەرستەکان لەسارای مەحشەردا کۆکرایەوە، بت و صەنەمە پەرستراوەکان دەبنە دوژمنی پەرستشکەرەکان و خۆیان لێبەری دەکەن و دەست دەکەن بەنەفرین لێکردنیان، بەدرۆیان دەخەنەوە و دەڵێن: هەر گیزاو هەرگیز ئێوە بەندایەتی ئێمەتان نەکردوە، ئەوانەی بێ گیانن خودا گیانیان پێ دەبەخشێ و دەکەونە ئاخاوتن، وێڕای فریشتەکان و عوزەیرو مەسیح و جندۆکە ئینکاری عیبادەتکردنەکەیان دەکەن، چەند بێ عەقڵییە تۆ شتێك بپەرستی و ئەو دوژمنایەتیت بکا، لە ناخۆشترین تەنگانەدا لەجیاتی بەهانا هاتنەوە دژت بوەستێ!!

نمونەی ئەم ئایەتە چەند ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ ﴿**واتخذوا من دون الله آلهة لیکونوا لهم عزاً ، کلا سیکفرون بعبادتهم ویکونون علیهم ضدا**﴾ مریم/٨١-٨٢.

لەئایەتێکی تریشدا پەروەردگار لەسەر زمانی حەزرەتی ئیبراهیم درودی خودای لێبێ دەفەرموێ: ﴿**وقال: انما اتخذتم من دون الله أوثانا مودة بینکم في الحیاة الدنیا، ثم یوم القیامة یکفر بعضکم ببعض، ویلعن بعضکم بعضا، ومأواکم النار وما لکم من ناصرین**﴾ العنکبوت/٢٥ .

شوبهەو گومانی موشریکەکان دەربارەی نیگاو پێغەمبەرایەتی و قورئانی پیرۆز

وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ قَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ إِنِ ٱفْتَرَيْتُهُۥ فَلَا تَمْلِكُونَ لِى مِنَ ٱللَّهِ شَيْـًٔا ۖ هُوَ أَعْلَمُ بِمَا تُفِيضُونَ فِيهِ ۖ كَفَىٰ بِهِۦ شَهِيدًۢا بَيْنِى وَبَيْنَكُمْ ۖ وَهُوَ ٱلْغَفُورُ ٱلرَّحِيمُ ﴿٨﴾ قُلْ مَا كُنتُ بِدْعًا مِّنَ ٱلرُّسُلِ وَمَآ أَدْرِى مَا يُفْعَلُ بِى وَلَا بِكُمْ ۖ إِنْ أَتَّبِعُ إِلَّا مَا يُوحَىٰٓ إِلَىَّ وَمَآ أَنَا۠ إِلَّا نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٩﴾ قُلْ أَرَءَيْتُمْ إِن كَانَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ وَكَفَرْتُم بِهِۦ وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنۢ بَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ عَلَىٰ مِثْلِهِۦ فَـَٔامَنَ وَٱسْتَكْبَرْتُمْ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠﴾

دوای سەلماندن و چەسپاندنی(قضیە)ی یەکتاپەرستی و پوچاندنەوەی فرەخودایی و هەبوونی هاوەڵ بۆ خودا، دێتە سەرباسی پێغەمبەرایەتی و ڕەتکردنەوەی شوبهەو گومانی موشریکەکان دەربارەی پێغەمبەرێتی حەزرەتی موحەممەدو قورئانی پیرۆز، ئەوە ڕون دەکاتەوە کە ئەو موشریکە نەفامانە زۆر هەڵەن لەوەدا: کەقورئان بەسیحرو جادو بازی لەقەڵەم دەدەن، زۆر نەفامن لەوەدا: هەر کاتێ گوێیان لەقورئان دەبێ، دەڵێن:

موحەممەدﷺبۆ خۆی هەڵی بەستووە، بابزانن: کە موحەممەد پێغەمبەرەو نیگای بۆ نێردراوەو لەخۆیەوە شت هەڵنابەستێ، خۆ ئەگەر لەفەرزی محاڵ دا پێغەمبەر شتێك هەڵبەستێ خودا بەزوویی سزای توندی دەدا و کەسیش ناتوانێ ئەو سزایە بگێڕێتەوە.

ئەمجار شوبهەیەکی تری ئەو موشریکانە باس دەکا: ئەویش ئەوەیە: پێشنیاری سەیرو سەمەرە ئاڕاستەی پێغەمبەر دەکەن، داوای لێ دەکەن هەواڵێ نهێنی و غەیب: کە تایبەتە بەخودا خۆیەوە، پێیان بڵێ، فەرمان بە پێغەمبەر دەکا: کە بەکافرەکان بڵێ: من یەکەم پێغەمبەر نیم، لەپێش منەوە پێغەمبەریتر زۆرو زەوەندەن، ئەدی چۆن و بەچ عەقڵێك ئەو هەواڵانەی من پێتان ڕادەگەیەنم بەدرۆیان دەخەنەوە، چۆن یەکتاپەرستی ڕەت دەکەنەوە؟ چۆن(قضیە) ی پێغەمبەرایەتی و ڕابوونی قیامەت بەدرۆو ئەفسانە لەقەڵەم دەدەن؟ خۆ هەموو پێغەمبەرێك بۆ چەسپاندن و سەلماندنی ئەم بنەمایانە ڕەوانەکراوە، منیش یەکێکم لەو پێغەمبەرانەو ناتوانم لەخۆمەوە هیچ موعجیزەیەك بنوێنم، ناتوانم هیچ هەواڵێکی نهێنی بگەیەنم، ئەو شتانە لەتوانای ئادەمیزاد دا نین و بەدەست پەروەدگارن و ئەو دەیانزانێ و دەتوانێ بەدییان بهێنێ!!

دەفەرموێ: ﴿واذا تتلى عليهم آياتنا بينات قال الذين كفروا للحق لما جاءهم هذا سحر مبين﴾ لەکاتێك دا ئایاتی قورئانی پیرۆز کە -ئاشکراو نمایانە- بەسەر موشریکەکان دا بخوێنرێتەوە لەجیاتی ئەوەی پەند ئامێز بن و شوێنی بکەون، دەڵێن: ئەم قورئانەی موحەممەد بۆ مانی دەخوێنێتەوە سیحرو جادویەکی ئاشکراو نمایانە، ڕوکەش و لەخشتەبەرە، بەم جۆرە گاڵتەی پێ دەکەن، لەوە خراپتر و سەر سوڕهێنەر تر ئەوەیە: کە بەدەست هەڵبەست و بێبناغەی لەقەڵەم دەدەن، وەکوو دەفەرموێ:

﴿ام يقولون افتراه، قل: ان افتريته فلا تملكون لي من الله شيئا﴾ نەك هەر ئەو قسەنا بەجێیەیان و بەس بەڵگوو دەڵێن: موحەممەد بۆ خۆی هەڵی بەستووە بەدرۆ دەڵێ: لەخوداوە بۆم هاتووە، ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: ئەگەر من: (وەکوو ئێوە دەیلێن) ئەم قورئانەم بەدەم خوداوە هەڵبەستبێ و بەدرۆخۆم بەپێغەمبەر بزانم ئەوە خودا توندترین سزام دەداو کەسیش نیە بتوانێ ئەو سزایەم لێ دووربخاتەوە، نە ئێوەو نەغەیری ئێوە ناتوانن تۆز قالێ: بەر گریم لێ بکەن، دەی چۆن من بە ئەو جۆرە بوختان دەکەم و بە دەستی خۆم خۆم دەخەمە ئەو تەهلوکەوە؟ هەر گیز شتیوا نەبووەو نابێ..

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿قل اني لن يجيرني من الله احد، ولن اجد من دونه ملتحدا﴾ الجن/٢٣. یان دەفەرموێ: ﴿ولوتقول علينا بعض الأقاويل، لأخذنا منه باليمين، ثم لقطعنا منه الوتين، فما منكم من احد عنه حاجزين﴾ الحاقة–٤٤–٤٧.

. چی دەڵێن: با بڵێن و چەدەکەن بابیکەن! ﴿هو أعلم بما تفيضون فيه، كفى به شهيدا بيني وبينكم، هو الغفور الرحيم﴾ خودا لە هەموو کەس زاناترە بەو قسەو گفت و گۆیانەی دەربارەی قورئان لەناو خۆیان دا ئەنجامی دەدەن، دەزانێ چۆن قورئان بەدرۆ دەخەنەوە، دەمێ: بەسیحرو جادو بازیو دەزانن و چەڵێك دەڵێن بۆخۆی دایناوەو وەختێ وایش هەیە دەبێژن چیرۆکە کۆنی پێشینانە!

ئەی موحەممەد! پێیان بڵێ: بەسە: کە خودا شایەتی نێوان ومن و ئێوەشە، ئەو خۆی شایەتمە: کە ئەم قورئانە لەخوداوە هاتووە، بۆمنی نازل کردوە، بۆ ئەوەی بە ئێوەی بگەیەنم، باش باش ئاگای لێیە چۆن ئێوە بەدرۆم دەخەنەوە، وێڕای هەموو ئەو تاوان و هەڵانەتان خودا خاوەن ڕەحم

بەزەیی‌یە، بۆ ئەوانەی تۆبە دەکەن و ئیمان دەهێنن و قورئان بە کەلامی خودا دەزانن و شوێنی دەکەون، نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿**وقالوا اساطير الأولين اكتتبها، فهي تملى عليه بكرة وأصيلا، قل نزله الذي يعلم السر في السموات والأرض، انه كان غفوراً رحيماً**﴾ **الفرقان/ ٥-٦.**

ئەمجار پەرە بە موناقەشەی ئەم مەوزوعە (مەوزوعی نیگاو سروش) دەداو لە کەلێنێکی‌ترەوە باسەکە دەخاتە بەر لێکۆڵینەو گفت و گۆ وەڵامی قسە پرو پوچەکانی موشریکەکان دەداتەوە، فەرمان بە پێغەمبەر دەکا: کەڕوبەڕویان بێتەوە، درێژە بە حیوار لەگەڵ کردنیان بدا دەفەرموێ:

﴿**قل: ماكنت بدعاً من الرسل. و ماأدرى ما يفعل بى ولا بكم**﴾

ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: من یەکەم پێغەمبەر نیم ڕەوانە کرابم بۆ سەر ئادەمیزاد، بەڵکوو پێش من زۆر پێغەمبەری تر ڕەوانە کراون، من پێغەمبەرێکی ناوازەو تازە قەڵلانیم، نمونەی من زۆر بون و هەموو گەل و نەتەوەیەك پێغەمبەری بۆ سەر ڕەوانە کراوە، ئەدی بۆ چی پێغەمبەرایەتی منتان بەلاوە سەیرەو بە کارێکی دوور لەواقیعی لە قەڵەم دەدەن!

ئەمن پێغەمبەرێکم وەکوو ئەو پێغەمبەرانەی پێش خۆم ئادەمیزادێکم خودا هەڵی بژاردوم بۆ پێغەمبەرایەتی و فەرمانی پێ کردوم پەیامی خۆم بگەیەنم، پێم سەیرە ئێوە ئیمانم پێ ناهێنن؟ نموونەی من زۆر و زەبەندەن و لەپێش منەوە هاتوونە سەر مەسرەحی ژیان و هەڵبژێراون بۆ پێغەمبەرایەتی و ڕەوانەکراون! دەی بۆ چی ئێوە کاری من بە نەگونجاو دەزانن و بەلاتانەوە دوورە من پەیامم بۆ بێ و پێغەمبەربم؟!

وێڕای ئەوەی پێغەمبەرم و لە خوداوە سروشم بۆ دێ، زانیاری غەیب نازانم، نازانم لە داهاتوو دا چی لەگەڵ ئێوەو من دەکرێ.

نازانم کەی قیامەت ڕادەبێ، نازانم ئاخۆمن لەمەککەدا دەمێنمەوە یان ناچار دەکرێم جێی بێڵم؟ نازانم بە مردنی ئاسایی لەدونیا دەردەچم، یان دەکوژرێم، زوو لە خوداوە سزاتان بۆ دێ یان سزاکەتان دوا دەخرێ؟ ئەمانە هەموویان کاروباری نهێنین و هەرخودا دەیانزانی و من هیچیان لێ نازانم!

﴿ان اتبع الا ما یوحی الي و ما انا الا نذیر مبین﴾ من شوێن ئەو نیگاو سروشە دەکەوم: کە بۆم دەنێردری، پابەندی ئەو فەرمان و جڵەو گیریانە دەبم: کە لە قورئان دا بۆم نازڵ دەکرێ. لەخۆمەوە هیچ هەڵنابەستم، ئەرکی سەر شانی خۆم ئەنجام دەدەم، من بۆ ئێوە ترسێنەرێکی ئاشکرام، لە عەزابی خودا دەتانترسێنم!

ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە پێغەمبەرﷺ داهاتووی خۆی نەزانیوە، نەیزانیوە لە ژیانی دونیای داچی بەسەردێ. وەلێ لە ژیانی قیامەتی‌دا دڵنیا بووە لەوە کە دەچێتە بەهەشتەوە، دڵنیابووە: کە خۆیو شوێنکەوتوانی لەو دونیا لە پێڕی ڕزگاربوو بە مراز گەییشتوانن. ناتواندرێ بڕیاری چوونە ناو بەهەشت بۆ هیچ کەس بدرێ مەگەر دەقێکی شەرعی لە قورئان و حەدیث دیاری بکاو بەبەهەشتییان لە قەڵەم بدا. وەکوو ئەو(دە) هاوەڵە موژدە پێدراوانە (العشرة المبشرة)و چەندان هاوەڵانی تر: کە پێغەمبەر ﷺموژدەی بەهەشتی پێداون.

﴿قل أرأیتم ان کان من عند الله، وکفرتم به وشهد شاهد من بني اسرائیل علی مثله فآمن واستکبرتم، ان الله لایهدی القوم الظالمین﴾ ئەی موحەممەد بەو موشریکانە بڵێ: کە بڕوایان بە قورئان نیەو بە سیحرو ئەفسانەی لەقەڵەم دەدەن، پێیان بڵێ: هەواڵم بدە نێ ئەگەر لە ڕاستی دا ئەم قورئانە لە خوداوە هاتبێ و ئێوەش ئینکاری بکەن و بەکەلامی

خودای نەزانن، لەهەمان کات دا یەکێکیش لەزاناکانی جولەکە و شـارەزا لە تەورات شایەتی لەسەر ئەوەبدا: کە ئەم قورئانە لە خوداوە بە نیگا بـۆ تۆ هاتووە، ئەو شایەتە بۆ خۆی ئیمان بە قورئان بهێنێ و دڵنیابێ: کە لە خوداوە هاتووە و ئێوەش لە ئاست ئەو ڕاستی یـە دا لوتبـەرزی بنوێنـن و ئیمانی پێ نەهێنن، دڵنیابن ستەمتان لەخۆتان کـردوە، بەدەسـتی خۆتـانماڵی خۆتان وەێـران کـردوە. کـە وابـێ ئێـوە سـتەمکارو خەسـارەتمەندن، لەهیدایەتدانی خودابێ بەشن، بەدبەخت و چارە رەشن!

بەڕای زوربەی راڤەکەرانی قورئان ئەو شایەتە زانایە عەبدوللای کـوڕی سەلامـە، مـالێکی جولەکە بووەو زۆر زاناو بەویژدان بووە.

چونکە لە زۆر سـەرچاوەدا ریوایـەت کـراوەو ئامـاژەی پـێ کـراوە: کـە پێغەمبـەرﷺتەشـریفی گەییشـتە مەدینـە عـەبدوللا سـەیری روخسـاری پێغەمبەری کرد، زانی ئەوە دەم و چاوی درۆزن نیە، زۆر دیقەتی داو لیێ نـوری بـۆی دەرکـەوت ئـەوە ئـەو پێغەمبەرەیـە کەلەتـەورات و ئینجیــل داموژدەی هاتنی دراوە، ئەمجار عەرزەی پێغەمبەری کرد: وتی: مــن سـێ پرسیارت لیێدەکەم، کەسێك پێغەمبەر نـەبێ نایـانزانێ: یەکـەم نیشـانەی هاتنی قیامەت چیە؟

یەکەم خواردەمەنی بەهەشتییان چیە؟ بۆچی جاری واهەیـە منـداڵ لـە بـاوکی دەچـێ و وایـش دەبـێ دەچێتەوەسـەر دایکـی؟ پێغەمبـەرﷺ فـەرمووی: یەکـەم نیشـانەی ڕابوونـی قیامـەت ئەوەیـە ئـاگرێك لەخۆرهەڵاتەوە بەرەو خۆرئاوا خەڵکی ڕادەدا.

یەکەم خواردەمەنی: کەبەهەشتییەکان دەیخۆن زێدەی جەرگی ماسییە، منداڵیش چوونـەوە سـەر بـاوکی یـان دایکـی لەوەویـە: ئەگـەر لـە کاتی جوتبوونی باوك و دایکی دا ئاوی پیاوەکـە پێش کـەوت منداڵەکـە

سەر لەباوکی دەدا، خۆ ئەگەر ئاوی ژنەکە پێش کەوت منداڵەکە دەچێتەوە سەر دایکی.

عەبدوڵڵای کوڕی سەلام وتی: شایەتی دەدەم تۆ پێغەمبەری خودای.

ئەمجا وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! جولەکە نەتەوەیەکی بوختانکەرو فیتنە جۆن، ئەگەر بە موسوڵمانبوونم بزانن پێش ئەوەی لە بارەی منەوە پرسیاریان لیّ بکەی جۆرەها بوختانم بۆ هەڵدەبەستن.

جولەکەکان هاتنە خزمەت پێغەمبەرو لیّی پرسین عەبدوڵڵا چۆن پیاوێکە؟ هەموو وتیان: چاکترین کەس و کوڕی چاکترین کەسمانە، گەورەمانەو کوڕی گەورەمانە، زاناترین مالمانە کوڕی زاناترین زانامانە!

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئێوە دەڵێن چی ئەگەر موسوڵمان بووبیّ؟ وتیان: خودا لەو هەڵە بیپارێزیّ، هەرگیز شتی واناکا، عەبدوڵڵا کە لە شوێنێکی نەدیو لەوان دانیشتبوو هاتە ڕوو وتی: (أشهد أن لا الـه الا الله، وأشهد أن محمداً رسول الله) ئیتر هەموو جولەکەکان تێکڕا وتیان: بەهەڵە چووین خراپترین کەسمانە و کوڕی خراپترین کەسمانە، زۆر عەیب و عاریان بۆ هەڵبەست، عەبدوڵڵا وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە بوو: کە من لیّی دەترسام..

هەندیّ لە موفەسسرین پێیان وایە: مەبەست بە (شاهد) لەئایەتەکەدا عەبدڵڵای کوڕیّ سەلام نیە، چونکە سورەتەکە مەککیەو عەبدوڵڵا لە مەدینە دووساڵ پێش لەدونیا دەرچوونی پێغەمبەر ئیمانی هێناوە! بۆ وەڵامی ئەم ئیشکالە دەگوتریّ هەموو سورەتەکە جگە لەم ئایەتە مەککیە، وەلیّ ئەم ئایەتە مەدینەیی‌یەو پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردوە: کە بیخەنە ئەم شوێنەوە، ئاشکراشە تەرتیبی قورئان بەسورەت و ئایەتیەوە تەوقیفییە، بەفەرمانی خودا پێغەمبەر ﷺ دیاری کردوە ...

بیانوو نقامی موشریکەکان

وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لِلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَوْ كَانَ خَيْرًا مَّا سَبَقُونَآ إِلَيْهِ ۚ وَإِذْ لَمْ يَهْتَدُوا۟ بِهِۦ فَسَيَقُولُونَ هَٰذَآ إِفْكٌ قَدِيمٌ ﴿١١﴾ وَمِن قَبْلِهِۦ كِتَٰبُ مُوسَىٰٓ إِمَامًا وَرَحْمَةً ۚ وَهَٰذَا كِتَٰبٌ مُّصَدِّقٌ لِّسَانًا عَرَبِيًّا لِّيُنذِرَ ٱلَّذِينَ ظَلَمُوا۟ وَبُشْرَىٰ لِلْمُحْسِنِينَ ﴿١٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ قَالُوا۟ رَبُّنَا ٱللَّهُ ثُمَّ ٱسْتَقَٰمُوا۟ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٣﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ أَصْحَٰبُ ٱلْجَنَّةِ خَٰلِدِينَ فِيهَا جَزَآءًۢ بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٤﴾

ئەمەش شوبهەو گومانێکی‌تره موشریکەکان ئاڕاستەی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد دیان دەکرد، پەیوەندی هەیە بە ئیمانهێنانی کۆمەڵێك هەژاری وەکوو عەماری کوڕی یاسرو صوهەیب و ئیبنو مەسعوود، ئەمانە هەژار بوون و ئیمانیان هێنابوو، کافرەکان و جولەکەکانیش وتیان: ئەگەر ئەم ئایینە خێری تێدا هەبوایە، ئەم هەژارو بێ وەج و هیچ لە بارا نەبوانە پێشمان نەدەکەوتن ئەگەر بەهرەو شکۆمەندییەکی تێدا هەبوایە نەمان دەهێشت ئەوانە پێشمان بکەون!

ئەمجار پەروەردگار ڕەدیان دەداتەوەو دەفەرموێ: تەورات شایەتە لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتی موحەممەدو لەوێ دا موژدەی هاتنی پێغەمبەرێك

بەو ناونیشانە دراوە، ئـەمجار دوای سـەلماندن و چەسـپاندنی بەڵگـە جۆراو جۆرەکـانی یەکتاپەرسـتی ڕاسـتی پێغەمبەرایـەتی و گومـان و بیـانووی سـەرپێچیکاران و ڕەتدانـەوەی هـەموو شـوبهەو گومانێکیـان، پاداشـتی موسوڵمانانی کردار پەسند دیاریی دەکاو دەفەرموێ:

﴿وقال الذين كفروا للذين آمنوا: لو كـان خـيرا مـا سـبقونا اليـه﴾ کافرەکانی مەککە یان جولەکەکان دەربارەی ئیمانهێنانی هەندێ لەهەژارو بۆرەپیاوی وەکوو بیلال و عەممارو صوهەیب و خەبباب دەیانگوت: ئەگـەر ئەم ئایینە حەق بوایەو موحەممەد پێغەمبەر بوایە: ئەم گەجەرو گوجەرانـە پێش ئێمە نەدەکەوتن، بۆ هەرچی شکۆمـەندیو شتی حـەق وڕاسـت هەیـە خۆمـان پێشـەنگین و زوو بـۆ خۆمـانی کۆنـترۆڵ دەکـەین، ئێمـە لای خـودا خاوەن ڕێـزو شـان و شـەوکەتین و خـودا خۆشمـانی دەوێ، هـەرچی لایـەنی پیاوەتی و شکۆمەندی بێ بۆ ئێمەی پاوان دەکا!!

بێگومـان ئەوانـە لـەم بـیرو بۆچونـەیان دا کەوتوونەتـە هەڵەیـەکی شـاخدارەوە، چونکـە پـەروەردگار بـۆ پێغەمبەرایـەتی و بـۆ ئـاینی خـۆی بەندەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ، کێ زیاتر لە خودا بترسێ و خودا پەرست بێ ئـەوە لای خـودا خـاوەن ڕێـزو حورمەتـە، وەکـوو لـە ئایـەتێکی تـردا دەفەرموێ: ﴿ان اكرمكم عند الله اتقاكم﴾ .

ئـەمجار حـاڵ و وەزعـی ئـەو کافرانـە بـاس دەکـاو دەفـەرموێ: ﴿واذ لم يهتدوا به، فسيقولون هذا افـك قديـم﴾ واتـە: ئەوکاتـەی کافرەکـان بـە قورئان هیدایەت ئامێز نەبوون و سەر ڕەقی و دڵڕقیان ئاشکرا بوو، ئیتر دەڵێـن: ئەمـە درۆو ئەفسـانەیەکی کـۆن و لـە مێژینەیـە، هـەر درۆ گۆرینەکەیە سەری هەڵداوەتەوە .

ئەمجار پەروەردگار بەڵگەیەکی تر لەسەر راستی قورئان هەڵدەستێنێ و دەفەرموێ: ﴿ومن قبله كتاب موسى اماما ورحمة، وهذا كتاب مصدق لسانا عربيا لينذر الذين ظلموا، وبشرى للمحسنين﴾ یەکێ لەو بەڵگانەی ئەوە دەسەلمێنێ: کە قورئان لەخوداوە هاتووە، ئەوەیە ئێوە بۆ خۆتان دان بەوەدا دەنێن: کە تەورات لەخوداوە هاتووە بۆ موساو بەرنامەو پێشەوا بووە بۆ شوێنکەوتوانی، ڕەحمەت و فەرو بەرەکەت بووە بۆ ئەوانەی ئیمانیان پێ هێناوە.

یان دوو وشەی ﴿اماما و رحمة﴾ حاڵن لەموسا واتە: پێشەواو رابەرو ڕزگارکەری نەتەوەکەی بووەو ڕەحمەت و بەرەکەت بووە بۆ ئەوانەی ئیمانیان پێ هێناوە، ئەم قورئانەش کە لەخودا وە نازڵ بووە، موافیقی تەوراتی نەگۆڕدراوەو لەبنەما تەشریعی و ئەخلاقی و عەقائیدو عیباداتەکان دا پشتگیری تەورات دەکا، هەروەها پشتگیری نامە ئاسمانییەکانی‌تریش دەکا، بەزمانی عەرەبی نازڵ بووە، بۆ ئەوەی پێغەمبەرﷺ موشریکە ستەمکارەکانی مەککەو دەوروبەری بەم قورئانە بترسێنێ، موژدەی بەهەشت و بەختەوەری بدابەخاوەن باوەڕان و کردار چاکان، دەبی نامەیەکی ئاوەها ڕەوان و پڕ ماناو بەلیغ: کە هەڕەشەو موژدەی لەخۆگرتووە، هەڕەشە لەموشریك و بێ بڕوایان دەکاو موژدەی بەهەشت بەخاوەن باوەڕان دەدا، چون دەبێ ئێوە بەچیرۆك و ئەفسانەی لەقەڵەم بدەن؟

ئەمجار دوای باسکردنی شوبهەو بیانووی سەرپێچیکاران دێتە سەر باسکردنی حاڵ و وەزعی موسوڵمانان و پاداشیان و دەفەرموێ: ﴿ان الذين قالوا ربنا الله ثم استقاموا فلا خوف عليهم ولا هم يحزنون﴾ بێگومان ئەوانەی دەڵێن: خودامان ئەڵلایەو بەردەوامن لەسەر بیرو باوەڕی

خۆیان، ئەوانە هیچ ترس و بیمێکی داهاتوو یان نیەو پەرۆشی لەدەستدانی ڕابوردوشیان نیە، دڵنیان، لەبەمرازگەیشتنی خۆیان، بەرچاو ڕون و کەیفخۆشن ﴿أولئك أصحاب الجنة خالدين فيها جزاء بما كانوا يعملون﴾ ئەوانە ئەهلی بەهەشتن و بۆ هەتا هەتایی تێیدا دەمێننەوە، ئەمەش لەپاساوی ئەو کردارە باشانەی ئەنجامیان داون!

ڕاسپاردن بەچاکە کردن لەگەڵ باوک و دایک دا

وَوَصَّيْنَا ٱلْإِنسَٰنَ بِوَٰلِدَيْهِ إِحْسَٰنًا حَمَلَتْهُ أُمُّهُۥ كُرْهًا وَوَضَعَتْهُ كُرْهًا وَحَمْلُهُۥ وَفِصَٰلُهُۥ ثَلَٰثُونَ شَهْرًا حَتَّىٰٓ إِذَا بَلَغَ أَشُدَّهُۥ وَبَلَغَ أَرْبَعِينَ سَنَةً قَالَ رَبِّ أَوْزِعْنِىٓ أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ ٱلَّتِىٓ أَنْعَمْتَ عَلَىَّ وَعَلَىٰ وَٰلِدَىَّ وَأَنْ أَعْمَلَ صَٰلِحًا تَرْضَىٰهُ وَأَصْلِحْ لِى فِى ذُرِّيَّتِىٓ إِنِّى تُبْتُ إِلَيْكَ وَإِنِّى مِنَ ٱلْمُسْلِمِينَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا۟ وَنَتَجَاوَزُ عَن سَيِّـَٔاتِهِمْ فِىٓ أَصْحَٰبِ ٱلْجَنَّةِ وَعْدَ ٱلصِّدْقِ ٱلَّذِى كَانُوا۟ يُوعَدُونَ ﴿١٦﴾ وَٱلَّذِى قَالَ لِوَٰلِدَيْهِ أُفٍّ لَّكُمَآ أَتَعِدَانِنِىٓ أَنْ أُخْرَجَ وَقَدْ خَلَتِ ٱلْقُرُونُ مِن قَبْلِى وَهُمَا يَسْتَغِيثَانِ ٱللَّهَ وَيْلَكَ ءَامِنْ إِنَّ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقٌّ فَيَقُولُ مَا هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ ﴿١٧﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ حَقَّ عَلَيْهِمُ

ٱلْقَوْلُ فِىٓ أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِم مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ خَٰسِرِينَ ﴿١٨﴾ وَلِكُلٍّ دَرَجَٰتٌ مِّمَّا عَمِلُوا۟ ۖ وَلِيُوَفِّيَهُمْ أَعْمَٰلَهُمْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ ﴿١٩﴾ وَيَوْمَ يُعْرَضُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ عَلَى ٱلنَّارِ أَذْهَبْتُمْ طَيِّبَٰتِكُمْ فِى حَيَاتِكُمُ ٱلدُّنْيَا وَٱسْتَمْتَعْتُم بِهَا فَٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ عَذَابَ ٱلْهُونِ بِمَا كُنتُمْ تَسْتَكْبِرُونَ فِى ٱلْأَرْضِ بِغَيْرِ ٱلْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَفْسُقُونَ ﴿٢٠﴾

لەوە پێش پاداشتی یەکتاپەرستان و پابەند بووانی شەریعەتی دیاری کرد، ئەمجار فەرمان بەئادەمیزاد دەکا، کە هەمیشە لەگەڵ باوك و دایکیدا چاکەکار بێ، بەتایبەتی باسی هەڵوێست و رەوشتی پەسندی ئەوانەی کرد: کە باوك و دایکیان دەگەنە تەمەنی چل ساڵێ و تێپەڕ دەکەن موژدەیان پێ دەدا بەوە: کە کردەوەی باشیان لێ وەردەگرێ و لەتاوانەکانیان خۆش دەبێ، هەروەها هەڵوێستی ناجوامێرانەی ئەوانەش باس دەکا: کە ئەزیەتی باوك و دایکیان دەدەن و بێ گوێی فەرمان و جڵەو گیرییەکانیان دەکەن، پاداش و سزای چاکەکارو خراپەکار لەگەڵ باوك و دایکیان دا دیاری دەکاو دەفەرموێ:

﴿ووصینا الانسان بوالدیه احسانا﴾ ئادەمیزادمان ڕاسپاردووەو فەرمانمان پێ کردوە: کەلەگەڵ باوك و دایکی دا چاکەکارو ڕەوشت بەرز بێ، لەکاتی ژیانیان دا خزمەتیان بکاو فەرمانبەر داری فەرمان و جڵەو گیرییەکانیان بێ بەخێویان بکاو خۆشەویستی و ڕێزو حورمەتیان بۆ دەربڕێ. وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿وقضی ربك الا تعبدوا

الا اياه وبالوالدين احسانا﴾ الاسراء/٢٣. یان دەفەرموێ: **﴿ان اشكر لي ولوالديك، اليّ المصير﴾ لقمان/١٤.**

زۆر فەرمودەی پێغەمبەرﷺ هەن: کە پشتگیری و شیکردنەوەی ئەم ئایەتانە دەکەن و ئەم ئەخلاق و ڕەوشتە جوانانە لەدڵی موسوڵمانان دا دەچەسپێنن، هەڵیان دەنێ، بۆ پابەند بوون و خووپێوەگرتن بەو ڕەوشتە بەرزو جوانانەی: کەبناغەی پێکەوە نان و پێکەوە ژیانی خێزانە وەسیيەت و ڕاسپاردەیە بۆ هەموو ئادەمیزاد بەگشتی، هەر کەسێ ئادەمیزاد بێ دەبێ پابەندی ئەو فەرمانە خودایی‌یە بێ، وەسیيەتێکە تایبەتە بە ئادەمیزادەوە.

هیچ دەقێکی ئاینی نیە ئاماژە بەوە بکا: کە گیانلەبەرانی‌تر لەجیهانی باڵندەوو ئاژەڵ و پێڕۆو خشۆك.. هتد بەرپرسیار بن لەبەخێوکردن و یارمەتیدانی بەتەمەن و بەساڵا چووەکانیان ئەوەی: کە هەستی پێ دەکرێ تەنها ئەوەیە گەورەکانیان بەسروشت چاودێری بچوکەکانیان دەکەن تا لەخەم دەرەخسن لەوەدوا هیچیان هیچیان ناناسن، وەلێ ئادەمیزاد: کە بەفەرمانی خودا ئاوەدانکردنەوەی زەوی لەئەستۆدایە پەیوەندی نێوان فەردەکانی بەردەوام و هەمیشەیی‌یە، تەنانەت لەدوا مردنیش ئەو پەیوەندییە ناپچڕێ.

لەقورئان و حەدیث دا زۆر جار فەرمان بەچاکە کردن لەگەڵ باوك و دایك دا دووبارە بۆتەوە، وەلێ زۆر بەکەمی و لەحاڵاتی ناوازەدا فەرمانی بەباوك و دایك کراوەکە لەگەڵ منداڵەکانیان دا باش بن، چونکە بەسروشت باوك و دایك خوبەختکەرن بۆ جگەر گۆشەکانیان، پێویست بە فەرمان پێ کردن ناکا.

باوك و دایك هێندە فیدائی و خۆنەویستن لەئاست منداڵەکانیان دا، جاری واهەیە دەگەنە لێواری مردن و بەڵکوو لەو پێناوەدا بەبێ

لیێسڵەمینەوە گیانیش لەدەست دەدەن نەچاوەڕوانی پاداشتن و نەمنەت و شاباشیش دەکەن، هەموو ئاوات و ئامانجیان ئەوەیە زارۆك بەرهەم بێنن و شەوو ڕۆژ خەریکی خزمەتکردن و پەروەردەکردنیان بن، بەڵام چینی تازە پێگەیشتوو زۆر کەم ئاوڕ لەدواخۆی دەداتەوە، زۆر بەکەمی بیر لەوە دەکاتەوە خزمەتی چینی خۆ بەختکەرو بەخێوکەریان بکەن، چونکە ئەوانیش هەر بەرەو پێش دەچن و دەیانەوێ چینێك بەرهەم بێنن و خۆیانی لەپێناودا بەخت بکەن.

﴿فطرة الله التي فطر الناس عليها﴾ بەسروشت ئادەمیزاد هەوڵ دەدا شت لەباوك و دایکی بپچڕێ بۆ کوڕو کچی خۆی، خودا سوننەتی ژیانی وادەمەزراندوەو بەو شێوە بەڕێوە دەچێ و ڕەو ڕەوەکەی واهەڵدەسوڕێ ئاینی ئیسلام: کۆمەڵگا پێکەوە دەنێ، خێزان دەکاتە یەکەم بەردی بناغەو یەکەم هێلانەی دروستبوونی تاکەکانی کۆمەڵ..

هەر لەسەرەتاوە هەوڵێ ئەوەدە دا خۆشەویستی هاریکاری و هەمئاهەنگی بخاتە نێوان فەردەکانیەوە، گیانی فیداکاری و هاریکاری یەکتری بکاتە بەر نامەو ڕێبازی سروشتی ژیانیان، گرنگی بەخێزان دەداو لەناو خێزانیش دا گرنگی تایبەتی بەدایك دەدا چونکە دایك خوێندنگایە، دایك خۆبەختکەرە، بەشیری مەمکی و کۆشی گەرمی و سوزوعاتیفەی بێ سنووری زارۆك بەخێو دەکاو پێی دەگەیەنێ، هەر منداڵێك لە دەرەوەی خێزان دا پێبگا، بە ناسروشتی پێ دەگا، لەزۆر لایەنی ژیانیەوە کەم و کوڕی دەبێ،یەکەم شتێك: کە لیێ بێ بەش دەبێ، هەستکردنە بەنەبوونی خۆشەویستی!

زانستی دەرونزانی ئەوەی چەسپاندوە: کەمنداڵ بە سروشت لەدوو ساڵێ یەکەمی تەمەنی دا پێی خۆشە باوەشی دایکی بۆ ئەو قۆرغ بێ و کەسی‌تر هاو بەشی نەبێ، دەی هەرگیز ئەمە لەدایەنگای صەناعیدا

دەستەبەر نابێ، چونکە ئافرەتێ: یان چەند ئافرەتێك کە سەرپەرشتیاری دایەنگاکە دەکەن چەند منداڵێکیان بەر دەکەوێ و ئاواتە سەرەکییەکەی منداڵەکە نایەتە دی و ئەوکاتە لەگەڵ هاوەڵەکانی داکینەو حیقدیان لێپەیدا دەبێ، تۆوی دووبەرەکیان لەنێوان دا دەچێنرێ، دەرەختی خۆشەویستی نێوانیان سەوز نابێ ...

لەلایەکی ترەوە منداڵ پێویستی بەدەسەڵاتێکی فەردی هەیە سەر پەرشتی بکا تاکەسایەتی بەهێزی بۆ پەیدا بکا، ئەمەش لە باوەشی خێزان دا نەبێ دەستە بەرنابێ، خوا بۆ خۆی بەدیهێنەری ئادەمیزادەو دەزانێ چی لەبەرژەوەندییەتی، ئاینی ئیسلام چاکە کردنی لەگەڵ باوك و دایك دابە باشترین کردەوە حسێب کردوە، ئەزیەتدانیشیانی بەتاوانی گەورە داناوە.

بوخاری فەرمودەیەکی لەعەبدوڵڵای کوڕی عەمری (عاص)ەوە لەپێغەمبەرەوە ڕیوایەت کردوە دەفەرموێ: (الكبائر الاشراك بالله، وعقوق الوالدين، وقتل النفس، واليمين الغموس) تەنانەت دوا مردنیش ئادەمیزاد دەتوانێ چاکە لەگەڵ باوك و دایکی دا بکا.

ئەبوداودو ئیبنو ماجەو ئیبنو حەببان لەئەبو ئوسەیدی مالیکی کوڕی ڕەبیعەی (الساعدی)یەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: لەوکاتەدا: کە ئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا دانیشتبووین، پیاوێکی خێڵی بەنوسەلەمە هات وتی: ئەی پێغەمبەری خودا ! ئایا لەدوا دنیادەرچوونی باوك دایك چاکەیەك هەیە لەگەڵیان بکەم؟ فەرمووی بەڵێ: دوعایان بۆ بکە، داوا بکە خودا لە تاوانیان ببورێ، پابەندی ئامۆژگارییەکانیان بە، وادەو بەڵێنیان جێ بەجێ بکە، سیلەی ڕەحم و خزمایەتیەك: کە بەهۆی ئەوانەوەیە چاودێری بکە ڕێز لە دۆست و هاوەڵەکانیان بگرە.

ئەمجار قورئانی پیرۆز هۆی ئەو فەرمان و ئامۆژگارییانە دیاری دەکا: کە دەربارەی چاکە کردن لەگەڵ باوك و دایك دا ئاراستەی ئادەمیزادی کرد، بەتایبەتی ئەرك و ئورکی دایك: کە خۆی بەخت دەکا لەپێناو پەروەردە بوون و پێگەیشتنی جگەرگۆشەکەی دا، قورئانی پیرۆز لێرەدا ئەو خۆبەختکردن و فیداکاریە وێنە دەگرێ و دەفەرموێ:

﴿حملته أمه كرها ووضعته كرها، وحمله وفصاله ثلاثون شهرا﴾ دایك ئەو زارۆڵەی لەناو سکی خوی دا بەئەرك و ماندوو بوون هەڵیپێچاوە، لەو پێناوەدا ئازارو نارەحەتی چەشتووە، بە ئێسقان وخوێن و گۆشتی خۆی نۆ مانگ و نۆرۆژ لەناوسکی خۆی دا بەخێوی دەکاو پەیکەری ناسك و تازە پێگەیشتوی پێ دەگەیەنی، بەجۆرێ: لە ئاخرو ئۆخری نۆمانگەکەدا بەتەواوی ماندوو دەبێ و برستی لێ دەبڕێ، ئەمجار ژان و ئازاری منداڵبون، کەلەڕاستی دا ئازارو ژانەکەی دەگاتە سەرترۆپکی ئازارو هەر دایکە: کە خۆ بۆ ئەو ئازارو ژانە رادەگرێ و بەڵکوو بەدڵفراوانی و حەماسەتەوە بەرەو پیریشی دەچێ و خۆبە بەختەوەر دەزانێ: کە دەکەوێتە ئەو نارەحەتی و ئازارەوە، چونکە چینی تازە وەبەرهەم دێنێ و چروزەیەك دڕسکێنێ .

دوای تێپەڕبوونی ئەم دووقۆناغە سەرە دێتە سەر قۆناغی شیرپێدان و بەخێوکردن و شەونخونی و چاو دێری کردنی، ئا لەم قۆناغەدا دایك پاڵفتەی خوێن و گۆشت و ئیسقانی خۆی کە شیری مەمکەکانیەتی و پوختەی سۆزی دڵ و دەرون و ئەو پەڕی تواناو هێزی خۆی دەخاتە کار بۆ فەراهەم هێنانی بەختەوەری بۆ جگەرگۆشەکەی و زۆرشادمانەبەو ماندو بون و فیداکارییەو بەم ئەرك و نارەحەتیە ماندو نابێ و هەست بەنارەحەتی ناکا، هەموو ئاواتی ئەوەیە: ئەم چرۆیەی بپشکوێ و گەش و نما بکاو پێ بگاو لەخۆشی دابێ، دەی دەبێ چۆن ئادەمیزاد بتوانێ

پاداشتی ئەو هەموو ماندووبونە بداتەوە؟ هەڵبەتە تۆ چەندێ: هەوڵ بدەی پاساوی ئەو خۆبەختکردن و فیداکارییەی دایك بدەیەوە، ناتوانی؛ چی بۆ بکەی هێشتا کەمە لە بەرامبەر زۆرا، بۆیە ڕیوایەت کراوە کابرایەك دایکی لەکۆڵ کردبوو تەوافی کابەی دەکرد پرسیاری لەپێغەمبەری ﷺ کرد وتی: قوربان ئایا من پاداشتی چاکەی دایکم داوەتەوە؟

پێغەمبەر ﷺ فەرموی نەخێر هێشتا پاداشتی فرمێسکی ئازاری ژانێکی ئەوت نەداتەوەتەوە !!

جەرەس و موسیقای وشەکان ئاماژە بەماندو بوون و ئەرك و ناڕەحەتی لەرادەبەدەر دەکەن، ماندوبون و ناڕەحەتی بێزو کردن و تێکچونی تەوازون و تەبیات، بارگرانی سك و هەڵگرتنی ئەو قورئاسایی‌یە نائاسایی‌یە، ئەمجار ئازاری منداڵبون و پاشان ئەرك و ئورکی شیر پێدان و بەخێوکردن، هەموو ئەمانە داخوازی ئەوەن کەئادەمیزاد لە ئاست دایکی‌دا خۆبەقەرزدار بزانێ و هەوڵ بدا دڵی رازی بکا .

ئەمجار دەفەرموێ: ﴿وحمله وفصاله ثلاثون شهرا﴾ لەسك دا هەڵپیچان و بڕینی قوناغەکانی زاروڵە لەناو منداڵدان داو ئەمجار هاتنە دەرەوەی و شیر پێدانی دەق سی مانگ دەخایەنێ، واتە دووساڵ و نیوی ڕەبەق دایك شەونخونی و ئەرك و ماندو بوون و ئازاری کەم وێنە دەچێژێ بەبێ وەڕز بوون و بەو پەڕی دڵسۆزی و فیداکارییەوە ئەم ئەرکە قورسە ئەنجام دەدا.

ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکا، کە مافی دایك لەسەر منداڵ لەهی باوك زیاترە چونکە بە ئێش و ئازارو ئەرك و ماندوبوونەوە ئەو منداڵەی لەسکی خۆی‌دا هەڵپێچاوەو بەناڕەحەتی و ژان و ئازاری کەم وێنەوە بەوەلەدی هێناوەو بەدڵسۆزی و حویب و حەنانەوە شیری پێداوەو لەباوەشی گەرمی خۆی دا پەروەردەی کردوەو بەلای لایەو شەونخونی شەوی

لەگەڵ دا بەرۆژ کردۆتەوە!! لەم شتانەدا باوك چ هاوبەشیەکی ئەو تۆی نیەو بەدەگمەن ڕێ دەکەوێ یارمەتیەکی پەروەردە کردنەکەی بدا، چونکە ئەویش سەرگەرمی بەدەست هێنانی بژێوی خێزانەو ماندوی کارو کاسبی‌یە ..

فەرموودەیەکی پێغەمبەرﷺ: کە موسلیم و بوخاری لە ئەبوهورەیەرەو ڕیوایەتیان کردوە دەفەرموێ: پیاوێ هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! کێ لەهەموو کەسێ پێویستترە لەگەڵیا باش بم؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: دایکت وتی: دوای ئەو، فەرموی: دایکت، وتی: دوای ئەو؟ فەرموی دایکت، وتی: دوای ئەو: فەرموی: باوکت.

ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەی تێدایە: کە کەمترین ماوەی مانەوەی زارۆڵە لەسکی دایکی‌دا شەش مانگە، وەکوو زانراوە ئیمامی عەلی یەکەم کەسە: کە ئەم ئایەتەی ئێرەو ئایەتی سورەتی (لقمان١٤) و ئایەتی **﴿والوالدان يرضعن أولادهن حولين كاملين لمن أراد أن يتم الرضاعة﴾ البقرة/٢٣٣** ی بەراورد کردون و ئەو حوکمەی لێ دەرهێناون، چونکە بەپێی ئایەتەکەی ئێرە ماوەی حەمل و ماوەی شیر پێدانی منداڵ سی مانگە، بەگوێرەی ئایەتەکەی سورەتی لوقمان و سورەتی(البقرە)ش ئەو پەڕی ماوەی شیر خواردنی منداڵ دووساڵە، کەوابێ بۆماوەی مانەوەی ناو سکی دایکی شەش مانگ مایەوە.

ئیبنو ئەبی‌حاتەم و موحەممەدی کوڕی ئیسحاق لە مەعمەری کوڕی عەبدوڵڵای جوهەنییەوە ڕیوایەت دەکا: کە دەڵێ: پیاوێکی خزمی ئێمە ئافرەتێکی خێڵێ جوهەینەی مارەکردو گواستیەوە، دوای شەش مانگی تەواو منداڵێکی بوو، مێردەکەی چوو بۆلای ئیمامی عوسمان و ڕوداوی بۆ باسکرد، ئیمامی عوسمان ناردی بەدوای ئافرەتەکەدا، ئافرەتەکە خێرا خۆی گۆڕی و ویستی بێ بۆلای ئیمامی عوسمان لەوکاتەدا ئافرەتەکە،

خەریکی خۆگۆڕین بوو خوشکەکەی دەستی کرد بەگریان، وتی: بۆچی دەگری؟ ترسی ئەوەت هەیە من خیانەتم کرد بێ؟ نەخەیر مەترسە سوێندم بەخودا جگە لە مێردی خۆم کەس دەستی لێ نەداوم، دڵنیام خودا ڕیسوام ناکاو تووشی ناڕەحەتی نابم ..

کە ئافرەتەکەیان هێنایە لای ئیمامی عوسمان فەرمانی دا بە بەردەبارانکردنی.ئەم هەواڵە گەیشتە ئیمامی عەلی و هاتەلای ئیمامی عوسمان، عەرزی کرد: ئەوە چۆن ئەو حوکمەت دەرکردوە؟ ئیمام عوسمان وتی: ئەم ئافرەتە دوای شەش مانگ شوکردنی منداڵی بووە، ئایا شتیوا دەبێ؟ ئیمامی عەلی وتی: کوڕە ئەوە تۆ قورئانت نەخوێندۆتەوە؟ عوسمان فەرموی: بەڵێ، عەلی فەرمووی: ئەدی نەتبیستووە خوا دەفەرموێ: ﴿وحمله وفصاله ثلاثون شهرا﴾ دەربارەی شیرخواردنیش دەفەرموێ: ﴿حولين كاملين﴾ دەی چی مایەوە بۆ (حەمل)جگە لەشەش مانگ؟ عوسمان فەرموی: وەڵڵاهی تائێستا سەرنجم بۆ ئەوە نەچووە و ئەوەم بەخەیاڵ دا نەهاتووە!

هەر ئیبنو ئەبیحاتەم لەئیبنو عەبباسەوە ڕیوایەت دەکا دەڵێ: ئەگەر ئافرەت بە نۆمانگ منداڵی بوو دەتوانێ (٢١)مانگ شیری پێ بدا، ئەگەر بەحەوت مانگ منداڵی بوو(٢٣) مانگ شیر بدا بە منداڵەکەی بەسیەتی، خۆئەگەر بەشەش مانگ منداڵی بوو دەبێ دووساڵی تەواو شیری بداتێ، چونکە پەروەدگار دەفەرموێ: ﴿وحمله وفصاله ثلاثون شهرا﴾.

جا کە ئەو منداڵە پەروەردە بوو پێگەیشت و تەمەنی درێژ بوو ﴿حتى إذا بلغ أشده، وبلغ أربعين سنة﴾ هەتا بوو بەلاوو تەمەنی گەنجی تێپەڕی بوو بەپیاو و عەقڵ و هۆشی کامڵ بوو لەتەمەنی سی ساڵی

تێپەڕی و گەیشتە چل ساڵی و کەماڵی هێزو تواناى عـەقڵی و جەسـتەیی پەیدا کرد، جا ئەوکاتە:

﴿قال: رب أوزعني أشكر نعمتك التي أنعمت علي وعلى والـدي﴾ وتی: خودایە یارمەتیم بدە خەریکی سوپاسکردنی نیعمەتـەکانت بم، ئـەو نیعمەتانەی بەخشیوتن بەخۆم و باوك و دایکم، نیعمەتی هیدایەت و لەش ساغی و ڕزق و ڕۆژی، نیعمەتی عەقڵ و دۆزینەوەی ڕێبازی ڕاستی ژیان و دەستەبەرکردنی بەختـەوەری بـۆ هـەردوو دوونیـا، نیعمـەتی ئـەوە کـە لەباوەشی دایك و باوکی دڵسۆزو خوداپەرستدا گەورە بووم.

﴿وأن أعمل صالحاً ترضاه، واصلح لي في ذريـتي﴾ خودایـە یارمـەتیم بدە بـۆ ئـەنجامدانی کـردەوەی چـاك و پەسـەند بـەجۆرێك کـە کردەوەکـانم جێگـای ڕەزامـەندی تـۆ بـن و لێـم قبـوڵ بکـەی. ئـەو کـردەوە چـاك و پەسەندانە لەناو وەچەو نەوەکانیشمدا بەردەوام بن و خوویان پێوە بگـرن و لێیان ببێتە سروشت.

﴿إني تبت اليك، وإني من المسلمين﴾ ئەمن گەڕاومەوە بۆ دەرگانـەی عـەفوو بەزەییت و لەهـەموو تـاوانێکم پەشـیمانم، گەردنکـەچ و پابـەندی فەرمان و جڵەوگیرییەکانتم، بەدڵسـۆزی و ڕاسـتاڵی بەندایـەتیت دەکـەم و دەمەوێ سەرگەرمی پەرستش بۆ کردنت بم.

ئەبوداود لەسونەنەکەیدا لە ئیبنو مەسعودەوە ڕیوایـەت دەکـا دەڵـێ پێغەمبەرﷺ هاوەڵانی فێری ئەوە دەکرد لەتەحییاتدا ئەم دووعـایە بخوێنن (اللهم الف بين قلوبنا، وأصلح ذات بيننـا، وأهدنـا سبل السلام، ونجنـا مـن الظلمات إلى النور، و جنبنا الفواحش ما ظهر منها وما بطن، وبارك لنـا في أسماعنا وأبصارنا وقلوبنا وأزواجنا وذرياتنـا، وتـب علينـا، إنـك أنـت التـواب الرحيم واجعلنا شاكرين لنعمتك مثنين بها عليك، وأتمها علينا).

ئەمجار پەروەردگار پاداشی ئەو بەندە ڕاستاڵانە دیاری دەکاو دەفەرموی: ﴿أولئك الذين نتقبل عنهم أحسن ما عملوا، ونتجاوز عن سيئاتهم في اصحاب الجنة، وعد الصدق الذي كانوا يوعدون﴾ ئەوانەی کە ئەوە ڕەوشت و هەڵسوکەوتیانە، بەو جۆرە ڕەفتار لەگەڵ باوك و دایکیاندا دەکەن، ئەوە ئەوانە خودا ڕێزیان لیٚ دەگریٚ و کردەوەی چاکیان لیٚ وەردەگریٚ و لەتاوانیان خۆش دەبیٚ و سزایان نادا لەسەری، چونکە بەکردەوە باشەکانیان خراپەکانیان پەردەپۆش دەبیٚ، وەکوو لەشوێنێکی تردا دەفەرمویٚ: ﴿إن الحسنات يذهبن السيئات﴾ هود/١٤٤.

ئەوانە لەپێرو تاقمی بەهەشتییانن، خودا بۆخۆی وادەی داوە بەوانەی تۆبەکارو گەڕاوەن لەتاوان، کە بیانخاتە ناو بەهەشتەوە، هەڵبەتە خودا لەهەموو کەس زیاتر بەجێهێنەری وادەی خۆیەتی، ئەو وادەو بەڵێنانەی لەسەر زمانی پێغەمبەرانی و لەکتێبە ئاسمانییەکاندا داویەتی بەجێیان دێنیٚ و لێیان پاشگەز نابێتەوە، وادەی ڕاست و دروستن و ئەنجامیان دەدا.

ئەمجار دێتە سەر باسکردنی منداڵی خراپ و بیٚ گویٚ و زیانە خرۆو ئەزیەتخواز بۆ باوك و دایك، پاداش و سزای هەردو تاقمیش ڕون دەکاتەوە و دەفەرمووی:

﴿والذي قال لوالديه أف لكما أتعدانني أن أخرج، وقد خلت القرون من قبلي﴾ هەروەها ئەو منداڵەی کە باوك و دایکی داوای ئیمانهێنانی لیٚ دەکەن، پێیان دەڵیٚ: داد لەدەستتان، ئای کە وەڕزم لەوەی کە پێم دەڵێن: بەڕاستی ئێوەم پیٚ سەیرە، کە ئەوەندە تێنەگەیشتوون، ئەوە ئێوە بەچ عەقڵێك هەواڵی ئەوەم دەدەنیٚ:

کە مردم سەر لەنوێ زیندو دەکرێمەوە؟ ڕۆژی قیامەت دەچمەوە بەر بارەگای خواو حیسابم لەگەڵ دەکا؟ بەڕاستی ئەو زیندووبوونەوەی ئێوە دەیلێن شتێکی وێ نەچوو بێ بناغەیە، هیچ بەڵگەیەك نیە ئەوەی ئێوە بانگەوازی بۆ دەکەن بچەسپێنێ، ئەوەتا ئەو هەموو گەل و هۆزو چین و توێژە لەپێش ئێمە مردوون و هیچیان نەگەڕاونەوە، کەس هەواڵێکی لەو بارەوە بۆ نەهێناوینەوە، ئەدی ئێوە بە چ عەقڵێك داوای شتی وەها لەمن دەکەن؟

﴿وهما يستغيثان الله ويلك آمن، أن وعد الله حق﴾، باوك و دایکی کە دەبینن ئەوە هەڵوێستی کوڕەکەیانە ئەوەندەی تر ئاگری جگەریان گەرمیان دادێنێ و لەخودا دەپاڕێنەوە کە کوڕەکەیان هیدایەت بداو واز لەکوفرو بێدینی بێنێ و موسوڵمان ببێ، ڕوو دەکەنە ڕۆڵەو جگەرگۆشەیان و پێی دەڵێن کوڕە ماڵوێران ئەوە بۆچی بەئاگا نایەیتەوە ئیمان بێنەو بڕوات بەزیندوو بوونەوە هەبێ، دڵنیابە وادەی خودا دێتە جێ و قیامەت ڕادەبێ، هەموو ئادەمیزاد زیندوو دەکرێنەوە، حیساب و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ، سزاو پاداشی خۆیان وەردەگرنەوە.

﴿فيقول: ما هذا الا أساطير الأولين﴾ کوڕی سەر ڕەق و بێ ویژدان بەقسەو ئامۆژگاری باوك و دایکی وەندەی تر شیلگیر دەبێ و دەڵێ: ئەوەی کە ئێوە دەیلێن ئەفسانەو چیرۆکە ڕزیوی کۆنە لەکتێبە شڕەکان دا نووسراوە، زیندوو بوونەوەی دوای مردن شتێکی بێ بناغەو وێ نەچووە، عەقڵم و وەری ناگرێ و بڕوای پێ ناکەم.

ئەمجار پەروەردگار سزای ئەو سەر ڕەقە نەفامە دیاری دەکاو دەفەرمووی: ﴿أولئك الذين حق عليهم القول في أمم قد خلت من

قبلهم من الجن والأنس، إنهم كانوا خاسرين﴾ ئەوانەی ئەو جۆرە بیرو باوەڕانە دەر دەبڕن و ئەوە قسەو ڕەفتاریانە ئەو کەسانەن شیاوی عەزابی دۆزەخن، غەزەب و ڕقی خودایان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە، لەو گەل و نەتەوە کافرو بێ بڕوایانەن کە لەوەو پێش هاتوونە گۆڕەپانی ژیانەوەو بەکافری و غەزەب لێ گیراوی سەریان ناوەتەوە، چ لەڕەگەزی ئادەمیزاد بن یان لەڕەگەزی جندۆکە بن، ئەوانەی پەیامی پێغەمبەرانیان ڕەتکردۆتەوە، خۆیان و ماڵ و خێزانیشیان لەدەستداوە، هەموویان شیاوی ئەوە بوون تور بدرێنە ناو عەزابی دۆزەخەوە، وادەی خودایان لەسەر دێتە جێ، کە فەرموویەتی: **﴿لأملأن جهنم منك وممن تبعك منهم اجمعين﴾** ص/٨٥.

ئەمجار پەروەردگار پاداش و سزای هەردوو تاقم (چاکەکارو خراپەکار) دیاری دەکاو دەفەرمووی:

﴿ولكل درجات مما عملوا، وليوفيهم أعمالهم وهم لا يظلمون﴾

واتە: بۆ هەردوو پێڕو تاقم لەخودا پەرستانی ڕەفتار جوان و کردار چاك و بێ بڕواو خراپەکارو بەدبەختەکان لەئادەمیزادو جندۆکە پلەو پایەی جودا جودا، لای خودا بۆیان ئامادە کراوە هەر کەسەو بەگوێرەی کردەوەو بیرو باوەڕی خۆی پاداش و سزای خۆی وەردەگرێتەوە، چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە، ئەوانە هیچیان ستەمیان لێ ناکرێ، تۆز قاڵێك لەکردەوەی باشی کەس کەم ناکرێتەوە، هەر وەها لە سزای کەسیش زیاد ناکرێ! هەموو کەس مافی خۆی وەر دەگرێتەوە!

ئەمجار دیمەنێکی ڕۆژی قیامەت ڕادەنوێنێ و حاڵ و وەزعی بێبڕوایان لەو دیمەنەدا نمایش دەکاو دەفەرموێ: **﴿ويوم يعرض الذين كفروا على النار اذهبتم طيباتكم في حياتكم الدنيا واستمتعتم**

بـها، فـاليوم تجـزون عـذاب الهـون بمـا كنتـم تسـتكبرون في الأرض بغير الحـق وبمـا كنتـم تفسـقون﴾ ئـەی پێغەمبـەری خۆشەویست؛ ئەوە بۆ گەلەکەت باس بکە: کە کاتێ کافرو بێ بڕوایان پێش ئـەوەی تـوڕ بدرێنـە نـاو دۆزەخـەوەو سـزاو عـەزابی سـەختی ئـاگر لـەخۆیان دەگـرێ، تەماشای ئەو ئاگرە بێ ئامانە دەکەن و لـە ڕوی سـەر زەنشـت و لۆمـەوە پێیان دەگوترێ: ئێوە لەززەت و خۆشی خۆتان لەژیانی دونیادا چەشـتووە، سـەرگەرمی دەسـتەبەرکردنی ویسـتی ئارەزۆکانتـان بـوون و لـەتاوان و خراپەکاریدا نوغـرۆ بـوون، تاوانکردنتـان بـەلاوە شـتێکی ئاسـایی بـوو، پێغەمبەرتان بەدرۆخستەوە، زیندو بوونەوەو سزاو پاداشـتی ئـەم ڕۆژەتـان بەئەفسانەو خەیاڵێ پڕو پووچ دەزانیێ..

لەژیانی دونیادا بەشی خۆتان وەرگرتـووە و هیچتـان بـۆ نەماوەتـەوە، ئەمڕۆ سزای ڕیسوا ئـامێز دەدرێـن، تۆڵـەی بـێ بڕوایـی و سـەر ڕەقیتـان لێدەسـەندرێ، لەپاسـاوی ئـەوەدا: کەبـە ناحـەق لەسـەر زەوی خۆتـان هەڵدەنایەوەو لوتبەرزیتان دەنواند، پشتتان لەیەکتاپەرستی و خودا ناسـین هەڵدەکرد، هەرچی خودا پێی ناخۆش بوو ئەوەتان ئەنجام دەدا.

لەتۆڵـەی ئـەو ڕەفتـارو کردەوانـەتان دا ئـەمڕۆ سـزای سـەخت و ڕیسواکەرو بەردەوامتان بۆ ئامـادەکراوە لـەناو شـیوو دۆڵـی دۆزەخ دا بـە ئاهو ناڵەو حەسرەتەوە، بـەهاوارو دادو فیغانـەوە بـۆ هـەتا هەتایـە ژیـان بەسەربەرن، ژیانی چی! هـەر وەندەیـە زینـدوون، ئـەگینا مـردن بـەئاوات دەخوازن؛ هەڵبەتـە لـەززەت وەرگرتـن لـە نیعمەتـەکانی دونیـا بەشـێوەی حـەڵاڵ و ڕەوا، ڕەوایـەو نـەی لێ نـەکراوە، ئامـاژە بـەو ئایەتـەی: کـە دەفەرموێ: ﴿قل: من حرم زينـة الله الـتي اخـرج لعبـاده والطيبـات مـن الرزق﴾ الاعراف/٣٢.

هەروەها ئایەتی: ﴿**يا ايها الذين آمنوا لا تحرموا طيبات ما أحل الله لكم ولا تعتدوا، ان الله لايحب المعتدين﴾ المائدة/٨٧** . وەلیٚ خۆگرتنەوە لە لەززەت‌وخۆشی‌یەکانی ژیان داب و نەریتی پیاو چاکانە.

لەصەحیحی موسلیم دا هاتووە: دەفەرمویٚ: عومەری کوڕی خەتتاب چووە خزمەت پیٚغەمبەرﷺ لەماڵەوە لەو سەرو بەندەدا لەخیٚزانەکانی زیز بوو، عومەر دەگیٚڕیٚتەوە دەڵیٚ: چاوم بەماڵیٚ پیٚغەمبەردا گیٚڕا جگە لەپیٚستە کۆنیٚك هیچی‌ترم نەدی. عەرزم کرد: ئەی پیٚغەمبەری خودا ئەتۆ ڕەوانە کراوی خوداو بەڕیٚز ترین بەندەی ئەوی، ئەوەتا کیسراو قەیصەر لەناو حەریر و دیٚباج دا ژیان بەسەر دەبەن، ئەتۆ بۆ چی بەزبری ژیان بەسەر دەبەی؟

ئیتر تۆزیٚ: خۆی کۆکردەوەو بەجوانی دانیشت و فەرموی: (**أفي شك أنت يا ابن الخطاب؟ أولئك قوم عجلت لهم طيباتهم في حياتهم الدنيا**) ئەوە کوڕی خەتتاب گومانت هەیە؟ ئەوانە تاقم و کۆمەڵیٚکن خۆشی و لەززەتیان بۆ پیٚش خراوە لەژیانی دونیا، عومەر دەفەرمویٚ: وتم: ئەی پیٚغەمبەری خودا لەقسەم پەشیمانم داوای لیٚخۆشبونم بۆ بکە، پیٚغەمبەرﷺفەرموی: (**اللهم اغفر له**).

چیرۆکی حەزرەتی هود (عليه السلام) لەگەڵ قەولەکەی دا

وَٱذْكُرْ أَخَا عَادٍ إِذْ أَنذَرَ قَوْمَهُۥ بِٱلْأَحْقَافِ وَقَدْ خَلَتِ ٱلنُّذُرُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦٓ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّا ٱللَّهَ إِنِّىٓ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٢١﴾ قَالُوٓا۟ أَجِئْتَنَا لِتَأْفِكَنَا عَنْ ءَالِهَتِنَا فَأْتِنَا

بِمَا تَعِدُنَآ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٢﴾ قَالَ إِنَّمَا ٱلْعِلْمُ عِندَ ٱللَّهِ وَأُبَلِّغُكُم مَّآ أُرْسِلْتُ بِهِۦ وَلَٰكِنِّىٓ أَرَىٰكُمْ قَوْمًا تَجْهَلُونَ ﴿٢٣﴾ فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا۟ هَٰذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا ۚ بَلْ هُوَ مَا ٱسْتَعْجَلْتُم بِهِۦ ۖ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٤﴾ تُدَمِّرُ كُلَّ شَىْءٍۭ بِأَمْرِ رَبِّهَا فَأَصْبَحُوا۟ لَا يُرَىٰٓ إِلَّا مَسَٰكِنُهُمْ ۚ كَذَٰلِكَ نَجْزِى ٱلْقَوْمَ ٱلْمُجْرِمِينَ ﴿٢٥﴾ وَلَقَدْ مَكَّنَّٰهُمْ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمْ فِيهِ وَجَعَلْنَا لَهُمْ سَمْعًا وَأَبْصَٰرًا وَأَفْـِٔدَةً فَمَآ أَغْنَىٰ عَنْهُمْ سَمْعُهُمْ وَلَآ أَبْصَٰرُهُمْ وَلَآ أَفْـِٔدَتُهُم مِّن شَىْءٍ إِذْ كَانُوا۟ يَجْحَدُونَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا۟ بِهِۦ يَسْتَهْزِءُونَ ﴿٢٦﴾ وَلَقَدْ أَهْلَكْنَا مَا حَوْلَكُم مِّنَ ٱلْقُرَىٰ وَصَرَّفْنَا ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ﴿٢٧﴾ فَلَوْلَا نَصَرَهُمُ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُوا۟ مِن دُونِ ٱللَّهِ قُرْبَانًا ءَالِهَةًۢ ۖ بَلْ ضَلُّوا۟ عَنْهُمْ ۚ وَذَٰلِكَ إِفْكُهُمْ وَمَا كَانُوا۟ يَفْتَرُونَ ﴿٢٨﴾

دوای بەیانکردنی بەڵگەی یەکتاپەرستی و ڕاستی پێغەمبەرایەتی کە قورەیشییەکان بەهۆی هەڵەوگیر بونیان بەلەززەت و خۆشی دونیاوە پشتیان لیّ هەڵدەکرد، پەروەردگار چیرۆکی گەلی عادی بۆ گێڕانەوە بۆ ئەوەی پەندی لیّ وەربگرن، و بەخۆیان دا بچنەوە، ئەوەتا خودا بەهۆی

کوفرو سەررەقییان لەناوی بردن، لەکاتێك دا گـەلی عـاد لەقورەیشیەکان زۆرترو خاوەن دەسەڵاتتر بوون، چونکە هێنانەوەی پەندو سـەر گورزشتەی واقیعی، داخوازی تێفکرین و لیوردبوونەوەیە، لەهەمان کاتدا دڵدانـەوەی پێغەمبەریشی تێدایە دەفەرموێ:

﴿واذكر أخا عاد اذ أنذر قومه بالأحقاف، وقد خلت النذر من بـين يديه ومن خلفـه الا تعبـدوا الا الله، انـي أخـاف عليكـم عـذاب يـوم عظيـم﴾ ئـەی پێغەمبـەری خۆشەویسـت؛ باسـی سـەر گوزەشـتەی هـود پێغەمبـەر بکـە بـۆ نەتەوەکـەت، هـود درودی خـودای لیٚ بـێ، بەرشـتەو خزمایـەتی لەقـەومی عـاد بـوو، خـودا کردییـە پێغەمبـەرو ڕەوانـە کـرد بـۆ سـەر قـەومی عـادی یەکـەم: کـە لــە (ئـەحقاف) دەژیـان لـەولاتی حەضرە موت.

ئەحقاف بریتی یە لە چـەند تەپۆڵکـەو بـەرزایەلمبـەلان، یـان بریتییـە لە شیوو دۆڵێك بە (بەرەهوت) بەناو بانگە، وەلحال لە پێـش هـود و دوای هودیش پێغەمبەری ترمان ڕەوانە کردون، هـەموویان گـەل و نەتـەوەکانی خۆیـان ترسـاندون: کـە جگـە لــە خـودا کەسـیتر نەپەرسـتن، هاوەڵـێ بـۆ دانـەنێن، حـەزرەتی هودیـش هـەمان ڕێبـازی گرتەبـەر، بـەو جۆرە ئامۆژگاری گەلەکـەی کـرد، داوای لیکـردن یەکتاپەرسـتی بکـەن و هاوەڵ بۆ خودا دانـەنێن، پـێی گوتـن مـن دەترسـم ئێـوە توشـی عـەزابی سەخت و دژواربن.

نمونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە: کە دەفەرموێ: ﴿فان اعرضوا فقل: انذرتكم صاعقة مثل صاعقة عاد و ثمود، اذ جاءتهم الرسل من بين ايديهم ومن خلفهم الا تعبدوا الا الله﴾ فصلت/١٣-١٤.

قـەومی عـاد وەڵامـی حـەزرەتی (هـود)یـان دایـەوە ﴿قـالوا: أجئتنـا لتأفكنا عن آلهتنـا؟﴾ وتیـان: ئـەوە هاتوویـە لامـان و خـۆت بەپێغەمبـەر

داناوە بۆ ئەوەی لەپەرستشکردنی خـودا کانمـان لامـان دەی؟ دەتـەوێ واز لەخوداکانی خۆمـان بێنـن و عیبـادەت بـۆ ئـەو خودایـە بکـەین: کـە تـۆ بانگەوازی بۆ دەکەی؟ بێ منەتبە ..

﴿فأتنا بما تعدنـا ان کنـت مـن الصـادقین﴾ ئـەو عـەزابـە سـامناکەی هەڕەشەمان پێ لێ دەکەی بۆمان بێنە، ئەگەر ڕاست دەکـەی لـەوەدا: کـە دەڵێ ئیمانم پێ نەهێنن عـەزابی سـەخت یەخـەتان دەگـرێ، دەی وا ئێمـە ئیمانت پێ ناهێنن بائەو عـەزابە گـەورەو سـامناکە بـۆ مـان بـێ! ئەمـە بەڵگەو نیشانەی ئەوەیە: کـە ئـەو گەلەنەفامـە خۆیـان پەلـەیان لـەهاتنی عـەزابی خودا کـردوە، چونکـە بەلایانـەوە هـاتنی عـەزابی لـەوجۆرە دورو نـەگونجاو بـووە، خـۆ ئەگـەر ئیمانیـان بـەهاتنی ببوایـە هـەرگیز پەلـەیان لەهاتنی نەدەکرد![1] حەزرەتی هود ﷺ وەڵامی دانەوە..

﴿قال: انما العلم عند الله، وأبلغکم مـا أرسـلت بـة ولکنـی أراکـم قومـا تجـهلون﴾ فـەرموی: مـن نـازانم کـەنگێ ئـەو عـەزابـەتان بــۆ دێ، زانیاری تەواو دەربارەی هاتن و چۆنیەتی ئەو عـەزابەو هەموو شتێکی تـر لای خــودا خۆیــەتی و بەدەســت خۆیــەتی: ئــەو نــەقدیری کــردوە و ئەو دەینێرێ، لەو بارەوە هیچ زانیارییەکم نەدراوەتێ، ئیشی من ئەوەیـە، پـەیامی خـۆم بـەئێوە بگەیـەنم، مـوژدە دەربەبەهەشـت و ترسـێنەر تـانم لـەدۆزەخ، ئاگـادار تـان دەکەمـەوە لـەوە: کـە ئەگـەر ئیمـان نـەهێنن خودا بەغـەزەبی خۆی دەتانگرێ و لەناوتان دەبا، نەك من خـۆم عـەزابتان بـۆ بێنـم! کـەی هـاتنی عـەزاب بەدەسـت منـە؟ وەلێ مـن ئێـوە دەبینـم گەل و نەتەوەیەکی بێ عـەقڵ و نەفامن لەوەدا: کە بڕوام پێ ناکەن، سورن

---

(١) لەئایەتەکـەدا وادە لەشـوێنی هەڕەشـە بـەکارهاتووە، چونکـە وشـەی (تعـد) مضـارعی (وعد)یەو لەبابی دوەمە و مجردە بۆ وادەو بەڵێن بەکاردێ .

لەسەر کوفرو بێدینی خۆتان، پێشنیاری شتی وایش دەکەن لەدەسەڵاتی پێغەمبەران دا نیە!!

ئەمجار پەروەردگار دیمەنی سەرەتای هاتنی عەزابی سەخت و کۆکوژیان رادەنوێنێ و دەفەرموی: ﴿فلما رأوه عارضا مستقبل أوديتهم قالوا هذا عارض ممطرنا﴾ کاتێ: دیتیان هەور یان (عەزاب) بەرەو ئەوان دێ و ڕوی لەناوچەو سنوری وڵاتی ئەوانە، بەدڵخۆشییەوە وتیان: ئەوە هەورێکە و بارانمان بۆ دەبارێنێ، زەوی‌و زاری تینومان تێر ئاو دەکا، کەش و هەوای وشك و گەرممان بۆ خۆش دەکا! زۆریان هومێد پێ بوو، خۆشی خۆشی ئێستا نا تاوێکی تر بارانیان بۆ دەبارێ و لەو حاڵە ناخۆشەی تێ یدان ڕزگاریان دەبێ.

ڕیوایاتی زۆر هەن دەڵێن: ئەو گەل و هەرێمە تووشی گەرمایەکی زۆر بوون، بێ بارانی و گەرماو وشکە ساڵێ برستی لێ بڕیبوون، کەش و هەوای وایان بۆ خولقابوو، بەکەڵکی ژیان نەدەهات: جا کە خودا ئەو هەورەی ڕەوانە کردن زۆری پێ کە یفخۆش بوون، هەموویان لەماڵ هاتنەدەر بەرەو شیوو دۆڵەکانی دەورو بەریان ڕۆیشتن بەهومێدی ئەوە بارانیان بۆ بباری و کەش و هەوایان بۆ بگۆڕێ، بەڵام زوبانی واقیع تێی گەیاندن: کەئەو هەورە هەوری باران نیە.

﴿بل هو ما استعجلتم به، ريح فيها عذاب اليم تدمر كل شيي بأمر ربها﴾ بەڵکوو ئەو عەزابەیە: کە پەلەتان لەهاتنی دەکرد، ڕەشەبایەکی غەزەبەو سزای سەختی هەڵگرتووە بۆ ئێوە، بەفەرمانی خودا بەسەر هەر شتێك دا بڕوا وێرانی دەکاو دەیپڕوکێنێ وەکوو لەئایەتێکیتردا باسی ئەو ڕەشەبای غەزەبەدەکاو دەفەرموێ: ﴿ماتذر من شيء اتت عليه الا جعلته كالرميم﴾ الذاريات/٤٢.

ئایەتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا: کە ئەو (بـا) غەزەبە زیندوەو هەستی هەیەو فەرمانبەردارەو فەرمانی پێ کراوە بە وێرانکردن و لەناوبردنی ئەو گەلە سەررەق و نەفامە، ئەمەش حەقیقەتێکی بوونەوەرەو قورئان زۆر جار ئاماژەی پێ دەکا، ئەم بوونەوەرەهەمووی زیندوەو هەموو هێزو وزەیەکی هەستیارە، هەموو شتێك بەرامبەر خودای خۆی هەستی هەیەو پابەندی فەرمان و ویستی پەروەردگارە، ئەرکی سەر شانی خۆی ئەنجام دەدا..

ئادەمیزاد بۆ خۆی یەکێکە لەو هێزو توانایانەی بوونەوەر کاتێك ئیمان لەدڵ و دەرونی دا جێگیر دەبێ، دڵی دەکرێتەوە بۆ (معرفة الله) بۆ خودا ناسی و یەکتاپەرستی، دەتوانێ هەست بەفەرمانبەرداری بونەوەربکا، لەگەڵ دەوروبەری خۆی دا هاریکاریێ و بگونجێ، وەکوو جۆرێك لەزیندو هەڵس و کەوت لەگەڵ بونەوەربکا، چونکە لەڕاستی دا هەموو شتێك زیندوەو بەجۆرێکی تایبەتی هەست و گیانی تێدایە، وەلیّ ئێمە دەرکی ئەو ژیان و هەستەیان ناکەین و لەئاست ئێمە پەردەیان بەسەردا دراوە، چاوی دڵی هوشیارو نورانی هەستیان پێ دەکاو چاوی سەرنایان بینێ![1]

بەڵێ (بای)غەزەب ئەرکی سەرشانی خۆی ئەنجام دا، هەموو شتێکی وێران کرد، خۆیان و ئاژەڵیان، خانوبەرەو کاڵاو سامانیان هەمووی خاپور بوو ﴿فأصبحوا لا یری الا مساکنهم﴾ وایان لێهات جگە لە کەلاوەڕوخاوی خانوەکانیان هیچی تریان نەدەبینرا، وڵاتیان کە سی تێدا نەمابوو، هەموویان خاپورو کش و مات! قوقەی کەڵەبابی تێدا نەمابوو!

(١) سەیری (في ظلال القرآن) بکە ٤٢٢/٧ .

ئەمجار دوای ترساندنی قورەیشییەکان پەروەردگار هێزو تواناو شان و بازوی گەلی عاد بەیان دەکاو دەفەرموێ:

﴿ولقد مكناهم فيما ان مكناكم فيه، وجعلنا لهم سمعا وابصارا وافئدة، فما أغني عنهم سمعهم ولا ابصارهم ولا أفئدتهم من شيء﴾

بێگومان ئێمە گەلی عادو هەموو گەلەپێشینەکانمان لەسەرزەوی جێگیر کرد بوو وەکو چۆن ئێوەمان لەسەر زەوی جێگیر کردوە، ماڵ و سامان و هێزو تواناو دەست و بازو لەشساغی و تەمەندرێژیمان پێ دابوون بەجۆرێك کە بەئێوەمان نەداوە ئەی قورەیشی و دانیشتوانی مەککە؛ ئەوان لەئێوە خاوەن سامانتر بوون، لەئێوە زیاتر منداڵ و پیاوی بەشان و بازویان هەبوو، دەسەڵات و توانایان لەهی ئێوە پتر بوو، ژیارو شوێندەستیان لەسەر زەوی لەهی ئێوە بەرچاو تر بوو.

وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: **﴿كانوا اكثر منهم، واشد قوة وآثارا في الأرض﴾ غافر/٨٢** .

دەی ئەوان وێڕای ئەو دەسەڵات و توانایەی هەیانبوو سەرباری ئەو دەست وچاوو گوێچکەو دڵ و دەرونەی پییان بەخشرابوو کاتێك پەیامی پێغەمبەرەکەیان ڕەتکردەوەو پشتیان لەهیدایەت هەڵکرد، هیچ شتێك دادی نەدان، سودیان لەکلیلی زانیاری: کە چاو وگوێچکەیە وەرنەگرت، جەستەو هەست و ئامێری بیستن و دیتنی خۆیان نەخستە کار بۆبەختەوەری خۆیان، لەوشتانەدا بەکار یان نەهێنان: کە بۆی دروست کرابوون، شوکرو سوپاسی پەروەردگاریان پێ نەکردون، بۆ هەتا هەتایە خۆیان بەد بەخت و چارە ڕەش کرد، سودیان لەهەست و عەقڵ و زانیاری خۆیان وەرنەگرت.

﴿اذ كانوا يجحدون بآيات الله، وحاق بهم ما كانوا بـه يسـتهزئون﴾ چونکـه ئینکـاری پـەیام و ئایـاتی خودایـان کـرد، ئیـتر ئــەو عــەزاب و هەڕەشەیەی گاڵتەیان پێدەهات دەورەی دان و تێکیەوە پێچان و خستنیە ناو زبڵدانی مێژووە و عەزابی دۆزەخیان بۆ خۆیان دەستەبەر کرد.

کەواتە دانیشـتوانی مەککـە وێـڕای ئـەوەی: کـە لـە گـەلی عـاد کـەم دەسەڵاتترن و لەهیچ ڕویەکی هێزو تواناوە ناگەنە ئەوان، دەبوایـە پـتر لـە عەزابی خودا بترسانایەو هـەوڵیان بدایـە تووشـی ئـەو بەدبـەختی و چـارە ڕەشییە نەهاتنایە.

﴿ولقـد أهلكنـا مـاحولكم مـن القـرى، وصرفنـا الآيــات لعلــهم يرجعـون﴾ بێگومـان ئێمـە چــەند گــەل و نەتــەوەمان لــەدەورو بــەری ئێــوەی قوڕەیشــی لــەناو بــردوە، لەســەر ئـــەوەی پێغەمبــەرەکانیان بەدرۆخستونەوە، هەر لـەدەورو بـەری وڵاتـی حیجـاز چـەند شـارو گونـدی گـەلی عـادو قـەومی لـوط و گـەلی مەدیـەنمان لـەناو بـردون،هــەموویان سـەرکەش و بـێ بـڕواو سـتەمکار بـوون، پێغەمبـەرمان بـۆ سـەرناردن، موعجیزەو نیشانەی زۆرو جۆراو جۆرمان نیشان دان، بۆ ئـەوەی لـەکوفرو بێدینی خۆیان واز بێنن و شوێن پەیامی پێغەمبـەرەکانمان بکـەون، بـەڵام لاسارو بێ گـوێ بـوون و ئمانیـان نـەهێنا! ئێمـەیش بەعـەزابی سـەخت و کۆکوژ لەناو مان بردن.

﴿فلولا نصرهم الذين اتخـذوا مـن دون الله قربانـا آلهـة، بـل ضلـوا عنهم و ذلك افكهم وماكانوا يفترون﴾ ئەدی بۆچی: کەعەزابی سـەختی ئێمە یەخەی گرتـن خـودا کانیـان یارمـەتییان نـەدان و عـەزابی ئێمـەیان لێ نەگێڕانەوە؟؟ خۆ ئەوان لە جیاتی خودای حەق و بەدیهێنەر، چـــەند شـتێکیان کردبـوە خـودای خۆیـان و دەیانپەرستن بەتـەمای ئـەوە بـوون،

شەفاعەتیان بۆ بکەن! پێیان وابوو پارێزگارییان دەکەن، بەڵام ئەوەی بەتەمای بوون نەهاتەدی، بەڵکوو لێیان هونبون و ئامادەی یارمەتیدان و ڕزگار کردنیان نەبوون، کێ فریایان بکەوێ؟ چۆن یارمەتییان بدەن؟ ئەو بت و صەنەمانە دارای ئەوەنین شەفاعەت و یارمەتیدانیان لەدەست بێ، ئەوە گومڕایی و سەر لێشێوانە کە ئەو شتانەیان کردون بەخودا و پەرستشیان بۆ دەکەن، ئەوە بوختان و دەست هەڵبەستی خۆیان بوو، بۆیە خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت بوون و بوونە پەندو عیبرەتی ڕۆژگار

ئیمانهێنانی جندۆکە بەقورئان

وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ ۖ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ قَالُوا۟ يَٰقَوْمَنَآ إِنَّا سَمِعْنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعْدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ يَهْدِىٓ إِلَى ٱلْحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٍ مُّسْتَقِيمٍ ﴿٣٠﴾ يَٰقَوْمَنَآ أَجِيبُوا۟ دَاعِىَ ٱللَّهِ وَءَامِنُوا۟ بِهِۦ يَغْفِرْ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمْ وَيُجِرْكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣١﴾ وَمَن لَّا يُجِبْ دَاعِىَ ٱللَّهِ فَلَيْسَ بِمُعْجِزٍ فِى ٱلْأَرْضِ وَلَيْسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوْلِيَآءُ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ فِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ ﴿٣٢﴾

باسی چەند کەسێ لە جندۆکەو گوێ لێ بوونیان لە قورئان بەخوشوع و ئەدەبەوە، خۆی لەخۆی دا بنەمای عەقیدەو ئیمان دەچەسپێنێ، یەکیەتی بنەما باوەڕیەکانی نێوان قورئان و تەورات دەسەلمێنێ، باسکردنی قورئان بۆ ڕوداوی ئامادە بوونی کۆمەڵێك جندۆکە بۆ ئەوەی لەدەمی پێغەمبەرەوە گوییان لە قورئان بێ، هەڵس و کەوت و ڕەفتاریان لە بەرامبەر بیستنی قورئان دا، بەڵگەیەکی بە هێزەو پێویست بەبەڵگەی ترناکا بۆ سەلماندنی هەبوونی جندۆکە هەرچەندە ئێمە بەهەستەکانمان هەستیان پێ ناکەین، هەروەها بۆ ڕاستی ئەو ڕوداوەو چۆنیەتیەکەی!

هەروەها بۆ سەلماندنی ئەوە: کە ئەو جندۆکانە توانای ئەوەیان هەبوەو هەیانە: کە گوێ لەقورئان بگرن و بیبیسن و بەگوفتاری عەرەبی لەزمانی پێغەمبەرەوە لێی حالی بن! هەروەها ئاماژە بەوەش دەکا: کە جندۆکە ئامادەباشی کوفرو ئیمانیان تێدایە، گونجاون بۆ هیدایەت و گومڕایی! بەهیچ شێوەیەك پێویستیمان بەبەڵگەی ترنیە بۆ چەسپاندنی ئەم حەقیقەت و ڕاستی‌یە، کوردی گوتەنی: خۆر بەدەرەوەیە چ پێویستیمان بەچرایە!

چەندێکیش لە سەری بگوترێ بۆ ڕونکردنەوەی ئەو حەقیقەتە لەدیدو بۆچوونی ئادەمیزاد، بێسود نابێ بێگومان ئەم کەون و کائیناتە، ئەم بوونەوەرە پان و پۆڕەی دەورەی داوین، پڕە لەنهێنێ و هێزو وزەی بیندراوو نەبیندراو، پڕە لەمەخلوقاتی نەزانراو و نەبیندراو، ئێمەی ئادەمیزاد لە باوەشی ئەو هەموو نهێنی و مەخلوقاتەدا ژیان بەسەر دەبەین، کەمیان لێ دەزانین و ڕەوشت و کاریگەری زۆریان نازانین، ڕۆژ دوای ڕۆژ هەندێ لەونهێنیانەمان بۆ دەردەکەوێ، هەست بەهەبوونی هەندێ لەو مەخلووقاتە نەزانراوانەی ئەمڕۆمان دەکەین و هێشتا لەسەرەتای بەرنامەی فێربوون و تێگەیشتن لەبونەوەردایین،

ئەوەی دەربارەی دەیزانین لەچاو ئەوەی نایزانین قەترە بەدەریایەو پوشکەیە کە لەکایە.

ئەوەی ئەمرۆ دەیزانین دەربارەی بوونەوەر: بەتایبەتی لەبواری زانیاری(طب)و فیزیاو کیمیاو پیشەسازی و جیولوجی و ئاسمان شوناسیدا ئەگەر بەراورد بکرێ بەو زانیاریانەی ئادەمیزاد کەپێش هەزار ساڵ یان زیاتر زانیونی، ئەو زانیاری یانەی ئەمڕۆ بۆ ئەو پیشینانە زۆر لەمەوزوعی ناسینی جندوکە سەر سوڕهێنەرترە.

ئەگەر یەکێ: پێش هەزار ساڵ نهێنی یەکی دەربارەی گەردیلەو بوارەکانی فیزیاو پزیشکی..هتد کە ئەمرۆ دەزانرێ دەربخستایە بەشێتیان لەقەڵەم دەدا، یان زۆر لەمەوزوعی جندۆکەیان بەلاوە سەر سوڕهێنەرتر دەبوو.

وێدەچێ ئێمەی ئادەمیزاد لە بواری زانست و زانیاری دا بەرەو پێش بڕوین و ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر نهێنی بونەوەرمان بۆ کەشف بێ، لەچوار چێوەی ئاوە دانکردنەوەی زەوی و بەو یاسایەی: کە خودا بوونەوەری بۆتەسخیر کردوین نهێنی وامان بۆ دەر بکەوێ مەوزوعی (زەڕڕە)و نهێنی یەکانی ببنە گاڵتەی منداڵ و چ گرنگی یەکیان نەمێنێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا ئێمەی ئادەمیزاد هێشتا ئەوەی دەیزانین لەبەرامبەر نەزانراو دا زۆر کەم و بێ نمودە، بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿**وما أوتيتم من العلم الا قليلا**﴾ یان دەفەرموێ: ﴿**ولو أن ما في الارض من شجرة أقلام والبحر يمده من بعده سبعة أبحر ما نفدت كلمات الله**﴾ .

جا: کە ئێمە ئەمە هێزو توانامان بێ، ئەوە ئەندازەو بواری زانیاریمان بێ هەرگیز مافی ئەوەمان نیە لەخۆمانەوە بەبێ بەڵگە هەر ئەوەندە لەسنووری عەقڵ و بیرو بۆ چونمان بەدەرە، نەفیی یان ئسباتی نهێنی یەکی بوونەوەر بکەین، ئێمە هێشتا هەموو نهێنی جەستەی خۆمان

نەزانیوە، چ جای نهێنی عەقلْ و گیانمان بزانین، جا کە خودا بەلوتف و مەرحەمەتی خۆی لەڕێگای کەلام و سروشتی خۆیەوە نهێنییەکی لە نهێنی یەکانی بوونەوەر بۆ دەرخستین، حەق وایە یەکسەر بەبێ سێ و دوو ئیمانمان پێی هەبێ، شوکرو سوپاسی پەروەردگارمان بکەین لەسەر ئەوزانیاریە، چۆنمان پێ گەیشتووە چەندمان پێ زانراوە ئاوا وەری گرین و لێی زیاد و کەم نەکەین.

هیچ سەرچاوەیەکی تریش نیە ئێمە ئەم جۆرە نهێنی و پەنامەکییانەی لێ وەربگرین، ئێمە لەم دەقە قورئانییەی ئێرەو ئایەتەکانی سورەتی (الجن) و فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئەوڕوداوە ((ڕوداوی کۆبونەوەی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ جندۆکە و بیستنیان بۆ قورئان لەدەمی پێغەمبەرەوە)) دەتوانین بڕی حەقائیق لەجندۆکە بزانین، دەزانین: کە مەخلووقاتێکی ترهەن لە ئاگر دروست کراون .

وەکوو قورئان لەسەر زمانی ئیبلیس دەربارەی ئادەم بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: ﴿انا خیر منه خلقتني من نار وخلقته من طين﴾ شەیتانیش بۆ خۆی لەڕەگەزی جندۆکەیە، قورئان ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿ان ابليس كان من الجن ففسق عن امر ربه﴾ ئەم مەخلووقاتە جندۆکانە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، ئەوان ئادەمیزاد دەبینن، وەلێ ئێمەی ئادەمیزاد ئەوان نابینین.. وەکوو قورئان دەربارەی شەیتان دەفەرموێ: ﴿انه يراكم هو وقبيله من حيث لا ترونهم﴾.

هەروەها ئایەتەکە ئاماژە بەوە دەکا: کە جندۆکەش وەکوو ئادەمیزاد کۆمەڵگایان هەیە و لە خێزان و هۆزو گوندو شارو شارۆچکە پێك دێ: چونکە دەفەرموێ: ﴿انه يراكم هو وقبيله﴾ هەروەها توانای ئەوەیان هەیە لەسەر زەوی بژین بەڵام لەکوێ و چۆن؟ نازانین! قورئان هەر ئەوەندەی درکاندوە کە زەوی نشینگەی ئادەمیزاد جندکەیە، ئەوەتا

بەئادەم و حەواو ئیبلیس دەفەرموێ: ﴿**اهبطوا بعضكم لبعض عدو ولكم في الأرض مستقر ومتاع الى حين**﴾ **البقرة/ ٣٦** .

ئەو جندوکانەی بۆ حەزرەتی سلێمان رام کرابوون بەملکەچی لەسەر زەوی کاریان بۆ دەکرد، داخوازی ئەوەیە: کە توانای لەسەر زەوی ژیانیان تێدا بوو بێ، هەروەها توانای ئەوەیان هەبوە لەدەرەوەی زەوی و لەسەر هەسارەکانی تریش ژیان بەسەر بەرن: وەکوو لەسەر زوبانی جندۆکە دەفەرموێ: ﴿**وانا لمسنا السماء فوجدناها ملئت حرسا شديدا وشهبا، وانا كنا نقعد منها مقاعد للسمع فمن يستمع الآن يجد له شهابا رصدا**﴾ .

هەروەها توانای ئەوەیان هەیە کار لەئادەمیزاد بکەن و لەخشتەی بەرن، وەکوو قورئان لەدان و سانی نێوان پەروەردگارو ئیبلیس دا ئاماژەی پێدەکاو دەفەرموێ: ﴿**قال: فبعزتك لأغوينهم اجمعين، الا عبادك منهم المخلصين**﴾ بەڵام چۆن گومڕایان دەکاو چۆن وەسوەسە و ختوکەیان دەدا؟ نازانین دەتوانن گوێیان لەدەنگی ئادەمیزاد بێ بەبەڵگەی ئەوە: کە گوێیان لەبیستنی قورئان بوو تێی گەیشتن، توانای موسوڵمان بون و گومڕابوونیان هەیە، وەکوو دەفەرموێ: ﴿**وانا منا المسلمون ومنا القاسطون فمن أسلم فأولئك تحروا رشدا، واما القاسطون فكانوا لجهنم حطباً**﴾ .

ئەمە بەکورتی ئەو زانیاری و ئاماژە پێکردنەیە: کە قورئان دەیگەیەنێ و پێویستە ئیمانمان پێ هەبێ و بەحەقیقەت و ڕاستی بزانین و بێ سێ و دوو وەری بگرین، زۆر ڕیوایات و فەرموودەی جیا جیاهەن مانای ئایەتەکانی قورئان زیاتر شی دەکەنەوەو عالەمی جندۆکەمان پێ دەناسێنن، هەندێکیان ڕیوایاتی موسلیم و بوخارین و ڕاگواستنیان بۆ ئێرەو بەراوردکردن و پێك گرتنیان پانتای یەکی زۆری دەوێ، هەر کەسێ

دەیەوێ لەو بوارەدا قوڵ ببێتەوە باسەیری تەفسیرەکان بەتایبەتی تەفسیری (ابن‌کثیر) و (الطبري) و (في ظلال القرآن) بکا.

پەیوەندی ئەم کۆمەڵەئایەتە بەهی پێشەوە لەم ڕووەوەیە:

لەوە پێش پەروەردگار ئەوەی ڕاگەیاند: کە ئادەمیزاد هەیانە خودا پەرستەو هەیانە کافرە، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا ئەوە ڕون دەکاتەوە: کە ڕەگەزی جندۆکە هەیانە خودا پەرستەو هەیانە بێدین و حەق نەویستە، موسوڵمانەکانیان شیاوی پاداش و کافرەکانیان شیاوی عەزابن.

حەزرەتی (محمد) درودی خودای لەسەربێ ڕەوانە کراوە بۆ سەر عالەمی ئادەمیزادو جندۆکە بەشێوەی تەکلیف و ڕەهنمایی‌کردن وتێکۆشان لەگەڵیان بۆ ئەوەی ڕێگای سەفرازیی دونیاو قیامەت بگرنە بەر، جندۆکەو فریشتە دوو عالەمی غەیبی قەرەباڵخ و بەرفروانن، ئێمە نایان بینین، پێویستە ئیمانمان پێیان هەبێ، هەروەکوو چۆن پێغەمبەر ﷺ لەڕێگای فریشتەوە نیگای پێ گەیشتووە، ئەویش بەو پەڕی دڵسۆزییەوە پەیامی خۆی بەعالەمی جندۆکە و ئادەمیزاد گەیاندوە، موژدەی بەهەشتی بەخودا پەرستان داوەو کافرەکانی لە عەزابی سەختی خودا ترساندوە، دەفەرموێ:

﴿واذ صرفنا اليك نفرا من الجن يستمعون القرآن فلما حضروه قالوا أنصتوا فلما قضي ولوا الى قومهم منذرين﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست؛ باسی ئەوە بۆ گەلەکەت بکە: کە ئێمە سەرنجی چەند کەسێکمان لەجندۆکە بۆلای تۆ ڕاکێشاو ناردمانن بۆلات بۆئەوەی ببنە هۆی هیدایەتدانی نەتەوەکەیان، کاتێ ئامادەی قورئان خوێندنی تۆ بون و گوێیان لێ گرت، داوایان لەیەکتر کرد: کە بێدەنگ بن و بەخوشوع و خضوعەوە گوێی لێ ڕابگرن و بیر لەمانای بکەنەوە، ئەم ڕوداوە لەشێوی مەشهوور بە (بطن نخلة) ڕۆژە ڕێیەك بەپیادە لەمەککەوە دورە لەسەر ڕێی

(الطائف)لەو کاتەدا بوو: کە پێغەمبەرﷺ بە دڵ شکاوی لەتائیف گەڕایەوە، ئەم جندۆکانە لەجندۆکەی (نصیبین)یان (نەینەوا)بوون جا گوێیان ڕاگرت تا نوێژی بەیانی یان تاقورئان خوێندنە کە تەواو بوو، ئەمجار گەڕانەوە بۆلای گەل و کەس و کاری خۆیان بۆ ئەوەی بیانترسێنن لەعەزابی خودا، ئامۆژگارییان کردن: کەپابەندی فەرمان و جڵەو گیریەکانی قورئان بن.

ئایەتەکە بەڕونی ئەوە دەگەیەنێ: کە پێغەمبەر ڕەوانە کراوە بۆ سەر هەردو عالەمی ئادەمیزادو جندۆکە بەشێوەی تەکلیف بۆ ئەوەی لەگومڕایی ڕزگاریان بکاو بیانخاتە سەر ڕێبازی هیدایەت، چەند فەرمودەیەکی پێغەمبەر لەم بارەوە ڕیوایەت کراون، ئەوە دەگەیەنن: کە لەو کاتەدا پێغەمبەرﷺ بۆ خۆی هەستی بە ئامادەبوونی ئەو جندۆکانە نەکردوە، بەڵکوو ئەوان گوێیان لە قورئان خوێندنی پێغەمبەر گرت و دوای گەڕانەوە بۆ ناو گەل و هۆزی خۆیان و دەستیان کرد بە ئامۆژگاری کردنیان، ئەمجار جندۆکە دەستە دەستەو تاقم تاقم دەستیان کرد بەهاتن بۆلای پێغەمبەر و وموسوڵمان بوون .

یەکێك لەو ڕیوایەتانەی: ئاماژە بەوە دەکەن: کە پێغەمبەرﷺ یەکەمجار هەستی بەئامادە بوونی جندۆکە کان نەکردوە ئەو حەدیسەیە: کە ئیمام ئەحمەدو تیرمیزی و نەسائی لەئیبنوعەبباسەوە ڕیوایەتیان کردوە دەفەرموێ: (کان الجن یستمعون الوحي، فیسمعون الكلمة فیزیدون فیها عشرا فیکون ما سمعوا حقا، ومازادوا باطلا، وكانت النجوم لا یرمی بها قبل ذلك، فلما بعث رسول الله ﷺكان أحدهم لا یأتي مقعده الا رمي بشهاب یحرق ما أصاب، فشكوا ذلك الى ابلیس، فقال ماهذا الا من أمر قد حدث، فبث جنوده، فاذا بالنبي ﷺیصلی بین جبلي نخلة فأتوه فأخبروه فقال: هذا الحدث الذي حدث في الأرض).

ڕیوایەتی تریش زۆرن ئەوە دەگەیەنن: کە پێغەمبەر ﷺ جندۆکەی بینیون و لەگەڵیان کۆبۆتەوە و قورئانی بۆ خوێندونەوە ڕەهنومایی کردون، هەندێکیان ئیمانیان پێ هێناوەو هەندێکیان پشتیان هەڵکردوە.

جا: کە جندۆکەکان گوێیان لە قورئانخوێندنی پێغەمبەر بوو گەڕانەوە بۆ ناو گەل و هۆزی خۆیان و.. ﴿قالوا: یاقومنا، اننا سمعنا کتابا أنزل من بعد موسی، مصدقا لما بين يديه، يهدي الى الحق، والى صراط مستقيم﴾ وتیان: ئەی گەل و هۆزی خۆمان، ئێمە گوێمان لەخوێندنەوەی پەڕاوێك بوو لەدوا تەورات لەلایەن خوداوە نازڵ کراوە، پشتگیری نامە ئاسمانییەکانی پێش خۆی دەکا، پێغەمبەرانی پێشوو پەیامەکانیان بەڕاست دەزانێ و داوای ئەوە دەکا هەموو کەس بەڕاستیان بزانێ، نامەی شارەزایی کردنی خەڵکە بۆ ڕێگای سەرفرازی، بۆ ڕێبازی میانەڕەوی لەعەقیدەو عیبادەت و کردەوەو هەڵوێست و ئاکارو گوفتاردا.

تێبینی ئەوە دەکرێ: باسی حەزرەتی عیسای نەکرد دروودی خودای لەسەر، جا یان لەبەر ئەوە بوو ئەو جندۆکانە جولەکە بوون و موسوڵمان بوون یان چونکە ئینجیل: کە نامەی عیسایە ئامۆژگاری و باسی دڵنەرمی تێدایە، بەدەگمەن نەبێ باسی تەحلیل و تەحریمی تێدانییە، بەڵکوو لەڕاستی دا ئینجیل تەواو کەری تەوراتە: کەوابێ سەرچاوەی سەرەکی بۆ جولەکەو گاور تەوراتە، ئەو سەرچاوەی شەریعەتە بۆ هەردولایان، بۆیە بە تایبەتی ناوی تەوراتی هێنا.

﴿يا قومنا أجيبوا داعي الله وآمنوا به يغفر لكم من ذنوبكم ويجركم من عذاب أليم﴾ ئەی هۆزو گەل و کۆمەڵێ جندۆکە! بە پیربانگەوازی پێغەمبەری ئیسلام و دوا پێغەمبەرو سەر داری پێغەمبەرانەوە بچن، ئیمانی پێ بهێنن، شوێن پەیامی ئەو قورئانە بکەون: کە بانگەوازیتان

دەکا بۆ یەکتاپەرستی و ملکەچی و گوێرایەڵیٚ بۆ خودای بوونەوەر، ئەگەر بەگوێمان بکەن خودا لەهەندیٚ لەتاوانەکانتان خۆشی دەبیٚ، لەو تاوانانەی کە بە (حق الله) دەژمێر درێن، چونکە ئەو تاوانانەی کە مافی بەندەکانی خودای تێدا پێشێل کراوە پێویستە بەندەکان خۆیان چاوپۆشی لیٚ بکەن ئەمجار خودا لێیان خۆش دەبیٚ هەروەها ئێوە دەپارێزیٚ لەعەزابی سەختی دۆزەخ و دەتانخاتە بەهەشتی بەرفراوانەوە، ئەمەش ئەو پەڕی بەمراز گەیشتن و سەرفرازییە..

ئایەتەکە بەرونی ئەوە دەگەیەنیٚ: کە حەزرەتی موحەممەد ﷺ کراوە بە پێغەمبەری ئادەمیزادو جندۆکە، کەبۆ سەرهەردوکیان ڕەوانەکراوە، چونکە پێغەمبەرﷺ بانگەوازی کردن بۆ ئیمانهێنان و یەکتاپەرستی، سورەتی (الرحمن)ی بەسەردا خوێندنەوە: کە خیتابی تێدا ئاراستەکراوە بۆ هەردو ڕەگەز: (ئادەمیزادو جندۆکە) هەردوکیان بەرپرسیارو ئەرك لەسەرشانە موژدە و هەڕەشە شمولیان دەکا، سزاو پاداش دەیانگرێتەوە .

ئەو قسەی هەندیٚ لەزانایانی ئیسلام لەوانە حەسەنی بەصری و ئەبو حەنیفە گوتوویانە : کە گوایە جندۆکە خوداپەرستەکان ناچنە بەهەشتەوە، بەڵکوو پاداشیان تەنها ئەوەندەیە: کە لە سزای دۆزەخ دەپارێزرێن، قسەیەکە لەگەڵ قورئان دا ناگونجیٚ و بیٚ بناغەیە، بەڵکوو زۆربەی زانایان لەوانە شافیعی و ئیمام مالیك فەرمویانە: هەر کەسیٚ موسوڵمان بیٚ لە ئادەمیزادو جندۆکە دەچێتە بەهەشتەوە و خودا پاداشی نەبڕاوەی پیٚدەبەخشیٚ، قورئان دەفەرمویٚ: **﴿إن الذين آمنوا وعملوا الصالحات كانت لهم جنات الفردوس نزلا﴾** الكهف/١٠٧ .

ئەمجار شاندی جندوکەکان: کە لەخزمەت پێغەمبەر گەڕانەوە ترسیان بەر گەلەکەیان ناو هەڕەشەی عەزابی سەختیان لیٚ کردن، وتیان:

﴿ومن لا يجب داعي الله فليس بمعجز في الأرض وليس له من دونه أولياء، أولئك في ضلال مبين﴾ کەسێك بەپیر بانگەوازی پێغەمبەری ئیسلامەوە نەچێ، یەکتاپەرستی نەکاو ملکەچی فەرمان و جڵەو گیرییەکانی قورئان نەبێ دەبێتە دوژمنی خودا، کەسیش لەچنگ عەزابی سەختی ئەو ڕزگاری نابێ، چی بکا لەملکی خودا دەرناچێ و لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا دەبێ، جگە لەخودا کەس یارمەتی نادا، ئەگەر یارمەتیشی بدەن جێ ناگرێ و بێ سودە، بێگومان ئەوانەی بەپیر بانگەوازیی پێغەمبەرەوە ناچن، لەگومڕای و هەڵەیەکی ئاشکرادان، ماڵوێران و بەد بەخت و چارە ڕەشی هەر دوجیهانن!

سەلماندنی زیندو بوونەوەو فەرمانکردن بەخۆڕاگری

أَوَلَمْ يَرَوْا أَنَّ اللَّهَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَلَمْ يَعْيَ بِخَلْقِهِنَّ بِقَادِرٍ عَلَىٰ أَن يُحْيِيَ الْمَوْتَىٰ ۚ بَلَىٰ إِنَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٣٣﴾ وَيَوْمَ يُعْرَضُ الَّذِينَ كَفَرُوا عَلَى النَّارِ أَلَيْسَ هَٰذَا بِالْحَقِّ ۖ قَالُوا بَلَىٰ وَرَبِّنَا ۚ قَالَ فَذُوقُوا الْعَذَابَ بِمَا كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿٣٤﴾ فَاصْبِرْ كَمَا صَبَرَ أُولُو الْعَزْمِ مِنَ الرُّسُلِ وَلَا تَسْتَعْجِل لَّهُمْ ۚ كَأَنَّهُمْ يَوْمَ يَرَوْنَ مَا يُوعَدُونَ لَمْ يَلْبَثُوا إِلَّا سَاعَةً مِّن نَّهَارٍ ۚ بَلَاغٌ ۚ فَهَلْ يُهْلَكُ إِلَّا الْقَوْمُ الْفَاسِقُونَ ﴿٣٥﴾

لەوەپێش لەسەرتای سورەتەکەدا هەبوونی خودای سەلماند، بیرو بۆچونی بتپەرستەکانی ڕەتکردەوە، (قضیة)ی یەکتاپەرستی و ڕاستی پێغەمبەرایەتی چەسپاند، موناقەشەی موشریکەکانی کرد دەربارەی بیرو باوەڕی بەتاڵ و پوچیان، شوبهەو گومانیی پوچاندنەوە، سەرزەنشتی کردن لەسەر ئەوە: کە ئیمان ناهێنن و بڕوا بەتاك و تەنهایی خودا ناکەن، پەیامی قورئان ڕەت دەکەنەوە، لەکاتێك دا جندۆکە بڕوایان بەقورئان کردوە بەئەدەب و خوشوعەوە گوێیان بۆ خوێندنەوەی ڕاگرتووە و بانگەوازی گەل و نەتەوەکەی خۆیان کردوە بۆ ئیمانهێنان.

ئەمجار دێتە سەرباسی (قضیە)ی ڕابوونی قیامەت و زیندوبوونەوە، پاشان دڵنەوایی پێغەمبەر دەکاو فەرمانی پێ دەدا: کە بۆ ئەنجامدانی گەیاندنی پەیامەکەی بارقوڵ و پشوو درێژبێ، وەکوو پێغەمبەرە ئولولعەزمەکان و چاو لەئەوان بکا، پەیامی خۆی بگەیەنێ، پەلەنەکا لەهاتنی عەزابی کۆکوژ بۆ ئوممەتەکەی، ئەمە پەندو دەرس دادانی ئێمەیە، بۆئەوەیە ئێمەیش شوێن ئەو پەیامە پیرۆزە بکەوین، دەفەرموێ:

﴿أولم يروا أن الله الذي خلق السموات والأرض ولم يعي بخلقهن بقادر على أن يحيي الموتى؟ بلى انه على كل شيء قدير﴾ ئایا تێنافکرن و وردنابنەوە بۆ ئەوەی ئەو کافرە بێ باوەڕانەی کە ڕابوونی قیامەتیان بەلاوە پەشمەو زیندوبوونەوەی دوامردن بەدوور دەزانن، تێبگەن و بۆیان ئاشکرا ببێ: کە ئەو خودایەی لەنەبوەوە بوونەوەری بەبێ ماندو بوون بەدی هێناوە، هیچ ئەرك و نارەحەتی توش نەهاتووە، هەرئەوەندە فەرمویەتی: ببە و بووە، دەتوانی مردوان زیندو بکاتەوە!

ئەو خودایەی : کە ئەو دەسەڵات و توانایەتی بەسەر هەموو شتێك دابالادەستەو هیچ شتێکی لێ یاخی نابێ، کەسێك بتوانێ لەنەبوە بونەوەر

بەدی بێنێ، دەتوانێ دوامردن مردوەکان لەگۆڕەکانیان دەربێنێ و ڕاپێچی سارای مەحشەریان بکا بۆ حیساب و لێکۆڵینەوە، وەکوو لەئایەتێکی تردا دفەرموێ: ﴿**لخلق السموات والأرض اکبر من خلق الناس، ولکن اکثر الناس لا یعلمون**﴾ غافر/٥٧ .

ئەمجار دێتە سەر ڕانواندنی بڕی دیمەنی وەزع و حاڵێ کافرەکانی لەڕۆژی قیامەت دا، دەفەرموێ: ﴿**ویوم یعرض الذین کفروا علی النار، ألیس هذا بالحق؟ قالوا: بلی وربنا**﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، باسی ئەو وەزع و حاڵە بۆ گەلەکەت بکە: کە ڕۆژی قیامەت کافرەکان گیرودەی عەزابی سەخت دەبن و ئاگر دەورەیان دەدا، جا بۆ زێدە سەرزەنشت و لۆمەکردن و ڕیسوابوون پێیان دەگوترێ ئەرێ ئەم عەزابە ڕاست و حەق نیە؟ شك و گومانتان تێیدا هەیە؟ ئەوانیش هیچ چارێکیان نیە دان بەواقیعەکەدا دەنێن و دەڵێن: بەڵێ، سوێند بەخودای خۆمان: کە پەروەردگاری هەموو شتێکە ئەم عەزابە حەقەو هیچ گومانی تێدا نیە!!

﴿**قال: فذوقوا العذاب بما کنتم تکفرون**﴾ پەروەردگار بەشێوەی سوکایەتی پێکردن و سەرزەنشتکردنیان پێیان دەفەرموێ: دەسزای سەختی دۆزەخ بچێژن، چونکە بڕواتان پێی نەبوو بەدرۆتان دەزانی!!

ئەمجار دوای چەسپاندن و سەلماندنی تاك و تەنهایی خودا و ڕاستی پێغەمبەرایەتیو هاتنی قیامەت و ڕەتکردنەوەی بیرو بۆچونی موشریکەکان پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبەر دەکا: کەلە بەرامبەر هەڵوێستی موشریکەکان دا پشوو درێژو بار قوڵ بێ، پێی دەفەرموێ:

﴿**فاصبر کما صبر أولو العزم من الرسل، ولا تستعجل لهم**﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست پشوو درێژ و بارقوڵ بە لەبەرامبەر ئەزیەتدانی

نەتەوەکەت، سەرپێچی و رکەبەرییان بەهەندمەگرە، وەکوو پێغەمبەرە ئولولعەزمەکانی تر صەبر بگرەو لەسەربانگەوازیکردنی خۆت بەردەوام بە، چاو لە پێغەمبەرە بەرێزەکانی تری وەکوو نوح و ئیبراهیم و موساو عیسا بکە، پەلەمەکە لەهاتنی عەزاب بۆ یان، ئەوەکاری تۆنیە، بەدەست خودایە، ئەو سزایە یان توشی دێ و لیّی قوتار نابن، بەلاّم کەی؟ خودا دەیزانێ.

﴿**كأنهم يوم يرون ما يوعدون لم يلبثوا الا ساعة من نهار بلاغ فهل يهلك الا القوم الفاسقون**﴾؟ ئەو کافرانە ئەو رۆژەی عەزابی سەختی خودا دەبینن و یەخەیان دەگرێ، ژیانی دونیایان بەکورت و کەم دێتە بەرچاو، وادەزانن لەدونیا جگە لەساتێك لەساتەکانی رۆژ پتر نەماونەوە، چونکە عەزابەکە هێندە سەخت و دژوارە هەموو قیاس و بەراوردکاری یەکیان لیّ تێك دەچێ، هیچ شتێکیان وەبیرنایەتەوە..

وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەمانای ئەم ئایەتە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**كم لبثتم في الأرض عدد سنين؟ قالوا لبثنا يوما اوبعض يوم فاسأل العادين**﴾ **المؤمنون/١١٢-١١٣**. یان دەفەرموێ ﴿**كأنهم يوم يرونها لم يلبثوا الا عشية او ضحاها**﴾ **النازعات/٤٦** .

ئەم قورئانە پیرۆزە: کە پێغەمبەر بۆتانی دەخوێنێتەوەو پێتانی رادەگەنێ پێرا گەیاندنێکی تەواوو بێ خەوشە، کەس بیانووی نامێنێ و هەرکەسێ بڕوای پێ نەکا سەر رەق و گومڕایە، سنوور شکێن و نەفامە، شیاوی ئەوەیە خودا گیرۆدەی عەزابی سەختی بکا، ئایا جگە لە پێڕی تاوانبارو سنوور شکێنان کەسیتر بەعەزابی سەختی خودا لەناو دەچن؟ نەخەیر، خودا عەدالەتکارە، کەسێك شیاوی عەزابدان نەبێ عەزابی نادا، هەر تاوانبارو ستەمکاران دەکەونە ژێر گورزی عەزابی خوداوە!!

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (محمد)

ئەم سورەتە ناونراوە سورەتی (محمد) چونكە باسی ئەوەی تێدا كراوە: كە قورئان بۆ (محمد) نێردراوە، شایانی باسە لەهەمو قورئان دا چوار جار ناوی پێغەمبەر بە ناوی (محمد) هاتووە، جارێكیان لەسورەتی (آل عمران)دا ﴿**وما محمد الا رسول**﴾/١٤٤ لەسورەتی (الاحزاب)دا: ﴿**ماكان محمد ابا احد من رجالكم**﴾/٤٠ لەسورەتی (الفتح) دا ﴿**محمد رسول الله**﴾/٢٩ لێرەش دا واتە: لە سورەتی (محمد) دا دەفەرموێ: ﴿**وامنوا بما نزل على محمد وهو الحق من ربهم**﴾/٢ .

جگە لەم چوار شوێنە ناوی پێغەمبەر بە (رەسول) و بە (النبي) بە(المدثر) و (المزمل) و (طه) و بەچەند شتی تریش هاتووە.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەپێشەوەی:

پەیوەندی ئەم سورەتە بەپێشەوەی زۆر بەتین و تۆكمەیە، سەرەتای ئەم سورەتە و كۆتایی سورەتی (الاحقاف) پێكەوە گونجاو لەبارن، تەنانەت ئەگەر (بەسمەلە)ی نێوانیان لابەری دوای ﴿**فهل يهلك الاالقوم الفاسقون**﴾ سەرەتای سورەتی (محمد) ﴿**الذين كفروا وصدوا عن سبيل الله...الآ.**﴾ بخوێنینەوە هەست بە هیچ تەنافورو دژایەتیەك ناكرێ. هەر دەڵێ یەك ئایەتن و پێكەوە جۆش دراون!

سورەتەكە مەدەنی‌یەو باسی سەرەكی تێیدا باسی جیهادە، ئەحكامی دیل و یاسای جەنگ و دەستكەوتی جەنگی لەخۆگرتووە، باسی كافرو موسوڵمان دەكا سزاو پاداشیان دیاری دەكا، حاڵ و وەزعی دووڕووەكان و پاشگەز بووەكان لەئایین ڕون دەكاتەوە!!

سەرەتا سورەتەکە بەشتێکی سەرنج ڕاکێش دەست پێ دەکا، بەباسی هەڵوێست و ئاکاری کافرەکان و دەست پێ دەکا، ئەوە ڕادەگەیەنێ: کە خودا رقی لێیانە و بەقاری خۆی گیرو دەیان دەکا، ئەمجار بەشوێن ئەوەدا باسی وەصفی خودا پەرستەکان دەکا و رەزامەندی خۆی لێیان ڕادەگەیەنی، جوداوازییەکی بەر فراوان دەخاتە نیوانی کافرو موسوڵمانەوە.

ئەمجار فەرمان بەخودا پەرستان دەکا: کە بە توندی شەڕ لەگەڵ کافران دا بکەن، هەرچی وزەو توانای خۆیان هەیە بیخەنە گەڕ بۆبەرپەرچدانەوەی ئەو سەررەق و بەتاڵخوازانەی نایەنە ژێر چەتری ئاینی پاکی ئیسلامەوە، مزگینی دەدابە موسوڵمانان بەسەرکەوتن و پیرۆزی ئەگەر بەڕاستی لەپێناو ئاینی خودادا بجەنگن و لەبەرامبەر ئەزیەت و نارەحەتی دا بەصەبرو خۆڕاگر بن، ریسوابوون و ژێر کەوتنی کافرەکان ڕادەگەیەنێ و خودا بۆیان لەکەمین دایەو ناهێڵێ بەسەر یانەوە بچێ!

ئەمجار هەندێ پەندو مەثەڵ بۆ قوڕەیشییە کافرەکان لێدەدا، بۆ ئەوەی بەخۆیان دا بچنەوە، ترسیان لێ بنیشێ و بزانن ئەگەر سوربن لەسەر کوفرو ستەمکاری خۆیان بەدەردی ملهوڕو ستەمکارە سەر ڕەقەکانی پێش خۆیان دەچن، وێڕای ئەوەیش باسی نازو نیعمەتەکانی بەهەشت دەکا: کە دانراوە بۆ خوداپەرستان ... بۆ ئەوەی کافرەکان هەڵبنێ بۆ ئیمانهێنان و گەردنکەچی بۆ خودا.

دوایی دێتە سەر باسی دووڕوو پاشگەز بووەکان، هەڵوێست و ئاکارو ڕەفتاریان باس دەکا، لە دوو توێی ئەم باسانە دا ئەوە ڕون دەکاتەوە: کە ئەو کافرو سەر رەق و ستەمکارانەی دژایەتی پەیامی پێغەمبەر دەکەن ناتوانن هیچ زیانێك بەخودا بگەیەنن، خودا هەموو پیلان و نەخشەیەکیان هەڵدەوەشێنێتەوە، کردەوەکانیان پوچ

دەکاتەوە لە کۆتایی سورەتەکەدا بانگەوازیی موسوڵمانان دەکا بۆ بەدەستهێنانی شکۆمەندی و خۆپاراستن لەزەبوونی و خۆ بەدەستە وەدانی دوژمن و ژێر دەستەی کافران، ئەمەش لەگەڵ باسە سەرەکییەکەی سورەتەکەدا کە جیهاد و تێکۆشانە لەپێناو ئایینی خودادا گونجاوە.

جوداوازی نێوان کافرەکان و موسوڵمانان

بسم الله الرحمن الرحيم

ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ أَضَلَّ أَعْمَٰلَهُمْ ﴿١﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَءَامَنُواْ بِمَا نُزِّلَ عَلَىٰ مُحَمَّدٍ وَهُوَ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّهِمْ كَفَّرَ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ وَأَصْلَحَ بَالَهُمْ ﴿٢﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱتَّبَعُواْ ٱلْبَٰطِلَ وَأَنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّبَعُواْ ٱلْحَقَّ مِن رَّبِّهِمْ كَذَٰلِكَ يَضْرِبُ ٱللَّهُ لِلنَّاسِ أَمْثَٰلَهُمْ ﴿٣﴾

دەفەرموێ: ﴿الذين كفروا وصدوا عن سبيل الله، أضل أعمالهم﴾ ئەوانەی کافرو ستەمکارن، ئینکاری تاك و تەنهایی خودا دەکەن، بڕوایان بەشەریعەت و ئاینی پەسندی ئاسمانی نیە، هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن، دەبنە لەمپەرو کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بڵاو بوونەوەی ئاین دا، ناهێڵن کەسانی دیکە موسوڵمان بن..

خودا کردەوەکانیان پوچ دەکاتەوە، ئەو کردەوانەی بەرواڵەت باش و بەتەمای پاداشن لەسەریان وەر بگرن بەفیڕۆ دەچن و خودا هیچ

پاداشتێکیان بۆ دانانێ، چونکە کردەوەی باش بەبێ هەبوونی ئیمان کەڵکی هیچی نیەو جێی هیچ ناگرێ..

هەر کردەوەیەك لەئیمانەوە هەڵنەقوڵێ و ئیمان پاڵنەرو هەڵنەری نەبێ تۆزو بایەو بێسودەو جێگای هومێد نیە، هەر کردەوەیەك پەیوەست نەبێ بەمەنهەجێکی چەسپاو لەدەروون دا، لەگەڵ یاسای بنەڕەتی بوونەوەر دا جۆشی نەخواردبێ، لەخاوەنی دڵ و دەرونی پڕ لە ئیمانەوە سەری هەڵنەدابێ هیچەو پووچە، نرخی قانگە لاشکێکی نیە ، با بەڕواڵەت سود بەخش بێ هەرچی پێی دەگوترێ: باشەو بەڕواڵەت بەئەخلاق و رەوشتی جوان حسێب بکرێ.

وەکوو بەجێهێنانی صیلەی ڕەحم و ئازادی بەخشین بەکۆیلەو ڕزگار کردنی فەقیرو هەژاران لەبرسیایەتی و مەینەتی، دروستکردنی مزگەوت و پردو قوتابخانەو خۆشکردنی ڕێگەو بان و بەهاناچوونی لیقەوماوان ئەگەر ئیمانی لەگەڵ دانەبێ و لەبیرو باوەڕی ڕاست و حەقەوە هەڵنە قوڵابێ، بۆ قیامەت سودی پوشکەیەکی نیە، وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەم ڕاستی یە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**وقدمنا الى ما عملوا من عمل فجعلناه هباء منثورا**﴾ **الفرقان**/٢٣.

دوابەدوای بەیانکردنی حاڵ و وەزعی کافرەکان و سزای عادڵانەی قیامەتیان حاڵ و وەزعی موسوڵمانان پاداشی نەبڕاوەیان دیاری دەکاو دەفەرموێ:

﴿والذين آمنوا وعملوا الصالحات، وآمنوا بما نزل على محمد وهو الحق من ربهم، كفر عنهم سيأتهم، وأصلح بالهم﴾ ئەوانەی ئیمانیان بەتاك و تەنهایی خودا هێناوە، فەرمانبەر داری فەرمان و جڵەو گیرییەکانی قورئانن، ملکەچی شەریعەتی خودا پەسندن و بە ئاشکراو بەنهێنی پابەندی دەبن، شوێن ڕەهنومایی

پێغەمبەرﷺ دەکەون، کردەوەی باش ئەنجام دەدەن و پەیامی قورئان بەحەق دەزانن و دڵنیان لەوەی کە کەلامی خودایەو بەسروش بۆ پێغەمبەر هاتووە، بۆ ئەوەی بەئادەمیزادی بگەیەنێ..

.. ئەوانە بەختەوەری دونیاو قیامەتن، خودا لەتاوانی ڕابوردویان خۆش دەبێ، لەدونیاو قیامەت دا کارو باریان بۆ ئاسان دەکا، لەئەنجامدانی تاوان دەیانپارێزێ، ئیمانیان بەهێز دەکا، شارەزایان دەکا ئەنجامدانی کرداری باش و بەسود، ژیانی دونیا بەخۆشی بەسەر دەبەن و لەقیامەت دا بە بەهەشتی بەرین شادیان دەکاو مرازی گەورەیان حاصڵ دەبێ.

ئەمجار پەروەردگار هۆی گومڕابوونی کافرەکان و بەختەوەری خودا پەرستان دیاری دەکاو دفەرموێ:

﴿ذلك بان الذين كفروا اتبعوا الباطل، وان الذين آمنوا اتبعوا الحق من ربهم﴾ ئەوەی باسکرا لەسزاو پاداشی کافرو موسوڵمان بەهۆی ئەوەوەیە: کە کافرەکان شوێن بەتاڵ کەوتوون و هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن و تاوان ئەنجام دەدەن، موسوڵمانە کانیش پابەندی حەق و ملکەچی فەرمانی خودان، یەکتاپەرستی دەکەن، ئیمانیان هەیەو کردەوەیان پەسندە.

﴿كذلك يضرب الله للناس أمثالهم﴾ بەو جۆرە ڕێك و پێك و ڕەوانە پەروەردگار حاڵ و وەزعی هەر دو کۆمەڵی کافرو موسوڵمان ڕون دەکاتەوە، سەرنجامی هەردولایان دیاری دەکا، چاکە و خراپەلێك جیادەکاتەوە.



یاساكانی جەنگ و دیل و كوژراو جیهاد لە پێناو ئاینی خودا دا

فَإِذَا لَقِيتُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا فَضَرْبَ الرِّقَابِ حَتَّىٰ إِذَا أَثْخَنتُمُوهُمْ فَشُدُّوا الْوَثَاقَ فَإِمَّا مَنًّا بَعْدُ وَإِمَّا فِدَاءً حَتَّىٰ تَضَعَ الْحَرْبُ أَوْزَارَهَا ۚ ذَٰلِكَ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لَانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَٰكِن لِّيَبْلُوَ بَعْضَكُم بِبَعْضٍ ۗ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَن يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ (٤) سَيَهْدِيهِمْ وَيُصْلِحُ بَالَهُمْ (٥) وَيُدْخِلُهُمُ الْجَنَّةَ عَرَّفَهَا لَهُمْ (٦) يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن تَنصُرُوا اللَّهَ يَنصُرْكُمْ وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ (٧) وَالَّذِينَ كَفَرُوا فَتَعْسًا لَّهُمْ وَأَضَلَّ أَعْمَالَهُمْ (٨) ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ كَرِهُوا مَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأَحْبَطَ أَعْمَالَهُمْ (٩)

دەربارەی ئایەتی چوارەم: ﴿**والذين قتلوا في سبيل الله...**﴾ ئیبنو ئەبی حاتەم لەقەتادەوە ڕیوایەت دەكا دەفەرموێ: ئەم ئایەتە ڕۆژێ غەزای ئوحود نازڵبوو، لەو كاتەدا پێغەمبەرﷺ لەشیوەكە دابوو، موسوڵمانان كوژراو و بریندارىیان زۆر بوون، لەو ڕۆژەدا موشریكەكان هاواریان دەكرد بەرزی و شكۆمەندی بۆ (هوبەڵە) یەكێك بوو لەبتەگەورەكانیان موسوڵمانەكانیش هوتافیان دەكێشاو دیانگوت: (الله أعلى وأجل) موشریكەكان دەیانگوت ئێمە (العزى) مان هەیە ئێوە نیتانە، (العزى) بتێكی تریان بوو.

پێغەمبەرﷺبەموسوڵمانەکانی فەرمووو: بڵێن: ئێمە خودا یارمەتدەرو چاو دێرمانە، ئێوە پشتیوانتان نیە...

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم ڕووەیە:

لەوە پێش ئادەمیزادی کردن بەدوو پێڕ، تاقمی کافرو گومڕایان: کەشوێن ڕێبازی شەیتان کەوتوون و پێڕی ئەون، کۆمەڵی موسوڵمانان، کە حەقخوازو خوداپەرستن، واتە: ئادەمیزاد دوویەشن حیزبی شەیتان و حیزبی ڕەحمان، ئەمجار لێرەدا یاسای جەنگ و جیهاد دژی کۆمەڵی شەیتان ڕون دەکاتەوە دفەرموێ:

﴿فاذا لقيتم الذين كفروا فضرب الرقاب﴾ ئەی کۆمەڵێ موسوڵمانان هەر کاتێ بەرەو ڕوی کافرەکان بوونەوەو شەڕ لەنێوان ئێوەو ئەوان دابەرپابوو دەستیان لیٚ مەپارێزن، بەشمشێر دروێنەیان بکەن، شمشێرەکانتان ئاراستەی گەردنیان بکەن و لەملیان بدەن، ئەمە کاتێك دەبیٚ کە جگە لەشەڕ ڕێگا چارەی تر نەمابن، هەموو بوارەکانی تر بەتاقی کرابنەوە، دوژمن وازلەدەستدرێژیکردنی خۆی نەهێنیٚ و ڕێگا بۆ بڵاو بوونەوەی ئایین ئاچوغ نەبیٚ، ئیتر ئەوکاتە پێویستە بەگوێرەی بارو دۆخ و ئیمکانات و تەبیعەتی جەنگەکە چەك بەکار بێنین و بەزەییمان بە بەدوژمن دانەیەتەوە.

وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرمویٚ ﴿وقاتلوهم حتى لا تكون فتنة ويكون الدين لله، فان انتهوا فلا عدوان الا على الظالمين﴾ البقرة/١٩٣.

ئەمە حوکمی ئیسلامە لەکاتی جەنگ دا، بەڵام هەرکاتێ شەڕ کۆتایی هات و ئاگرەکەی دامرکایەوە، هێزو توانای دوژمن تێك شکا حوکمەکە بەم جۆرەیە دەفەرمویٚ:

﴿حتى اذا اثخنتموهم فشدوا الوثاق، فاما منا بعد واما فداء حتى تضع الحرب أوزارها﴾ واتە لەدوژمن بدەن و هێزوتوانای خۆتان بخەنە

گەڕ بۆ تێك شكاندنی جاكە شەڕ كۆتایی هات و زۆرتان لی‌كوشتن و بەسەر دوژمن دا زاڵ بوون و شەق و شڕ كرا، لەپەل وپۆ خرا، بەدیلی كەوتنە ژێر دەستتان، ئەوكاتە دیلەكانیان بەتوندی كۆت و بەند بكەن و ڕێگای قوتاربوونیان لێ بگرن، نەهێڵن ڕزگاریان ببێ، ئەمجار ئێوە موخەیەرن لەنێوان ئەوەدا بەمنەت و پیاوەتی بەرەڵڵایان بكەن، یان بەفیدیەو ماڵ لێ وەرگرتن یان بە گۆڕینەوەی دیل بەدیل مەرەخەسیان بكەن!

بەم جۆرە هەڵس و كەوت لەگەڵ دوژمن بكەن بۆ ئەوەی دیاردەی شەڕ ئاسەواری نەمێنێ و ئاشتی بەرقەرار بێ، ڕێگا لەبەردەم بانگەوازی ئیسلامی دا ڕەها بێ، كەس نەتوانێ ببێتە لەمپەرو كۆسپ و تەگەرە بخاتە بەردەم بانگخوازانی ئیسلام، خەڵكی بتوانێ بیروڕای خۆیان بگۆڕنەوە، بانگەوازی ئیسلامی لەڕێگای دان و سان و دڵنیا بون و قەناعەتكردن بڵاو بێتەوە، بە ئاراستە كردنی بەڵگەو برینی بیانوو ئامۆژگاری كردن بۆ ئەوەی تاك و كۆمەڵ ڕو لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بكەن.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكرێ: كە بڵاو بوونەوەی ئایین بەهۆی چەك و تۆقاندنەوە نیە، بەزۆرە ملێ و زەخت و ملهوڕی كەس موسوڵمان ناكرێ، بەڵكوو چەك و هێز بۆ ڕامالینی كۆسپ و تەگەرەكانی بەردەم بانگەوازی یەكە بەكار دەهێنرێ، دوژمن و نەیارەكانی پێ سەركوت دەكرێ، ئەگینا ئایین و بیرو باوەڕ لە دڵ دایەو دەبێ بەقەناعەتەوەوە وەربگیرێ.**﴿لا اكراه في الدين﴾ البقرة/٢٥٦** .

ئایەتەكە بەئاشكرا ئەوە بەپێویست دادەنێ كەلەكاتی جەنگان لەگەڵ كافرو دوژمنانی ئایین دا موسوڵمانان ئەو پەڕی هێزوتوانای خۆیان بەكار بێنن بۆ كوشتنی دوژمن و تێك شكاندنی دارو دەستەیان و لەپەل و

پۆخستنی هێزو توانایان،جا: کە ئەو مەبەستەیان بەدی هات و دوژمنیان تێك شكاند ئەو سادەربارەی دیلەکانی دوژمن موخەیەرن لەنێوان بەرەڵڵاکردنیان بەپیاوەتی و منەت کردن بەسەریان دا، یان بەگۆڕینەوەی دیل بەدیل و پارەوەرگرتن لێیان، وادیارە ئەم ئایەتە دوای غەزای بەدر نازڵ بووە، ئەوەبوو پەروەردگار سەزەنشتی موسوڵمانەکانی کرد لەسەر ئەوە: کە دیلیان زۆر گرد کردبوەوە بۆ ئەوەی فیدیەیان لیٚ بستێننۆ!

ئەمجار پەروەردگار حیکمەتی جەنگان لەگەڵ کافران دا ڕون دەکاتەوە دەفەرموێ: ﴿ذلك ولو يشاء الله لانتصر منهم، ولكن ليبلو بعضكم ببعض﴾ ئەوە بڕیاری خودایە دەربارەی جیهاد دژی کافران، پەروەردگار بۆ خۆی دەتوانێ کۆمەڵێ کوفر لەناوبەرێ و تۆڵەی سەرپێچی و ستەمکارییان لیٚ بستێنێ، جۆرەها عەزابی کۆکوژی وەکوو تۆفان و بەردەباران و بومەلەرزە و گرانی و دەنگی گەورەی زەندەقبەر یان تووش بکا، بەبیٚ ئەوەی ئەرك بخاتە سەر خاوەن باوەڕان...

وەلیٚ خودا فەرمانی بەئێوەی موسوڵمان کردوە کە دژیان بجەنگن و شەڕیان لەگەڵ بکەن، بۆئەوەی دەربکەوێ کیٚ فەرمانبەرداری فەرمانی خودایە، کیٚ ئامادەیە لەپێناو ئایینی خودا داگیان و ماڵی خۆی بەخت بکا، پاك و پیس لێك جیا بکرێتەوە، پاداش و ثەوابی باش بۆ خودا پەرستەکان و عەزابی سەخت و دژوار لەسەر دەستی موسوڵمانان بۆ سەرپێچیکاران دەستەبەر بێ، یان ترس و خۆف لەشەڕو کوشتار هەڵیان بنێ بۆ ئیمان هێنان و موسوڵمان بن پێش ئەوەی خودا بەعەزابی کۆکوژ لەناویان بەرێ، کەوابوو حیکمەت لەجیهاد و جەنگان دژی کوفرو سەرپێچیکاران تاقیکردنەوەی ئادەمیزادەکانە، بۆ ئەوەیە دەربکەوێ ناچەند ئامادەن ئەزیەت و ناڕەحەتی بچێژن.

وەکوو لەئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: ﴿**أم حسبتم ان تدخلوا الجنة ولما يعلم الله الذين جاهدوا منكم ويعلم الصابرين**﴾ آل عمران/١٤٢ .

ئەمجار باسی پاداشتی موجـاهید و شـەهیدانی ڕێبـازی خـودا پەرستی دەکاو دەفەرموێ: ﴿**والذين قتلوا في سبيل الله فلن يضل أعمالهم**﴾ ئەوانە لەپێناو ئایینی خودا دا شەهید دەکرێن پەروەردگار ئەرك و مـاندو بـون و خۆیەختکردنیان بەفیڕۆ نادا، کردەوەکانیان پوچ و بەتاڵ ناکاتـەوە، وەکـوو هی کافرەکان بەتاڵ دەکاتەوە...!

ئیمـام ئەحمـەد لەموسنەدی خۆیدا فەرمودەیـەکی دەربـارەی شـەهید ڕیوایەت کردوە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺفەرموویەتی: (**يعطي الشهيد ست خصال عند أول قطرة من دمه، تكفر عنه كل خطيئة، ويرى مقعده من الجنة، ويزوج من الحور العين، ويأمن من الفزع الأكبر ومن عذاب القبر، ويحلى حلة الايمان**) واتە: لەگەڵ ڕژانی یەکەم دڵۆپە خوێنی شـەهید شـەش بەهرەی دەدرێتێ، چاو پۆشی لەتاوانەکانی دەکرێ، شوێنیخۆی لەبەهەشت دا دەبینێ، حۆری لێ مارە دەکرێن، توشی نارەحـەتی عـەزابی نـاو گـۆڕو ترسی ڕاچڵەکانی کاتی زیندوبوونـەوەو ناخۆشـی سـارای مەحشـەر نـابێ، خشڵی ئیمانی لەبەر دەکرێ.

لەصەحیحی موسلیم دا فەرمودەیەك لەعەبدوڵڵای کوڕی عومـەرو ئەبو قەتادە ڕیوایەتکراوە دەفەرموێ: (**يغفر للشهيد كل شيء الا الدين**) لـە هەموو تاوان و کەم و کوڕیەکی شەهید چاو پۆشی دەکرێ جگـە لەقـەرز، ئەگەر قەرزدار بێ لەسەر قەرز دارییەکەی موحاسەبە دەکرێ.

﴿**سيهديهم ويصلح بالهم، ويدخلهم الجنة عرفها لهم**﴾ شـەهیدان کـە لـەپێناو ئـایینی خـودا دا خۆیـان بـەخت کـردوە، خـودا پاشـگوێیان ناخـا، بـەڵکوو دوای شـەهید بوونیـان خـودا سەرپەرشـتیان دەکـا، گیانەکانیان پاڵفتە دەکا صەفاو ڕەونـەقی زیـاتر یـان پـێ دەبەخشـێ، بۆ

ئــەوەی لەگــەڵ صــەفای عالــەمی بــالا دا پەیوەســت تربــێ، چونکــە شەهیدان بە گوێرەی دەقی ئایەتەکانی قورئان نەمرن، بەدیەن لەبــەرچاوی ئادەمیزادانی ســەر زەوی دیار نــامێنن، ئــەگینا زینــدون و خــودا ژیــانی تایبــەتییان بــۆ دەســتەبەردەکا، هیدایــەت و صــەفاو گەشــەکردنی گیانییان پێ دەبەخشێ.

لــەژیانی دونیایـان دا هیدایـەتیان دەدا بـۆ کـردەوەی چـاك و پەسـند، شارەزایان دەکا بۆ پەیڕەو کردنی ڕێبازی بەهەشت، لــەدونیاو قیامــەت دا کاروباریــان بــاش دەکــا، کردەوەکانیــان بـۆ پارێزگـاری دەکــا، دەیانخاتــە بەهەشتی بەرفراوان و ڕازاوەوە، کە پێناسەی بۆ کردون و پێی ناســاندون، تەنانەت بەهەشتییەکان کە دەچنە ناو بەهەشــتە وەزۆر بــە ڕێـك و پێکــی بــەبێ چاو ســاغ و دەلیــل شــارەزای خــانوو شــوێنی خۆیــانن و هیچیــان سەریان لێ تێك ناچێ!!

لەفــەرمودەی صــەحیح دا: کــە بوخــاری ڕیوایــەتی کــردوە هــاتووە پێغەمبەرﷺفەرموویەتی (والذي نفسي بيـده ان أحدهـم بمنزلـه في الجنة أهـدى منـه بمنزلـه الـذي كـان في الدنيــا) موجــاهید: کــە یەکێکــە لەموفەســرینی ســەلەف لــەمانای ئــەم ئایەتــەدا دەفــەرموێ: ئــەهلی بەهەشت شارەزای ماڵ و شوێنی خۆیانن و خودا چۆنی بـۆ دانـاون و بـۆی بەشکردون ئاوا هەرکەسە یەکسەر شارەزایەو ڕێگــای لێ هەڵــەنابێ، هــەر دەڵێی لەوەتای دروستکراون لەوێ دانیشتەجێ بوون!!

بــەندەکانی خــودا لەبەهەشــت دا بــەگوێرەی کردەوەکانیــان پلــەو پایــەو شوێن و مــەقامیــان بەرزو نزمی هەیە، وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿ولكل درجات مما عملوا﴾ الأنعام/١٣٢ .**

ئەمجار لەڕوانگەی نازو نیعمەتی نەبڕاوەی بەهەشــتەوە لەئــەنجامی ئــەو هەموو ڕێزو نرخەی خودا بــۆ شــەهیدانی دەســتەبەر کــردوە، موســوڵمانان

هەڵدەنێ بۆ ئەوەی خۆیان بۆ خودا ساغ بکەنەوەو لێ ببڕێن بۆ یارمەتیدانی ئایینی خوداو هەموو هێزو توانایەکیان بخەنە گەڕ بۆ بڵاوبوونەوەو سەرخستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، دەفەرموێ:

﴿یاأیها الذین آمنوا أن تنصروا الله ینصرکم ویثبت أقدامکم﴾ئەی ئەوکەسانەی بڕواتان بەتاك و تەنهایی خودا هێناوە، دڵنیان لەوەی موحەممەدﷺ ڕەوانە کراوی خودایەو قورئانی بەسروش بۆ هاتووە، ئەگەر ئێوە یارمەتی ئایینی خودا بدەن، هەوڵ و تەقەڵلای خۆتان بخەنە کار بۆ بڵاو بونەوەو گەیاندنی ئایینی خودا بە ئادەمیزادانی تر، ئەوە دڵنیابن خودا یارمەتیتان دەداو بەسەر دوژمنانتان دا زاڵتان دەکاو لەبەرامبەر دوژمنان دا دڵ دامەزراوو قاچ چەسپاوتان دەکا، ورەو هێزو توانا دەخاتە دڵتانەوەو ترس و لەرز لەدڵی دوژمنانتان دا دەخولقێنێ و سەرەنجام سەرکەوتوتان دەکا .

﴿والذین کفروا فتعساً لهم وأضل أعمالهم﴾ئەوانەی کافرو بێ بڕوان بەپەیامی ئیسلام، ڕیسوایی بۆیان و بەدبەخت و چارەڕەش خۆیان، خودا کردەوەکانیانی پوچ کردونەوە، هیچ پاداشیان بۆ نەنووسراوە، هیچ خێرو بێرێکیان بۆ پاشەکەوت نەکراوە.

﴿ذلك بأنهم کرهوا ما أنزل الله، فأحبط أعمالهم﴾ ئەو ڕیسوایی و گومڕابوون و مایە پوچییەیان بەهۆی ئەوەوەیە دژی ئەو پەیامەن خودا ناردویەتی بۆ پێغەمبەری خۆی، ئیمانیان بە قورئان نیەو ئامادەنین ئەرك و واجیباتی سەرشانیان جێ بەجێ بکەن،ئیتر خودا لەتۆڵەی ئەو هەڵوێست و ئاکارەیان دا کردەوە باشەکانیانی پوچ کردنەوە و هیچ خێرو پاداشی بۆنەنووسیون! چونکە کرداری چاك کاتێك کەڵکی هەیەو پاداشی لەسەر وەردەگیرێتەوە: کە لەبیرو باوەڕی ڕاستەقینەوە هەڵبستێ.

تێبینی:-

ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەرونی ئەوە دەگەیەنن: کەلەکاتی شەڕو بەرامبەری وتێکرژان لەگەڵ دوژمن دا، دەبێ بەوپەڕی هێزوتواناوە لەدوژمن بدرێ و دەستی لێنەپارێزرێ، چونکە ئەوە شەڕەو سروشتی شەڕ داخوازی کوشتن و برین و توندو تیژییە، بۆ ئەوەی پۆزی دوژمن بشکێ و لەپەل و پۆ بکەوێ، هەرکەسێ دژی ئیسلام بوەستێ و هەڵوێستی شەڕانی بنوێنێ دژی پەیڕەوانی ڕێبازی خودا پەرستی، ئەوە هەڵوێستی ئیسلامە بەرامبەری!!

ئەم ئایەتەی ئێرە لەگەڵ ئایەتی سورەتی (ئەنفال) کە دەفەرموێ:
﴿ماكان لنبي أن يكون له اسرى حتى يثخن في الأرض﴾ الأنفال/٦٧ .
هیچ دژایەتێکیان لەناودا نیە وەلێ ئایەتی سورەتی ئەنفال باسی ئەوەی نەکردوە دوای تێکشکانی دوژمن چ هەڵوێستێك بەرامبەر دیلی کافرەکان دەنوێنرێ، ئایەتەکەی ئێرە سەرەنجامی دیلەکانیانی دیاری کردوە، فەرمانڕەوای موسوڵمانانی سەرپشك کردوە لەنێوان ئەوەدا بەپیاوەتی و منەتکردن بەسەریان دا مەرەخەس بکرێن، یان بەپارەیان بەگۆڕینەوەی دیل بەدیل بەرەڵڵا بکرێن .

کوشتنی دیل لەبەر زەرورەت و بەرژەوەندی شەڕەکەو لەحاڵ و وەزعی تایبەتی دا، هەروەها بەکۆیلە کردنیان لەفەرمودەی پێغەمبەردا ﷺ ئاماژەی پێ کراوە. کەواتە: بەگوێرەی قورئان و حەدیسی پێغەمبەر دوای وەستانی جەنگ فرمانڕەوای موسوڵمانان سەرپشکەلەنێوان چوار شت دا(کوشتن، بەکۆیلە کردن، منەت و پیاوەتی کردن لەگەڵیان، فیدیە لێ وەر گرتن و گۆڕینەوەی دیل بەدیل).

بوخاری لەئەبوهورەیرەوە فەرموودەیەك ڕیوایەت دەکا دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ مەفرەزەیەکی نارد بۆ لای نەجد کە گەڕانەوە پیاوێکیان

لەبەنی حەنیفە گرتبوو، پێیان دەگوت: (ثمامة بن أثال) ئیتر بەکۆڵەکەیەکی مزگەوت بەستیانەوە، پێغەمبەرﷺچوو بۆ لای و پێی فەرموو: ئەوە چیتە ئەی ثەمامە؟ وتی: خێرو خۆشیم لایە، ئەگەر بمکوژی ئەوە خاوەن خوێ دەکوژی، ئەگەر منەتم بەسەردا بکەی ڕزگارم بێ ئەو سوپاسگوزارم، ئەگەر ماڵ و سامانیشتم داوا لیّدەکەی چەند دەفەرمووی بەسەرچاو ..

بۆ ڕۆژی دوای پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی سەمامە چیەو چە دەڵێی؟ وتی: قوربان! هەر ئەوەم لایە: کە دوێنێ عەرزم کردی، پێغەمبەرﷺفەرمووی: دە(ثمامە) بەڕەڵلا بکەن .

ئەمجار سەمامە چووە پەنادار خورمایەکی نزیك مزگەوت و غوسلی لەخۆی دەرکردو هاتەوە ناو مزگەوت ووتی: (أشهد أن لا الـه الا الله و أشهد أن محمد رسول الله) سوێندم بەخودا لەسەر ڕوی زەوی کەسێکیتر نەبوو لەتۆم ناخۆشتر بوێ، ڕوخسارت لەلام ڕەزاگرانترین ڕوخسار بوو، بەڵام ئەمڕۆ تۆ خۆشەویسترین کەسی لەلام...

سوێندم بەخودا هیچ ئاینێکم بەئەندازەی ئایینی تۆ نەدەدزرا، بەڵام ئێستا خۆشەویسترین ئاین لەلام ئاینی تۆیە، بەخودا ناخۆشترین وڵات لەلام وڵاتی تۆ بوو، ئێستا لەهەموو شوێنێکم زیاتر خۆش دەوێ، من بە تەمای عومرە هاتبووم و لەڕێگا مەفرەزەیەکت یەخسیریان کردم، ئێستا تەشریفت چی دەفەرمووی و چی بکەم؟ پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێ کرد: کە بچێ عەمرەکەی تەواو بکا، کە هاتەوە مەککە یەکێك پێی گوت ئەوە چیە تێك چوی؟ وتی: نەخەیر ئیمانم بەموحەممەد هێناوە...

ئەم ڕوداوە بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە مەرەخەسکردنی دیل بەپیاوەتی دروستە..عیمرانیکوڕی حوسەین دەڵێ: هاوەڵانی پێغەمبەرﷺپیاوێکیان لەهۆزی عەقیل بەدیل گرت و دەست و قاچیان بەستن، لەهەمان کات دا

هۆزی ثەقیف دوو هاوەڵی پێغەمبەریان بەدیل گرتبو، پێغەمبەرﷺ ئاڵ وگۆڕی پێ کرد، ئەوان دوو هاوەڵە کەیان بەرەڵلا کرد، ئەمیش کابرای مەرەخەس کرد.

دەربارەی کوشتنی دیل ئەبو بەکری (الجصاص) دەڵێ: زانایانی ئیسلام کۆڕایان هەیە لەسەر ئەوە: کە دروستە دیل بکوژرێ، لەوە داکەس نیە بلێ وانیە، هەواڵی (متواتر) و صەحیح لەپێغەمبەرەوە ڕیوایەت کراون: کە پێغەمبەرﷺ لەهەندێ حاڵەتی تایبەتی دا فەرمانی کردوە بەکوشتنی دیل ئەوەتا ڕۆژی غەزای بەدر فەرمانی کرد بەکوشتنی هەردو دیل عوقبەی کوڕی ئەبو موعەیط و (النضر) ی کوڕی (الحارث) ...

ڕۆژی غەزای ئوحودیش فەرمانی دا بەکوشتنی (ئەبو عزە)ی شاعیر کە بەدیل گیرابوو، بەنوقورەیزە لەسەر بڕیاری سەعدی کوڕی مەعاز لەقەڵاو سەنگەرەکانیان هاتنە دەرەوە کە خۆیان بەدەستەوەدا سەعد بڕیاری کوشتنی دان و منداڵ و زارۆکەکانیشیان بوونە(سەبایا) لەهەموو هۆزی بەنو قورەیزە تەنها بەپیاوەتی و منەت زوبەیری کوڕی باطای لێ بەرەڵلا کردن .

قەڵای خەیبەر هەندێکی بەزۆرو هەندێکی بەصوڵح و ڕێککەوتن کەوتە دەست پێغەمبەرو هاوەڵانی، پێغەمبەرﷺ داوای لەکوڕی ئەبولحەقیق کرد: کە هیچی لێ نەشارێتەوەو هەرچی لایە بیلێ، دوایی دەرکەوت خیانەتی کردەوەو ڕاستی نەگوتووە، ئیتر فەرمانی کرد بەکوشتنی، کە فەتحی مەککەشی کرد فەرمانی دا بەکوشتنی هیلالی کوڕی خەتال و میقیەسی کوڕی صوباتە و عەبدوڵلای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبو سەرح و کۆمەڵێکی تر پێغەمبەرﷺ فەرمووی بیانکوژن! تەنانەت ئەگەر خۆیان بەپەردەی کەعبەوە هەڵبواسن، لەهەمان کات دا لەدانیشتوانی مەککە خۆش بوو، ماڵ و سامانیشی نەکردنە دەستکەوت و غەنیمەت، بەڵگەش

لەسەر ئەوە: کە دروستە دیل بکرێ بەکۆیلەو مامەڵەی هاو چەشن لەگەڵ دوژمن دابکرێ، ئەوەیە: کە پێغەمبەرﷺ دیلی هەندێ لەهۆزەکانی عەرەبی وەکوو خێڵی هەوازین و بەنولموستەلەق و هەندێ خێڵی تری عەرەبی کردنە کۆیلە، ئەبو بەکرو عومەر تیرەی بەنوناجیەی قوریشیان کردنە سەبایا، هاوەڵانی پێغەمبەریشﷺ کەفەتحی وڵاتی فارس و ڕۆمیان کرد هەندێ لە دانیشتوانی ئەو وڵاتانەیان کردنە سەبایا.

ئەوانەی ئایەتی﴿حتى اذا ثخنتموهم فشدوا الوثاق﴾ەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوە: کە دروستە ئەسیر بکوژرێ قسەکەیان وێ چوونیە، چونکە ئایەتەکە بۆ حاڵەتی پێش بەدیل گرتنەو بۆئەو کاتەیە دوژمن بەگوڕوتینەو زەبروەشێنە، بەڵام دوای تێکشکان و لەپەل و پۆخستنی دوژمن جەنگاوەرەکانیان دەبنە دیل و حوکمی ئەو کاتە جودا وازە لەحوکمی حاڵەتی پێش بەدیل گرتن.

ئیبنو عەبباس دەربارەی ئایەتی ﴿ماكان لنبي أن يكون له أسرى حتى يثخن في الارض﴾ دەفەرموێ: ئەو حوکمە بۆ ڕۆژی غەزای بەدر بوو، ئەو سەردەمە موسوڵمانان کەم و بێ هێزو توانابوون، کەپەرەیان سەندو زۆر بوون و هێزو دەسەڵاتیان پەیدا کرد پەروەردگار ئایەتی:

﴿فإما منّا بعد واما فداء﴾ ی نازڵ کرد و پێغەمبەرو موسوڵمانانی دەربارەی دیلەکان سەرپشك کرد لەوەدا کە دەتوانن بیانکوژن دەتوانن بیانکەنە کۆیلە، دەتوانن بەفیدیەو دیل گۆڕینەوە مەرەخەسیان بکەن، بەکورتی فەرمانڕەوای موسوڵمانان چی بەمەسلەحەت بزانێ ئەوە پەیڕەوی دەکا.[1]

---

(١) هەرکەسێ دەیەوێ لەم بوارەدا قوڵ بێتەوەو راڤەو بۆچوونی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەم ئایەتانە بزانێ با بگەڕێتەوە بۆ کتێبی (أحكام القرآن) للجصاص ج٣/٣٩٠-٣٩١ ، و نيل الأوطار ج٨/٢ .. و تفسير القرطبي ج١٦/٢٢٨ .

تێفکرین لە ئاسەواری گەل و نەتەوەکانی پێشوو بیرکردنەوە لەسەرەنجامی حاڵ و وەزعی خودا پەرستان و بێ بڕوایان

أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ۖ دَمَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِمْ ۖ وَلِلْكَافِرِينَ أَمْثَالُهَا ﴿١٠﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّ اللَّهَ مَوْلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَأَنَّ الْكَافِرِينَ لَا مَوْلَىٰ لَهُمْ ﴿١١﴾ إِنَّ اللَّهَ يُدْخِلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۖ وَالَّذِينَ كَفَرُوا يَتَمَتَّعُونَ وَيَأْكُلُونَ كَمَا تَأْكُلُ الْأَنْعَامُ وَالنَّارُ مَثْوًى لَّهُمْ ﴿١٢﴾ وَكَأَيِّن مِّن قَرْيَةٍ هِيَ أَشَدُّ قُوَّةً مِّن قَرْيَتِكَ الَّتِي أَخْرَجَتْكَ أَهْلَكْنَاهُمْ فَلَا نَاصِرَ لَهُمْ ﴿١٣﴾ أَفَمَن كَانَ عَلَىٰ بَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّهِ كَمَن زُيِّنَ لَهُ سُوءُ عَمَلِهِ وَاتَّبَعُوا أَهْوَاءَهُم ﴿١٤﴾

لەوە پێش سەرەنجامی بێ بڕوایان و خوداپەرستانی ڕون کردەوە، ناڕەزامەندی خۆی لەکافرەکان و ڕەزامەندی لەهەڵوێست و ئاکاری موسوڵمانان ڕاگەیاند، ئەمجار ئادەمیزادانی هەڵنان بۆ ئەوەی لەپاشماوەو ئاسەواری گەل و نەتەوەکانی پێشوو ورد ببنەوە، بیر لەحاڵ و وەزعی موسوڵمانان و کافران بکەنەوە، بۆ ئەوەی پەندو عیبرەتی لێ وەر بگرن، هەست بەوە بکەن: کەخودا یارمەتی موسوڵمانان دەداو کافرەکان ڕیسوا دەکا، نازو نیعمەتی نەبڕاوەی بەهەشت دەدابەخاوەن باوەڕان و سەرفرازیان

دەکا، چونکە شوێن ڕێبازی حەق کەوتون و حەقیان بڵاوکردۆتەوە، کافرەکان سزادەدا و بەئاگر دەیانسوتێنێ چونکە شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەوتون و بتپەرستییان کردوە..

دەفەرموێ: ﴿أفلم يسيروا في الأرض فينظروا كيف كان عاقبة الذين من قبلهم دمر الله عليهم وللكافرين أمثالها؟﴾ ئایا ئەو موشریکانە، ئەوانەی هاوەڵ بۆ خودا دادەنێن و پێغەمبەر بەدرۆ دەخەنەوە، بەسەر زەوی دا هاتوو چۆیان نەکردوە؟ بەسەر شوێن و شوێنەواری گەلی عادو سەمود و قەومی لوت و هی تریش دا گەشت و گوزاریان نەکردوە؟ بۆ ئەوەی پەندو عیبرەت لەسەرەنجامی ئەو سەرپێچیکارانە وەربگرن، خۆتا ئێستاش شوێنەواری عەزابی قەڵاچۆکردن و لەناو بردنیان ئاشکرایەو بەچاو دەبیندرێ.

بێگومان خودا خانووبەرەو گردو گێوەکانیانی بەسەردا ڕوخاندن، بەماڵ و منداڵ و کەس و کاریانەوە فەوتاندنی و خوداپەرستانی ڕزگار کردن و ئەو عەزاب و قەڵا چۆکردنە نەیگرتنەوە، بۆ هەموو ئەو کافرانەو کافرەکانی تریش نموونەو وێنەی پێش خۆیان هەیە، هەرکەسێ کافرو بێ بڕوا و سەر ڕەق بێ بابزانێ خودا ڕۆژێك لەڕۆژان توشی عەزابی سەختی خۆی دەکا، ئەوەتا کافرەکانی قورەیش بەکوشتن و بەدیل گرتن لەغەزای بەدر دا عیقابی سەختیان خوارد و لەڕۆژی ڕزگار کردنی مەککە دا شکستی و سەر شۆڕییان بەسەر هات، سزای سەخت و دژواری دۆزەخیشیان سەربار بۆ هەتا هەتای تێیدا دەمێننەوە.

﴿ذلك بأن الله مولى الذين آمنوا وان الكافرين لا مولى لهم﴾ ئەو لەناوبردن و وێرانکارییە توشی کافرەکان و وڵاتیان هات لەکۆن و نوێ دا هەروا ڕزگار بوونی خودا پەرستان لەو عەزابەکۆکوژییە، بەهۆی ئەوەوەیە:

کە خودا یارمەتی موسوڵمانان دەدا، لەناخۆشیو مەینەتیدا فریایان دەکەوێ و هەمیشە چاودێرو سەرپەشتیکاریانە، کافرو بێبڕوایان بێ پشت و پەنان و کەس نیە عەزابیان لێ وەگێرێ، بۆیە عەزابی سەخت توشیان هات و لێی قوتار نەبوون!

ئەمجار دوابەدوای ڕونکردنەوەی حاڵ و وەزعی موسوڵمان و کافر لەدونیادا دێتە سەر باسی حاڵێ موسوڵمانان لەقیامەت داو دەفەرموێ: ﴿ان الله یدخل الذین آمنوا وعملوا الصالحات جنات تجري تحتها الأنهار﴾ بێگومان پەروەردگار لەڕۆژی قیامەت دا فەزل و بەخششی خۆی بەسەر خوداپەرستان دا دەڕێژێ و دەیانخاتە ناو ڕەحمەت و نیعمەتی خۆیەوە، ئیماندارانی کردار چاك دەخاتە ناو باخ و باخاتی بەهەشتی بەرینەوە: کە بەژێر دارو درەختەکانیان دا جۆگاو جۆباری ئاو دەکشێن و ئەوەندەیتر دیمەنی باخەکان دەڕازێننەوە..!

ئیمامی ڕازی دەفەرموێ: زۆر جار کە وەصفی بەهەشت دەکا، هەر باسی جۆگاوو ئاوی دەکا: چونکە ئاو هۆی ڕسکان و هەبوونی دارو درەختە، دارو درەختیش هۆی میوەهات و بەرو بومن، ئاویش خۆی هۆی ژیانەو هەموو شتێك لەئاو پەیدا بوە!! [1].

﴿والذین کفروا یتمتعون ویأکلون کما تأکل الأنعام والنار مثوی لهم﴾ ئەوانەی کافرو بێ بڕوان و ئینکاری هەبوونی خوداو تاك و تەنهایی زاتی پاکی دەکەن و پێغەمبەرەکەی بەدرۆ دەخەنەوە، ئاژەڵ ئاسادە لەوەڕێن و هیچ غەم و هیوایەتێکیان نیە جگە لەپڕکردنی گەدەیان و دابین کردنی هەوەس و ئارەزو ئاژەڵیەکانیان، بیر لەقیامەت ناکەنەوەو بێئاگان لەسەرەنجامی ژیانیان، هەمیشە هەڵپەیانە بۆ ورگیان و

(١) تفسیری رازی ج٢٦/٥١

کۆکردنـەوەی مـاڵ و سـامان لەرێگـەی نـاڕەواوە، هـەر لەمـەعنای ئـەم ئایەتـەدا فـەرمووده یـەکی صـەحیح و چەسـپاو لای ئیمـام ئەحمـەد و هەردوپیری فەرمودە: (موسلیم و بوخاری) و تیرمیزی و ئیبنوماجه هەیـه لە ئیبنوعومەرەوە ڕیوایەتیان کـردوە، دەفـەرموێ: (المؤمن يأكل في معى واحد والكافر يأكل في سبعة أمعاء) موسوڵمان بەقنیاتەو بەکـەمێ خواردن دادەکەوێ کافر قەناعـەتی نیـه و هەمیشـه هەڵپەیـەتی و بـەهیچ شـتێك قەناعـەت ناکا، ئەوانە: کە ئەوە ڕەوشت و ئاکاریانە، بیرو باوەڕیان کوفـرو ئیلحادە ئاگری دۆزەخ خانوی هەتا هەتاییانەو تیایدا جێگیر دەبن: (خـودا بەرەحمەتی خۆی لەو ئاگرە بمانپارێزێ) .

ئـەمجار پـەروەردگار هەڕەشـەی توند لـەکافرەکانی مەککـه دەکـاو دەفەرموێ: ﴿وكأين من قرية هي أشد قوة من قريتك ألتي أخرجتك، أهلكنا هم فلا ناصر لهم﴾ زۆر لەدانیشـتوانی شـارو شارۆچکەو گونـدی گەل و نەتەوەکانی پێشومان لەناو بردون: کەزۆر لەو مەککەییانە بـەهێزو تواناتر بوون کە تۆیان لەشاری مەککەو نیشتمانی خۆت دەر کردوە، قـەڵاچۆمان کردن و کەس نەبوو داکۆکییان لێ بکا، کەس نـەیتوانی عـەزاب و سزای خودایان لێ بگێڕێتەوە..

دەبوایـە ئـەو قوڕەیشـیانە کـە زۆر بـێ دەسـەڵاتترن لـەو گەلانـەی لەناومان بردون بیریان لەسەرەنجامی خۆیان بکردایەتەوە، پەندو عیبرەتیان لەو گەل و نەتەوە پێشینانە وەربگرتایە!

چونکە لەکاتێکدا خـودا ئـەو هـەموو گـەل و نەتـەوە خـاوەن دەسـت و بازوانە بـەهیلاك بـەرێ لەسـەر سـەرپێچی و سـتەمکاری، ئـەوە دوورنیـه هەمان داب و نـەریتی خـۆی لەگـەڵ کافرەکـانی قورەیش دا ئـەنجام بـدا، خۆ ئەگەر خودا عـەزابی کۆکوژی لەبەرخاتری پێغەمبەر بۆ بڕیار نەداون و لەسـایەی پێغەمبـەرەوە بەسـزای کۆکـوژ لـەناویان نابـا، باچـاك بزانـن:

کە عەزابی سەختی دۆزەخ لەقیامەت دا یەخەیان دەگرێ و بەهیچ کلۆجێ، لیێ قوتار نابن!

ئەنجار پەروەردگار هۆی جوداوازی سزاو پاداشتی هەر دوتاقم (موسوڵمانان و کافر) ڕون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿أفمن كان على بينة من ربه كمن زين له سوء عمله واتبعوا اهواءهم﴾ئایا کەسێك لەسەر ئاین و ڕێبازی ڕاست و دروست بێ، بەگوێرەی سروشت و فیترەتی لەسەر خۆڵکاوی خۆی یەکتا پەرست و دیندار بێ، وەکوو کەسێ: وایە شوێن هەواو ئارەزوکەوتبێ و ڕێبازی شەیتان پەسەندی پەیڕەو کردبێ و کردەوەی خراپی خۆی لاپەسند بێ؟!!

هەڵبەتە ئەو دوو تاقمە چۆن یەك نین، یەکتاپەرست و خوداناس ناکرێنە تای تەرازوی بتپەرست و گومڕاو تاوانباران، چۆن کەسێك بەدڵنیای و بەڵگەو دەلیلەوە ئیمانی بەتاك و تەنهایی خودا هەبێ، کردارو ئاکاری چاك و پەسند بێ وەکوو کەسێ وایە هاوەڵ بۆ خودا دابنێ و شوێن ڕێبازی شەیتان کەوتبێ و غەرقی زلکاوی گومڕای بووبێ؟! واتە ئەو دووتاقمە وەکوو یەك نین.

وەکوو لەئایەتێکیتردا ئاماژە بەم مانایە دەکاو دەفەرموێ: ﴿افمن يعلم أن ما انزل اليك من ربك الحق كمن هو اعمى﴾ الرعد/ ١٩ . یان دەفەرموێ: ﴿لايستوى اصحاب النار واصحاب الجنة، أصحاب الجنة هم الفائزون﴾ الحشر/٢٠ .

بەکورتی بەگویرەی عەقڵ و واقیع لەدونیاداو بەپێی عەدالەتکاری موتلەقی خودا لەڕۆژی قیامەت دا کۆمەڵی موسوڵمان و خودا پەرست وەکوو کۆمەڵی کافرو بتپەرستەکان نین و بەیەك چاو سەیر یان ناکرێ.

وەصفی بەهەشت و باسی دۆزەخ

مَّثَلُ ٱلْجَنَّةِ ٱلَّتِى وُعِدَ ٱلْمُتَّقُونَ فِيهَآ أَنْهَٰرٌ مِّن مَّآءٍ غَيْرِ ءَاسِنٍ وَأَنْهَٰرٌ مِّن لَّبَنٍ لَّمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُۥ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ خَمْرٍ لَّذَّةٍ لِّلشَّٰرِبِينَ وَأَنْهَٰرٌ مِّنْ عَسَلٍ مُّصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِ وَمَغْفِرَةٌ مِّن رَّبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ خَٰلِدٌ فِى ٱلنَّارِ وَسُقُوا۟ مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ ﴿١٥﴾

لەوە پێش جوداوازی نێوان خودا پەرستان و کافرەکانی کرد، جوداوازی نێوانیانی ڕون کردەوە، ئەمجار گونجاو بوو: کەباسی پاداشی موسوڵمانان بکا: کەبەهەشتی ڕازاوەو پان و بەرینە، سزای کافرو بتپەرستانیش ڕون بکاتەوە کە عەزابی دۆزەخ و نارەزامەندی خودایە لێیان.

دەفەرموێ: ﴿مثل الجنة التي و عد المتقون فيها انهار من ماء غير آسن و انهار من لبن لم يتغير طعمه لـذة للشاربين، وأنهار من عسل مصفى﴾ وەصف و پەسنی ئەو بەهەشتەی خودا وادەی وا داوە بیکاتە خەڵاتی خودا پەرستان، ئەوەیە بۆ تان باس دەکەین، ئەو بەهەشتە چەندە جۆگاو جۆباری ئاوی صاف و ڕون ڕەوان و نەگۆڕاوی تێدایە، ئاوی شیرین و گواراو فوارە بەستو بەژێر درەختەکانی دا ڕەوان دەبێ، تابلێی پاك و جوان و ڕون و ڕەوانە، بەلَخ و خەوش و خلَتەو بۆگەنی نیە کەسێك جارێك لیێ بخواتەوە هەرگیز تینوی نابێ، لەوە دوا چیئاو بخواتەوە بۆ زێدە لەززەت و خۆشی‌یە، نەك بۆ لابردنی تینوایەتییە .

لەناو نیعمەتەکانی بەهەشت دا یەکەمجار باسی ئاوی کرد، چونکە ئاو لەهەموو شلەمەنییەکانی تر بەسوود ترە بۆ ئادەمیزاد.

ئیبنو ئەبی‌حاتەم لەئیبنو مەسعودەوە ڕیوایەت دەکا دەفەرموێ: (جۆگاکانی بەهەشت لەکێوی میسك هەڵدەقوڵێن) هەروەها لەبەهەشت دا جۆگای شیر هەیە، شیری صاف و بەتام، نەبزڕکاوو نەگۆڕاو، تابڵێ سپی و شیرین و چەورە، بۆیەش دووە مجار باسی شیری کرد، چونکە بۆ هەموو کەس بەسودە بژێوێکی تام خۆشی و حەزلێکراوە، هەروەها چەند جۆگەو جۆباری تێدایە لەمەی تام خۆش و گوارا و بۆنخۆش و ڕەنگ ئاڵ و واڵا، وەکوو شەرابی دونیا تاڵ و بۆن ناخۆش نیە، خەڵکی مەست و کەلەلا ناکا، سەر ئێشە و ڕشانەوەی لێ پەیدا نابێ.

وەکو لەئایەتێکی تردا لەم بارەوە دەفەرموێ: ﴿**لا فيها غول ولا هم عنها ينزفون**﴾ **الصافات/٤٧** هەروەها دەفەرموێ: ﴿**بيضاء لذة للشاربين**﴾ **الصافات/٤٦** یان دەفەرموێ ﴿**لا يصدعون عنها ولا ينزفون**﴾ **الواقعة/١٩** .

لەپلەی سێیەم دا باسی شەرابی هێنا چونکە وەکوو ئاوو خواردن پێویستی سەرەکی نیە بۆ ژیان، بەڵکوو بۆ زێدە لەززەت و ڕابواردن دەیخۆنەوە،!! هەروەها لە بەهەشت دا جۆگای هەنگوینی صاف و بێ غەل و غەش هەن، کەرەشان و مێوو خڵتەو پلتەی تێکەڵ نەبوە، ڕەنگی جوان و تام وبۆنی تابڵێ ی خۆشە، بەهەشتی یەکان بەحەزو ئارەزۆوە لی‌ێ دەخۆنەوە، فەرەحبەخش و خێر ئاوەرە، ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: مانای ﴿من عسل مصفى﴾ واتە: لەسکی مێشە هەنگ نەهاتۆتە دەرەوە.

بێگومان خواردەمەنی شیرین خۆراکێکی بەتام و لەززەتە لەناو شیرنیش دا هەنگوین لەهەموویان بە لەززەت ترە، لەژیانی دونیاش دا

هەنگوین سوودو قازانجی زۆری هەیە بۆجەستەو شیفای دەردانە وەکوو لەئایەتێکی‌تردا دەفەرموێ: ﴿فيه شفاء للناس﴾ النحل/٦٩ .

ئێستاش لە دروستکردنی زۆر لەدەرمانەکان دا ماددەی هەنگوین بەکار دێنن، کەم دەرمان هەیە لەپێکهاتەکانی دا ماددەی هەنگوینی تێدا نەبێ.

پەروەردگار لەم ئایەتەدا چوار شتی سەرەکی باس کردن:

١- ئاو، چونکە بێ ئاو ژیان نابێ .

٢- شیر چونکە پێویستی جەستەیە.

٣- مەی چونکە زەوق و خۆشی دەخاتە جەستەوە.

٤- هەنگوین چونکە دەرمانی دەردانە .

تیرمیزی لە باوکیەوە لە پێغەمبەرەوە ڕیوایەت دەکا دەفەرموێ: **(إن في الجنة بحر الماء و بحر العسل وبحر اللبن وبحر الخمر ثم تشقق الأنهار بعده)**[1] . واتە: لەبەهەشت دا دەریای ئاوو دەریای هەنگوین و دەریای شیرو دەریای مەی هەیە ئەمجار لەمانەوە جۆگا هەڵبەستراون .

﴿ولهم فيها من كل الثمرات﴾ هەموو جۆرە میوەو بەروبومێك بەرەنگی جوان وتامی بەلەززەت و بۆنی خۆشەوە لەبەهەشت دا بۆ ئەوان دەستەبەر کراوە، هەرچی بیانەوێ و حەزیان لێ بێ ئامادەیەو بێ ماندبوون لەبەردەستیانە وەکوو لەئایەتێکی تردا لەم بارەوە دەفەرموێ: ﴿يدعون فيها بكل فاكهة آمنين﴾الدخان/٥٥، یان دەفەرموێ: ﴿فيهما من كل فاكهه زوجاذ﴾ الرحمن/٥٢.

(١) تیرمزی لەباسی بەهەشت دا (٢٥٧١)بابی (٣٧) لەژێر عینوانی (باب ماجاء في صفة أنهار الجنة) دا ڕیوایەتی کردووە.

ئەمجار دوای باسکردنی نازو نیعمەتی مادی، باسی نیعمەتی مەعنەوی دەکـا دەفـەرمووی: ﴿ومغفــرة مــن ربــهم﴾ هــەروەها لێخۆشــبوون و ڕەزامـەندی خودایان بۆ دەســتەبەر بـووە، خـودا لـەتاوانیان خـۆش بـووە و ڕەزامـەندی خۆی لێیان پێڕاگەیاندوون، ئەمەش لەهەموو نــازو نیعمـەتێك خۆشترو بەهرە ئاوەرترە، فەوزی عەزیمەو ترۆپکی خۆشی‌یە.

ئەمجار بەراوردییەك لەنێوان ئــەو وادانـەی بەخوداپەرستانی داوەو ئـەو هەڕەشانەی لەکافرەکانی کردووە ئــەنجام دەداو دەفـەرموێ: ئایـا ئەوانـەی ئـەوە سـەرەنجام و جێگـاو شـوێنیانە لەبەهەشـتداو ئـەوە نـازو نیعمەتیانــە بەبـەردەوامی، ﴿کمــن هــو خــالد في النــار وســقوا مــاء حميمــاً فقطــع أمعاءهم﴾ وەکـو کەسێك وەهایـە لـەدۆزەخدا بـۆ هـەتا هەتایـە لـەئاگردا دەمێنێتــــەوەو ئــــاوی کوڵاتــــوی دەرخـــوارد دەدرێ و بەخواردنـــــەوەی ڕیخۆڵەکانی دەبڕدرێن؟؟

بێگومـان چون یەك نین، ئاشکرایە کەسێك لەبەرزترین کۆشك و تەلاری بەهەشتدابێ وەکوو کەسێك نیە لەقوڵترین چاڵی دۆزەخدابێ! کەسێك لەناو نازو نیعمەتی بەهەشتدابێ، لـەناو دارو درەخـت و میوەجـاتدابێ، لەسـەر جۆگاو جۆبارەکانی بەهەشتدا ڕابوێرێ، وەکوو کەسێك نیە لــەناو عــەزابی دۆزەخدا بتلێتەوەو ئاوی کوڵاتووی دەرخوارد بدرێ!!

ڕەوشت و ئاکاری دوڕووەکان و موسوڵمانان

وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ حَتَّىٰٓ إِذَا خَرَجُوا۟ مِنْ عِندِكَ قَالُوا۟ لِلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ مَاذَا قَالَ ءَانِفًا ۚ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ طَبَعَ ٱللَّهُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ وَٱتَّبَعُوٓا۟ أَهْوَآءَهُمْ ﴿١٦﴾ وَٱلَّذِينَ

ٱهْتَدَوْا۟ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ﴿١٧﴾ فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً ۖ فَقَدْ جَآءَ أَشْرَاطُهَا ۚ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَآءَتْهُمْ ذِكْرَىٰهُمْ ﴿١٨﴾ فَٱعْلَمْ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا ٱللَّهُ وَٱسْتَغْفِرْ لِذَنۢبِكَ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ مُتَقَلَّبَكُمْ وَمَثْوَىٰكُمْ ﴿١٩﴾

دەربارەی هۆی نازڵبوونی ئایەتی ﴿ومنهم من يستمع...﴾ دوو ڕوایەت هەن:

١- ئیبنولمونزیر لەئیبنو جورەیجەوە ڕیوایەت دەکا دەڵێ: موسوڵمانەکان و دوو ڕووەکان لای پێغەمبەر کۆ دەبوونەوەو پێغەمبەر ﷺ فەرمایشتی دەفەرموون، موسوڵمانەکان گوێیان لێ دەبوو لێی حاڵی دەبوون، دوو ڕووەکان گوێیان لێ دەبوو لێی حاڵی نەدەبوون جا کەدەهاتنە دەرەوە لەموسوڵمانەکانیان دەپرسی ئەرێ ئەوە موحەممەد گوتی چی؟! ئیتر ئایەتی: ﴿ومنهم من يستمع اليك﴾ نازڵ بوو.

٢- موتاتیل ڕیوایەتی کردووە و دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ وتاری دەدا، ڕەخنەی لەکافرەکان دەگرت، جا دوڕووەکان کە لەمزگەوت دەهاتنە دەر بەگاڵتەو قەشمەرییەوە لەعەبدوڵڵای کوڕی مەسعودیان دەپرسی: ئەوە موحەممەد چی گوت؟! ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: منیش ئەو پرسیارەم ئاڕاستە کراوە..

پەیوەندیی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم ڕووەوەیە:

لەوەو پێش حاڵ و وەزع و سەرەنجامی موسوڵمانان و کافری لەدونیاو قیامەتدا ڕوون کردەوە، ئەمجار دێتە سەر بەیانکردنی وەزع و حاڵی

دووڕووەکان و بەکافریان لەقەڵەم دەدا، ئەوە ڕادەگەیەنێ، کە ئەوانە نەفامن و لەقسەی پێغەمبەر حاڵی نابن، ئەوان گوێ ناگرن بۆ تێگەیشتن، بەڵکوو گوێ دەگرن بۆ گاڵتە پێکردن و سوکایەتی پێکردن، بەپێچەوانەی خوداپەرستانەوە: کە گوێچکەی خۆیان بۆ وتەکانی پێغەمبەر کلۆر دەکەن و لیێ حاڵی دەبن و پەیڕەوی فەرمان و جڵەوگیرییەکانی دەکەن.

ئەمجار هەڕەشە لەدووڕووەکان دەکاو فەرمانیان پێ دەکا: کە بەخۆیاندا بچنەوەو پەندو عیبرەت وەربگرن پێش ئەوەی لەناکاو قیامەت ڕاببێ و پەشیمان بوونەوە بێ سودبێ، پاشان فەرمان بەپێغەمبەر ﷺدەکا کە بەردەوام بێ لەسەر بیرو باوەڕو گەیاندنی پەیامی خۆی و داوای لێخۆشبوون و بۆ خۆی موسوڵمانان بکا.

دەفەرمووی: ﴿ومنهم من يستمع اليك، حتى إذا خرجوا من عندك قالوا للذين أوتوا العلم ماذا قال آنفا﴾ هەندێك لەو کافرانەی بڕیارمانداوە بۆ هەتایە لەدۆزەخدا بمێننەوە: کە دووڕووەکانن، گوێ لەقسەو ئامۆژگاری تۆ ڕادەگرن ئەی پێغەمبەر؛ بەڵام هیچی لیّ تیّناگەن، چونکە دڵی نادەنێ، ئیمانیان بەقسەکانی تۆ نیە، بۆ گاڵتە پێکردن و سوکایەتی پێکردن گوێی لیّ ڕادەگرن، جا کە لەلای تۆ دەڕۆنە دەرەوە بەهاوەڵانی زاناو تێگەیشتوو دەبێژن و بەگاڵتەپێکردنەوە پێیان دەڵێن: ئەوە لەوەو پێش موحەممەد چی گوت؟ ئێمە تێی نەگەیشتین و هیچ گرنگیمان بەقسەکانی نەدا، چمان لیّ حاڵی نەبوو.

﴿أولئك الذين طبع الله على قلوبهم، واتبعوا أهواءهم﴾ ئەو دوو ڕووانە ئەوانەن خودا دڵی مۆر کردوون، شتی بەسوود وەرناگرن، ئیمانیان نەهێناوەو نوری ئیسلام دڵی ڕەوشەن نەکردوونەوە، ڕویان لەخێر نەکردوەو

شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەوتوون، بەکورتی ئەوان پشتیان لەحەق کردووەو شوێنی نەکەوتوون، جا یان لەبەر تێنەگەیشتوویی، یان لەبەر گوێ ڕانەگرتن و هەوڵ نەدان بۆ حاڵی بوون، شوێن بەتاڵ کەوتوون و باوەشیان پێدا کردووە.

نە لەحەق حاڵی دەبن و نە هەوڵ دەدەن لیێ حاڵی ببن، بێگومان دیاردەی دوو ڕوویی لەکۆمەڵگای مەدینەدا سەری هەڵدا، لەسەردەمی مانەوەی پێغەمبەر ﷺ لەمەککەدا ئەو دیاردە سەری هەڵ نەداوە، چونکە لەو سەردەمەدا شتێك نەبووە داخوازی دوو ڕوویی بێ.

موسوڵمانەکان کەم و بێ هێز بوون و دەچەوسێندرانەوە، کەسێکیش ئەوە حاڵی بێ پێویست ناکا کەس دوو ڕوویی لەگەڵ بکا، بەڵام کە پێغەمبەر ﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە، بەهۆی موسوڵمان بوونی خێڵی ئەوس و هۆزی خەزرەج موسوڵمانان بەهێز بوون و پێغەمبەر ﷺ بناغەی دەوڵەتی ئیسلامی داناو وردە وردە ئیسلام بڵاوبووەوەو گەشەی کرد، زۆربەی زۆری عەشائیرو بنەماڵەکان ئیمانیان هێنا، ئەوانەی ڕقیان لەپێغەمبەر بوو نەیان توانی بەرامبەری بووەستن، ناچار بوون چەکی دوو ڕوویی بخەنە کار، بەڕواڵەت خۆیان بەبڕوادار دەخستە ڕوو، لەواقیعیش دا کافر بوون، هەردەم چاوەڕوانی ئەوە بوون پێغەمبەرو هاوەڵانی توشی بەڵاو کارەساتێك ببن و ڕزگاریان بێ.

هەبوونی جولەکە لەناو شاری مەدینەداو دەستەبەربوونی هێزی عەسکەری و ئابووری بۆیان هۆکارێکی هاندەر بوو بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی دوو ڕوویی و بەرپاکردنی پیلان و دژایەتیکردنی پێغەمبەرو هاوەڵانی و نانەوەی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ئاییندا.

بەڵێ هەبوونی جولەکە لەمەدینەدا بەو دارایی و دەسەڵاتەوە، کارامایی و شارەزاییان لەبەرپاکردنی کێشەو پیلان بۆ پێغەمبەرو هاوەڵانی، هاندەر بوو بۆ گەشەکردنی دیاردەی دوو ڕوویی، خاڵی هاوبەشیان دژایەتیکردنی ئایینی حەق بوو، هەردوولایان حیقدو کینەیان لەپێغەمبەرو هاوەڵانی هەبوو..

هەرکاتێ موسوڵمانان دەکەوتنە تەنگانەو ناخۆشییەوە سەری دوژمنکارییان بەرز دەکردەوە، بوغزو کینەکاری خۆیان دەر دەخست، کاتێکیش موسوڵمانان سەرکەوتنیان بەدەست دێناو دەکەوتنە خۆشییەوە، ئەوان بەنهێنی کۆسپ و لەمپەڕیان دروست دەکردن و کێشەو نیزاعیان دەخستە نێو کۆمەڵگای ئیسلامییەوە..

تەنانەت تا ناوەڕاستی ئەو ماوەی پێغەمبەرﷺ لەمەدینە لەژیاندا بوو دوو ڕووەکان خەتەرێکی گەورە بوون بۆ دەوڵەتی تازە ڕسکاوی ئیسلام لەسەر دەستی پێغەمبەرﷺ بەڵکو لەوە دواو هەموو کاتێك دوو ڕووەکان ڕۆڵی خیانەتکارانەی خۆیان گێڕاوەو هەمیشە لەپشتەوە خەنجەری ژەهراوی خۆیان لەجەستەی کۆمەڵی موسوڵمانان وەشاندووەو تا بۆیان کراوە هەمیشە لەکەلێندابوون و تا بۆشیان بکرێ دەست ناپارێزن.

ئەمجار لەبەرامبەر ئەو ناپاکانەدا باسی دەستەی خوداپەرستان دەکاو دەفەرمووی: ﴿والذين اهتدوا زادهم هدى وآتاهم تقواهم﴾ ئەوانەی ڕێبازی هیدایەتیان گرتووە و خودا تۆفیقی داون و دڵی نوورانی کردوون، ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن و خودا لەسەر هیدایەت ڕاگیری کردون و هیدایەتی بۆ زیاد کردون و پتر لەسەر حەق چەسپاندونی و خودا لێیان ڕازییە، ئەوەش ئەو پەڕی بەختەوەری و بەمراز گەیشتنە.

ئەمجار پەروەردگار هەڕەشەی هـاتنی قیامـەت لـەدووڕوو بـیٚ بڕوایـان دەکاو دەفەرمویٚ: ﴿فهل ینظرون الا الساعة أن تأتیـهم بغتـة فقـد جـاء أشراطها فأني لهم اذا جاءتـهم ذكراهـم﴾ ئایـا ئـەو دو دووڕوو کافرانـە جگە لەڕابوونی قیامەت بەناگەهان چاوەڕوانی چـی تـر دەکـەن؟ قیامـەت رادەبیٚ و ئەوان لیٚی بـیٚ ئاگـان و خۆیـانی بـۆ ئامـادە ناکـەن، بێگومـان نیشانەکانی دەرکەوتوون، یەکێك لەو نیشـانانە ڕەوانـەکردنی پێغەمبـەری ئیسلامە، لەصەحیحی بوخاری و موسلیم دا فەرمودەیەك هاتووە، ئەنەس ڕیوایەتی کـردوە دەڵـیٚ: پێغەمبـەرﷺ فەرموویـەتی: (بعثت أنـا والساعة کهاتین، وأشار الی الوسطی والسبابة) .

جا کوا ئەوان کەقیامەت ڕابوو یادکردنەوە و پەشـیمان بوونـەوەسـودی هەیەبۆ ئەوان؟ کەی ئەو کاتە قیامەت بیرکەوتنەوە کەڵکی دەبیٚ.؟ وەکوو لەئایەتێکی تردا دەفەرمویٚ، ﴿یومئذ یتذکر الأنسان وأني لـه الذکری﴾ الفجر/٢٣ .

بـەکورتی بەڵگـە بـۆ ئیمانـهێنان بـەخوداو بەپـەیامی ئیسـلام زۆرو ئاشـکران، ئایـەتی قورئـان و فیـترەت و عـەقڵ و بوونـەوەر هـەموویان گەواهی هەبوونی خودایەکی تاك و تەنها و بـیٚ شـەریك دەدەن، جـا: کـە ئەوان خێرا پەلە نەکەن بۆ ئیمانـهێنان، پێـش مـردن و ڕابوونـی قیامـەت ئیمان نـەهێنن، ئیـتر لـەوە دوا ئیمانـهێنانیان بـیٚ سـودە، چونکـە دونیـا (دار العمـل) و (دار التکلیـف)ە قیامـەت جێگـای پـاداش وەرگرتنەوەیـە چاکە بەچاکە و خراپە بەخراپە...

ئەمجار فەرمان بە پێغەمبەر ﷺدەکا: کە بەردەوام بیٚ لەسـەر پـەیامی خـۆی و داوای لێخۆشـبون بـۆ خۆیـو بـۆ موسـوڵمانان بکـا، دەفـەرمویٚ: ﴿فـاعلم أنـه لا الـه الا الله﴾ ئـەی پێغەمبـەر! کـە تـۆ حـاڵ و وەزعـی موسوڵمان و کافرت بـۆ ڕون بـووەوە، زانیـت کـیٚ بەختـەوەرو سـەرفرازەو

کێبەدبەخت و چارەڕەشە، نیشانەکانی ڕابوونی قیامەتت بۆ ڕون بووتەوە، ئیتر بەردەوام بە لەسەر ڕاگەیاندنی پەیامی خۆت، سوربەلەسەر یەکتاپەرستی و بزانە جگە لەخودا هیچ خودای تر نین، قیامەت حەقە و هەر ڕادە بێ و شك و گومانی تێدا نیە.

﴿واستغفر لذنبك وللمؤمنين والمؤمنات﴾ داوای لێخۆشبون لەتاوانەکانت بکە ئەگەر هەتبن، یان مەبەست بەتاوانی پێغەمبەرﷺ کردنی ئەو کارانەن کە (خلاف الأولى) یان پێ دەگوترێ، هەروەها داوای لێخۆشبون بۆ پیاوانی موسوڵمان و ئافرەتانی موسوڵمان بکە، لە خودا بپاڕێرەوە خودا لەتاوانەکانیان خۆش ببێ.

﴿والله يعلم متقلبكم ومثواكم﴾ خودا ئاگا دارە بە هەوڵدان و هەڵسوڕان و هەڵس و کەوت ئاکارو ڕەفتارتان لە ڕۆژدا و دەزانێ شەو چۆن و لەکوێ پەنادەگرن و پشوو دەدەن، ئاگاداری نهێنی و ئاشکراتانە، هیچی لێ گوم نابێ، هەموو کارو کردەوەیەکتان لەسەر تۆمار دەکاو ڕۆژی قیامەت سزاو پاداشی عادڵانەتان دەداتەوە.

وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەو مانایە دەکاو دەفەرموێ: ﴿وهو الذي يتوفاكم بالليل ويعلم ماجرحتم بالنهار﴾ الأنعام/٦٠، یان دەفەرموێ: ﴿وما من دابة في الأرض الا على الله رزقها ويعلم مستقرها ومستودعها كل في كتاب مبين﴾ هود/٦ .

بۆ ئەنجامدانی ئەم فەرمانە ئیلاهی یە بەشێ: لە دوعاو پاڕانەوەی پێغەمبەرﷺ وەکوو لەصەحیحی بوخاری و موسلیم دا هاتووە ئەم دوعایە بووکە دەیفەرموو (اللهم اغفرلي خطيئتي و جهلي واسرافي في أمري وما أنت أعلم به مني، اللهم اغفرلي هزلي وجدي وخطئ وعمدي وكل ذلك عندي).

هەروەها لە حەدیسی صەحیح دا هاتووە: کە پێغەمبەرﷺدوای نوێژ دەیفەرموو: (أللهم اغفر لي ماقدمت وما أخرت وما اسررت وما أعلنت، وما انت أعلم به مني، أنت الهى لا اله الا أنت) هەروەها لە حەدیسی صەحیح دا هاتووە: فەرموویەتی: (یا أیها الناس توبوا لی ربکم فانی أستغفر الله و أتوب الیه فی الیوم اکثر من سبعین مرة) .

ئەبو یەعلا لە ئەبوبەکری صدیقەوە لەپێغەمبەرەوە ریوایەت دەکاو دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێ کردین فەرمووی: زۆر (لااله الا الله) بکەن و داوای لیخۆشبون بکەن، چونکە شەیتان و تویەتی: من ئادەمیزاد لە ڕێگەی تاوانەوە بە هیلاك دەبەم ئەوانیش بە (لا الە الا الله) و ئیستیغفار بەهیلاکیان بردوم، بۆیە هەمیشە هەوڵ دەدەم لە ڕێگەی هەواو هەوسەوە لەخشتەیان بەرم، فرسەتم لێ هێناون بەهیلاکم بردون بۆ خۆشیان وادەزان هیدایەتدراون.

هەروەها ریوایەت کراوە: کەئیبلیس بە خودای گوت: سوێندم بە شکۆمەندی وبەرزو پیرۆزیت هەمیشە لەهەوڵ و تەقەڵلاّدا دەبم بۆ گومڕایی کردنی ئادەمیزاد هەتا گیانیان لە جەستە دا بی کۆڵیان لێنادەم، پەروەردگار فەرمووی: سوێندم بەعیززەت و شکۆمەندی خۆم منیش هەتا ئەوان داوای لێ خۆشبون بکەن لێیان خۆش دەبم.

هەڵوێست و حاڵی دووڕووەکان و موسوڵمانەکان لە کاتی نازڵبوونی ئایاتی عەمەلی دا

وَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَوْلَا نُزِّلَتْ سُورَةٌ فَإِذَآ أُنزِلَتْ سُورَةٌ مُّحْكَمَةٌ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلْقِتَالُ رَأَيْتَ ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ

يَنظُرُونَ إِلَيْكَ نَظَرَ ٱلْمَغْشِيِّ عَلَيْهِ مِنَ ٱلْمَوْتِ فَأَوْلَىٰ لَهُمْ ﴿٢٠﴾ طَاعَةٌ وَقَوْلٌ مَّعْرُوفٌ فَإِذَا عَزَمَ ٱلْأَمْرُ فَلَوْ صَدَقُوا۟ ٱللَّهَ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ ﴿٢١﴾ فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِن تَوَلَّيْتُمْ أَن تُفْسِدُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوٓا۟ أَرْحَامَكُمْ ﴿٢٢﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ فَأَصَمَّهُمْ وَأَعْمَىٰٓ أَبْصَٰرَهُمْ ﴿٢٣﴾

لەوەپێش باسی حاڵ و وەزعی کافرو دوو ڕوو خودا پەرستانی کرد لە کاتی بیستنی ئایەتی قورئان دەربارەی بیرو باوەڕو بنەماکانی عەقیدە، ئەمجار هەڵوێست و حاڵ و وەزعی کاتی بیستنی ئایاتی عەمەلی وەکوو فەرمان بە جیهاد کردن و زەکات دان و نوێژ کردنیان رون دەکاتەوە .

دەفەرموێ: ﴿ویقول الذین آمنوا لولا نزلت سورة، فاذا أنزلت سورة محكمة و ذكر فیها القتال، رأیت الذین فی قلوبهم مرض ینظرون الیك نظر المغشی علیه من الموت فأولی لهم﴾ خودا پەرستان ئاواتە خوازی ئەوەن ڕێگە یان پێ بدرێ جیهاد بکەن و دژی کافرو بی بڕوایان بجەنگن. داوا لەخودا دەکەن و دەڵێن: ئەوە بۆچی سورەتێك نازڵ نابێ خودا تێیدا فەرمانمان پێ بکا بەجەنگان دژی کافرو بێ بڕوایان، بۆ ئەوەی پاداشی جیهادمان دەست بکەوێ، جاکە سورەتێك نازڵ دەبێ و باسی ئەوە دەکا جیهاد لە سەرموسوڵمانان پێویستە، لە خۆشیان بزەیان دێت و دڵیان خۆش دەبێ دوو ڕووەکانیش لەترسان چاویان پێ ئەبڵەق دەبێ و بەترسەوە سەیری تۆ دەکەن ئەی پێغەمبەر!

وەکوو کەسێك لەسەرە مەرگ دابێ چاو یان بەملۆق دەوەستێ و ڕەنگیان زەرد هەڵدە گەڕێ. نازانن بە چ بیانوو فێڵێك خۆیان بدزنەوە، مردن و لەناو چون بۆ ئەوانە لەو حاڵە باشترە.

ئەمەش هەڕەشەیە بەوە کە فەوتان و لەناو چونیان نزیکە. یان هەڵویستی شیاوو پەسند ئەوەیە: فەرمانبەردارو گوێ بیسی فەرمانی خودابن واز لە دووڕوویی بهێنن و مەردانە خۆیان ئامادە بکەن بۆ تەنفیزی فەرمانی پەوەردگاریان.

﴿طاعة وقول معروف﴾ فەرمانبەر داری بۆ فەرمانی خودا و قسەی چاك و خێرئاوەر زۆر باشترە لەو هەڵوێست و قسانەی ئەوان دەیاننوێنن و دەیانکەن.

جا ﴿فاذا عزم الامر فلو صدقوا الله لكان خيراً لهم﴾ کە کارگەییشتە جدییەت و جیهاد پێویست بوون وەختێ ئەوە هات بە عەمەلی جیهاد دەست پێ بکەن ئەگەر ئەوان ڕاستگۆبن لەو گفتارو ئاکارانەیاندا، فەرمان بەرداری فەرمانی خودابن و مەبەست و نیازیان بۆ ئایین دڵسۆزانەبێ، ئەوە ئەو هەڵوێست و بیرو باوەڕە بۆ ئەوان باشە و هەرگیز لەگەڵ ئەو ریسوایی و دڵە کوتەو ڕەنگ زەردبون و چاو بەملۆق وەستانەدا بەراورد ناکرێ ، بەڵێ فەرمانبەرداری فەرمانی خودا بەدڵنیایی و بڕواوە.

قسەی چاك و بەسوود: کەڕەنگدانەوەی پاکی هەست و دڵنیایی و دەرونپاکی بێ هەر ئەوە باشە بۆ ئادەمیزاد و هەڵویستی ترو قسەیتر زیانبەخش و بەهیلاك بەرە.

گەردنکەچی بۆ فەرمانی پەروەردگار تۆیشوو بژیوێکە ئیمان و باوەڕ دەستە بەری دەکا، عەزیمەت و خۆ ڕاگری بە جەنگاوەران دەبەخشێ و ترس و لەرزیان لێدوور دەخاتەوە، سەرەنجامی بەرزو پیرۆزو

بەختەوەرییان بۆ دەرەخسێنێ، یان سەرکەوتن و رزگاربوونە لە دوژمن یان شەهیدبون و بەهەشتە!!

تا ئێستا بەشێوەی غائیب لێیان دوا، ئەمجار ئوسلوب دەگۆڕێ و ڕاستە و خۆ بەشێوەی خیتاب پێیان دەفەرمووێ: ﴿فهل عسيتم ان توليتم ان تفسدوا في الأرض وتقطعوا أرحامكم﴾؟ وێ دەچێ و لەوانەیە ئێوە ئەگەر پشت لەفەرمانی پەروەردگارتان هەڵبکەن و ئامادە نەبن بۆ جیهادو خۆ بەختکردن لە پێناو ئایینی خودادا، ئەوهەڵوێست و رفتارانە بتانگێڕنەوە بۆ سەرحاڵ و وەزعی سەردەمی نەزانیتان، خوێنڕێژی و فەساد لەسەرزەوی دا بەرپا بکەن..!

یان ماناکە بەم جۆرە ئاراستە دەکرێ: ئایا چاوەڕوان ناکرێ واتە: بەڵێ چاوەڕوان دەکرێ لە ئێوە ئەگەر کارو باری وڵات و گەل بەدەستەوە بگرن، بگەڕێنەوە بۆ سەر حاڵ و وەزعی سەردەمی نەفامیتان، سەر لە نوێ دەست بکەنەوە بەخوێن رشتن و ئاژاوە نانەوەو ستەمکاریو تاڵان و بڕۆ و کوشتن و بڕین، قەڵا چۆی ڕەحم و خزمایەتیخۆتان بکەن بە کوشتن و ئەزیە تدانی یەکتری و زیندە بە چاڵ کردنی کچ و ئەنجامدانی هەموو ئەو تاوانانەی کەلەوە پێش ئەنجامتان دەدان.

بەکورتی: بترسن لەوەی ئەگەر پابەندی فەرمانی خودا نەبن، ئێوە سەرەنجامتان ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی نەفامیتان: کە ئاژاوەچی بوون، بێ ڕەحم و بەزەیی بوون، بەناحەق یەکترتان دەکوشت و ماڵ و سامانی یەکترتان چەپاو دەکرد و جگەر گۆشەی خۆتان زیندە بەچاڵ دەکردن.

قەتادە دەفەرموێ: مانای ئایەتە کە بەم جۆرەیە: وێدەچێو ترسی ئەوەتان لێدەکرێ ئەگەر روو لە ئیمانهێنان وەربگێڕن بگەڕێنەوە بۆ بەرپاکردنی فەسادو ئاشوب نانەوە لەسەر زەوی و خوێنڕێژی!

ئـەبو حـەییان دەفـەرموێ: تەفسیری ڕاست و ئاشکرا بۆ ئایەتـە کـە ئەوەیـە بگوتـرێ: خیتابەکـە بـۆ دووڕووەکانـە دەربـارەی جیـهاد و جـەنگان، واتـە ئـەی دووڕووەکـان! ئەگـەر ئێـوە پشـت لـە جیـهادو فەرمانبەرداری فەرمانی خودا هەڵبکەن، ئایا جگە لەوەی فەساد لـەزەوی دا بـەرپا بکـەن و یارمـەتی ئایینی خـودا نـەدەن چی‌ترتـان لی‌چـاوەڕوان دەکـرێ؟ ئەگـەر ئێـوە یارمـەتی موسـوڵمانان نـەدەن صیلـەی ڕەحمـی نێوان ئەوان و خۆتان دەبڕن...

بەم جۆرە پەروەردگار ئادەمیزاد هەڵدەنێ بۆ ورد بونـەوە لەسـەرەنجام و وازهێنان لەدەمارگیری و کێشەو جیدال، چونکـە خـودا بـۆ خـۆی دەزانـی ئەگەر ئەو مونافیقانە ببنە کاربەدەسـتی خـەڵکی، یان ئەگـەر پشـت لـە ئایینی خودا هەڵبکەن، جگە لە کوشـتن و بریـن و تـالان و بـڕۆ فەسـادو ئاژاوە هیچی تر نایەتەکایەوە!

﴿أولئـك الذيـن لعنـهم الله، فأصمـــهم وأعمـــى ابصـــارهم﴾ ئـەو ستەمکارو خوێـنڕێژو پشـت هەڵکردوانـە ئەوانـەن : کـە خـودا نـەفرینی لی‌کـردون، لـە ڕەحمـەتی خـۆی دووری خسـتوونەوە، لـە ژیـانی دونیـادا گوێچکەی لە بیستنی حەق هاخنیون، چاوی دڵـی کوێـر کـردون، نـاتوانن نیشانەی هەبوونی خودا لەبونەوەردا بدۆزنەوە، هەسـت بـە عـەداڵـەتکاری پەروەردگار ناکەن لە بونەوەردا.

حاڵ و وەزعی مونافیقەکان دوای هەڵگەڕانەوەیان لە ئایین و لەکاتی گیان کێشانیان داو ئامـاژە کـردن بۆ حیکمەتی جیهاد

أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ ﴿٢٤﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ ٱرْتَدُّوا۟ عَلَىٰٓ أَدْبَـٰرِهِم

مِّنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَى ٱلشَّيۡطَٰنُ سَوَّلَ لَهُمۡ وَأَمۡلَىٰ لَهُمۡ ﴿٢٥﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لِلَّذِينَ كَرِهُواْ مَا نَزَّلَ ٱللَّهُ سَنُطِيعُكُمۡ فِي بَعۡضِ ٱلۡأَمۡرِۖ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِسۡرَارَهُمۡ ﴿٢٦﴾ فَكَيۡفَ إِذَا تَوَفَّتۡهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ يَضۡرِبُونَ وُجُوهَهُمۡ وَأَدۡبَٰرَهُمۡ ﴿٢٧﴾ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱتَّبَعُواْ مَآ أَسۡخَطَ ٱللَّهَ وَكَرِهُواْ رِضۡوَٰنَهُۥ فَأَحۡبَطَ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٢٨﴾ أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ أَن لَّن يُخۡرِجَ ٱللَّهُ أَضۡغَٰنَهُمۡ ﴿٢٩﴾ وَلَوۡ نَشَآءُ لَأَرَيۡنَٰكَهُمۡ فَلَعَرَفۡتَهُم بِسِيمَٰهُمۡۚ وَلَتَعۡرِفَنَّهُمۡ فِي لَحۡنِ ٱلۡقَوۡلِۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ أَعۡمَٰلَكُمۡ ﴿٣٠﴾ وَلَنَبۡلُوَنَّكُمۡ حَتَّىٰ نَعۡلَمَ ٱلۡمُجَٰهِدِينَ مِنكُمۡ وَٱلصَّٰبِرِينَ وَنَبۡلُوَاْ أَخۡبَارَكُمۡ ﴿٣١﴾

لەوەپێش حاڵ و وەزعی پشت هەڵکردنی مونافیقەکانی لە گوێگرتن لە قورئان رونکردەوە، ئەمجار فەرمانی پێ کردن بە وردبوونەوە لە قورئان، نەی لێ کردن لەوەی ڕوی لێ وەرگێڕن. بۆ ئەوە نەکەونە بەر هەڕەشەی خودا، ئەمجار ئاماژە بەو نارەحەتی و ناخۆشی‌یە دەکا: کە لە کاتی گیانکێشان دا توشیان دێ.

دەفەرموێ: ﴿أفلايتدبرون القران﴾ ئەرێ ئەو دوو ڕوو موشریك و بێ‌بڕوایانە بۆچی لە قورئان وردنابنەوەو بەدڵ نایخوێننەوە؟ بۆ ئەوەی

پابەندی فەرمان و ئامۆژگارییەکانی بن، بەڵگەو نیشانەکانی کاریان تێ بکاو لە خراپە کاری و تاوان بگەڕێنەوە؟ تێفکرین لە قورئان دڵ و گیان مشت و ماڵ دەکا، نورو روناکی دەخاتەناو دەروونەوە، هەستەکان دەجولێنێ، دڵ وەئاگادێنێ، گەش و نما دەدا بەگیان و نوورانی دەبێ.

﴿أم على قلوب أقفالها﴾ بەڵکوو لەسەر دڵیان پەردە هەیە دەرگای دڵیان داخراوەو لە پەیامی قورئان حاڵی نابن، لە نێوان ئەوان و قورئاندا، لە نێوان ئەوان و ڕوناکی داپەردەی قایم و پتەو هەیە، واتە ئەوانە لە دووحاڵ بەدەرنین یان لە قورئان ورد نابنەوە چونکە خودا لەڕەحمەت و خێر دووری خستونەوە، یان تێی دەفکرن بەڵام ماناکانی ناچنە ناو دڵی ئەوانەوە چونکە دڵیان قفڵ دراوە.

ئەمجار پەروەردگار هۆی پشت هەڵکردنی ئەوانە لە پەیامی قورئان رون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ان الذين ارتدوا على أدبارهم من بعد ما تبين لهم الهدى، الشيطان سول لهم وأملى لهم﴾ بێگومان ئەوانەی لە ئایین دەرچون و گەڕانەوە بۆ زلکاوی کوفر، دوای ئەوەی هیدایەتیان بۆ ئاشکرابوو، موعجیزەی پێغەمبەریان بینین، بەڵگەو نیشانەی جۆراو جۆریان لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتی حەزرەتی موحەممەد ﷺ چاوپێکەوتن، شەیتان لێیان وەخۆ کەوت، کوفرو تاوانی لە پێش چاو جوان کردن، ڕێگای خراپەی بۆ ئاسان کردن، بەپشت بەستن بە هیواو خەیاڵ هەڵی خەڵەتاندن، تارمایی مردنی لەپێش چاو دوورخستنەوە.

قەتادە دەفەرموێ: ئەم ئایەتە دەربارەی کۆمەڵێك جولەکە نازڵ بووە، دەیانزانی حەزرەتی موحەممەد پێغەمبەرەو لە تەورات دا ناوو نیشانەکانیان زانیبوون، تەنانەت خۆیان بەسەر عەرەبەکان دا هەڵدەکێشاو دەیانگوت ناو نیشانی پێغەمبەری ئاخیر زەمان لە کتێبی ئێمەدا دەست نیشان کراوە، هەر لەگەڵ ڕەوانە کرا ئێمە دەیناسین و خێرا بڕوای

پێدەکەین، کەچی کە پێغەمبەر ڕەوانە کرا، جولەکەکان لەبەر حەسودی خۆیان ئیمانیان پێ نەهێناو پەیامی ئیسلامیان ڕەتکردەوە.
ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: دەربارەی مونافیقەکان نازڵ بووە؛ ئیمانیان هێناو دوایی پاشگەز بوونەوەو دڵیان مردو نوری ئیمانی تێدا نەما.
ئەبو حەییان دەفەرموێ: ئایەتەکە هەموو کەسێك دەگرێتەوە: کە هەڵوێستی ئاوا ناشیرینی هەبێ و کرداری خراپ بکا.
ئەمجار پەروەردگار هەندێ دیاردەی گومڕاییان رون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿ذلك بأنهم قالوا للذين كرهوا مانزل الله سنطيعكم في بعض الأمر﴾ ئەو پاشگەزبوونەوەو کوفرو خراپە کارییە یان لە دوای ئیمانهێنان، بە هۆی ئەوەوەیە: کە ئەو دو ڕوو ئاژاوە چییانە بەو جولەکانەیان گوت: کە دوژمنی قورئان و پەیامی پێغەمبەر بوون، ئێمە لەهەندێ هەڵوێست و کردەوەدا گوێڕایەڵی ئێوە دەکەین، دژی پەیامی موحەممەد دەوەستین و وەکوو دوژمنایەتی دەکەین و پێچەوانەی پەیامەکەی دەجولێینەوە.
بێگومان جولەکەی مەدینە یەکەم گرۆو تاقم بوون پێیان ناخۆش بوو قورئان نازڵ بوەو حەزرەتی موحەممەد کراوە بە پێغەمبەر ﷺ چونکە ئەوان بەتەمای ئەوەبوون دوا پێغەمبەرو کۆتای پێغەمبەرایەتی بەکەسێك بێ لەڕەگەزی جولەکەبێ، زۆر جار ڕوبەڕوی کافرەکانی دیکە هەڕەشەیان دەکردو دەیانگوت: نزیکە پێغەمبەرێ ڕەوانە بکرێ لەئێمە، ڕابەرمان بکاو دەسەڵات و شکۆمەندیمان بۆ بگێڕێتەوە، ئیتر هەموومان لەدەوری کۆدەبینەوەو دونیا دەخەینە ژێر کۆنترۆڵی خۆمان..
جا کەپەروەردگار پێغەمبەری ئاخیرزەمانی لەنەوەی حەزرەتی ئیبراهیم هەڵبژارد لەڕەگەزی جولەکە نەبوو، دژی پەیامی پێغەمبەر وەستان، کە پێغەمبەرﷺ کۆچی کرد بۆ مەدینە هێندەی تر ڕقیان لێ هەڵگرت و

دوژمنایەتی خۆیان بۆ ڕاگەیاند، چونکە دەیانزانی مەرکەزو دەسەڵاتیان لەکیس دەچێ و گرۆڵەیان دەکەوێتە لێژی، بۆیە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کەوتنە خۆو یەکیان گرت و دژی پێغەمبەرو موسوڵمانان کەوتنە جەنگان، جۆرەها پیلان و فرت و فێڵیان خستە کار، چاکە هیچیان بۆ نەکراو پیلانەکانیان پوچەڵ بوونەوە..

ئەمجار بەنهێنی و لەژێرەوە هەمیشە لەهەوڵ و تەقەڵلا دابون بۆ دژایەتیکردنی ئیسلام، زۆر لەدەروون نەخۆش و دڵ کرمێی تریش پاڵیان لێ دان و هاوکاری جولەکەکانیان کرد، ئیتر دوژمنایەتی نێوان ئەوان و پێغەمبەرو موسوڵمانان بەردەوام بوو تا لەکۆتاییدا پێغەمبەرﷺ لە نیوە دوورگەی عەرەبی وەدەری نان و وڵاتی لیپاك کردنەوە...

هەر لەمانای ئەم ئایەتە دایە: کە دەفەرموێ: **﴿الم تر الی الذین نافقوا یقولون لاخوانهم الذین کفروا من اهل الکتاب: لئن اخرجتم لنخرجن معکم ولا نطیع فیکم احدا ابدا، وان قوتلتم لننصرنکم، والله یشهد انهم لکاذبون﴾ الحشر/١١ .**

جا با لە ژیانی دونیایان دا بەڕواڵەت بەهۆی ئەو دووڕوی و نیفاقەی خۆیان برێ جار مەبەستیان بێتە دی، هەندێ شتیان بۆ سەربچێ، بەڵام **﴿فکیف اذا توفتهم الملائکة، یضربون وجوههم وأدبارهم؟﴾** دەبێ حاڵ و وەزعیان چۆن بێو چیدەکەن لەوکاتەدا: کە فریشتە دێنە سەریان بۆ گیان کێشانیان و بەڕق و کینەوە گیانیان دەکێشن؟ بێ بەزەییانە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکەن، لەپێشەوەو لەدواوە تێیان دەسرەوێنن، بەزەبرو زەنگەوە دێنە ویزەیان.وەکوو لەئایەتێکیتردا ئامارژە بۆ ئەم مانایە دەکاو دەفەرموێ: **﴿ولو تری اذ یتوفی الذین کفروا الملائکة یضربون وجوههم وادبارهم﴾ الانفال/٥٠ .**

یـان دەفـەرموێ: ﴿ولـو تـری اذا الظـالمون في غمـرات المـوت و الملائکة باسطوا أیدیهم اخرجوا انفسکم، الیوم تجزون عذاب الهون بما کنتم تقولون علی الله غیر الحق، وکنتم عن آیاته تستکبرون﴾ الانعام/٩٣ .

ئـەمجار پـەروەردگار هـۆی ئـەم هـەموو ناڕەحـەتکردن و ڕیسـواکردنە لەسەرە مەرگ داو عەزابی ژیانی بـەرزەخ و قیامـەتیان ڕون دەکاتـەوە و دەفەرموێ: ﴿ذلك بأنهم اتبعوا ما أسخط الله وکرهوا رضوانه، فأحبط أعمالهم﴾ ئـەو گیانکێشـان و مامەڵـە کردنـی فریشـتە لەگـەڵ ئـەو جۆرەئادەمیزادانە دا بەو شێوەیەی لەئایـەتی پێشـوودا باسـی لێـوە کـرا، بەهۆی ئەوەوەیە: کە ڕێگایـەکیان گرتـووە خـودا پـێی ناخۆشـە، بـەهۆی کوفرو تاوانی خۆیانەوەیە، بەهۆی پیلاننانەوەیانە لەگەڵ دوژمنانی خودادا دژی پێغەمبـەرو هـاوەڵانی، ڕقبوونەوەیانـە لەهەرشـتێك: کـە خـودا پێیخۆشە، وەکوو ئیمان و یەکتاپەرستی..

ئیتر خودا لەتۆڵەی ئەو ئاکـارو ڕەفتارانـەیان دا کـردەوە باشـەکانیانی پوچەڵ کردۆتەوە، هەرچی کارێکی باشـیان هەیـە پێشـی پاشـگەزبوونەوە خودا بەتاڵی کردوتەوە هەر کارێکی پەسند ئـەنجام بـدەن هاوکـات لەگـەڵ پاشگەزبوونەوەو نیفاق دا، وەکوو یارمەتیدانی هەژارو بێ نەوایان..

.. دروسـتکردنی قوتابخانـەو خەسـتەخانەو دابینکردنـی پێویسـتی بـۆ ئاتاجان، خودا هـەموویان بـۆ پـوچ دەکاتـەوە و لەقیامـەت دا سـودی لێ نـابینن، چونکـە کردەوەکانیـان ئیمـانی لەگـەڵ نـەبووە، لـەبیرو بـاوەڕەو هەڵنەقولاون، هەرکارو گوفتارێکیش ئیمان و باوەڕ لەپشتیەوە نەبێ، بـۆ قیامەت کەڵکی لێ وەرناگیرێ.

وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿وقدمنا الی ما عملوا من عمل، فجعلناه هباء منثورا﴾ الفرقان/٢٣ .

ئەمجار پەروەردگار سەرزەنشتی دووڕوەکان دەکا بەهەڕەشە لی‌کردن لێیان دەفەرموێ: ﴿أم حسب الذین في قلوبهم مرض أن لن یخرج الله اضغانهم﴾ ئایا ئەو دووڕو دڵ کرمێیانە، ئەو ئاژاوە چی و دڵ پڕ لەکینەو ئاکارو ڕەفتار ناپەسندان، پێیان وایە خودا لێیان لەهەراناداا، پەردە لەسەر پوخڵاواتیان لاناباا؟!

نانا باوانەزانن، خودا ئاگاداری هەموو نهێنیو ئاشکرایانە، بەڵکو لەنهێنی نهێنی تریش دەزانێ، پەردەیان لەسەر لادەباو فەزحیان دەکا، ئابڕویان دەبا، وەکوو چۆن لەسورەتی(براءة) دا ڕیسوای‌کردن، کردنی بەپەندی دەوران و لەنامەی پیرۆزو خاڵیدا مۆری دووڕویی پێوەنان!

بێگومان مونافیقەکان پشتیان بەکارامای وفێڵزانی خۆیان ئەستۆرو بوو، وایان دەزانی: کە تاسەر بۆ یان سەردەچی و کەس پێیان نازانێ و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەر دەچن!!

بەڵام قورئان قەڵای ئاواتی ڕوخاندن و هەڕەشەی ئەوەی لی کردن، کەلەوانەیە خودا یەکە یەکە بەناو دیارییان بکا، دەفەرموێ: ﴿ولو نشاء لأریناکهم فلعرفتهم بسیماهم﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست؛ ئەگەر بمانەوێ یەکە یەکە ناوی دووڕووەکانت پێ ڕادەگەیەنین، یەکەبە یەکە بەدەست لەسەردانراوی پێت دەناسێنین، وا دەکەین بەشێوەو ڕوخسار بەناوو نیشانە یەکە یەکە دووڕووەکان بناسی و جیایان بکەیەوە.

بەڵام خودا دەربارەی هەموو دووڕووکان ئەوە ناکا، لەڕوی تاوانپۆشیو فەزڵ و گەورەیی خۆیەوە ئەو بڕیارەی نەداوە، بۆ سرپۆشی ئادەمیزادو ناو نەزڕاندنیان، ئەگینا وەکو چۆن ناوی هەندێکیانمان بە پێغەمبەر ڕاگەیاند، ئاوا هەموو دووڕووەکانمان پێ دەناساندن!

ئیمام ئەحمەد دەفەرموێ: وەکیع بۆی گێڕاینەوە ئەویش لەسەفیانەوە لەسەلەمەی کوڕی عەیاز لەباوکیەوە لە ئەبو مەسعودەوە: (عوقبەی کوڕی عەمر) دەڵێ: پێغەمبەرﷺ وتارێکی بۆ داین، لەسەرتاوە حەمدو سوپاسی خودای کرد، پاشان فەرمووی: لەناو ئێوەدا ئەی موسوڵمانان دووڕوو هەن، هەر کەسێ ناوم هێنا باهەڵسێ ببیندرێ، پاشان فەرمووی: فلانکەس تۆ هەڵسە، فیسارەکەس تۆیش هەڵسە، فلتان تویش هەڵسە، بەم جۆرە هەتا ناوی سی و شەش پیاوی هێنا، ئەمجار پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئێوە دووڕوتان تێدان، لەخودا بترسن و تۆبە بکەن و واز لەدووڕوویی بهێنن[1].

﴿ولتعرفنهم في لحن القول﴾ بێگومان ئەی پێغەمبەر! ئەتۆ ئەو مونافیقانە بەلەهجەو شێوە ئاخاوتنیان دەناسی، هەر کەقسە دەکەن بۆت دەردەکەوێ ئاخۆ مەبەستیان چیەو چیان لەدڵ دایە!!

کولەبی دەڵێ: دوای نازڵبوونی ئەم ئایەتە هەر کەسێکی دووڕوو قسەی بکردایە یەکسەر پێغەمبەرﷺ دەیناسی. ئەنەس دەفەرموێ: دوای نازڵبوونی ئەم ئایەتە پێغەمبەرﷺ دووڕووەکانی یەکەیەکە دەناسی.

﴿والله يعلم أعمالكم﴾ دڵنیابن خودا هیچی لێ گوم نابێ، بەهەموو کردەوەکانتان ئاگادارەو ڕۆژی قیامەت پاساوتان دەداتەوە، چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە...

ئەمجار پەروەردگار بەرنامەی ژیانی ئادەمیزاد لە جیهان دا دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿ولنبلونكم حتى نعلم المجاهدين منكم والصابرين، ونبلو أخباركم﴾ بەتەئکید ئێمە ئێوە بەتاقی دەکەینەوە بەفەرمان پێ کردن و جڵەو گیری تادەربکەوێ بۆتان لێتان عەیان بێ کێ پابەندەو کێ

---

[1] تەفسیری ئیبنو کەثیر ج٤/١٧٢٨ ط دار الفكر ملون .

سەرپێچیکارە، هەڵبەتە خودا بۆ خۆی هەموو شتێك دەزانێ و پێویستی بەتاقیکردنەوە نیە، ئەم تاقیکردنەوە بۆ ئەوەیە دەری بخاو ئێمەی ئادەمیزاد بزانین، کە فەرمان بە مسوڵمانان دەکا بەجیهاد کردن، لەپێش دا دەزانێ کێ پابەند دەبێ و کێ پشت هەڵ دەکا، وەلێ بەفەرمانەکە بۆ ئادەمیزادەکان خۆیان دەردەکەوێ کێ موجاهیدەو بەدڵ ئامادەیە و بەکردەوە پابەندو خۆڕاگرو پشوو درێژەو کێ وانیە ئەخبار و هەواڵی ئادەمیزاد بۆیەکتری ئاشکرا دەکا تا بۆ خۆشیان بزانن و دەربکەوێ کێ ملکەچی فەرمانی خودایەو کێ یاخی دەبێ؛

ئیمامی عەلی مانای ﴿حتى نعلم﴾ ەی بە ﴿حتى نرى﴾ مانا کردوە ئیبراهیمی کوڕی ئەشعەس دەڵێ: فوزەیلی کوڕی عەیاز کە ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە دەگریاو دەیگوت: خودایە بەتاقیمان نەکەیەوە، چونکە ئەگەر بەتاقیمان بکەیەوە ناموسمان دەچێ. بێگومان گۆڕەپانی ژیان گورەپانی تاقیکردنەوەو ئەزمونگەرییە بۆئەوەی ئادەمیزادەکان بۆ یەکتری کەشف بن و چاك و خراپ لێك جیاببنەوە، دەربکەوێ ئاخۆ کێ موجاهید و خۆ ڕاگرەو کێ وانیە!

حاڵ و وەزعی ئەهلی کیتاب و هەندێ لەموسوڵمانان لەدونیاو قیامەت دا

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَشَآقُّواْ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُمُ ٱلۡهُدَىٰ لَن يَضُرُّواْ ٱللَّهَ شَيۡـٔٗا وَسَيُحۡبِطُ أَعۡمَٰلَهُمۡ ﴿٣٢﴾ ۞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَلَا تُبۡطِلُوٓاْ

أَعْمَالَكُمْ ﴿٣٣﴾ إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ ثُمَّ مَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يَغْفِرَ اللَّهُ لَهُمْ ﴿٣٤﴾ فَلَا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ وَأَنتُمُ الْأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَن يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ ﴿٣٥﴾

لەوە پێش لەسەرەتای سورەتەکەدا حاڵ و وەزعی موشریکەکانی بەیان کرد، دوایی حاڵی موونافیقەکانی ڕونکردەوە، ئەمجار حاڵ و وەزعی کۆمەڵێك لە ئەهلی کیتاب(بەنونەضیرو بەنو قورەیظە) رادەنوێنێ، ئەوانە کافرو سەرپێچیکار بوون، کۆسپ و لەمپەڕ بوون لەبەردەم بڵاوبونەوەی ئایینی ئیسلام دا، ئیتر پەروەردگار هەڕەشەی توندی لێ کردن، چونکە دوای ناسینی حەق پشتیان تێ کرد .

دوایی دێتە سەر باسکردنی هەڵوێستی کۆمەڵێك لەهاوەڵان: کە خێڵی بەنوسەعد بوون، ئیمانیان هێنابوو، نازو نوزیان بەسەر پێغەمبەردا دەکرد، پێغەمبەریان منەتبار دەکرد... پەروەردگار نەی لەوە لێ کردن.

ئەمجار ئەوە رادەگەیەنێ: کە هەرگیز لەوانە خۆش نابێ: کە بەکافری مردون، لەدونیاو قیامەت دا ڕیسوایان دەکا، پێویستە خودا پەرستان هیچ کاتێ بە زەبوونی و بێ هێزی، خۆیان نەخەنەڕوو لەبەرامبەر کۆمەڵێ کوفردا ملکەچی نەنوێنن، دەفەرموێ:

﴿ان الذين كفروا وصدوا عن سبيل الله، وشاقوا الرسول من بعد ماتبين لهم الهدى، لن يضروا الله شيئا، وسيحبط أعمالهم﴾ بێگومان ئەوانەی کافرو بێ بڕوان و سوورن لەسەر کوفرو ئیلحاد، ئامادەنین یەکتاپەرستی ئەنجام بدەن، دژی پەیامی پێغەمبەرن و خەڵکی لەئایین دەگێڕنەوە، خۆیان کردەوە بەکۆسپ و لەمپەڕ دژی ئیسلام و

سەرپێچی فەرمان و ئامۆژگاری پێغەمبەر دەکەن، ئەمەش وێڕای ئەوەی دەزانن، موحەممەدﷺ پێغەمبەری خودایە و بە موعجیزەو بەڵگەی ئاشکراوە نێردراوە.

بێگومان هەڵوێست و کردەوەی ئەوانە و ئیمان نەهێنانیان هیچ زیانێك بەخودا ناگەیەنێ، خودا پێویستی بەئیمانهێنانی ئەوانە نیە، ئیمانهێنانیان لەخودایەتی خودا زیاد ناکاو ئیمان نەهێنانیان لەخودایەتی خودا کەم ناکا، ئیمان بهێنن سودی بۆ خۆیانەو لەسەرکوفر بمێننەوە خۆیان زەرەر دەکەن، ڕۆژی قیامەت خودا کردەوەی باشیان بۆ حیساب ناکاو پوچی دەکاتەوە، چونکە کردەوە ئەگەر لە ئیمانەوە نەبێ بۆ قیامەت کەڵکی نیە.

ئەمجار لەژێر تارمای ئەو سەرەنجامە ترسناکەی کافرەکان پێی دەگەن، ڕودەکاتە کۆمەڵێ موسوڵمان و فەرمانیان پێ دەکا پابەندی فەرمانی خودا بن و شوێن پەیامی پێغەمبەر بکەون بۆ ئەوەی، بەختەوەریی دونیاو قیامەتیان بۆ دەستەبەربێ، جڵەو گیرییان لێ دەکا لەوەی لە ئایین پاشگەز ببنەوە..

دەفەرموێ: ﴿يا أيها الذين آمنوا أطيعوا الله وأطيعوا الرسول ولا تبطلوا أعمالكم﴾ ئەی ئەوانەی ئیمانتان بەتاك و تەنهای خودا و ڕاستی پەیامی پێغەمبەر هێناوە، پابەندی فەرمانی خوداو فەرمانی پێغەمبەر بن، خۆتان لە جڵەو گیرییەکانیان بپارێزن، چاکەو حەسەناتی خۆتان بەپاشگەز بوونەوە لە ئایین و ئەنجامدانی تاوانی گەورە پوچەڵ مەکەنەوە، بەڵگە لەسەر پوچەڵبوونەوەی کردەوەی چاك بە پاشگەز بوونەوە لەئایین دەقی ئەم ئایەتەیەو بەئاشکرا ئەوە دەچسپێنێ...

بەڵگەش لەسەر ئەوە: کە تاوانی گەورە کردەوەی باش پوچ دەکاتەوە، ڕیوایەتی جۆراو جۆرن .. لەوانە: ئەبولعالییە ڕیوایەت دەکا دەڵێ: هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ پێیان وابوو هیچ تاوانێك لەگەڵ (لا الـه الا الله)دا زیانی نابێ، واتە: کەسێك ئیمانی هەبێ، تاوان کردەوەی باشی پوچ ناکاتەوە، هەروەکوو چۆن کردەوەی باش لەگەڵ کوفرو بێدینی دا سودی نیە، هەتا ئەم ئایەتە نازڵ بوو، ئیتر لەوە دووا هاوەڵان دەترسان: کە تاوانی گەورە کردەوە باشەکانیان پوچەڵ بکاتەوە.

قەتادە دەڵێ: ڕەحمەتی خودا لەو بەندەیەبێ: کە بەکردەوەی خراپی کردەوە چاکەکانی پوچ ناکاتەوە، ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: بەڕییاکردن و خۆهەڵنانەوەو گومان، کردەوە باشەکانتان لەناو مەبەن، موحەممەدی کوڕێ نەصری مەروەزی لەئیبنوعومەرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئێمەی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لامان وابوو هەموو کردەوەیەکی باش لای خودا مەقبولە هەتا ئایەتی: ﴿أطيعوا الله واطيعوا الرسول ولا تبطلوا أعمالكم﴾ نازڵ بوو، ئیتر لەوە دوا ترسی ئەوەمان لێ نیشت: کە تاوانی گەورە کردەوەی باش پوچ بکاتەوە..

ئەمجار ئەوە ڕون دەکاتەوە: کە هەر کەسێك لەسەر کوفر بمرێ فەزل و ڕەحمەتی خودا نایگرێتەوە، ئادەمیزاد تا لەژیان دایە فرسەتی لەدەست دایە، بۆ کافرو تاوانبار دەرگای تۆبە کراوەیە، تادەگاتە سەرەمەرگ و گیانەڵاو، ئیتر ئەو کاتە هەلی لەکیس دەچێ و جارێکی تر ئەو هەلەی بۆ هەڵناکەوێتەوە، دەفەرموێ:

﴿إن الذين كفروا وصدوا عن سبيل الله، ثم ماتوا وهم كفار فلن يغفر الله لهم﴾ بێگومان ئەوانەی ئینکاری تاك و تەنهایی خودایان کردوە، خەڵکی تریان لەئیمانهێنان بەئیسلام ژێوان کردۆتەوە،بوونەکۆسپ و تەگەرە لەبەردەم موسوڵمان و کەسانی دیکە، بەو حاڵە مردون و ژیانی

دونیایان بەجێ هێشتو سوور بوون لەسەر کوفرو ئیلحاد ئەوە خـودا لێیـان خۆش نابێ، بەڵکوو بۆ هەتا هەتایە لەناو دۆزەخ دا دەمێننەوە.

بێگومان ئەم ئایەتە وەکوو هەڕەشەیە لـەکافرو تاوانبـاران بـۆ ئـەوەی هەرچی زووە واز لـەکوفرو تـاوانی خۆیـان بـهێنن و موسـوڵمان بـن پێـش ئـەوەی دەرگـای تۆبـەیان لەسـەردابخرێ لەهـەمان کـات دا ترسـاندنی موسوڵمانانە: کە ئاگادار بن بـەهیچ شـێوەیەك شـتێك نەکـەن لـەو ڕێگـە خەتەرناك و شومەیان نزیك بکاتەوە.

ئەمجار فـەرمان بەموسـوڵمانان دەکـا: کـە هەمیشـە ورەبـەرزو دڵ دامەزراو بن، هەمیشە لەهەوڵ و تەقەڵلا دابن بۆ دابینکردنی هێزو تواناو بەرپەرچدانەوەی دوژمنان، دەفەرموێ:

﴿فلا تهنوا وتدعوا الى السلم وأنتم الأعلون والله معكم ولن يـتركم أعمـالكم﴾ ورە ڕوخـاوو خـاوو خلیچـك مـەبن لەبەرامبـەر دوژمـن دا، یـا داوای ئاشـتی و شـەڕ ڕاوەسـتان لـە ئێـوەوە نـەبێ، نـەوەکو بکرێـتە نیشـانەی زەبوونـی و کـەم هـێزی، چونکـە داوای وەسـتانی شـەڕ نیشـانەی زەعیفیـە، بـەڵام ئەگـەر داوای وەسـتانی شـەڕ لەدوژمنـەوە بـوو، ئـەوە دەکـرێ ئێـوە قبووڵـی بکـەن، بەمـەرجێ ئێـوە لـەحاڵێ باڵادەستیتان دا بن..

وەلی ئەگـەر دوژمـن بـاڵا دەسـت بـوو فـەرمانڕەوای موسـوڵمانان ڕاوەستانی شەڕی بەلاوە پەسندبو بەرژەوەندی موسوڵمانانی تێدا دەبینی، ئەوە بۆی هەیە داوای ئاشتی بکـا، پێغەمبەرﷺ کـاتێك قورەیشییەکان نەیانهێشـت بچێتـە نـاو مەککەوە و داوای شـەڕ وەسـتانیان لێ کـرد بـۆ مـاوەی(دە)سـاڵ، بـەرژەوەندی موسـوڵمانانی لـەو ئاشـتی یـەدا بـەدیکرد یەکسەر شەڕوەستانی قبووڵ کرد.

هەڵنانی ئادەمیزاد بۆ ئەوەی کۆڵ بەدنیاوە هەڵنەگرن، هەمیشە ئامادەباشی جیهاد بن

إِنَّمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۚ وَإِن تُؤۡمِنُواْ وَتَتَّقُواْ يُؤۡتِكُمۡ أُجُورَكُمۡ وَلَا يَسۡـَٔلۡكُمۡ أَمۡوَٰلَكُمۡ ﴿٣٦﴾ إِن يَسۡـَٔلۡكُمُوهَا فَيُحۡفِكُمۡ تَبۡخَلُواْ وَيُخۡرِجۡ أَضۡغَٰنَكُمۡ ﴿٣٧﴾ هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ تُدۡعَوۡنَ لِتُنفِقُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَمِنكُم مَّن يَبۡخَلُۖ وَمَن يَبۡخَلۡ فَإِنَّمَا يَبۡخَلُ عَن نَّفۡسِهِۦۚ وَٱللَّهُ ٱلۡغَنِيُّ وَأَنتُمُ ٱلۡفُقَرَآءُۚ وَإِن تَتَوَلَّوۡاْ يَسۡتَبۡدِلۡ قَوۡمًا غَيۡرَكُمۡ ثُمَّ لَا يَكُونُوٓاْ أَمۡثَٰلَكُم ﴿٣٨﴾

لەوە پێش پەروەردگار فەرمانی بەموسوڵمانان کرد جیهاد بکەن و لەپێناو ئایینی خودادا تێبکۆشن و خۆیان بەزەبوونی نیشانی دوژمن نەدەن، ئەمجار لێرەدا هانیان دەدا: کە سووربن لەسەر خۆبەختکردن و ماڵبەخشین لەپێناو ئایینی خودادا، ئەمەش لەڕوانگەی دونیا بەکەمزانین و شیرینکردنی ئیمان و خوداپەرستی لەدڵیان دا بۆ ئەوەی بەختەوەریی هەردوو جیهانیان دەست بکەوێ.

لە کۆتایی سورەتەکەش دا هەڕەشە لەموسوڵمانان دەکا بەوە ئەگەر پشت لەجیهادو خوداپەرستی هەڵ بکەن، خودا ئەوان لەناو دەباو گەل و

نەتەوەیەکی‌تر دێنێتە ئاراوەو زۆر لەمان زیاتر پابەندی فەرمانی خودا دەبن.

دەفەرموێ: ﴿انما الحياة الدنيا لعب ولهو﴾ ئەی کۆمەڵێ موسوڵمانان! سوربن لەسەر جیهاد و خودا پەرستی، لەپێناو ئایینی خودا داگیانبازی بکەن، ماڵ و گیانتان لەو پێناوەدا بەهەرزان بزانن، چونکە ئاکامی دونیا گاڵتەوکەپە و پوچەو بەتاڵە، بەرقەرار نیەو بەسەر دەچێ، خۆ خەریك کردن بەدونیاوە خۆ خافڵاندنەو گاڵتە بازاڕی منداڵانە، وەکوو لەئایەتێکی تردا لەم بوارەدا دەفەرموێ: ﴿اعلموا انما الحياة الدنيا لعب ولهو وزينة وتفاخر بينكم وتكاثر في الأموال والأولاد﴾ الحديد/٢٠ .

ئەمجار ڕێبازی بەختەوەریی‌و سەرفرازیی نیشانی موسوڵمانان دەداو دەفەرموێ: ﴿وان تؤمنوا وتتقوا يؤتكم أجوركم ولايسألكم أموالكم﴾ ئەگەر بەڕاستی ئیمانتان هەبێ و خودا پەرستی خۆتان بەڕێك و پێکی ئەنجام بدەن، پابەندی فەرمان و جڵەو گیرییەکانی پەروەردگار بن دڵنیابن خودا لەقیامەت دا پاداشی‌کردەوەکانتان دەداتەوە،ڕەنج بەخەسار نابن.

ئەوەش بزانن خودا داوای ئەوەتان لی‌ناکا هەموو ماڵ و سامانتان ببەخشن، بەڵکوو فەرمانتان پێ دەکابەشێك لەماڵ و سامانتان لەڕێگەی زەکات و خێرو صەدەقەدا ببەخشن، خودا بۆ خۆی ئاتاجی ماڵ و سامانی ئێوە نیە، فەرمانی پێ کردون بەشێ: لەماڵ و دارایی خۆتان ببەخشن بەبرا هەژارو بێنەواکانتان، هەندێ قورسایی ژیانیان لەسەر سوك بکەن و گیانی برایەتی و هەمە ئاهەنگی و هاوکاریتان تێدا بەهێزبێ، سەرەنجام پاداشی باش وەربگرنەوەو سەرفرازیتان دەست بکەوێ.

ئیمان و خودا پەرستی ژیان لەگاڵتەو گەپەوە دەگۆڕێ بۆ جیدییەت و دەیباتە ئاستی(خلافەی راشیدە) و پەیوەستی دەکا بەعالەمی باڵاوە، هەر کاتێ ژیان خودا پەرستی و تەقواکاری تێدا بوو ژیانی حەقیقی‌یەو

موسولمان چی ببەخشێ بە فیڕۆ ناچێ و لەقیامەت دا پاداشی باش وەردەگرێتەوە، خودا بۆخۆی سروشتی ئادەمیزادی بەدیهێناوە و جۆش داوە، دەزانی چی بەکەڵکی دێ و چی لەتوانای دایە، زیاد لەئەندازەو لەتوانابەدەریان لیّ داوا ناکا، داوایان لیّ ناکا هەرچی ماڵ و سامانیان هەیە پیّبیبەخشن

﴿ان يسألكموها فيحفكم تبخلوا ويخرج أضغانكم﴾ ئەگەر پەروەردگار داوای بەخشینی هەموو ماڵ و سامانتان لیّ بکاو جەختتان لیّ بکا، لاتان قورس دەبێ و بەخیلی دەنوێنن و پابەندی فەرمانەکەی نابن و ئەوکاتە حیقدو کینەتان دەردەکەوێ.

﴿ها أنتم هؤلاء تدعون لتنفقوا في سبيل الله﴾ ئێوە ئەی موسولمانان فەرمانتان پێ کراوە بۆ ئەوەی لەڕێگەی خودادا ماڵێ خۆتان سەرف بکەن، واتە بەشێك لەماڵ و سامانتان لەجیهادو زەکات و ڕێبازی تری خێرو چاکە دابەخشن.

﴿فمنكم من يبخل، ومن يبخل فانما يبخل عن نفسه والله الغني وأنتم الفقراء﴾ هی واتان هەیە دڵی نایە کەمێ: لەماڵێ خۆی لەڕێگەی خودادا سەرف بکا، دەی چۆن دڵتان دێ هەموو سامانتان ببەخشن؟ کەسێ: بەخیل و چرۆك بێ و ماڵێ نەبەخشێ ئەوە خێرو چاکە لەخۆی دەتارێنێ، خراپەکەی بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، بەخیلی هۆکارە بۆ نشوستی و ژێر دەستەیی، ئەگەر چروك و دەست قوچاو بن دوژمن بەسەرتان دا زاڵ دەبێ و نەردوشانستان نامێنێ و خوتان و ماڵتان دەکەونە ژێر دەستی ناحەزانتان، خودا خاوەنی هەموو شتێکە، بونەوەر هەمووی ملکی ئەوە، لەهەموو شتێك بێ نیازە، پێویستی بەکەس نیەو هەموو کەسێ: ئاتاجی ئەوە، بۆیە فەرمووی:

﴿وأنتم الفقراء﴾ واتە: ئێوە ئـەی ئادەمیزادینـە بـەواقیعی موحتـاجی ڕەحمـەتی خـودان، کەفـەرمانتان پـێ دەکـا بەماڵبەخشـین بـۆ پێویسـتی خۆتانە، خودا ئاتاجی ماڵ بەخشینی ئێوە نیە .

ئەمجار داب و نەریتی خودا لەبونەوەردا ڕون دەکاتەوە، هەل و مەرجی لەناوبردنی گەل و نەتەوەیەك و هێنانی گـەل و نەتەوەیـەکیتر بـۆ شـوێنی دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿وان تتولوا يستبدل قوما غيركم، ثم لايكـون أمثالكم﴾ ئەمە وشەی کۆتای و یەکالاّ کەرەوەیە، دەفەرموێ: ئەگەر پشت لە ئیمان هەڵبکەن، واز لەتەقواو خودا پەرستی بـهێنن، وەکـوو پێویسـت شوێن شەریعەت وياسای ئیسلام نەکەون، ئەوە دڵنیابن خودا دەسەلاّت لە ئێوە دەستێنێـتەوەو گەل و نەتەوەیـەکیتر دەخاتـە شـوێنی ئێـوە، ئـەوان لەئێوە باشتر پابەندی فەرمانی خودا دەبن و وەکوو ئێوە پشت لە پـەیامی ئیسلام هەڵناکەن ..

بەکورتی پەروەردگار هەڕەشە لەموسوڵمانان دەکاو پێیان دەفـەرموێ: هەڵبژاردنی ئێـوە بـۆ هـەڵگرتنی ئـەو ئەمانەتـە کـە بانگەوازیکردنـە بـۆ ئیسـلام و خۆبەختکردنـە لـەپێناوی دا، ڕێـز لێنـان و شـکۆمەندییە بـۆ ئێوە، جا کە ئێوە خۆتان بەشیاوی ئـەو ئەرکـە نـازانن، هـەوڵ نـادەن لـەو ئاستەدا بن و پێداویستی ئەو ئەرکە ناخەنە ئەستۆی خۆتان و نرخـی ئـەو ڕێز لێنانـە نـازانن، ئـەوە دڵنیـابن خـودا ئـەو شـکۆمەندی وپیاوەتیـەتان لێوەردەگرێـتەوەو گەل و نەتەوەی تر هەڵدەبژێ بۆ هەڵگرتنی ئـەو ئەرکـە پیرۆزەو لە ئێوە باشتر ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام دەدەن!

خیتابی ئایەتەکە بۆ قورەیشییەکانە، یـان بـۆ دانیشـتوانی مەدینەیـە، بەڵکوو دەتوانین بڵێین: خیتابە کە بۆ هەموو ئادەمیزادە چین لە دوای چین، چ ئەوانەی سەردەمی نازڵبوونی قورئان یان ئەوانەی دوا ئەوان.

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی(الفتح)

ئەم سورەتە ناونراوە سورەتی (الفتح) چونکە بەموژدە دان بەسەرکەوتنی موسوڵمانان دەستی پیْ کراوە، ﴿انا فتحنا لك فتحا مبينا...﴾

ئیمام ئەحمەدو موسلیم و بوخاری فەرمودەیەکیان لەعەبدوڵلای کوڕی موغەففەلەوە ڕیوایەت کردوە، دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ ساڵێ ڕزگارکردنی مەککە لەڕێگەدا کەچوین بۆ فەتحی مەککە بەسەر وڵاغەکەوە سورەتی (الفتح) ی بەدەنگی بەرز خوێندەوە، تەرجیعی تێدا دەکردو وشەکانی دەلاراندەوە، معاوییەی کوڕی قوڕڕە دەڵێ: ئەگەر ترسی ئەوەم نەبوایە: کە خەڵك لیّم کودەبنەوە، دەق وەکوو پێغەمبەرﷺ سورەتەکەم دەخوێندەوە.

پەیوەندی سورەتی فەتح بەسورەتی (محمد) ئەوە لەچەند ڕویەکەوەیە:

١- ئاشکرایە سەرکەوتن لە ئاکامی جیهادەوە پەیدا دەبیْ و بەروبوومی جیهادو تێکۆشانە، ئەوە بوو لەسورەتی (محمد)دا باسی چۆنیەتی شەڕو جەنگانی کردو فەرمانی بەموسوڵمانان کرد: کەدەست لەدوژمن نەپارێزن، لەم سورەتەش دا باسی شکۆمەندی و بەروبوومی ئەو جیهاد و بەرەنگار بوونەوەی کرد.

٢- لەهەر دوو سورەتی(محمد) و (الفتح)دا پێناسەی موسوڵمان و کافرو دووڕووەکانی کرد.

٣- لەسورەتی (محمد)دا فەرمانی بەپێغەمبەر کرد: کە داوای لێخۆشبون بۆ خۆی و موسوڵمانان بکا، ئەم سورەتەشی بە دەستە بەربوونی لێخۆشبون دەست پێ کرد.

ئەم سورەتە وەکوو سورەتی پێش خۆی مەدەنییە، واتە: دوای کۆچکردن لەنێوان مەککە و مەدینەدا لەوکاتەدا: کە پێغەمبەرﷺ لەپەیماننامەی(الحدیبیه)دەگەڕایەوە، نازڵ بووە .

سورەتی مەدەنی تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بەزۆری هەڵس و کەتی دووڕووەکان و یاسای جیهادو عیبادات و (معاملات)ڕون دەکەنەوە، واتە: مەبەستە سەرەکییەکانی سورەتە مەدنییەکان لەوبوارانەدا خۆیان دەنوێنن، چونکە سەردەمی پاش کۆچ سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامییە، دامەزراندنی دەوڵەتیش پێویستی بە یاسا هەیە..

لەبارەی فەزڵ و گەورەیی ئەم سورەتەوە ئیمام ئەحمەدو بوخاری و تیرمیزی و نەسائی لەعومەری کوڕی خەتتابەوە ڕیوایەتیان کردوە: کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (نزل عليّ البارحة سورة أحب اليّ من الدنيا وما فيها: ﴿انا فتحنا لك فتحا مبينا ليفغر لك الله ما تقدم من ذنبك وماتأخر﴾) .

لەڕیوایەتێکی تردا فەرمودەکە بەم جۆرەیە(لقد أنزلت علي الليلة آية أحب الي مما على الأرض) دەقی ڕیوایەتی موسلیم بەم جۆرەیە (أحب الي من الدنيا جميعها) .

دەربارەی سەبەب نزولی ئەم سورەتەو بارودۆخی نازڵبوونەکەی ڕودەکەینە سیرەی پێغەمبەرو کورتە باسێکی لێوە ڕاگوێزی ئێرەدەکەین، دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺلەوکاتەدا لەمەدینە بوو بەخەو بینی: کە چووە ناو مەککەوەو تەوافی کابەی کرد، دوایی ناوەڕۆکی خەوەکەی بەهاوەڵانی ڕاگەیاندو زۆری پێ کەیف خۆش بوون ..

ئەوە بوو تەشریفی لەمانگی زیلقەعیدەی ساڵێ شەشەمی کۆچی بەمەبەستی عەمرەکردن لەمەدینەوە بەرەو مەککە کەوتە رێ، (١٥٠٠) هەزار پێنج کەس لەمهاجیرو ئەنصارو عەرەبە موسوڵمانەکانی دیکەی لەخزمەت دابوون، ئاژەڵی دیاریی لەگەڵ خۆی بردبوو، لەزیلحولەیفە ئیحرامی بەعەمرە بەست، ئومو سەلەمەی خێزانیشی لەتەك خۆی دابرد بوو.

پێغەمبەر و هاوەڵانی بەنیازی شەڕ نەچوبون و جگە لەچەند پارچە چەکێکی وا کە موسافیر پێویستی بێ هیچی تریان پێ نەبوو، کابرایەکی خوزاعەی نارد بۆ بەتاقیکردنەوەی رێگاو بارو دۆخی مەککەو هەڵوێستی قورەیش و نیازو مەبەستیان بزانێ...

..کاتێ لەعەسفان (شوێنێکە لەنێوان مەککەو مەدینەداو دوقۆناغ رێ لەمەککەوە دوورە) نزیکبونەوە بیشری کوڕی سەفیانی کەعبی: کەچاو ساغی پێغەمبەر بوو، هاتە خزمەت پێغەمبەرﷺ و عەرزی کرد: قوربان قوڕەیش بەهاتنی تۆیان زانیوە، دەیانەوێ نەهێڵن بینە ناو مەککە: هێز وتوانایەکی زۆریان کۆکردۆتەو لەهەموو بنەماڵەو خێڵەکان خەڵکیان کۆکردۆتەوەو لەشکرکێشی یەکی زۆریان کردوە، چەند حوشترێکی شیر دەریان بە بێچوەکانیانەوە هێناوە بەتەمان زۆر بمێننەوە، سورن لەسەر ئەوە: کە نەهێڵن بچینە ناو مەککەوە!

ئیتر پێغەمبەرﷺعوسمانی کوڕێ عەففانی نارد بۆلای قوڕەیشیەکان بۆئەوەی نیازی پێغەمبەریان پێ رابگەیەنێ و ئەوان جگە لە ئەنجامدانی عومرە بەنیازی هیچی تر نین، عوسمان بەرێ کەوت و پاش ماوەیێك هەواڵێ بۆ پێغەمبەر هات: کە عوسمانیان کوشتووە، ئیتر پێغەمبەرﷺ هاوەڵانی کۆکردەوە، داوای بەیعەتی لیکردن، لەژێر درەختێك دا کە لەدواییدا بە(شجرة الرضوان) ناونرا کۆبونەوەی پێکردن، هەموو هاوەڵان

پەیمانیان پیّدا: کە پشتی بگرن و خۆیان لەپێناو ئایین دا بەخت بکەن، ئەم پەیمانە ناونرا بە (بیعة الشجرة) یان (بیعة الرضوان) .

سەلەمەی کوڕیٚ ئەکوەع دەڵیٚ: ئێمە پەیمانمان بە پێغەمبەر ﷺداو فیداکاری خۆمان بۆ جەخت کردەوە: کە ڕێگای هەڵاتن نەگرینە بەر، یان سەرکەوتن یان شەهید بوون، ئەم خۆگری و سور بوونەی هاوەڵان لەسەر جیهاد و خۆبەختکردن ترسێکی زۆری خستە دڵی قورەیشەوە، خێرا داوای صوڵح و ئاشتییان کرد، هەر لەم سەرو بەندەش دا هەواڵی ئەوە بەپێغەمبەرﷺ گەیشت کە عوسمان نەکوژراوەو هەواڵەکە درۆ بووە.

پەروەردگار دەربارەی ئەم پەیماننامەیە ئایەتی﴿لقد رضي الله عن المؤمنين اذ يبايعونك تحت الشجرة...﴾ الفتح/٢٨ ، نازلٚ کرد

لەڕاستی دا ئەم پەیماننامە ئاشتی یە سەرکەوتن بوو، قۆناغی وەرچەرخان بوو، ئەوە بوو: کە پێغەمبەرﷺ گەڕایەوە بۆ مەدینە، خەیبەری ڕزگار کردو دەستکەوتەکەی بەسەر پەیماندەرانی حودەیبیە دا دابەش کرد.

وەکوو لەسیرەدا هاتووە ژمارەی بەیعەتکارانی (بیعة الرضوان) (١٥٠٠) هەزارو پێنج کەس بوو سێصەد لەوانە ئەسپ سوار بوون، مەشهووروایە دەڵێن: هەزارو چوارسەد کەس بوون!

وەکوو وترا قورەیشییەکان: کە هەواڵیٚ موبایەعەو پەیمانی هاوەڵانیان پیٚگەیشت، سوهەیلی کوڕی عەمریان کردە نوێنەری خۆیان و ناردیان بۆلای پێغەمبەرﷺ بۆ گری بەندی ئاشتی (عقد الصلح) کە پێغەمبەر سوهەیلی بینی لەدوورەوە بەرەوڕویان دەهات، فەرمووی قورەیشییەکان بەڕاستیانەو ئاشتییان مەبەستە، بۆیە ئەم پیاوە یان کردۆتە نوێنەری خۆیان، ئەمجار فەرمووی: ئێمە لەنێوان خۆمان و قورەیش دا پەیماننامە

دەنووسین و مۆری دەکەین، ئیتر بانگی عەلی کوڕی ئەبوتالیبی کرد بۆ نووسینی پەیماننامەکە..

هەر لەسەرتاوە سوهەیل: کە نوێنەری قورەیش بوو لەسەر دوخاڵ وڕکی گرت: یەکەمیان ڕازی نەبوو بنووسرێ: (بسم الله الرحمن الرحیم) وتی: دەبێ (باسمك اللهم) بنووسرێ، دووەمیان ڕازی نەبوو ناوی پێغەمبەر ﷺ بە (محمد رسول الله) بنووسرێ، وتی: دەبێ بنووسری(محمد بن عبدالله) پێغەمبەرﷺ بۆ هەر دوخاڵەکە ڕازی بوو، کە بەویستی سوهەیل تۆمار بکرێن، هەر دولا ڕێك کەوتن و پەیمانی ئاشتییان دا بۆماوەی (دە)ساڵ شەڕ ڕاگرن و خەڵکی بەئارامی و ئاسایش ژیان بەسەر بەرن.

هەر کەسێك بەبێ ئیزنی وەلی و سەرپەرشتیاری لەمەککەوە بێ بۆ لای پێغەمبەرﷺ بیگێڕێتەوە، ئەگەر لەموسوڵمانان گەڕایەوە مەککە و لەئایین پاشگەز بووەوە، قورەیشیەکان نەیگێڕنەوە بۆ مەدینە.

خاڵێکیتری پەیماننامەکە ئەوە بوو هەرکەسێك بیەوێ لەم پەیمانی ئاشتی‌یەدا بچێتە ناو بەڵێن و پەیمانی پێغەمبەرﷺ یان هی قورەیش سەرپشکەو هیچ لایەك ڕێگە نەگرن، ئەوە بوو خێڵی خوزاعە خێرا چوونە ناو عەهدو پەیمانی پێغەمبەرەوە، خێڵی بەنو بەکریش چونە پاڵ قورەیش ...

خاڵێکی تر: ئەوە بوو دەبێ موسوڵمانان ئەمساڵ بگەڕێنەوە بەبێ ئەوەی بچنە ناو مەککەوە، ساڵێ داهاتوو قورەیشیەکان مەککە چۆڵ بکەن و موسوڵمانان سێ ڕۆژ بەچەکی سواری و شمشێر لەناو کالان دا بچنە ناو مەککەوە..

هەندێ لەهاوەڵان ڕێك کەوتن و پەیمانەکەیان بەدڵ نەبوو، چونکە پێیان وابوو غەدریان لێ کراوەو مەرجەکان زۆر بەیان لەبەرژەوەندی قورەیشیەکان دان، وەلێ لەڕاستی دا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ

موسوڵمانەکان، چونکە بۆ یەکەمجار قورەیشیەکان دانیان بەوە دانا: کە موسوڵمانەکان هەن و هێزێکی سیاسی و عەسکەرین، لەهەمان کات دا ئەو هودنەو شەڕ ڕاگرتنە ماندو حەسانەوەی موسوڵمانەکانی تێدا بوو، هەلی ئەوەیان بۆ ڕەخسا: کە بانگەوازی ئیسلامی بڵاوبکەنەوەو بەم لاو بەولادا پەلیان هاوێشت و خەڵکێکی زۆر موسوڵمان بوون.

کەوابوو صوڵحی حودەیبیە خۆی لەخۆیدا سەرکەوتن بوو، یان کلیلی سەرکەوتن بوو، ئەوەتا لەکاتی صوڵحی حودیبییەدا ژمارەی موسوڵمانەکان هەزارو چوار سەد، یان کەمتر بوون، کەچی لەفەتحی مەککە دا: کە دوساڵ دوا ئەو پەیماننامەیە، ژمارەیان گەیشتە دەهەزار، کەڵەپیاوی وەکوو خالیدی کوڕی وەلیدو عەمری کوڕی عاص کە لەکاتی صوڵحەکەدا لەڕیزی قورەیشیەکان دابوون لەفەتحی مەککە دا لەڕیزی هاوەڵانی پێغەمبەر دا بوون ﷺ .

ئیبنو مەسعودو جابیر و (البراء) دەفەرمون: ئێمە ڕزگار کردنی مەککە بەسەر کەوتنی گەورەو یەکالاکەرەوە، لەقەڵەم دەدەین بەڵام ئێمە پێمان وایە سەرکەوتنی ڕاستی صوڵحی حودەیبیە یە، ئیتر پێغەمبەرو هاوەڵانی بێ ئەوەی بچنە ناو مەککەو حەج و عەمرە ئەنجام بدەن گەڕانەوە بۆ مەدینە، لەگەڕانەوەدا لەنێوانی مەککە و مەدینەدا لەشەودا ئەم سورەتە واتە: سورەتی(الفتح)نازڵ بوو.

ئیمامی ئەحمەدو ئەبوداودو نەسائی و ئیبنو جەریر لەعەبدوڵلای کوڕی مەسعود ڕیوایەت دەکەن دەڵێ: کە لەحودیبییە گەڕاینەوە بەرەبەیان لەشوێنێك لامان داو خەومان لێ کەوت، تاخۆر لێی نەداین بەخەبەر نەهاتین، ئێمە لەخەو هەڵساین هێشتا پێغەمبەرﷺ لەخەودابوو، هاوەڵان وتیان: خەبەری بکەنەوە، پێغەمبەرﷺ لەخەو هەڵساو فەرمووی: (افعلوا ماکنتم تفعلون، وکذلك یفعل من نام أو نسي) واتە نوێژی بەیانی

بە (قضا)بکەن هەر کەسێ بەهۆی خەوەوە یان لەبیر چوونەوە نوێـژی چـوو دوایـی قـەزای دەکاتـەوە! ئـەمجار سـەرژمێری وشـترەکانمان کـرد، حوشتری تایبەتی پێغەمبـەرﷺ دیـار نـەبوو، قولاغمـان کـردو دیمانـەوە، هەوسارەکەی لـەدارێك گـیرا بـوو، حوشـترەکەم بـەرەڵلا کـردو هێنـام بۆ پێغەمبەرﷺ سواری بوو..

لەکاتێکا ئێمە بەرەو مەدینـە دەهاتینـەوە، سروشـتی بـۆ نـازڵ بـوو، پێغەمبەرﷺ کە نیگای بۆ دەهـات ئـەرکی دەکەوتـە سـەرو سـواری وڵاخ بوایە وڵاخەکە چۆکی دادەدا، بۆ خۆیشی ڕەنگی سورِ هەڵدەگەڕاو ئـارەقی دەکرد، جا کە ئەو حاڵەتەی لەسەر نەما فەرمووی: سورەتی ﴿انـا فتحنـا لك فتحا مبينا...﴾ نازڵ بووە سەرم.

بەڵێ بەڕاستی پەیمانی حودەیبییە فەتحی موبین بوو، ڕزگار کـردن بـوو، ڕزگـار بـوون بـوو لەخەتـەری شـەڕی قورەیش، بۆیـە پێغەمبـەرﷺدوای پەیماننامەکە خۆی یەکلا کردەوە بۆبنەبڕ کردنی خەتەری جولەکەکان لەنێو نیوە دورگەی عەرەبی دا.

هەر کە خەتەڕی بەنوقەینوقاع و بەنونەضیرو بەنوقورەیظەی بنەبڕ کرد، ڕوی کـردە بنـەبڕ کردنـی خەتـەرێکی تـر: کـە لەهـەموو خەتـەڕەکانیتر سـامناکتر بـوو، ئـەویش بریـتی بـوو لەقـەڵای خەیبـەر کـە هەمیشـە هەڕەشەیەکی گەورە بوو لەسەر ڕێگای شام ڕێگای بازرگانی و شـادەماری ئـابوری موسـوڵمانەکان، بەپشـتیوانی پـەروەردگار قـەڵای خەیبـەر ڕزگـار کـراو مـاڵ و سـامانێکی زۆر بـووە دەسـکەوتی موسـوڵمانەکان. پێغەمبـەرﷺ دابەشـی کـرد بەسـەر ئـەو هاوەڵانـەدا: کـە ئامـادەی پەیمانی حودیبییە بوو بوون.

بەڵی پەیمانی حودەیبیە فەتحی موبین بوو، ئەو وەصفەی قورئان بۆی دیاری کردوە پڕ بەپێستیەتی، بەڵکوو دەتوانرێ بەیەکێك لەڕوداوە گرنگەکانی سیرەی پێغەمبەر لەقەڵەم بدرێ و خاڵێ وەرچەرخانی مێژووی ئیسلامە، ئەوەتا قورەیش دانیان نابەوەی: کە پێغەمبەرو هاوەڵانی هێزی سیاسی و عەسکەر بن و پێویستە حیسابی تایبەتییان بۆ بکرێ، پەیمانیان لەگەڵ دا مۆر بکرێ!

بەهرەو بەهای پەیمانی حودەیبیە

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُّبِينًا ﴿١﴾ لِّيَغْفِرَ لَكَ ٱللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنۢبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُۥ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٢﴾ وَيَنصُرَكَ ٱللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا ﴿٣﴾

(الحاكم) و هی تریش لەمیسوەری کوڕی مەخرەمەو مەروانی کوڕی (الحكم)ەوە ڕیوایەتی کردوە دەڵێن: سورەتی (الفتح) لەسەرتاوە تاکۆتایی لەنێوان مەککەو مەدینەدا نازڵ بووە.

هەردو پیری فەرمودەو ئەحمەدو تیرمیزی و(الحاكم)لە ئەنەسەوە ڕیوایەت دەکەن، دەڵێ: ئایەتی ﴿ليغفر لك الله ما تقدم من ذنبك...﴾ لە کاتی گەڕانەوەی پێغەمبەر لە صولحی حودیبیە نازڵ بووە، ئەو دەمە پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (لقد أنزلت علی آية أحب الی مما علی الأرض) ئایەتێکم بۆ سەر نازڵ بووە لەهەموو دونیام خۆشتر دەوێ . ئەمجار

ئایەتەکەی بەسەر هاوەڵانی داخوێندەوە، هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەم خەڵاتەت پیرۆز بێ، بەڕاستی خودا داهاتوی بۆ دیاری کردوی، ئەی دەبێ چی بۆ ئێمە دیاری کردبێ؟ ئیتر ئایەتی: ﴿لیدخل المؤمنین والمؤمنات﴾ تا گەیشتە ﴿فوزا عظیما﴾ نازڵ بوو .

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ : جولەکەکان بە نازڵبوونی ئایەتی: ﴿وما أدری ما یفعل بي ولابکم﴾ پێخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بەوەی: کە پێغەمبەر و موسوڵمانان ئاکام و سەرەنجامی خۆیان نازانن، وتیان: چۆن ئێمە شوێن پیاوێ بکەوین کەنازانێ چی بەسەر دێ؟؟ پێغەمبەر ﷺ زۆری ئەوە پێ ناخۆش نەبوو، ئیتر پەروەردگار ئایەتی:

﴿انا فتحنا لك فتحا مبینا﴾ نازڵ کرد. ئێمە شکۆمەندی وسەرکەوتنێکی ئاشکراو گەورەمان پێ بەخشیوەی، ئەویش صوڵحی حودەیبییەیە: کەڕێگا خۆشکەرەو کلیلی دەرگای سەرکەوتن و فەتحی مەککە بوو، هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاری بەسود و بانگەوازی ئیسلامی و چەسپاندنی ئیمان بوو، یان مەبەست بەو فەتحە ئاشکراو یەکالاکەرەوەیە خودی فەتحی مەککە یە، پەروەردگار پێش وەخت مژدەی بە پێغەمبەرﷺداوە.. کەئەو سەرکەوتنە گەورەیەی دەستگیر دەبێ.

﴿لیغفر لك الله ماتقدم من ذنبك وما تأخر﴾ بۆ ئەوەی خودا لە تاوانی ڕابردوو داهاتوت خۆش بێ ئەگەر هەتبێ.. واتە: بۆ ئەوەی لەگەڵ لێخۆشبون لەتاوان نیعمەتی سەرکەوتن و باڵا دەستیت بۆ دەستە بەر بێ، شارەزای ڕێگا ڕاست ببێ و سەرکەوتنی پیرۆز بەدەست بێنێ، شکۆمەندی دونیاو قیامەتت دەست بکەوێ.

هەڵبەتە وەکوو چەند جارێکیتر لەوەپێش ئاماژەمان پێ کردوە پێغەمبەران بەتایبەتی پاش بوونان بە پێغەمبەر (معصوم) ن، واتە:

تاوانیان نیەو شتێك ناكەن تاوان بێ، كەواتە دەبێ هەموو كاتێ وەپاڵدانی تاوان بە پێغەمبەر بەئەگەرەوە پەیوەستی بكەین و بڵێین ئەگەر تاوانی هەبێ، یان مەبەست بەتاوان، ئەنجامدانی كاری (خلاف الأولى)یە، واتە: ئەنجامدانی كاریی باش لەگەڵ ئەوەدا دەكرا كاری باشتر ئەنجام بدرێ، ئەمەش دەچێتە بواری (حسنات الأبرار سيئات المقربين) وە.

واتە هەندێ جار كردەوەی باشی پیاو چاكان بۆ ئەوانەی نزیكی بارەگای ئەقدەسن بەخراپە دەژمێردرێ!! كەمترین و پچوكترین هەڵە بۆ پێغەمبەران بەتاوان دەژمێردرێ و لەكاتێك دا لەوانەیە ئەو هەڵە بچوكە بۆ كەسانی دیكە بەچاكە بژمێردرێو پاداشتی لەسەر وەربگرێتەوە.

ئیمام ئەحمەد و خاوەنانی كتێبەكانی فەرمودە جگە لە ئەبوداود، لە موغەیرەی كوری شوعبەوە ریوایەتیان كردوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ هێندەی شەو نوێژ دەكرد و بەپێوە لەنوێژدا رادەوەستا قاچی دەهاوسان، عەرز یان كرد ئەی پێغەمبەری خودا، ئەوە تۆ بونەوەندە خۆت ماندوو شەكەت دەكەی؟ چما خودا لێت خۆش نەبووە؟ ئەوە نیە خودا لەتاوانی بەرو دوات خۆش بووە، لەوەڵام دا دەیفەرموو: **(أفلا أكون عبدا شكورا)** بۆچی بەندەیەكی سوپاسگوزار نەبم؟!

﴿ويتم نعمته عليك، ويهديك صراطا مستقيما، وينصرك الله نصراً عزيزا﴾ هەروەها بۆ ئەوەی پەروەردگار نیعمەتی خۆی بەتەواوی بۆ تۆ دەستە بەر بكا، رێزو نرخی لەدڵی موسوڵمانان دازیاد ببێ، ئایینی ئیسلام بە ناو خەڵك دا بلاو بێتەوەو گەشە بكا، بەهەر چوار لادا پەل و پۆ بهاوێن ناوچە و هەرێم رزگار بكەن، وڵات بخەنە ژێر كۆنترۆڵی خۆتانەوە، شكۆمەندی و سەربەرزی دونیاو قیامەت دەستە بەر بكەن. پەروەردگار

شارەزای ڕێبازی ڕاست و پەسندت بکا، شەریعەت و یاسای گونجاوت بۆ بنێری، لەسەر ئیمان و خودا پەرستی و فەرمانبەرداری ڕاوەستاوت بکا، زاڵت بکابەسەر دوژمنانت داو ئیتر ژێر دەستەی و چەوساندنەوەی ناحەزانت نەبینی! باڵا دەستی یاسای ئیسلام و فەرمانڕەوای دەوڵەتی ئیسلام لەناوەو دەرەوەدا دەستەبەر ببێ، پێغەمبەرﷺویڕای پلەو نیشانی پێغەمبەرێتی دەسەڵاتی ڕامیاری و عەسکەریشی بدرێتێ و پێشەوای ئاینی وسیاسی بێ!

کاریگەری صوڵحی حودەیبییە لەسەر موسوڵمان و دووڕوو موشریکەکان

هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ فِى قُلُوبِ ٱلْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوٓا۟ إِيمَـٰنًا مَّعَ إِيمَـٰنِهِمْ ۗ وَلِلَّهِ جُنُودُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٤﴾ لِّيُدْخِلَ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتِ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّـَٔاتِهِمْ ۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عِندَ ٱللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٥﴾ وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ وَٱلْمُنَـٰفِقَـٰتِ وَٱلْمُشْرِكِينَ وَٱلْمُشْرِكَـٰتِ ٱلظَّآنِّينَ بِٱللَّهِ ظَنَّ ٱلسَّوْءِ ۚ عَلَيْهِمْ دَآئِرَةُ ٱلسَّوْءِ ۖ وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِمْ وَلَعَنَهُمْ وَأَعَدَّ لَهُمْ جَهَنَّمَ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٦﴾ وَلِلَّهِ جُنُودُ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿٧﴾

لەوە پێش ئەوەی ڕاگەیاند: کە خودا فەزڵ و نیعمەتی خۆی بەسەر پێغەمبەردا رشتوەو یارمەتی دەدا و زاڵی دەکا بەسەر ناحەزانیدا، ئەمجار هەندێ فەزڵ و نیعمەتی خۆی بەسەر موسوڵمانان دا باس دەکاو برێ هۆکاری سەرکەوتن: کە خۆڕاگری و دڵ دامەزراوی موسوڵمانەکانە لەگۆڕەپانی جەنگ دا رادەنوێنێ...

دوایی داب و نەریتی خودایانەی خۆی لەبوونەورەدا ڕون دەکاتەوە، بەو جۆرە کە هەندێ کەس بەسەرهەندێکی تردا زاڵ دەکا، ورەی سەربازە خاوەن باوەڕەکان بەرزدەکاتەوە، وادەی چونەناو بەهەشت و مانەوەیان تێیدا بۆهەتا هەتایە پێ دەدا، هەڕەشە لە کافرو دووڕووەکان دەکا، عەزابی سەختی بۆ ئامادە کردون غەزەبیان لیدەگرێ و لەڕەحمەتی خۆی بێ بەریان دەکا، دەفەرموێ:

﴿هو الذي أنـزل السكينة في قلوب المؤمنين ليزدادوا ايمانا مع ايمانهم﴾ پەروەردگار خودایەکی وەهایە ڕۆژی صوڵحی حودەیبیە ئارامی و ورەبەرزی خستە دڵی خودا پەرستانەوە، لەو ڕۆژەدا مەردایەتیان نواندو فەرمانبەرداری حوکمی خودا بوون، بەدڵسۆزی و لێبڕانەوە خۆیان ئامادە کرد بۆ جەنگ وڕوو بەڕوو بوونەوەی دوژمن، خودا ورەبەرزی پێبەخشین بۆ ئەوەی دڵە کوتە یان پێ نەگاو لەتەنگانە دا ئەژنۆیان نەلەرزن و چەواشەیی ڕویان تێ نەکا، هەروەها بۆ ئەوەی دڵنیایی زیاتریان پێ ببەخشێ و ئیمانیان بەهێز ببێ. گیانی مەعنەوییان بەرز بێتەوە..!

ئیمامی بوخاری و ئیمامانیتر ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوە: کە ئیمان زیاد و کەم دەکا، هەندێ لەزانایان پێیان وایە: زیادبوونی ئیمان بریتیە لەئیمانهێنان بەشەریعەت دوای ئیمانهێنان بە تاك و تەنهایی خودا.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: یەکەم شت: کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی یەکتاپەرستی بوو، جا: کە ئیمانیان بەتاك و تەنهایی خودا هێنا، ئەمجار پەروەردگار حوکم و یاسای نوێژ و ڕۆژوو زەکات و جیهادی نازڵ کرد.

ئەمجار ئەوەرا دەگەیەنێ: کە پەروەردگار دەتوانێ تۆڵە لە کافرەکان بستێنێ، دەفەرموێ: ﴿ولله جنود السموات والأرض وكان الله عليما حكيما﴾ واتە: پەروەردگار خۆی هەڵسوڕێنەری بوونەوەرە بەفریشتەو ئادەمیزادو جندۆکەو شەیاتینی و هەموو هێزو وزەکەونییەکانی وەکوو بوومەلەرزەو بورکان و زریان ڕەشەباو لافاو دەریاو شتەکانی تر.

خودا بۆخۆی دەتوانێ یەك فریشتە بنێرێ وڵاتێ: وێران بکا، گەل و نەتەوەیەك لەناو بەرێ، وەلێ خودا کە ئەوەی نەکردوەو ئەرکی جیهاد و تێکۆشانی خستۆتە سەر موسوڵمانان و فەرمانی پێ کردون بەئەنجامدانی لەبەر بەرژەوەندییەکی گەورەو بەبەهایە. حیکمەتێکی گەورەی تێدایە، پەروەردگار هەمیشە زانایە بە بەرژەوەندی بەندەکانی و دانایە لە کردەوەکانی دا چی بکا بێ حیکمەت نیە و پڕە لەبەرژەوەندی!

﴿ليدخل المؤمنين والمؤمنات جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها، ويكفر عنهم سيآتهم، وكان ذلك عند الله فوزاً عظيماً﴾ واتە: خودا موسوڵمانان تاقی دەکاتەوە، بەزۆرشت، فەرمانیان پێ دەکا بەجیهادو تێکۆشان ڕو بەڕو بوونەوەی دوژمن، ئەرکی جۆراو جۆریان دەخاتە سەر و توشی جۆرە ها خۆشی و ناخۆشییان دەکا، بۆ ئەوەی موسوڵمانان بەئافرەت و پیاویانەوە بخاتە ناو بەهەشتەوەو کافران بە ئاگری دۆزەخ سزابدا. یان خودا کە فەتحی پیرۆزی بۆ دەستەبەر کردی، یان: کە ئارامی و سەکینەی خستە سەر دڵی موسوڵمانان بۆ ئەوەیە

ئاکامەکەی ئەوە بێ موسوڵمانان بخاتە ناو باغە جوانەکانی بەهەشتەوەو بەختەوەریان بکا، تاوانەکانیان پەردە پۆش بکا، لێیان خۆش بێ، ئەوە وادەو بەڵێنە بەبردنی موسوڵمانان بۆ ناو بەهەشت و لێخۆشبوون لەتاوانیان لەلای خودا بەمرازگەیشتنێکی گەورەو شکۆمەندە، ڕزگار بوونە لە ناخۆشی و گەیشتنە بەخۆشی و بەختەوەری وەکوو لەئایەتێکی‌تردا دەفەرموێ: ﴿فمن زحزح عن النار وادخل الجنة فقد فاز﴾ آل عمران/٣ .

جابیر ڕەزای خودای لیٚ بیٚ دەڵێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (لا یدخل النار أحد بایع تحت الشجرة) هیچ یەکێك لەوانەی لەژێر درەختی (بیعة الرضوان)دا پەیمانی داوە ناچێتە ناو دۆزەخەوە.

﴿ویعذب المنافقین والمنافقات والمشرکین والمشرکات الظانین بالله ظن السوء﴾ هەروەها بۆ ئەوەی ئەهلی دوڕوو - بەپیاوو ئافرەتەوە، بتپەرستەکان بەپیاوو ئافرەتیانەوە: ئەوانەی گومانی خراپیان دەربارەی خودا هەیە- سزایان بدا، دڵتەنگ و خەفەتباریان بکا بەهۆی ئەوە کە دەبینن ئایینی ئیسلام بڵاودەبێتەوەو گەشە دەکا، موسوڵمانان سەرکەوتن بەدەست دێنن و کافرەکان تێدەشکێن، دەکوژرێن، دەگیرێن، ماڵوێران دەبن، لەقیامەتیش دا عەزابی دۆزەخ بۆیان ئامادەیە، چونکە گومانی خراپیان بەخودا هەیە، ملکەچی حوکم شەریعەتی خودا نابن، پێیان وابو وپێغەمبەرو هاوەڵانی دەفەوتێن و نامێنن، کوفر باڵا دەست دەبێ.

وەکوو لەئایەتێکی تردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿بل ظننتم ان لن ینقلب الرسول والمؤمنون الی أهلیهم ابداً﴾ الفتح/١٢ .

لەئایەتەکەدا دوڕوەکانی پێش موشریکەکان خست چونکە زیانی دوڕووەکان لەهی موشریکەکان گەورەترەو خەتەریان لەسەر ئیسلام زیاترە.

﴿عليهم دائرة السوء وغضب الله عليهم، ولعنهم وأعدلهم جهنم وساءت مصيراً﴾ ئەو گومانە خراپەی بەموسوڵمانانی دەبەن لەسەر خۆیانە، ئەو بەدبەختی و چارە ڕەشییەی بەهیوان توشی موسوڵمانان بێ، یەخەی خۆیان دەگرێ، بەسەر خۆیان دا دەشکێتەوەو لێی قوتار نابن، خۆیان توشی کوشتن و دیلی و سەرگەردانی دەبن، وێڕای ئەوانەش خودا لێیان نارازییە، دۆزەخی بۆ ئامادە کردون, دەچنە ناوی و بۆ هەتا هەتایەتیێ یدا دەمێننەوە. بەڕاستی شوێنێکی خراپ و پڕ ئازارە بۆی دەچن، سەرەنجام و ئاکامێکی خراپە تێی دەکەون، ئەوانە بەد بەختی دونیاو قیامەتن هیچ کاتێك خۆزگەیان پێ ناخوازرێ.

ئەمجار پەروەردگار دەسەڵات و توانای بێ سنوری خۆی ڕادەگەیەنێ و دەفەرموێ: ﴿ولله جنود السموات والأرض، وكان الله عزيزاً حكيما﴾ هەموو هێزو توانایەکی ناو ئاسمانەکان و سەر زەوی هی خودایە، هەمو شتێکی بوونەور سەربازی خودان، فریشتەو ئادەمیزاد و جندۆکەو شەیتانی و هەموو هێزەکانی تر هی خودان و دەتوانێ دوژمنەکانی بپروێنێ و لەناویان بەرێ، خودا هەمیشە خاوەن دەسەڵات و باڵا دەست بووە، کەس بەسەری دا زاڵ نابێ، داناو لێنرانە لەپلان و کردەوەی دا، لەهەڵسوڕان و بەڕێوەبردنی بوونەوەردا!!

ڕیوایەت کراوە: کە پەیمانی حودەیبیە مۆر کرا عەبدوڵڵای کوڕێ ئوبەی سەرۆکی دووڕووەکان وتی: ئایا موحەمەد وادەزانێ کە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ دانیشتوانی مەککە دامۆر کرد، یان مەککەی کۆنترۆڵ کرد ئیتر دوژمنی نامێنن، خەیاڵێ خاوە، ئەی چی لەفارس و ڕۆم دەکا؟! بۆیە پەروەردگار ئەوەی ڕاگەیاند: کە سەربازانی خودا زۆرو بێئەژمارن، فارس و ڕۆم لەئاستی سەربازانی خودا دا بەهیچ دەژمێردرێن.

ئەرکی پێغەمبەر و سودی ڕەوانەکردنی و مانای پەیمان پێدانی لەحودەیبییە دا

﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَٰكَ شَٰهِدٗا وَمُبَشِّرٗا وَنَذِيرٗا ٨ لِّتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُعَزِّرُوهُ وَتُوَقِّرُوهُۚ وَتُسَبِّحُوهُ بُكۡرَةٗ وَأَصِيلًا ٩ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ ٱللَّهَ يَدُ ٱللَّهِ فَوۡقَ أَيۡدِيهِمۡۚ فَمَن نَّكَثَ فَإِنَّمَا يَنكُثُ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦۖ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ فَسَيُؤۡتِيهِ أَجۡرًا عَظِيمٗا ١٠﴾

لەوە پێش باسی پەیمانی حودەیبییەی کردو سەروەری ئەو فەتح و سەکەوتنەی ڕاگەیاند، ئەمجار باسی تایبەتمەندی پێغەمبەر دەکاو سەرنجی موسوڵمانان ڕا دەکێشێ بۆ ئەرکی سەرشانیان بەرامبەر خودا و یاساو شەریعەتی، ئەوەشیان بەگوێ دا دەدا کە ئەوانەی بەیعەتیان لەگەڵ پێغەمبەرﷺ کردوە لەڕاستی دا بەیعەتیان لەگەڵ خودا کردوە، ئەمەش ڕێزو بەهایەکی تایبەتی بەو پەیمانە مێژوویی‌یە دەبەخشێ، دەفەرموێ:

﴿انا أرسلناك شاهداً ومبشراً ونذيراً لتؤمنوا بالله ورسوله وتعزروه وتوقروه وتسبحوه بكرة وأصيلاً﴾ ئەی پێغەمبەری خۆشەویست، ئێمە تۆمان ڕەوانە کردوە شایەت بێ لەسەر ئادەمیزاد لەسەر ئومەتەکەت بەوە: کە پەیامی خۆت پێ ڕاگەیاندون مژدەی بەهەشت بە خوداپەرستان

بدەی و کافرو یاخی بووان لەعەزابی دۆزەخ بترسێنێ.. ئێمە تۆمان ناردوە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد ئیمان بێنن بە خودا و بە پێغەمبەری ، ئیمانی خۆیان بەهێز بکەن و لەدڵ دا هەست بەشکۆمەندی خودا بکەن، یارمەتی ئایینی خودا بدەن و ڕێزی لێ بگرن، یەکتاپەرستی بکەن و لەهەموو عەیب و خەوشێك بێ پارێزن، هاوەڵ و منداڵێ بۆ بەرەوا نەزانن، یان بەیانی و ئێواران تەسبیحاتی خودا بکەن، نوێژی بەیانی و نیوەڕو عەصر ئەنجام بدەن.

پێغەمبەرﷺ شایەتە بەسەر ئەو ئادەمیزادانەی بۆ سەریان ڕەوانەکراوە، شایەتی دەدا لەسەر ئەوە کە پەیامی خۆی پێ ڕاگەیاندون، ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ هێناوە، شایەتی دەدا: کە ئادەمیزاد چۆن بەپیر بانگەوازییەکەیەوە چوون، هەیانە ئیمانی پێ هێناوەو هەیانە پشتی لێ هەڵکردوە، هەشیانە دووڕووە بەڕواڵەت ئیمانی هەیەو بەموسوڵمان دەژمێردرێ، لە دڵیش دا کافرو بێ باوەڕە، هەیانە چاکە خوازو چاکەکارە، هەیانە ئاشوبگێڕو فیتنە جۆیە.

چۆن پەیامی خۆی گەیاندوە، ئاواش شایەتی دەدا، موژدەی خێرو خۆشی و بەختەوەری بەخودا پەرستان دەدا، کافرو مونافیق و یاخی بووان لەسەرەنجامی بەدبەختی و عەزابی دژوار دەترسێنێ.

﴿ان الذين يبايعونك انما يبايعون الله﴾دڵنیابە ئەی پێغەمبەر: ئەوانەی لەژێر درەختی (الرضوان)دا ڕۆژی حودەیبییە پەیمانیان پێدای لەسەر جیهادو شەڕو خۆیەختکردن دژی قورەیش، ئەوە بەیعەتیان لەگەڵ خودادا مۆر کردوە، پەیمانیان بە ئەو داوە، ئەوان گیان و ماڵی خۆیان فرۆشتووە بەبەهەشت و سەودایەکی سودمەندییان گرێ داوە، چونکە لەڕاستی دا فەمانبەرداری پێغەمبەرﷺ فەرمانبەرداریی پەروەردگارە، گوێڕایەڵی بۆفەرمانی پێغەمبەرﷺ گوێڕایەڵییە بۆفەرمانی خودا.

﴿يد الله فوق ايديهم﴾ پەروەردگار هەمیشە لەگەڵیان دایەو ئاخاوتنیان دەبیسی ئاگاداری هەڵوێست بیروباوەڕیانە، کەوابوو بەیعەتدان بە پێغەمبەر بەیعەتدانە بەخودا، یان دەتوانرێ بەگوێرە بیرو باوەڕی زانایانی سەلەف بڵێین: دەستی خودا لەژوور دەستی ئەوانەوەیە کە ئامادەی پەیمانی ژێر درەختی (الرضوان) بوون، ئەو پەیمانەی دایانە پێغەمبەرﷺ لەڕاستی دا داویانەتە خودا .

﴿فمن نكث فانما ينكث على نفسه، ومن آوفى بماعاهد عليه الله فسيؤتيه أجراً عظيماً﴾ کەسێك پەیمان بشکێنێ و لەو سەودایە پەشیمان بێتەوە، ئەوە زیانی ئەو بەیعەت شکاندنە لەسەرخودی خۆیەتی‌و بۆ خۆی خەسارەتمەندەو کەسی تر زیانی لێ ناکا، کەسێکیش وەفا بەعەهدو پەیمانی خۆی بکاو ئەوەی لەسەر شانیەتی ئەنجامی بدا، ئەو خودا پاداشی گەورەی دەداتێ و دەیخاتە ناو بەهەشتەوە، ڕەزامەندیی خۆی لێیان ڕادەگەیەنێ، وەکوو لەئایەتێکی تردا فەرموی ﴿لقد رضي الله عن المؤمنين اذ يبايعونك تحت الشجرة فعلم مافي قلوبهم فأنزل السكينة عليهم، واثابهم فتحا قريبا﴾ الفتح/١٨ .

ئەم بەیعەت و پەیمان پێدانەی: کە موسوڵمانەکان دایانە پێغەمبەرﷺ بەیعەتی ژێر درەختی (رضوان) بوو، لەحودەیبییە لەژێر درەختی (سەمورە) دا خودا پەرستان پەیمانێکی مێژوویان دایە پێغەمبەرو خۆیان ئامادە کرد بۆ خۆبەختکردن و فیداکاری، بۆیە ڕەزامەندیی خودایان بەدەست هێنا، خودا لەکەلامی بەرزو پیرۆزی خۆی دا بەو جۆرە ڕەزامەندی خۆی لێیان تۆمار کردوە .

ژمارەی ئەو هاوەڵە بەرێزانە هەزارو چوارسەد کەس بووە، هەندێ ڕیوایەتیش هەن دەڵێن هەزارو سیسەد یان هەزارو پێنج سەد کەس بوون .

حاڵ و وەزعی خۆپاشدەرەكان لەچون بۆ حودەیبییە

سَيَقُولُ لَكَ الْمُخَلَّفُونَ
مِنَ الْأَعْرَابِ شَغَلَتْنَا أَمْوَالُنَا وَأَهْلُونَا فَاسْتَغْفِرْ لَنَا ۚ يَقُولُونَ
بِأَلْسِنَتِهِم مَّا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ ۚ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ لَكُم مِّنَ اللَّهِ
شَيْئًا إِنْ أَرَادَ بِكُمْ ضَرًّا أَوْ أَرَادَ بِكُمْ نَفْعًا ۚ بَلْ كَانَ اللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ
خَبِيرًا ﴿١١﴾ بَلْ ظَنَنتُمْ أَن لَّن يَنقَلِبَ الرَّسُولُ وَالْمُؤْمِنُونَ إِلَىٰ
أَهْلِيهِمْ أَبَدًا وَزُيِّنَ ذَٰلِكَ فِي قُلُوبِكُمْ وَظَنَنتُمْ ظَنَّ السَّوْءِ
وَكُنتُمْ قَوْمًا بُورًا ﴿١٢﴾ وَمَن لَّمْ يُؤْمِن بِاللَّهِ وَرَسُولِهِ فَإِنَّا
أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَعِيرًا ﴿١٣﴾ وَلِلَّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ
يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ ۚ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا
رَّحِيمًا ﴿١٤﴾ سَيَقُولُ الْمُخَلَّفُونَ إِذَا انطَلَقْتُمْ إِلَىٰ
مَغَانِمَ لِتَأْخُذُوهَا ذَرُونَا نَتَّبِعْكُمْ ۖ يُرِيدُونَ أَن يُبَدِّلُوا
كَلَامَ اللَّهِ ۚ قُل لَّن تَتَّبِعُونَا كَذَٰلِكُمْ قَالَ اللَّهُ مِن قَبْلُ ۖ
فَسَيَقُولُونَ بَلْ تَحْسُدُونَنَا ۚ بَلْ كَانُوا لَا يَفْقَهُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٥﴾

قُل لِّلْمُخَلَّفِينَ مِنَ ٱلْأَعْرَابِ سَتُدْعَوْنَ إِلَىٰ قَوْمٍ أُوْلِي بَأْسٍ شَدِيدٍ تُقَٰتِلُونَهُمْ أَوْ يُسْلِمُونَ فَإِن تُطِيعُواْ يُؤْتِكُمُ ٱللَّهُ أَجْرًا حَسَنًا وَإِن تَتَوَلَّوْاْ كَمَا تَوَلَّيْتُم مِّن قَبْلُ يُعَذِّبْكُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٦﴾ لَّيْسَ عَلَى ٱلْأَعْمَىٰ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْأَعْرَجِ حَرَجٌ وَلَا عَلَى ٱلْمَرِيضِ حَرَجٌ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ يُدْخِلْهُ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ وَمَن يَتَوَلَّ يُعَذِّبْهُ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٧﴾

لەوە پێش باسی هەڵوێستی دووڕووەکانی کرد، ئەمجار دێتە سەر باسی کۆمەڵێك خۆ دزەرەوەو خۆ پاشدەر، ئەمانەش کۆمەڵێك ئەعراب بوون خێڵی ئەسلەم و جوهینەو موزەینە و غیفارو ئەشجەع و دییەل) لەگەڵ پێغەمبەردا هاوبەشی چونە غەزایان نەکرد، چونکە پێیان وابوو پێغەمبەرو هاوەڵانی لەم سەفەرەیان دا سەرکەوتوو نابن .

دەفەرموێ: ﴿سيقول لك المخلفون من الأعراب شغلتنا أموالنا وأهلونا، فاستغفر لنا﴾ ئەی پێغەمبەر! لەوە بەولاوە خۆپاشدەرو خۆدزەرەوە عەرەبەکان لەچۆن بۆ غەزاو جیهاد لەپێناو ئایین دا دێنە لات و عوزر دێننەوە بۆ نەهاتیان بۆ جیهادو جەنگان دژی دوژمن، دەڵێن: هۆی نەهاتنمان لەگەڵ تۆدا بۆ جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمن هەڵەو گیربوونمان بوو بەماڵ و منداڵمانەوە، مەشغەڵەت و کارو کاسبی و پارێزگاری کردنی ماڵ و منداڵمان وای لێ کردین نەتوانین ئامادەی بەرەکانی جەنگ ببین، نەهاتنمان بەهۆی سەرپێچیکردن و یاخی بوون

لەفەرمانی تۆ نەبوو، بۆیە داوات لیّ دەکەین لەخودا بپاڕێیەوە لێمان خۆشبیّ و عوزرمان قبوولّ بیّ!!

هەڵبەتە ئەمە یەکێکە لەموعجیزەکانی قورئان، پێش وەخت لەڕێگەی گەڕانەوەی پێغەمبەرﷺ لە صولّحی حودەیبییە پەروەردگار هەواڵی پێدا: کە دواکەوتووەکان لەجەنگ دێنەلات و پاساو بۆ خۆپاشدانەکەیان دێننەوە، دیانەویّ تاوانەکەیان بەوبیانوە بیّ جێیە داپۆشن، لە ڕاستی دا ئەوانە تاوانباربون و بەئەنقەست خۆیان لە چۆن بۆ ئەو سەفەرە پاش دابوو، پێیان وابوو پێغەمبەرو هاوەڵانی تێدا دەچن و لەو سەفەرەدا سەرکەوتو نابن، بۆیە پەروەردگار بەدرۆی خستنەوەو فەرمووی:

﴿يقولون بألسنتهم ماليس في قلوبهم﴾ ئەوانە ئەو عوزرو پاساوەیان لەدڵەوە نیە، لەبیرو باوەڕەوە هەڵناقوڵیّ، قسەیەکە و بەزوبان دەیکەن، دەیانەویّ بەچاوو ڕاو بەدرۆو دەلەسەخۆیان ڕزگار بکەن، هۆی ئامادە نەبوونیان ترسان لەجەنگ و ڕوبەڕو بونەوەی قوڕەیش بوو، پێیان وابوو پێغەمبەروهاوەڵانی لەوجەنگەدا تێدەشکێن توشی چورتم و فەوتان دەبن.

﴿قل: فمن يملك لكم من الله شيئا ان أراد بكم ضرا أو أراد بكم نفعا، بل كان الله بما تعملون خبيراً﴾ ئەی پێغەمبەر پێیان بێژە: کیّ دەتوانیّ: ئەوەی خودا لەچارەی نووسیبون لەخێرو شەڕ بیگێڕێتەوە؟! کیّ دارای ئەوەی هەیە قەزاو قەدەری خودا ڕەت بکاتەوە؟ واتە: هیچ کەس ناتوانیّ ویستی خودا بەربەست بکاو نەهێڵیّ بێتە جیّ، بەڵکوو لەڕاستی دا دواکەوتنەکەتان لەترسان بووە، خوداش ئاگاداری نیازو کردەوەکانتانە، دەزانیّ: نەهاتننتان بۆ جەنگ بەهۆی هەڵەو گیربوون بەماڵ و منداڵەوە نەبوو، بەڵکوو لەبەر گومانی خراپ و ترسان لە قوڕەیش و هاوپەیمانەکانیان بوو، بتمانەتان بەیارمەتیدانی خودا نەبوو .

﴿بل ظننتم أن لن ینقلب الرسول والمؤمنین الی أهلیهم أبداً، وزین ذلك في قلوبكم وظننتم ظن السوء، وكنتم قوما بوراً﴾ بەڵكوو گومانتان وابوو: كە پێغەمبەرو هاوەڵانی لەم سەفەرەدا هەموویان دەكوژرێن و لە بێخ دەردەهێنرێن و كەسیان لێ ناگەڕێتەوە بۆ ناو ماڵ و خێزانی خۆی، بەخەیاڵێ خۆتان خۆتان لەو فەلاكەت و هیلاكەتە پاراست و شەیتان ئەو گومانەی لەدڵتان دا شیرین كردو ئەو كارە ناشیرینەی لەپێش چاو جوان كردن، ئێوەش پەیڕەوی فەرمانی شەیتانتان كردو پێڕو تاقمێكی خوێڕی و فەوتاوو بێ خێربوون .. واتان لەخۆتان كرد بەكەڵكی هیچ كارێكی باش نەیەن و شیاوی عەزابی سەخت بن!خۆتان دەرخست: كەبێ بڕوان!

﴿ومن لم یؤمن بالله ورسله فأنا أعتدنا للكافرین سعیراً﴾ هەر كەسێك بڕوای بەتاك و تەنهایی خوداو ڕاستی ئاینی ئیسلام نەبێ و شوێن پەیامی پێغەمبەری خودا نەكەوێ، فەرمانبەرداری فەرمانی خودا نەبێ و بەدڵسۆزی ئەركی سەرشانی ئەنجام نەدا، نیشانەی ئەوەیە كافرو بێ بڕوایە، ئێمەیش بۆ ئەوانەی ئاوا كافرو بێ بڕوان، سزای سەختی دۆزەخمان ئامادە كردوە.

﴿ولله ملك السموات والأرض، یغفر لمن یشاء ویعذب من یشاء، وكان الله غفوراً رحیماً﴾ خودا خاوەن دەسەڵات و توانای ڕەهاو بێ سنوورە، هەرچی بیەوێ لەئاسمانەكان و زەوی دا ئەنجامی دەداو كەس نیە بتوانێ بێیتەلەمپەڕ لەبەردەم ویستەكانیدا، چۆنی بوێ ئاواكارو باری بوونەوەر هەڵدەسوڕێنێ، بەویستی خۆی لەهەندێ تاوانبار خۆش دەبێ و سزایان نادا، هەندێكی تریش بەئاگری دۆزەخ سزادەدا، كەس نیە حوكم و بڕیارەكانی ڕا بگرێ، یان هەڵیان وەشێنێتەوە ..

هەمیشە خودا لێخۆشبوو تاوانپۆشی بەندە تۆبەکارەکانیەتی، خاوەن ڕەحم و بەزەییە بۆ هەموو خەڵك، وێڕای ئەو هەموو کوفرو بێ دینی‌یەیان لەدونیادا مۆڵەتیان دەدا بۆ ئەوەی بەخۆیان دا بچنەوەو تۆبە بکەن، ڕەحمەت و لێخۆشبوونی خۆی تایبەت دەکا بەکەسانێك: کە بیەوێ لێیان خۆش ببێ.

ئەمجار پەروەردگار پەردەلە سەر درۆو دەلەسەی خۆ پاشدەرەکان هەڵدەداتەوە، بەدرۆیان دەخاتەوە لەوەدا کە گوایە هەڵەو گیر بوونیان بەماڵ و منداڵەوە بووەتە کۆسپ و بۆیان نەکراوە ئامادە بن، ئەوەتا کاتێك ئێوە ئەی پێغەمبەر دەچن بۆ شەڕێ خەیبەر بەخەیاڵێ ئەوان ئێوە سەرکەوتن بەدەست دێنن و دەسکەوتان زۆر دەبێ، دەڵێن: باڵەگەڵتان دا بین. دەفەرموێ:

﴿سیقول المخلفون: اذا انطلقتم الی مغانم لتأخذوها، ذرونا نتبعکم﴾ لەمە بەولاوە کە دەچن بۆ دەست بەسەراگرتنی ماڵ و سامانی جولەکەکانی خەیبەر ئەو خۆپاشدەرو خۆدزەرەوە ئەعرابانە داواتان لی‌دەکەن و لێیتان دەپاڕێنەوە دەڵێن: ڕێگەمان بدەن باڵەگەڵتان دا بین و هاوکاریتان بکەین، چونکە ئەوان دڵنیابوون لەوەی: کە خودا وادەی بەموسوڵمانان داوە: کە خەیبەر دەخاتە بەر دەستی موسوڵمانەکان و دەسکەوتەکەی دابەش دەکرێ بەسەر ئەوانەدا: کە ئامادەی پەیمان و صوڵحی حودەیبییە بووە.

بەکورتی دەفەرموێ: ئەوانە ئەگەر ڕاستیان بکردایە: کەسامان و ماڵ و منداڵیان هەڵەو گیری کردون و نەیانتوانیوە ئامادەی حودەیبییە بن، نەدەپاڕانەوە: کە لەتەك پێغەمبەردا بچن بۆ خەیبەر!

﴿یریدون أن یبدلوا کلام الله﴾ ئەوانە دەیانەوێ وادەو بەڵێنی خودا بگۆڕن، خودا وادەی داوە بەپێغەمبەرو موسوڵمانان کەماڵ و سامانی

جولەکەکانی خەیبەر دەخاتــە دەسـکەوتی موسـوڵمانان و دابـەش دەکـرێ بەسەر ئەوانەدا ئامادەی حودەیبییە بوون، ئەوانە دەیانەوێ خۆیان بکەنــە هاوبەشی ئەو فەتحەو دەسکەوتیان ببێ..

ئەوە بوو پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺکرد کە بچـێ فـەتحی خەیبەر بکاو جگە لـەئامادە بووانـی حوودەیبییـە کەسـیتر لەگـەڵ خـۆی نـەباو دەسـکەوتەکەش هـەر بەسـەر ئـەوان دا دابـەش بکـا ﴿قـــل: لــن تـتبعونا، كذالك قال الله من قبل﴾ ئەی پێغەمبەر! بەبێ پێچ و پـەناپێیان بڵـێ: ئێــوە لەگــەڵمان نایــەن بــۆ خەیبــەر، نــابێ بێــن، ئــەوە بڕیاری پەروەردگارەو پێش گەڕانــەوەمان لەحودەیبییـە خـودا ئەمـەی پـێ ڕاگــەیاندوین، بڕیــاری پــەروەردگارەو هەڵناوەشــێتەوە، دەســـکەوتی خەیبەر تەنها بۆ ئەوانەیە ئامادەی پەیمانی حودەیبییە بـوون و کەسـی تـر بەشی تێدا نیە .

﴿فسيقولون: بل تحسدوننا﴾ کاتێك خۆپاشدەرەکان ئەم بڕیارە دەبیستن دەڵێــن: نەخـەیر شـتی وانیـە، ئـەوە حەسـودی و بـەرچاو تەنگیـیــە: کــە ڕێگەمان نادەن لەگەڵتان دا بێین بۆ خەیبەر، دەتانەوێ دەسـکەوتەکە بـۆ خۆتــان پــاوان بکـەن و بەشـی ئێمـەی تێـدا نــەبێ، پــەروەردگار ڕەدیــان دەداتەوەو دەفەرموێ:

﴿بل كانوا لا يفقهون الا قليلا﴾ نەخــەیر وانیـە ئـەوان بەهەڵـە چـون، هەرگیز ئێوەی موسوڵمان و خودا پەرست حەسـود و بـەرچاو تـەنگ نـین، پێتان ناخۆش نیە ئەوانیش دەسکەوتی جەنگیان دەست بکـەوێ، بـەڵکو ئەوانە کەم تێدەگەن و لەکاروباری ئایین نازانن، هیچ لەوە حــاڵی نـین: کـە جـەنگ کـردن و جیـهاد لـەبـەر ڕەزامــەندی خودایـە و بـۆ دەســـتکەوت و غەنیمەت نیە.

ئەوانە لەکاروباری دونیاییدا شارەزاو کارامەن، وەلێ دەربارەی ئایین کەم فام و کەو دەنن، هەر لەڕوی نەزانی و نەفامییانە کە هەوڵ دەدەن حوکمی خودا هەڵوەشێننەوە، موسوڵمانان بەحەسودو بەرچاو تەنگ لەقەڵەم دەدەن، ئەوانە تێفکرین و لێ وردبوونەوەیان نیە، گەل و نەتەوەیەکی مادی و مادەپەرستن، لەکاروباری دونیادا شارەزان ..

ئەمجار پەروەردگار ئەوە رون دەکاتەوە: کە گۆڕەپانی جیهادو جەنگان لەگەڵ دوژمن بەرفراوان و دورودرێژە، ئەگەر ئەوانە بیانەوێ دڵسۆزی خۆیان و پێغەمبەرو موسوڵمانان بچەسپێنن، دەفەرموێ:

قل للمخلفين من الأعراب ستدعون الى قوم أولى بأس شديد تقاتلونهم أويسلمون﴾ ئەی پێغەمبەر! بەو ئەعرابە پاشکەوتووە خۆپاشدەرانە بلێ: ئەگەر دەیانەوێ بەڕاستی ئیمان بهێنن و بێنە ژێر سایەی ئیسلامەوە و خۆیان لە ریزی جەنگاوەرانی ئیسلام دا پۆلێن بکەن، پێیان بلێ: لەوە بەولاوە ئێوە ڕوبەڕوی گەل و نەتەوەیەکی ئازاو نەبەردو مەرد دەبنەوە، خۆتان بۆ شەڕ لەگەڵ نەتەوەیەکی خۆڕاگرو پشوو درێژ و توندو تۆڵ و بەهێزو توانا ئامادە دەکەن ، جا ئەو گەل و نەتەوەیە یان ئەوەتا شەڕتان لەگەڵ دەکەن یان ئیمان دەهێنن ..!

ڕاڤەکەرانی قورئان دەربارەی دیاریکردنی ئەو گەل و نەتەوەیە زۆر ڕاوو بۆچونیان دەربڕیوە: هەندێك پێیان وایە مەبەست هۆزی هەوازین و غەتەفانە کەموسوڵمانان دوای ڕزگار کردنی مەککە ساڵی هەشتەمی کۆچی شەڕیان لەگەڵ کردن.

هەندێ: دەڵێن: مەبەست بەو گەل و نەتەوەیە هۆزی (ثقيف)ە هەندێکی تر دەڵێن: مەبەست بەو گەلە هۆزی بەنوحەنیفەیە کە بەپیلانی موسەیلیمەی درۆزن دوای لەدونیا دەرچوونی پێغەمبەرﷺ هەڵگەڕانەو خۆیان تەیار کرد بۆ شەڕ لەگەڵ موسوڵمانان.

هەر وا هەندێ هۆزو خێڵی تریش لەئیسلام پەشیمان بوونەوەو هەڵوێستی دژ بەئاینیان نواند، حەزرەتی ئەبوبەکر شەڕی لەگەڵ کردن و بەسەریان دا زاڵ بوو، ئەوی کوژرا کوژرا و ئەوانی تر موسوڵمان بوونەوە، زۆربەی راڤەکەرانی قورئان ئەم رایەیان بەلاوە پەسندە چونکە ئایەتەکە دەفەرموێ:

﴿تقاتلونهم أو یسلمون﴾ یان موسوڵمانبون یان بەشمشێر لەملیان دەدرێ بەلای ئەبو حەنیفەوە تەنها عەرەبە موشریکەکان و پاشگەزبووەکان سەرانە(جزیە)یان لێ ناسەندرێ بەڵکوو یان دەبێ ئیسلام قبوڵ بکەن یان دەکوژرێن، جگە لەوان دەتواندرێ سەرانەیان لێبسێندرێ.

شافیعی دەفەرموێ: سەرانە تەنها لە ئاگر پەرست (مجوس) و ئەهلی کیتاب (جولەکەو فەلە) وەردەگیری، لەموشریکی عەرەب و ناعەرەب وەرناگیرێ. هەندێکی تر پێیان وایە ئەو قەومە ئەهلی فارس و رۆم و وەسەنییەکانن.

برێکیتر دەڵێن: ئەو قەومە کوردە، سەفیان لە ئەبوخالیدەوە لەباوکییەوە لە ئەبو هورەیرەوە بۆ دیاریکردنی ئەو گەل و نەتەوەیە دەفەرموێ: (هم البارزون). هەرسەرفیان لە (الزهری)یەوە لەسە عیدی کوری موسەییەبەوە لە ئەبو هورەیرەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (لاتقوم الساعة حتی تقاتلوا قوماً صغار الأعین ذلف الأنوف کأن و جوهم المجان المطرقة) سەفیان دەڵێ: مەبەست گەلی تورکە.

ئیبنو ئەبوعومەر دەڵێ: لە شوێنێکی تردا من دیومە ئەبو خالید لەباو کییەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: ئەبو هورەیرە هاتە لامان و تەفسیری رستەی (لاتقاتلوا قوماً نعالهم الشعر)ی بۆ کردین فەرمووی: (هم البارزون)

واتە: گەلی کورد[١] تەنانەت هەندێ کەس بۆ ئەوە چون کە عەشیرەتی بارزان بەم بۆنەوە ناوی خۆی وەرگرتبێ لە(بارزان)ەوە, واتە: لە (البارزون) وەرگیراوە .

لە ڕیوایەتی موسلیم و بوخاری دا هاتووە: ئەبوهورەیرە دەفەرموی: صحبت رسول الله ﷺ ثلاثة سنين وفي أخرى اربع سنين والكل صحيح بحذف الشهور فى الأولى وادخالها فى الثانية، لم أكن في سنى أحرص على أن أعي الحديث مني فيهن، سمعته يقول: وقال هكذا بيده بين يدى الساعة تقاتلون قوما نعالهم الشعر وهو هذا البارز) ئەمجار خاوەنی اقتران النيرين[٢] لەراڤەی حەدیثەکەدا دەفەرموێ: (الظاهر انه برزان الذي بموصل وهم الأكراد الساكنون هناك) .

عبدالرحمن بەگی بابان لەشعیرێکی دا ئاماژە بەوە دەکا: کە ئەو قەومە گەلی کوردەو دەڵێ:

لەسورەی (فەتح) دا بەم ئایەتە دڵ شادو مەسرورە
﴿ستدعون الى قوم﴾ ئیشارە کوردی غەییورە
﴿أولى بأس شديد﴾ وەسفی قەومێ بێ لە قورئانا
بە ئازادی دەژی و دائیم لەدیلی و ئیستیلا دوورە

مێژوو شایەتی ئەوەیە: کە هیچ گەل و نەتەوەیەك وەکوو گەلی کورد بە ئاشتی موسوڵمان نەبوە، تەنانەت لە هەموو کوردستان دا شەڕێکی خوێناوی لەنێوان سوپای ئیسلام و دانیشتوانی کوردستان روی نەداوە، بەڵکوو بەنزیك بوونەوەی سوپای ئیسلام لە سنوورەکانی کوردستان, خەڵکەکە بەویستی خۆی پێشوازییان لەو سوپا ڕزگارکەرە پیرۆزە کردوە، ئازادیی خۆیان لە موسوڵمانبون و شوێنکەوتنی ئەو ئایینە پیرۆزەدا

---

(١) تەفسیری ابن‌کثیر ج٤/١٧٣٦ .
(٢) اقتران النيرين في مجمع البحرين (بەرگی سێهەم، لاپەڕەی ٩٨)

دۆزیوەتەوە. ئەگەر کوردێك بەدەستی موسوڵمانان کوژرابێ لە شەڕی نەهاوەندا کوژراوە نەك لە کوردستان دا.

ئەوە بوو کەفارسەکان لە شەڕی (قادسیە)دا تێشکان و زۆربەی سوپاکەیان بەدەستی موسوڵمانان تارو مار کرا، کیسرای ئەوکاتە کە (یەزدوجورد) بوو هانای بۆ سەرەك هۆزە کوردەکان هێنا و لێیان پاڕایەوە کە بەهانایەوە بچن و یارمەتی بدەن ، زۆربەی سەرەك هۆزە کوردەکانی هەڵخەڵەتان و ڕۆڵەکانی خۆیان گرد کردەوەو بۆ شەڕی بەناو بانگی نەهاوەندیان ڕەوانە کردنن ڕۆڵەکانی خۆیان کردە سوتەمەنی و بەهەزاران لاوی کوردی بەدبەختی بە زۆر نێردراو بۆ شەڕی تێدا کوژرا.

ئەگینا لەسەرتا سەری کوردستان دا بەدەگمەن نەبێ صەحابەیەك بەدەستی کورد شەهید نەکراوەو کوردێکیش بەدەستی ئەوان نەکوژراوە، ئەوەکتێبی (الاصابة فی تمیز الصحابة) ئەوە کتێبی (أسد الغابة في معرفة الصحابة) ئەوە کتێبی (الاستیعاب فی معرفة الأصحابە) ئەوە کتێبی (حیاة الصحابة)ی یوسف کاندهلوی کەئەمانە سەرچاوەی زانیارین دەربارەی ژینامەی هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەم سەرچاوانەدا بەدەگمەن نەبێ نابینین هاوەڵێکی پێغەمبەرﷺ لە کوردستان دا شەهید کرابێ.

دەگمەنیش ئیعیتباری بۆ ناکرێ، خۆ ئەگەر وەکوو باوەو هەندێ لەنووسەرە داخ لە دڵەکانی کورد و فارس بەرامبەر بە سوپای ئیسلام نووسیویانە، شەڕو هەرا لە نێوان دانیشتوانی کوردستان و سوپای ڕزگاریکەری ئیسلام دا بەو شێوەی ئەوان نووسیویانە ڕوی بدایە، دەبوایە بەدەیان لە هاوەڵان شەهید بکرانایە و ئەو سەرچاوانە هۆکاری شەهید بون و شوێنی شەهیدبوونیانی دیاری بکردایە!!

کەوابێ دانیشتوانی کوردستان بەویستی خۆیان موسوڵمان بوون، وەکوو زەوی بە هارێکی وشك و تینوو چاوەڕێی بارانی ڕەحمەت بێ،

ئـەوانیش چـاوەڕێی هـاتنی ئـایینی پـیرۆزی ئیسـلام بـون و کـە پێیـان گەیشتوە بێ چەندو چون باوەشیان بۆ گرتۆتەوەو کە سایەتی خۆیان لە ژێر سـایەی ئـەو پەیامـە پـیرۆزەدا دۆزیوەتـەوە، لـەو سـاوەو هـەتا دونیا دونیایە خودا پشتیوان بێ ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا لە گەشـەو نەشـەدایە، ڕیـشەی موسـوڵمان لـە نـاو دانیشـتوانی کوردسـتاندا لـە پلەی بەرزی دایە و نایەتە خـوار! هـەروەکوو لـە ڕابـردوودا لـە هەرەپلـەی بەرزی دابووە!

ئەمجار خودا موژدەدا بەو ئەعرابە سارانشینانە ئەگەر فەرمانبەرداربن، هەڕەشەی توندیان لیٚ دەکا ئەگەر سەرپێچی بکەن: دەفەرمویٚ:

﴿فان تطيعوا يؤتكم الله أجراً حسناً، وان تتولوا كما توليتم من قبـل يعذبكم عذاباً اليماً﴾ ئەگەر فەرمانبـەرداری فـەرمانی خودابـن و بـە پـیر بانگەوازی جیهادەوە بچن و ئەرکی سەرشانی خۆتان بەڕێك وپێکی ئەنجام بدەن، خودا پاداشی باشتان دەداتەوە سەرکەوتوویی و دەسکەوتی جـەنگ لە دونیادا، بەهەشتی ڕازاوە لە قیامەتدا.

خۆ ئەگەر پشتْ هەڵبکەن خۆتان لە جیـهاد بشـارنەوە وەکـوو چـون لـە چون بۆ (حدیبیە)خۆتان پاش دا ئەوە دڵنیابن خودا سزای توندتان دەدا؛ لە دونیـادا ژێـر کـەوتن و ژێـر دەسـتەیی و کوشـتن، لەقیامـەت دا عـەزابی سـەختی دۆزەخ. چونکـە خـۆ دزینـەوە لـە جیـهاد تـاوانێکی گەورەیـەو سزاکەی دەبیٚ کوشندەبیٚ.

ئەمجار پـەروەردگار هـەندێ خـاوەن عـوزر لـە و حوکمـە چـەرت دەکـاو دەفەرمویٚ: ﴿ليس على الأعمى حرج ولا على الأعرج حرج، ولاعلـى المريض حرج﴾ کوێرو شەل و نەخۆش چ حەرەجێکیان لەسەرنیە ئەگەر لە چون بۆ جیهاد دوابکـەن، هـەتا عوزریـان بـاقی بـێ بەنـەچون بـۆ جیـهاد

تاوانبارنابن، هەرکاتێ چاکبوونەوەو عوزریان نەما حوکمەکە دەیانگرێتەوە ، دوا بەدوای ئەو چەرتکردنە ئادەمیزادەکان هەڵدەنێ بۆ جیهادو فەرمانبەرداری فەرمانی خوداو شوێنکەوتنی پەیامی پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ:

﴿ومن يطع الله و رسول يدخله جنات تجرى من تحتها الأنهار ومن يتول يعذبه عذاباً أليماً﴾ دەفەرموێ: کەسێك بەندایەتی خودا بکاو بەدڵسۆزی شوێن پەیامی پێغەمبەری خودا بکەوێ، لەتەك خاوەن باوەڕان دا جیهاد بکا، داکۆکی لە ئایینی خودا بکا، ئەوە بادڵنیابێ کە ڕۆژی قیامەت خودا دەیخاتە ناو بەهەشتی ڕازاوەو؛ ناو باخ و باخاتێك کە بەژێر فەصرو درەختەکانیان دا جۆگاو جۆبار دەکشێن و ئەوەندەی‌تر جوانی‌و ڕازاوەیی دەبەخشن بە خانوو بەرەو باخەکان!

کە سێکیش پشت لە فەرمانی خودا هەڵبکا، شوێن پەیامی پێغەمبەر نەکەوێ، خۆ لە جیهادو تێکۆشان لە پێناو ئایین دا بدزێتەوەو خۆ پاش بدا، ئەوە بابزانێ خودا لە دونیادا سزای زەلیلی و ژێر دەستەیی دەدا و لە قیامەت دا توشی عەزابی سەختی دۆزەخی دەکا.

دەسکەوت و پاداشتی پەیماندارانی ژێر درەختی سەروەری مەشهور بە (بیعة الرضوان)

لَّقَدْ رَضِىَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ ٱلشَّجَرَةِ فَعَلِمَ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ عَلَيْهِمْ وَأَثَٰبَهُمْ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿١٨﴾ وَمَغَانِمَ كَثِيرَةً يَأْخُذُونَهَا ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٩﴾

لەوەوپێش وەزع و حاڵ و سەرەنجامی ئەوانەی بەیان کرد: کە لەچون بۆ حودەیبیەو ئامادەباشی بۆ جەنگ و فیداکاری، خۆیان پاش دا بوو، دێتەوە سەر بەیانکردنی حاڵ و وەزعی ئەو هاوەڵانەی: کە لەژێر درەختی سەمورە (شجرة الرضوان)دا، پەیمانیان بەپێغەمبەرﷺدا، دەستیان خستە ناو دەستی پێغەمبەرەوە بۆ فیداکاریو بەرگری کردن لەئایین، پاداشتی دونیاو قیامەتیان دیاری دەکا دەفەرموێ:

﴿لقد رضي الله عن المؤمنين اذ يبايعونك تحت الشجرة﴾ بێگومان خودا ڕەزامەندیی خۆی لەو موسوڵمانانە ڕاگەیاند: کەلەژێر درەختی (سمرە)دا بەڵێنیان بەتۆدا ئەی پێغەمبەر: لەسەر ئەوە: کەژدی قوەڕەیشیەکان بجەنگن و بەگیان و ماڵ بەرگری لەپەیامی ئیسلام بکەن و گۆڕەپانی روبەروبوونەوە چۆڵ نەکەن، ریوایەت کراوە: ئەو هاوەڵانەی بەڵێنی فیداکاریان بەپێغەمبەر دا ،ژمارەیان هەزارو چوار سەد کەس بوون.

ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە: کە عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف دەگێڕێتەوە دەفەرموێ: ڕۆیشتم بۆ حەج، لە رێگەدا بەلای کۆمەڵێك دا تێپەڕیم نوێژیان دەکرد وتم: ئەم مزگەوتە چیە؟ وتیان: ئەمە ژێر ئەودارەیە کە پێغەمبەرﷺ بەیعەتی ریضوانی تێدا ئەنجام دا ، ئەمجار هاتم بۆلای سەعیدی کوڕی (المسیب) و ئەم هەواڵەم بۆگێڕایەوە: سەعید فەرمووی: باوکم کەیەکێك بووە لە بەڵێندەرانی حودەیبیە و لەژێر درەختەکەدا دەستی لەدەستی پێغەمبەرﷺ ناوە .

جا عەبدوڕەحمان دەفەرموێ: کە لەساڵی دوایی‌دا سەفەری حەجمان کرد، زۆر هەوڵمان دا ئەو شوێنە بدۆزینەوە نەمان دۆزییەوە، سەعید فەرمووی: هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ ئەو شوێنەیان لەیاد کردوەو ئێوە پێتان

زانیـوە، کەواتـە ئێوە لەئـــەوان شـارەزاترن: ئیبنــو ئــەبی شــەیبە لــە موصەنەفەکەیدا لە (نافع)ەوە ریوایەت دەکا، دەڵێ: هــەواڵیان بەعومـەر دا: کە کەسانێك هـەن دەچنـە زیـارەتی ئـەو درەختـەی لـەژێریا بەیعـەت کراوە. ئیتر عومەر فەرمانیدا درەختەکەیان بڕی!!!

﴿فعلم ما في قلوبهم فأنزل السكينة عليــهم، وأثابـهم فتحـاً قريبـا﴾ پەروەردگار ئاگاداری ناودڵیان بوو، دەیزانی بیروباوەڕو راستیو دڵســۆزیو ئەمەك و فەرمانبەرداریيان تێدایە، ئارامیو تەسکینی زیـاتر خستە نـاو دەروونیانەوە، سەرکەوتنی خەیبەری بەنسیب کردن، دوابەدوای سـەروەری غـــەزای خەیبـــەر، رزگـــارکردنی مەککەشـــی بـــۆ دەســـتەبەرکردن، ئـــەمجار ســـەرکەوتن و بالادەســـتی فـــرەی پیبەخشـــین و ولاتـــی تریـــان کۆنترۆڵ کردن سەروەری یــەك لەدوایـەکی بـاقی کیشـوەرو ولاتـانی تریـان بۆ دەستەبەرکرا .

﴿ومغـانم كثـيرة تأخذونـها، وكــان الله عزيـزاً حكيمـــا﴾ هــەروەها پاداشتی تریشی دانەوە: بەوە: کە دەسکەوتی زۆرو زەبەندەی جولەکەکانی خەیبەری بۆ دەستەبەرکردن، بەتایبەتی ئەو سەروەت وسامانە بەسەرئەوان دا دابەش کراو بەشی کەسی تری لینەدرا!

پەروەردگار بالادەستە بەسەر هەموو شتێك داو بەحیکمـەت و دانـایی خۆی بونەوەر هەڵدەسوڕێنی، هەر لەروانگەی ئەوبالادەستیو حیکمەتـەوە سەرکەوتن و سەروەریی دونیاو قیامەتی بۆ پەیماندەرانی (بيعــة الرضـوان) دەســـتەبەر کـــرد،پاداشـــتی مـــادیو مەعنـــەوەی دانـــەوە، پاداشـــە مەعنەوەییەکە بریتییە لە رەزامەندی خودا لێیان و نـازلکردنی سـەکینەو ئارامی بۆ سەر دڵیان.. پاداشتی (مـادی)یش لەفـەتحی خەیبـەرو فـەتحی مەککـەو دەسـکەوتنی مـاڵ و سـامانێکی زۆری جولەکـەکانی خەیبـــەردا رەنگی دایەوە.

دەستکەوت و سەروەریی زۆر و زەبەندەیتر کە بۆ موسوڵمانەکان دەستەبەر بوو

وَعَدَكُمُ ٱللَّهُ مَغَانِمَ كَثِيرَةً تَأْخُذُونَهَا فَعَجَّلَ لَكُمْ هَٰذِهِۦ وَكَفَّ أَيْدِىَ ٱلنَّاسِ عَنكُمْ وَلِتَكُونَ ءَايَةً لِّلْمُؤْمِنِينَ وَيَهْدِيَكُمْ صِرَٰطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٢٠﴾ وَأُخْرَىٰ لَمْ تَقْدِرُوا۟ عَلَيْهَا قَدْ أَحَاطَ ٱللَّهُ بِهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرًا ﴿٢١﴾ وَلَوْ قَٰتَلَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوَلَّوُا۟ ٱلْأَدْبَٰرَ ثُمَّ لَا يَجِدُونَ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿٢٢﴾ سُنَّةَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلُ ۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّةِ ٱللَّهِ تَبْدِيلًا ﴿٢٣﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى كَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ عَنْهُم بِبَطْنِ مَكَّةَ مِنۢ بَعْدِ أَنْ أَظْفَرَكُمْ عَلَيْهِمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرًا ﴿٢٤﴾

دەربارەی ئەسباب نزولی ئەم ئایەتانە چەند ریوایەتێك هاتوون:

١-دەربارەی ئایەتی ﴿وهوالذي كفّ...الآية﴾ موسلیم و تیرمیزی و نەسائی لەئەنەسەوە ریوایەت دەکەن: دەفەرموێ رۆژی (حدیبیە) هەشتا کەس لەکێوی (التنعیم)ەوە دزەیان کردو هاتنە خوارەوە و ویستبویان لەناکاو دەست لەپێغەمبەر بوەشێنن ، پێیان زانراو گیران. پێغەمبەر ﷺ

عەفوی کردن، ئیتر ئایەتی ﴿وهو الذي كفّ أيديهم عنكم وأيديكم عنهم﴾ی نازڵ کرد.

ئیمامی ئەحمەد لەعەبدوڵڵای کوڕی موغەففەلی(المزنی) یەوە ریوایەت دەکا: دەفەرموێ: ئێمە لەخزمەت پێغەمبەردا لەژێر درەختی ناوبراو لەقورئان دا بوین، هەندێ لەگەڵاو لقەکانی درەختەکە کەوتبوونە سەر پشتی پێغەمبەرﷺ عەلی کوڕی ئەبو تالیب و سوهەیلی کوڕی عەمر لەبەردەمیدا دانیشتبوون. پێغەمبەرﷺ بەعەلی فەرموو بنووسە (بسم الله الرحمن الرحيم) سوهەیل دەستی گرت و وتی: ئێمە (الرحمن الرحيم) نازانین، ئەوەی لەلای ئێمە پەسەندە ئەو بنووسە: بنووسە (بسمك اللهم) بەویستی ئەو تۆمارکرا..

ئەمجار عەلی نووسی (هذا ما صالح عليه محمد رسول الله في اهل مكة) سوهەیل دوبارە رەخنەی لی‌گرت و وتی: نەخەیر نابێ ئەوە بنووسی! ئەگەر ئێمە دان بەوەدابنێین: کەتۆ پێغەمبەری خودای ئەدی بۆچی ئیمانت پی‌ناهێنین؟ ئێمە پێمان وایە پێغەمبەر نیت. بۆیە دەبێ بنووسرێ: (هذا ما صالح عليه محمد بن عبدالله)..

جا کەئێمە لەم کەین وبەینەدا بووین سی‌گەنجی چەکدار هەڵمەتیان بۆ هێناین و غافڵ گیریان کردین، پێغەمبەرﷺ دوعای لی‌کردن وخودا چاوی کوێر کردن و پەلامارمان دان و قۆڵبەستمان کردن، پێغەمبەرﷺ پی‌ی فەرموون: ئێوە پەیمانی کەستان هەیە؟ کەسێك ئەمانی پی‌داون؟ وتیان: نەخەیر، ئیتر چاوپۆشی لی‌کردن و بەرەڵڵای کردن! ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿وهو الذي كفّ أيديهم عنكم، وأيديكم عنهم ببطن مكة، من بعد أن أظفركم عليهم﴾ ی نازڵ کرد .

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم ڕووەوەیە:

کە لەوەوپێش پەروەردگار وادەی بەپەیماندەرانی (حودەیبیە)دا بەوەی کەماڵ و سامانی خەیبەر دەکاتە دەسکەوتیان ئەمجار بەشوێن ئەوەدا چەند نیعمەتێکی‌تر باس دەکا: کە خودا بە موسوڵمانەکانی بەخشین..

دەفەرموێ: ﴿وعدكم الله مغانم كثيرة تأخذونها فعجل لكم هذه، وكفّ أيدى الناس عنكم، ولتكون آية للمؤمنين، ويهديكم صراطاً مستقيما﴾ ئەی خاوەن باوەڕان: پەروەردگار وادەی دەسکەوت و غەنیمەتێکی زۆرو زەبەندەی پێ‌داون، بەدرێژایی ڕۆژگار زۆر سەرکەوتن و سەروەریتان بۆ دەستەبەر دەکا، وەلێ دەسکەوتی خەیبەری بۆپێش خستن، ڕۆژی (حودەیبیە)ش ئێوەی لەشەڕی قورەیش و هاوپەیمانانیان پاراست، زیانی ئەوانی لێ دورخستنەوە.

.. صولح و ئاشتی بۆ دەستەبەر کردن، هەروەها لەشەرو زیانی جولەکەکانی خەیبەرو هاوپەیمانانیان رزگاری کردن؛ بەوە کەترسی خستە ناو دڵیانەوە، نەیهێشت ئەو پیلان و قین و دوژمنایەتیەی لەدڵیان دا حەشاریان دابوو بۆیان دەستەبەربێ، ئاواتەکانیان نەهاتنەدی. هەموو فرت و فێڵ و دوژمنایەتیەکیان بەسەرخۆیاندا شکایەوە.

پەروەردگار هەموو ئەمانەی بۆ ئێوەی خاوەن باوەڕ هێنانە دی بۆ ئەوەی سوپاسی بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی دەستەبەر بوونی ئەو شتانە ببێتە نیشانەو موعجیزە لەسەر راستی پەیامی ئیسلام و راستگۆیی پێغەمبەرﷺ لەهەموو ئەو بەڵێنانەی پێتان دەدا، هەتا زیاتر پابەندی فەرمانی خودا بن و بەدڵسۆزی شوێن پێغەمبەر بکەون.

﴿وأخرى لم تقدروا عليها قد أحاط الله بها، وكان الله على كل شئ قديراً﴾ پەروەدگار جگە لە صولحی (حودیبیە)و فەتحی مەککە وادەی

سەروەریی و دەسکەوتی تری پێداون، لە وەزع و بارو دۆخی ئێستاتان دا دەسەڵاتتان بەسەریان دا ناشکێ، خودا دەزانێ: کەبۆ ئێوە دەبێ، لەمەودا بۆخۆتانی دەستەبەر دەکەن خۆتانی بۆ ئامادە بکەن و چاوەڕوان بن، ئەو وڵاتانە کۆنترۆڵ دەکەن و ماڵ و سامانی دانیشتوانیان دەبێتە دەسکەوتی جەنگ و دەکەوێتە ژێر دەستتان وەکوو ماڵ و سامانی هەوازین کە لەغەزای حونەین دا کەوتە ژێر دەستی موسوڵمانەکان، هەروەها کۆنترۆڵ کردنی وڵاتی فارس و ڕۆم و دەست بەسەراگرتنی ماڵ و سامانی ئەوانەی بەشەڕو جەنگ موسوڵمان بوون یان کوژران.

هەڵبەتە خودا هەموو کاتێك و هەمیشە خاوەن دەسەڵات و باڵادەستە بەسەر هەموو شتێك دا هەرچی بیەوێ بێتە دی چۆنی ئەوێ ئاوا دێتە دی و هیچ شتێکی لێ عاصی نابێ.

﴿ولو قاتلكم الذين كفروا، لولوا الأدبار ثم لايجدون وليّا ولانصيراً﴾ خۆئەگەر کافرەکانی قورەیش دەست پێشکەرییان بکردایە لە (حودەیبیە)دا شەریان لەگەڵ بکردانایە، ئەوە بێگومان پەروەردگار پێغەمبەر و موسوڵمانەکانی سەردەخست و لەشکری قوڕەیشیەکان دەشکاو ڕێگای هەڵاتنیان دەگرتەبەرو دەیانقاچاند، پاشان کەسیان دەست نەدەکەوت یارمەتییان بداو بیانپارێزێ:

﴿سنة الله التي قد خلت من قبل، وان تجد لسنة الله تبديلا﴾ سەرخستنی خاوەن باوەڕان بەسەر کۆمەڵی کوفرو بێدینان دا، داب و نەریتێکی هەمیشەیی پەروەردگارە لەبوونەوەردا، هەمووکاتێ حەق سەردەخاو بەتاڵ ترۆ دەکا، ئەوە عادەت و سوننەتی خودایە و ناگۆڕێ.

﴿وهو الذي كف أيديهم عنكم وأيديكم عنهم ببطن مكة من بعد أن أظفركم عليهم وكان الله بما تعملون بصيراً﴾ پەروەردگار

بوو نەیهێشت قورەیشی یەکان دەست لەموسولّمانەکان بوەشێنن، هەل و مەرجی ئەوەشی نەڕەخساند: کەموسولّمانەکان شەڕ لەگەلّ کافرەکان بکەن!

ئەوەبوو کافرەکانی قورەیش پێشیان بە پێغەمبەرو موسولّمانەکان گرت، ڕێگای چونە ناو مەککەیان لی‌گرتن، لەلایەکی‌ترەوە نزیکەی هەشتا پیاوی چەکداری مەککەیی دزەیان کرد و ویستیان لەناکاو پێغەمبەر تیرۆر بکەن، بەلاّم موسولّمانەکان لێیان وە دەست هاتن و گرتیانن، پاشان پێغەمبەرﷺچاوپۆشی لی‌کردن و مەرەخەسی کرن ئەمە فەزلّ و منەتی پەروەردگارە بەسەر بەندە خاوەن باوەڕەکانی‌دا، بەوە کەدەستی کافرەکانی لی‌گرتن و نەیهێشت زەفەریان لیّ بێنن.

پەروەردگار هەمیشە بەئاگاو بینایە بەکردەوەو هەلّوێستی بەندەکانی بە موسولّمانان و کافرەوە، هیچی لیّ گوم نابیّ لەکۆن و نویّدا، لەرابردوو داهاتوودا ئاگاداری هەموو شتێکەو بەهەموو ئاشکراو نهێنی‌یەك دەزانیّ.

ناپیاوی موشریکەکان و حیکمەتی ئاشتیانەی حودەیبیە

هُمُ

ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَصَدُّوكُمْ عَنِ ٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَٱلْهَدْىَ مَعْكُوفًا أَن يَبْلُغَ مَحِلَّهُۥ ۚ وَلَوْلَا رِجَالٌ مُّؤْمِنُونَ وَنِسَآءٌ مُّؤْمِنَٰتٌ لَّمْ تَعْلَمُوهُمْ أَن تَطَـُٔوهُمْ فَتُصِيبَكُم مِّنْهُم مَّعَرَّةٌۢ بِغَيْرِ عِلْمٍ ۖ لِّيُدْخِلَ ٱللَّهُ فِى رَحْمَتِهِۦ مَن يَشَآءُ ۚ لَوْ تَزَيَّلُواْ لَعَذَّبْنَا ٱلَّذِينَ

كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿٢٥﴾ إِذْ جَعَلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ فِى قُلُوبِهِمُ ٱلْحَمِيَّةَ حَمِيَّةَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ فَأَنزَلَ ٱللَّهُ سَكِينَتَهُۥ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَعَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ وَأَلْزَمَهُمْ كَلِمَةَ ٱلتَّقْوَىٰ وَكَانُوٓاْ أَحَقَّ بِهَا وَأَهْلَهَا ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٢٦﴾

دەربارەی سەبەب نزولی ئایەتی ژمارە (٢٥) ﴿ولولا رجال..﴾ ریوایەتێك هەیە طبەرانی و ئەبو یەعلا لەئەبوحەفصە (جنید بن سبع) ریوایەتی کردووە جونەید دەڵێ: بەیانی دژی پێغەمبەر جەنگام و ئێوارە بەموسوڵمانی لەگەڵیدا دژی کوفر شەڕم کرد تاقمەکەمان سێ پیاوو چوار ئافرەت بوو، ئایەتی ﴿ولولا رجال مؤمنون ونساء مؤمنات﴾ دەربارەی ئێمە نازڵ بووە، لەریوایەتی ئیبنو ئەبو حاتەم دا دەڵێ: سێ پیاوو نۆ ئافرەت بوون:

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بە هی پێشەوە ئەوەیە:

لەوەوپێش پەروەردگار فەزڵ و منەتی خۆی بەسەر موسوڵمانان دا رانواند بەوە: کە نەیهێشت دەستی کافرەکانی قورەیشییان بگاتێ، دەستی موسوڵمانەکانیشی لەقورەیشیەکان پاراست ئاشتیو ئارامی خستنە نێوانەوەو صوڵحی حودەیبییەی هێنایە ئاراوە، بۆئەوەی دەرگای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ئاوالا بێ بواری بانگەوازی لەبار بێو وردە وردە بتوانرێ دیاردە ناشرینەکانی کۆمەڵگای سەردەمی نەفامی قەلاچۆ بکرێن، کەللە رەقی و تەبیات درشتی و تایەفەگەری نەمێنێ، رەگی نەزانی بنەبڕ بکرێ، پەروەردگار سوکنایی و ئارامی

خستە ناو دڵی پێغەمبەر و موسوڵمانانەوەو وای لێکردن وەفا بەوادەی خۆیان بکەن.

دەفەرموێ: ﴿هم الذین کفروا، وصدوکم عن المسجد الحرام والهدی معکوفاً أن یبلغ محله﴾ واتە: کافرەکانی قورەیشی و هاوپەیمانانیان کەبەراستی بێبڕوان و یەکتاپەرستی ناکەن و ئێوەیان لەدیدەنی کابەو ئەنجامدانی مەراسیمی حەج و عومرە مەنع کرد. نەیانهێشت قوربانیو ئاژەڵە دیاریەکان بگەنە شوێنی خۆیان و سەرببڕدرێن.

ئەو ئاژەڵانەی پێغەمبەرو هاوەڵانی کردبویانن بەدیاری کابەو نیشانیان کردبوون حەفتا حوشتر بوون، دەبوایە ببرێنە (مینا) یان بەستی مەککەو لەوێ سەرببڕدرێن، بەڵام قورەیشیەکان بەریان بەپێغەمبەرو هاوەڵانی گرت و نەیانهێشت بگەنە مەبەستی خۆیان:

﴿ولولا رجال مؤمنون ونساء مؤمنات لم تعلموهم ان تطؤوهم فتصیبکم منهم معرة بغیر علم﴾ ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە: کەلەمەککەدا ژمارەیەك پیاوی موسوڵمان و کۆمەڵێك ئافرەتی خاوەن باوەڕ هەبوون، بەنهێنی خودا پەرستیان دەکرد و نەیان دەوێرا موسوڵمانبوونی خۆیان ئاشکرا بکەن، ڕێگەمان دەدان ئێوە فەتحی مەککە بکەن، دەستی ئێوەمان لەقورەیشیەکان نەدەپاراست، ئێوەمان بەسەر ئەوان دا زاڵ دەکردو لەبێختان دەردێنان!

بەڵام کۆمەڵێك پیاوو ئافرەتی موسوڵمان لەوانەی لەمەککەدا مابوونە وەو بەنهێنی خوداپەرستی خۆیان دەکرد، دەکەوتنە ژێر دەست و پێو تێدا دەچون، ئەوکاتە ئێوە خەفەتتان بۆیان دەخواردو تاوانی کوشتنی

هەڵەو کەفارەتی کوشتنی هەڵەتان تووش دەبوو. ئیتر موشریکەکان دەیانگوت: ئەوەتا موسوڵمانەکان هاوبیرەکانی خۆشیان دەکوژن.

وەلێ پەروەردگار دەستی ئێوەی لەوان پاراست و ئاشتینامەی حودەیبیەی هێنایە کایەوە ﴿ليدخل الله في رحمته من يشاء﴾ بۆئەوەی موسوڵمانان توشی دیلی و نارەحەتی نەبن، هەروەها بۆئەوەی ماوەبدرێ بەکافرەکان بەخۆیان دا بچنەوەو موسوڵمان بن.

﴿ولو تزيلوا لعذبنا الذين كفروا منهم عذاباً أليماً﴾ ئەگەر موسوڵمانەکان جیابکرانایەوە لەکافرەکان و لەناو مەککەدا نەمانایە، ئەوە بێگومان کافرەکانمان بەسزای خۆیان دەگەیاند، کوشت و برمان دەکردن، بەم رەنگە ئێوەمان بەسەردا زاڵ دەکردن و تێیان دەکەوتن تا قارەتان لێ دەبرین وازتان لێ نەدەهێنان.

﴿اذ جعل الذين كفروا في قلوبهم الحمية حمية الجاهلية﴾ لەوکاتەدا سزامان دەدان: کە ئەو بێباوەڕو بتپەرستانە کەللە رەقی و نەفامی خۆیان خستەکارو گوێیان بەبەڵگەو نیشانەو حیوارو مەنتیقی عەقڵ نەدا، تێکڕا وتیان سوێندمان بە (لات و عوزا) ناهێڵین موسوڵمانەکان بێنە ناو مەککەوە، هەروەها نەیانهێشت لەسەرەتای ئاشتینامەی (حودەیبیە)دا رستەی (بسم الله الرحمن الرحيم) و (محمد رسول الله) بنوسرێ ..

ئیتر ﴿فأنزل الله سكينته على رسوله و على المؤمنين، وألزمهم كلمة التقوى، وكانوا أحق بها وأهلها، وكان الله بكل شئ عليماً﴾ پەروەردگار ئارامیو پشوو درێژی خستە ناو دڵی پێغەمبەرو هاوەڵانیەوە، دەمارگیری نەیگرتن و بەمەرج و پێشنیاری کافرەکان رازی بوون و ئاشتینامەی حودەیبیەی لێکەوتەوە: کەدەروازەی رزگارکردنی مەککە بوو، لەهەمان کات دا خودا رشتەی شایەتومان و بیروباوەڕی

یەکتاپەرستی لەدڵی موسوڵمانەکان دا بەهێزترکرد و وای لی‌کردن رێزی حەرەم بگرن و شەڕی تێدا نەکەن، بەهەڵوێستی ناپیاوانەی قوڕەیشیەکان تەنگەتیزە نەبوون و هەڵنەچوون، بەهێدیو ئارامی لەسەر یەکتاپەرستی خۆیان مانەوەو دڵسۆز بوون بۆ ئایینەکەیان، بێگومان موسوڵمانەکان شیاوی ئەوە بوون و ئەهلی ئەوەن کە لەسەر تەوحیدو دڵسۆزی بۆ ئایین بەردەوام بن، هەرچی پێغەمبەرﷺ پێی رازی بێ ئەوانیش بەدڵسۆزییەوە پابەندی بن، چونکە ئەوان ئەهلی خێرو صەلاح و بیروباوەڕی پاك و بێگەردن. هەمیشە پەروەردگار ئاگادارو بینایە دەزانێ کێ شیاوی خێر و فەڕو بەرەکەتە.

هاتنەدی خەوی پێغەمبەرﷺ

لَّقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ رَسُولَهُ ٱلرُّءْيَا بِٱلْحَقِّ ۖ لَتَدْخُلُنَّ ٱلْمَسْجِدَ ٱلْحَرَامَ إِن شَآءَ ٱللَّهُ ءَامِنِينَ مُحَلِّقِينَ رُءُوسَكُمْ وَمُقَصِّرِينَ لَا تَخَافُونَ ۖ فَعَلِمَ مَا لَمْ تَعْلَمُوا۟ فَجَعَلَ مِن دُونِ ذَٰلِكَ فَتْحًا قَرِيبًا ﴿٢٧﴾ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٢٨﴾

فەریابی‌و عەبدورەحمانی کوڕی حەمید، هەروەها بەیهەقی لەکتێبی (الدلائل)دا لەموجاهیدەوە دەڵێ: هێشتا پێغەمبەرﷺ لەحودەیبیە بوو لەخەودا نیشانی‌درا: کە دەچووە ناو مەککەوە لەگەڵ هاوەڵانی‌دا بەهێدی‌و لەسەرەخۆیی‌و سەرچاککراوی‌و موو کورتکراوەیی، جا کە لەگەڵ

قورەیشییەکان دا ئاشتینامەی حودەیبییەی مۆر کرد، هەدیو قوربانییەکانی لەحودەیبییە سەربڕی، هاوەڵانی وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا ئەی مەعنای خەونەکەت؟ چی لێبەسەر هات؟ ئیتر ئایەتی: ﴿لقد صدق الله رسوله الرؤيا بالحق﴾ نازڵ بوو.

قەتادە دەڵێ: پێغەمبەری خودا لەخەودا پێی نیشان درا کە بەو شێوەی باس کرا دەچێتە ناو مەککەوە: کە لەحودەیبییە لەگەڵ قورەیشییەکان دا صوڵحی کرد دووڕووەکان کەوتنە بڵاو کردنەوەی پڕو پاگەندەو گومانیان دەخستە ناودڵی موسوڵمانانەوە.. تەنانەت پێغەمبەرﷺ تەئکیدی کردەوە کە دەچێتە ناو مەککەوەو ئایەتی: ﴿لقد صدق الله رسوله الرؤيا بالحق﴾ نازڵ بوو. ئیتر پێغەمبەرﷺ بەهاوەڵانی راگەیاند کەدڵنیابن لەداهاتوودا خەونەکەی دێتەجێ!

ناوەرۆکی ئەو خەونە بەم جۆرەبوو، پێغەمبەرﷺ هێشتا لەمەدینە بوو لەخەودا فریشتە هاتەلایو ﴿لتدخلن المسجد الحرام..﴾ تادەگاتە ﴿لاتخافون﴾ی پێڕاگەیاند. پێغەمبەریش ئەمەی بۆ هاوەڵانی باس کردو دڵیان خۆش بوو دڵنیا بوون، کەمانای خەونەکە لەوساڵەدا دێتە دیو دەچنە ناو مەککەوە، جا کە لەحودەیبییە قورەیش پێشیان بەموسوڵمانەکان گرت و لەکۆتاییدا پەیماننامەی حودەیبییە هاتەکایەوە بڕێ لەدووڕوو و باوەڕ لاوازەکان بەتەوسەوە وتیان: بەخودا نەسەرمان تاشیو نەموی سەرمان کورت کردەوەو نەچوینە ناو مەککەوە!!

هەروا دەیانگوت ئەرێ کوڕینە موحەممەد نەبوو وادەی چوونە ناو مەککەو تەوافی کابەی پێدەداین؟ هەندێ هاوەڵانی زیرەك و بیروباوەڕ

دامەزراو وتیان: خۆ پێغەمبەرﷺ نەیفەرموو: هەر ئەمساڵ دەچینە ناو مەککەوە وتیان: نەخێر تەحدیدی ساڵەکەی نەکردووە، پێیان گوتن دەسا دڵنیابن لەداهاتوودا دەچنە ناو مەککەوەو تەوافی کابەش دەکەن! ئیتر پەروەردگار بۆ پشتگیری ئەوە ئایەتی: ﴿لقد صدق الله ...﴾ نازڵ کرد.

لەکتێبەکانی سیرەدا هاتووە: کەعومەری کوڕی خەتاب دەفەرموێ: هاتمە خزمەت پێغەمبەر و عەرزم کرد، ئەرێ تۆ بەراستی پێغەمبەری خوانیت؟ فەرمووی: بەڵێ: وتم دەی باشە ئەدی بۆ چی تەنازول بکەین و ئایینی خۆمان سوك بکەین؟

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: بەتەئکید من پیغەمبەری خودام، سەرپێچی فەرمانەکانی ناکەم، هەمیشە پشتیوان و یارمەتیدەرمە، عومەر دەفەرموێ: ئەی ئەوە نەبوو دەتفەرموو: ئێمە دەچینە ناو کابەوەو تەواف ئەنجام دەدەین!

عومەر دەڵێ: ئەمجار هاتمە لای ئەبو بەکر وتم: ئەی ئەبوبەکر: ئەو زاتە بەراستی پێغەمبەری خودا نیە؟ دەڵێ: بەڵێ پێغەمبەری خودایە، وتم: دەی باشە ئێمە لەسەر حەق و راستی نین و دوژمنمان لەسەر بەتاڵ نیە؟ وتی: بەڵێ: وتم دەی بۆچی کەمایەتی لەئایین دا قبوڵ بکەین؟

ئەبوبەکر وتی: کوڕەماڵوێران: ئەو زاتە پێغەمبەری خودایە، هەرگیز لەخودای خۆی یاخی نابێ، شوێن پەیامی ئەو بکەوە بەموو لێی لامەدەن. سوێندم بەخودا ئەو لەسەر حەقە، وتم: دەی ئەوەنەبوو وادەی دەداینێ کەدەچینە ناو مەککەوەو تەوافی بەیت دەکەین! وتی بەڵێ: بەڵام خۆ ئەو نەیگوت: ئەمساڵ، دڵنیابە لەداهاتوودا دەچینە ناو مەککەوەو تەوافی کابە دەکەین!

﴿ لقد صدق الله رسوله الرؤيا بالحق لتدخلنّ المسجد الحرام انشاء الله آمنين محلقين رؤوسكم و مقصرين لا تخافون﴾ واتە: سوێندبێ ، خودا سوێندی پێغەمبەرەکەی بۆ بەڕاست گێڕا ، ئەو خەونەی پێغەمبەر بینی بەهەق بۆی هاتە کایەوە ، ئەوەی بۆ هێنانەدی کە ئێوە لەساڵی داهاتوودا بەویستی خودا بەدڵنیایی‌یەوە دەچنە ناو مەککە و تەوافی بەیت دەکەن ، لەکەس ناترسن هەندێکتان سەرتان چاك دەکەن و هەندیکی‌ترتان سەرتان کورت دەکەنەوە ، بەدڵنیایی‌یەوە بەبێترس و لەرز، کارەکانی عەمرەکردنی خۆتان ئەنجام دەدەن ، لەچوونە ناو مەککەو لەمانەوەتان لەوێدا دڵنیاو بێ‌ترس دەبن!

ئەوەبوو پێغەمبەرﷺ لەمانگی ذیلقەعیدەدا لەحودەیبیەوە گەڕایەوە بۆ مەدینە ، مانگی ذیلحیججەو مانگی موحەڕڕەم لەوێ مایەوە ، لەمانگی سەفەردا چوو بۆ خەیبەرو فەتحی کرد، سەروەت و سامانی جولەکەکانی خەیبەر کەوتە بەردەست موسوڵمانەکان ..

لەساڵی داهاتوودا لەمانگی ذیلقەعیدەدا خۆی و ئەوانەی ساڵی پێشوو لەگەڵی‌دا بوون لەحودەیبیەوە بۆ قەزاکردنەوەی عەمرەکەیان بەرەوە مەککە کشان، هەدی و قوربانی پێویستیان لەگەڵ خۆیان برد لە ذي‌لحەلیفە ئیحرامیان بەست و بە(لبيك اللهم لبيك...) و شمشێر لەکالان دا چوونە ناو مەککە .

﴿فعلم ما لم تعلموا﴾ خودا شتێکی زانی ئێوە نەتاندەزانی پەروەردگار زانا بوو بەوەی حیکمەت و بەرژەوەندی لەوەدایە ئەو سەرکەوتنە مەزنانەتان بۆ بخاتە ساڵی دوایی .

﴿ فجعل من دون ذلك فتحاً قريباً﴾ پێش ئەوەش فەتحی خەیبەرتان بۆ دەستەبەر بکا و باری ئابووری خۆتانی پێ بەهێز بکەن.

ئەو کاتەی پێغەمبەر و هاوەڵانی چوونە ناو مەککەوە سەرانی قورەیش و داخ لەدڵانی چاویان بەرایی نەدا لەمەککەدا بمێننەوە شاریان چۆڵ کرد، باقی دانیشتوانەکانیتر هەموو هاتنە سەرا سوێی بانان، لەئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکەدا وەستان و سەیریان دەکرد، پێغەمبەرﷺ سورای وشترەکەی خۆی بوو بوو ، عەبدوڵڵای کوڕی ڕەواحە ڕێشمەکەی گرتبوو ، ئەو وشترە ئەوەبوو کە لەڕۆژی حودەیبییەدا سواری بوو بوو.

بەجۆرە خەونی پێغەمبەر هاتەدی و وادەی خودا چەسپاو بەم جۆرە لەساڵی داهاتوودا فەتحی مەککە کراو ئایینی خودا لەمەککە و دەوروبەری بڵاوبویەوە ..

﴿هو الذي أرسل رسوله بالهدى و دين الحقّ ليظهره على الدين كلّه وكفى بالله شهيداً﴾ پەروەردگار خۆی پێغەمبەری خۆی ڕەوانەکردوە زانیاری بەسوودو کردەوەی چاکی فێرکردوە، بۆ ئەوەی ئەویش بەخەڵکی ڕابگەیەنێ ئادەمیزاد شارەزا بکا بۆ ڕێبازی ڕاست و ئایینی ئیسلام پەیڕەو بکەن، بۆ ئەوەی ئەو ئایینە گشتی و پیرۆزە بەسەر هەموو ئایینەکانیتردا باڵادەست بێ ، یەکانگیریی خۆی دەستەبەر بکا، هەموو ئایینەکانیتر بسڕێتەوە، پەردە لەسەر بیروباوەڕی فەسادو پڕو پوچ هەڵبداتەوە .

هەڵبەتە کیفایەتە خودا بۆخۆی شایەت بێت بەسەر وادەو بەڵێنی خۆیدا ، بۆ خۆی شایەت بێ لەسەر ئەو وادەو بەڵێنەی کەداویەتی بەوە کە ئایینی ئیسلام بەسەر هەموو ئایینەکانیتردا باڵادەست بکا، بە ئەو جۆرە ئایینی ئیسلام بڵاوبووەوە و گەشەی سەند نەك لەنیوەدورگەی عەرەب دا بەڵکوو لەماوەی کەمتر لەنیو سەدەدا ئایینی ئیسلام لەزۆربەی چواریەکی زەوی ئاوەدانکراوەدا بڵاوبووەوە، هەموو وڵاتی

کۆنترۆڵکراوی کیسرای داگیرکرد، زۆربەی ولاتانی ئیمپراتۆریەتی رۆمی کۆنترۆڵ کرد، گەیشتە ولاتی چین و هیندستان و بەناو دورگەکانی ئەندونیسیادا بڵاوبوەوە.

ئەم ولات و هەرێمانەش تا سەدەی شەشەمی کۆچی و نیوەی سەدەی حەوتەم زۆربەیئاوەدانی سەرزەوی بوون ، تەنانەت ئێستاش لەگەڵ ئەو هەموو لەقاقوزە پێچانەی ئاینی ئیسلام لەلایەن دوژمنانەوە ، ئەو ئاینە پیرۆزە بڵاو دەبێتەوەو لەمپەرەکان رادەماڵێ، بەبێ بەکارهێنانی شمشێرو هێزی سەربازی کۆسپ و تەگەرەکان رادەداو لەدڵەکاندا جێگەی خۆی دەکاتەوە.

بەڵێ بەردەوام ئاینی ئیسلام بەسەر هەموو ئاینەکانیتردا باڵادەستەو لەبرەودایە، شوێنکەوتوانی زۆرن و هەر زۆردەبن ، هێزو توانای لەخودی خۆیدایە وبەسروشت بەهێزەو بەبێ شمشێرو تۆپ و رەشاش بەرەو پێش دەچێ، چونکە لەگەڵ سروشتی ئادەمیزاددا گونجاوەو دەگونجێ، لەگەڵ یاسای بونەوەردا تەبایە پێداویستی عەقڵ و گیان و جەستە بەتەوازون دابین دەکا، لەگەڵ ئاوەدانی و پێشکەوتن دایە، بەختەوەریی دونیاو قیامەت دەستەبەردەکا، لەگەڵ حەزو ئارەزوی کوخ نشین و دەوار نشین و قەصرو باڵەخانەی دەیان قات و بیناسازیی و پێشکەوتوو نشین دا دەگونجێ و پێداویستیەکانیان دابین دەکات .

هەرکەسێ -موسوڵمانیش نەبێ- ئەگەر بەویژدانەوە سەیری ئیسلام بکا، بەبێ چەندو چۆن رێك و پێکی ئەم ئاینەی لەلا بەرجەستە دەبێ و دان بەڕاستی و گونجاوی ئەو ئاینەدا دەنێت بۆ ئەوەی ببێتە یاسای هەموو کۆمەڵگای ئادەمیزاد بەهەموو جوداوازیەکی کە لەنێوانیان دا هەیە!

هەر ئادەمیزادێك بەویژدانەوە لەئیسلام ورد بێتەوە دەگاتە ئەو قەناعەتە کە هیچ ئایینێك وەکو ئیسلام بەکەڵکی ئەوە نایەت ببێتە بەرنامەی ئادەمیزاد بەگشتی .

بەڵێ وادەی پەروەردگار پێش تێپەڕبوونی نیو سەدە بەسەر هاتنی ئیسلام دا لەبواری ڕامیاریدا هاتەجێ و دەوڵەتی ئیسلام بووە زلهێزێکی بێوێنەو هەردوو ئیمپراتۆریەتی فارس و ڕۆمی تێك شکاندن و خاك و وڵاتی کۆنترۆڵ کردن و لەوەدوا ئێستاشی لەگەڵدا بێت وادەی خودا بۆ باڵادەستی ئیسلام لەشێوە مەوزوعیەکەی خۆیدا بەرجەستە بووە و دەبێ.

بەشایەتی هەموو کەسێکی خاوەن ویژدان ئیسلام تاکە بەرنامەیەکە : کە هەموو کاتێك و لەهەموو شوێنێکدا بەکەڵکی ئەوەدێ بکرێتە بەرنامەی ژیان و پەیڕەوو پرۆگرامی کۆمەڵ بێت، وێدەچێ زۆربەی زۆری موسوڵمانان ئەم ڕاستییە نەزانن ، بەڵام بەتەئکید دوژمنانی ئیسلام ئەم حەقیقەتە دەزانن و حیسابی بۆ دەکەن و هەمیشە لەهەوڵ و تێکۆشاندان بۆ بەگژاچوونەوەو بەرەنگاری کردنی بڵاوبوونەوەی ، بۆ تێکدانی ڕیزی موسوڵمانان و چەواشەکردنیان و دورخستنەوەیان لەو ئایینە پاکە.

ئەوصافی پێغەمبەرﷺ و هاوەڵانی

مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ ٱللَّهِ وَٱلَّذِينَ مَعَهُۥٓ أَشِدَّآءُ عَلَى ٱلْكُفَّارِ رُحَمَآءُ بَيْنَهُمْ تَرَىٰهُمْ رُكَّعًا سُجَّدًا يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَرِضْوَٰنًا سِيمَاهُمْ فِى وُجُوهِهِم مِّنْ أَثَرِ ٱلسُّجُودِ ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمَثَلُهُمْ

فِي ٱلۡإِنجِيلِ كَزَرۡعٍ أَخۡرَجَ شَطۡـَٔهُۥ فَـَٔازَرَهُۥ فَٱسۡتَغۡلَظَ فَٱسۡتَوَىٰ عَلَىٰ سُوقِهِۦ يُعۡجِبُ ٱلزُّرَّاعَ لِيَغِيظَ بِهِمُ ٱلۡكُفَّارَۗ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ مِنۡهُم مَّغۡفِرَةٗ وَأَجۡرًا عَظِيمَۢا ﴿٢٩﴾

لەوەپێش ئەوەی بەیانکرد کە پێغەمبەر بە هیدایەت و ئایینی هەقەوە رەوانەکراوە ، حاڵ و وەزعی موسوڵمانانی بەیانکرد و خۆی کردە شایەت بەسەر ئەو راستیانەدا ، ئەمجار جەخت لەسەر ئەو ڕاستیانە دەکاتەوە و دەفەرموێ:

﴿محمد رسول الله﴾ موحەممەد رەوانەکراوی خوایەو، خودا هەڵیبژاردوەو رەوانەی کردووە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لەتاریکی کوفرو بێدینی رزگاربکا.

﴿والذين معه أشداء على الكفار﴾ ئەوانەی لەگەڵ ئەو پێغەمبەرەدان و شوێنی کەوتوون ، جوانمەردن خاوەنی هەڵوێستی مەردانەن: لەگەڵ کافرو دوژمنانیان توندو تیژو رەق و سەرسەختن ، تۆزقاڵێك موساوەمەو سازشیان نیە، هەرکەسێك هاوەڵ بۆ خودا دابنێ و کافر بێ و زیان بەئایین و موسوڵمانان بگەیەنێ ئەوان دژی دەجەنگێن و بەدەستی پۆلایین زەبری گورچکبڕی لێدەدەن.

﴿ رحماء بينهم﴾ لەناو خۆشیان رەحمیان بەیەکتر هەیە و بەنەرم و نیانی مامەڵە لەگەڵ یەکتر دەکەن، رێز بۆ یەکتری دادەنێن و هەماهەنگ و هاریکاری یەکترن و وەکوو چینی دیوار یەکیان گرتووەو یەکیان پتەو کردووە، ، وەکوو ئەندامی جەستەیەك وان بەپەرۆشن بۆ

یەکتری وەکوو لەئایەتێکی‌تردا دەفەرموێ:﴿ اذلّة علی المؤمنین اعزة علی الکافرین﴾ المائدة/٥٤ .

لەحەدیثی صەحیح دا هاتووە ئیمام ئەحمەدو موسلیم لەئەبوهورەیرەوە ریوایەتیان کردووە؛ دەفەرموێ: (مثل المؤمنین في توادهم و تراحمهم و تعاطفهم کمثل الجسد الواحد اذا اشتکی منه عضو تداعی له سائر الجسد بالسهر و الحمی) .

لەفەرموودەیەکی‌تردا : کە موسلیم و بوخاری و تیرمذی و نەسائی لەئەبو موسای ئەشعەریەوە ریوایەتیان کردوو: دەفەرموێ: (المؤمن للمؤمن کالبنیان یشدّ بعضهٗ بعضا) موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەکوو چینی دیوار وایە هەندێکی پتەو دەکات .

حەسەنی بەصری دەفەرموێ: موسوڵمانان ئەوەندە دژی کافرەکان بوون تەنانەت نەیاندەهێشت پۆشاکیشیان لەیەك بکەوێ، چ جایێ پێستیان ، ئەوەندەش یەکتریان خۆشدەویست هەر موسوڵمانێك توشی موسوڵمانێکی‌تر بوایە تۆقەو چاك و چونییان لەگەڵ یەکتردا دەکرد.

شایانی باسە تۆقەکردن(مصافحە) بەکۆڕای زانایان دروستە و کارێکی جوانەو هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ کردویانە، وەلێ شان لێکدان و دەست ماچ کردن و دەم و چاو ماچ کردنی یەکتری بەلای ئەبوحەنیفەوە مەکروهەو پێغەمبەرﷺ نەهی لی‌کردووە، لەوەپێش بەدوورو درێژی لەم تەفسیرەدا ئەم باسەمان روون کرۆتەوە.

﴿ تراهم رکعاً سجّداً یبتغون فضلاً من الله ورضوانا﴾ دەیانبینی ئەوانە زۆر نوێژدەکەن و دڵسۆزن بۆ ئایین زۆربەی کاتیان لەرکوع و سوجدەدان ، هەوڵ و تەقەللای پاداش و رەزامەندیی خودایانە، بەتەما ئەوەن خودا لێیان رازی بێ و بەهەشتیان بداتێ .

﴿ سيماهم في وجوههم من أثر السجود﴾ لەئاكامی زۆر سوژدە بردنیان نیشانەو دروشمیان بەدەم و چاوەوە دیارە ، رەنگی نورانی و هەیبەت و ویقارو رێزو حورمەتیان لیٚدەتكیٚ، جوانمەردن و پیاوەتیان تیٚدا بەرجەستە بووە.

ئیمامی (السدی) دەفەرمویٚ: (كەسیٚك بەشەو نویٚژ زۆر بكا بەرۆژ دەم و چاوی جوان دەبن).

برِیٚ لەزانایان فەرمویانە: چاكەو عیبادەت نوور لەدڵدا پەیدا دەكا، دەم و چاو دەگەشیٚنیٚتەوە رزق و رۆزیی زیاد دەكا، لەدڵی خەڵكیدا خۆشەویستی بۆ خاوەنەكەی دەستەبەر دەكا.

ئیمامی عوسمان خودای لیٚ رازی بیٚ فەرمویەتی: (هەركەسیٚك رەوشتیٚكی جوانی تیٚدا بیٚت دیاردەو نیشانەی ئەو رِوشتە لەسەر روپەرِی دەم و چاوو شیٚوەی قسەكردنی دا دەردەكەویٚ) مەبەست ئەوەیە ئەثەری عیبادەت و خوداپەرستی و دڵسۆزییی لەگەڵ خودادا لەسەر دەم وچاو دەردەكەویٚ و هەستی پیٚدەكریٚ .

ئیمام ئەحمەد لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ریوایەت دەكا كە پیٚغەمبەرﷺ فەرمویەتی: (لو أنَّ أحدكم يعمل في صخرة صمّاء ليس لها باب ولا كوّة لخرج عمله للناس كائناً ما كان) ئەگەر لەفەرزیٚكدا یەكیٚ لەئیٚوە لەناو بەردیٚكی بیٚكون و كەلیٚن دا كاربكا ئاثاری كردەوەكانی بۆ خەڵكی دەردەكەون هەرچۆنیٚك بیٚ .

هەر ئیمام ئەحمەد لەگەڵ ئەبوداود دا لەئیبنوعەبباسەوە لە پیٚغەمبەرەوە ریوایەت دەكا : كە دەفەرمویٚ: (هیدایەتی صاڵحانەو هەڵویٚست و رەوشتی صاڵحانە میانەرِەوی لەكردەوەدا بەشیٚكە لەبیست و پیٚنج بەشی پیٚغەمبەریەتی).

﴿ذلك مثلهم في التوراة و مثلهم في الإنجيل كزرع أخرج شطأه فآزرهُ فاستغلظ فاستوى على سوقه يعجب الزراع ليغيظ بهم الكفار﴾
ئەو وەصف و ثەناو پەسنیيەی هاوەڵان: کەباسکرا هەمان وەصف و پەسنیە کە لەتەورات و ئینجیل دا راگەیەندراوە ..

ئەو هاوەڵانە لەسەرەتادا کەم و بێهێزبوون و وردە وردە زیادیان کرد و بەهێزبوون و پەل و پۆیان هاویشت ، وەکوو کشتوکاڵێك: لەسەرەتادا زەبوون و بێوەچ بەڵام ووردە ووردە رەگ دادەکوتێو گەش و نما دەکات و خۆهەڵدەپێچێ ، وای لێدێ کشتیارەکە پێی سەرسام دەبێ و سەرنجی کێش دەکا، هاوەڵانیش لەسەرتادا کەم و بێهێز بوون گەشو نمایان کردو هێزو توانایان زیادبووبۆ ئەوەی کافرەکان دڵتەنگ بن و خەفەتی پێ بخۆن!

﴿وعدالله الذين آمنوا وعملوا الصالحات منهم مغفرة و أجراً عظيماً﴾ پەروەردگار وادەی بەو ئادەمیزادانە داوە کەئیمانیان بەخودا و بەپێغەمبەری هێناوە ، وێڕای ئەوەش کردەوەیچاك ئەنجام دەدەن، وادەی پێداون کە لێیان خۆش ببێ و تاوانیان سڕپۆش بکا، پاداشتی چاکەیان زۆربکاو بیانخاتە ناو بەهەشتەوە، ئاشکراشە وادەی پەروەردگار هەق و راستەو دێتە جێ و پاشگەزبوونەوەی تێدانیە ئەم وادە پێدانە بۆ هاوەڵانی پێغەمبەر و هەموو ئەو ئادەمیزادانەیە کە شوێن پەیامی پێغەمبەر کەوتوون و ڕیبازی هاوەڵانیان گرتووەتەبەر .

ئیمامی موسلیم لەصەحیحی خۆیدا فەرموودەیەکی لەئەبوهورەیرەوە ریوایەت کردووە دەفەرموێ: (پێغەمبەرﷺ فەرمویەتی: لاتسبوا أصحابي، فوالذي نفسي بيده لو أن أحدكم أنفق مثل أحد ذهباً ما أدرك مدّ احدهم ولا نصيفة) .

زۆر فەرمووده دەربارەی قەدرو رێزی هاوەڵان ریوایەت کراون ، هەروەکوو چۆن زۆر هەرەشە لەوانە کراون کە دژی هاوەڵان دەدوێن ، هاوەڵان هەموویان عادڵن و خۆشەویستی خودان ، چینێکن لە ئادەمیزادە هەڵبژاردەکان و دوای پێغەمبەران لەهەموو کەس رێزدارتن، خودا لێیان رازیی بووەو ئەوانیش بەپەیامی خودا رازیی و بەهرەمەندن.

هەرکەسێ دژیان بدوێ و بوختانیان پێبکا و جنێویان پێ بدا، ئەگەر پێی کافر نەبێ بەتەئکید پێی فاسق دەبێ، دەربارەی ئەو کێشەو نیزاعەی کەوتە نێوان هاوەڵانەوە بەتایبەتی دوای شەهیدبوونی ئیمامی عوسمان ، پێویستە نەچینە تەفاصیلەوەو تابۆمان بکرێ خۆمانی لیلادەین ، بۆیە حەسەنی بەصری لەوبارەیەوە فەرمویەتی: ئەوە خوێنێك بوو رژا، خودا دەستی ئێمەی لێپاراست ، کەوابێ بازمانمانی لێ بپارێزین!

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (الحجرات)

ئەم سورەتە ناونراوە سورەتی (الحجرات) چونکەپەروەردگار تەئدیبی عەرەبە لادێییەکانی کرد، کەئاداب و رەوشتی کۆمەڵایەتیان نەدەزانی، کەئیشیان بە پێغەمبەر هەبوایە لەجیاتی ئەوەی لەدرگا بدەن لەوەخت و ناوەختدا ، دەچوونە دواژووری خێزانەکانی پێغەمبەرەوە و بانگیان لێدەکرد .

ئەم سورەتە ناوێکیتریشی هەیە پێی دەوترێ سورەتی (الأخلاق و الآداب) چونکە کۆمەڵێك ئاداب و رەوشتی کۆمەڵگای ئیسلامی لەخۆگرتووە ، بانگەوازیی بۆپابەندبوون بە داب و نەریتی جوان پەسەند

دەکا ، ئادەمیزاد هەڵدەنێ بۆ فەرمان بـەرداریی بۆخـودا و شـوێنکەوتنی پێغەمبەر و ڕێزگرتـن لـە پێغەمبـەر و لێکۆڵینـەوەوتوێژینـەوە لەهـەموو هەواڵ و باسێك کـە دەبیسـترێن ، هـەروەها یاسـاغ کردنـی گاڵتـە کـردن بەخەڵکانی‌تر و خۆپاراستن لەجاسوسی و غەیبەت کردن و گومـانی خـراپ لەکەسانی دیکە.

پەیوەندی ئەم سورەتە بەهی پێشەوە لەچەند رویەکەوەیە:

١- لەسـورەی پێشـودا یاسـای جـەنگ کـردن دژی کـافرانی بـەیانکرد، لێرەشـدا حوکمـی شـەڕکردن دژی یـاخی بـوان و سـەرپێچیکارانی روون کردەوە .

٢- سورەتی پێشووی بەرستەی ﴿وعد الله الذين آمنوا﴾ کۆتایی پی‌هێنا ئەم سورەتەشی بەرستەی ﴿يـا أيـها الذيـن آمنـوا﴾ دەسـت پێ‌کـرد ، بەمەش ئەوەی دووپات کردەوە: کە ئیمانداران لای خودا خـاوەن ڕێـزی تایبەتین و بەلوتف و رەحمـەتی خـۆی کۆمـەڵگای پـاك و خاوێنیـان بـۆ پێکەوە دەنێ، ڕێبازی ژیانی بەختـەوەریی و کامـەرانیان پیشـان دەدا، پرۆگرام و پەیڕەوی جوان و نایاب دادەنێ بۆ کۆمەڵگای ئیسلامی..

.. کۆمەڵگایەك ڕێك دەخا شیاوی ئەوەبن بەندەی خودا بن ، شیاوی ئەوەبن نیسبەت بدرێن بۆ لای خودا، کۆمەڵگایـەکی دڵپـاك و هەسـت ناسك و زمان خـاوین و رەوشـت جـوان ، خـاوەنی ئـەدەب و ئـەخلاقی پەسەند بن و نموونەی مرۆڤایەتی بـن و نـاوی خۆیـان بەخۆیانـەوە بـێ، لەگەڵ خودا و پێغەمبـەری خـوداو لەگـەڵ خۆیـان و غـەیری خۆیـان دا خاوەنی ئەدەب بن و دیاردەی ئەو ئەدەبە لەهەڵس و کەوتیان دا رەنـگ بداتەوە، لایەنی ماددی و مەعنەویان، شـەریعەت و یاسـا و هەسـت و شـعوریان، هـەڵس و کـەوت و هـاتوچۆو جم و جوڵیـان، بەشـێوەیەکی تەوازون و تەنسیق ئامێز لەکاردابن و لەنگەریان ڕابگـیرێ، هەرکەسـە

لەئاست خۆیەوە هەست بەئەرکی سەرشانی خۆی بکا بەرامبەر بەخودا و موسوڵمانان و کەس و کارو نیشتمان ! فێریان دەکا ئەخلاق و رەوشتیان لەگەڵ خوداو پێغەمبەردا چۆن بێ و چۆن ئاخاوتن لەگەڵ رابەریاندا بکەن!

٣- لەهەردوو سورەتەکەدا ئاماژە بەرێزداریی پێغەمبەر دەکا، بەتایبەتی لەسەرەتای هەردوو سورەتەکەدا، رێزداریی پێغەمبەریش لای خودا داخوازی ئەوەیە، موسوڵمانان رێزی لیٚبگرن و رازی بن بەوەی پێی رازیە ، کەیەکێك لەوشتانە (صولحی حودیبیە)یە، کەوابوو پێویستە موسوڵمانان بەدڵ بەو صولحە رازی بن و هیچ تەگەرەیەك نەخەنە بەری!

سورەتەکە سورەتێکی مەدەنییەو پڕە لەئەحکام ویاسا بۆ رێکخستنی کۆمەڵگا لەسەر بناغەیەکی پتەو و تۆکمەی پەروەردەکردن و راهێنان ، تەنانەت ناونراوە سورەتی (ئەخلاق) !

موسوڵمانان فێری ئەخلاق و یاسای جوان دەکا و فەرمانیان پێدەکا بەپابەندبوون بەئەخلاقی بەرزو رەوشتی جوانەوە، چۆنیەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پێغەمبەردا بەتایبەتیو لەگەڵ خۆیان و غەیردا بەگشتی ، پێیان دەفەرموێ چۆن بەرەو رووی روداو ببنەوە ، وچۆن هەواڵ و بیستراو هەڵسەنگێنن و توێژینەوەیان تێدا بکەن، هەڵوێستیان بەرامبەر یاخیبوان و سەرپێچیکاران چۆن بێو چیبکەن!

دەیانترسێنێ لەئاکامی رەوشتی ناشیرین و هەڵوێستی ناجوانمێرانە، داوایان لێ دەکاموسوڵمانان لەناو خۆیاندا گاڵتە بەیەکتری نەکەن و ناوو ناتۆرە لەیەکرت نەدۆزنەوەو گومانی خراپ لەیەکتر نەکەن! پاشملە بەخراپە باسی یەکترنەکەن و نەبنە جاسوس بەسەر یەکتریەوە، یەکسانی لە [illegible] بەرەی ئادەمیزاددا رادەگەیەنێ و یاسای چینایەتی و

ڕەگەزایەتی و دەمارگیریی ڕەتدەکاتەوە، هیچ کەس و لایەن و هۆزو بنەماڵەیەك لەکەسیتر باشتر نیە مەگەر بەتەقواو ئەخلاقی جوان نەبێ، خوداپەرستی و پابەندبوون بەڕوشتی بەرزەوە سەنگی مەحەکی ڕێزداریو جیاکەرەوەی چاك و خراپە ، کێ تەقوای زیاتربێو پتر پابەندی ئایینی خوابێ، ئەوە زیاتر ڕێزدارترە و لای خودا لەکەسانی دیکە باشترە!

گوێڕایەڵی فەرمانی خودا و نواندنی ئەدەب لەخزمەت پێغەمبەردا ﷺ

بسم الله الرحمن الرحيم

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تُقَدِّمُوا۟ بَيْنَ يَدَىِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿١﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَرْفَعُوٓا۟ أَصْوَٰتَكُمْ فَوْقَ صَوْتِ ٱلنَّبِىِّ وَلَا تَجْهَرُوا۟ لَهُۥ بِٱلْقَوْلِ كَجَهْرِ بَعْضِكُمْ لِبَعْضٍ أَن تَحْبَطَ أَعْمَـٰلُكُمْ وَأَنتُمْ لَا تَشْعُرُونَ ﴿٢﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَغُضُّونَ أَصْوَٰتَهُمْ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱمْتَحَنَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَىٰ ۚ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ ﴿٣﴾ إِنَّ ٱلَّذِينَ يُنَادُونَكَ مِن وَرَآءِ ٱلْحُجُرَٰتِ أَكْثَرُهُمْ لَا يَعْقِلُونَ ﴿٤﴾ وَلَوْ أَنَّهُمْ صَبَرُوا۟ حَتَّىٰ تَخْرُجَ إِلَيْهِمْ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ ۚ وَٱللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٥﴾

دەربارەی سەبەب نزولی ئایەتی یەکەمی ئەم سورەتە بوخاری و تیرمیزی و هیتریش لەکوڕی ئەبو مولەیکەوە ریوایەتیان کردووە : کە عەبدوڵلای کوڕی زوبەیر بۆی گێڕاوەتەوە دەڵێ: شاندێکی هۆزی تەمیم هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەرﷺ لەسەر دیاریکردنی ئەمیرێك بۆیان حەزرەتی ئەبوبەکرو حەزرەتی عومەر دەنگیان لێك بەرزبویەوە و ئایەتی: ﴿یاأیها الذین آمنوا لاتقدِّموا بین یدي الله ورسوله﴾ دەربارەی ئەو قڕەقڕەی ئەبوبەکرو عومەر نازڵ بوو.

ئیبنولمونزیر لەحەسەنی بەصریەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: رۆژی جەژنی قوربان چەند کەسێك پێش پێغەمبەرﷺ قوربانی خۆیان سەربڕی دوایی پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێکردن کە قوربانیەکەیان تازەبکەنەوە، ئیتر ئایەتی ﴿یاأیها الذین آمنوا لاتقدِّموا بین یدي الله و رسوله..﴾ نازڵ بوو.

ریوایەتێکیتر هەیە طەبەرانی لەخاتوو عائیشەوە ریوایەتی کردووە دەفەرموێ: کەسانێك هەبوون پێش پێغەمبەرﷺ بەڕۆژوو دەبوون ئیتر ئایەتی: ﴿یاأیها الذین آمنوا لاتقدِّموا بین یدي الله و رسوله﴾ نازڵ بوو.

دەربارەی ئایەتی ﴿لاترفعوا أصواتكم...﴾ ئیبنوجەریر لەقەتادەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: هەندێ لەهاوەڵان بەدەنگی بەرز لەگەڵ پێغەمبەردا ئاخاوتنیان دەکرد ، ئیتر ئایەتی ﴿لاترفعوا أصواتكم...﴾ نازڵ بوو.

دەربارەی ئایەتی ﴿ان الذین یغضون أصواتهم ......﴾ ئیبنو جەریر لەموحەممەدی کوڕی ثابتی کوڕی شەمماس ریوایەت دەکا دەڵێ: ئایەتی ﴿لاترفعوا أصواتكم فوق صوت النبي..﴾ نازڵ بوو ثابتی کوڕی قەیس هێزی رۆیشتنی نەماو دانیشت و دەستی کرد بەگریان ، عاصیمی کوڕی

عەدی کوڕی عەجلان بەلای‌دا تێپەڕی و وتی: ئەوە بۆچی دەگری؟ وتی: دەترسم ئەو ئایەتە دەرهەق بەمن نازڵ بوو بێ. من دەنگم بەرزەو بەدەنگی بەرز ئاخافتن دەکەم ...

.. ئەم هەواڵە بەپێغەمبەرﷺ گەیشتەوە ، ئەویش بانگی‌کرد، فەرمووی: ئەتۆ رازی نابی ئەگەر بەژیانی بەختەوەریی بژی و بەشەهیدی بمری و بچیتە ناو بەهەشتەوە؟ وتی: قوربان رازیم و هەرگیزاو هەرگیز دەنگیشم لەخزمەت پێغەمبەردا بەرز ناکەمەوە ، ئیتر ئایەتی ﴿ان الذین یغضون أصواتهم...﴾ نازڵ بوو.

ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: کەئایەتی ﴿لاترفعوا أصواتكم فوق صوت النبيّ﴾ نازڵ بوو حەزرەتی ئەبوبەکرسوێندی خوارد کەئیتر بەسرتەوەنەبێ قسە لەگەڵ پێغەمبەر نەکا، ئیتر ئایەتی: ﴿ان الذین یغضون أصواتهم عند رسول الله﴾ نازڵ بوو .

دەربارەی ئایەتی: ﴿ان الذین ینادونك من وراء الحجرات ...﴾ طبەرانی و ئەبو ئەعلا لەزەیدی کوڕی ئەرقەمەوە ریوایەت دەکا: دەڵێ هەندێ عەرەبی دەشتەکی هاتنە لای ژووری پێغەمبەرﷺ و بە (ئەی موحەممەد! موحەممەد!) بانگیان لی‌کردو هەراوهوریایەکیان نایەوە ئیتر ئایەتی: ﴿ان الذین ینادونك من وراء الحجرات ...﴾ نازڵ بوو.

موحەممەدی کوڕی ئیسحاق دەفەرموێ: ئەم ئایەتە دەربارەی هەندێ لەکەللە وشکەکانی هۆزی تەمیم نازڵ بوو، ئەوەبوو لەبەردەرگای ژووری حەرەمیەوە جارێك نا دووجار و زیاتر بانگیان لە پێغەمبەر دەکرد و دەیانگوت (ئەی موحەممەد!) وەرە بۆلامان ، مەدحکردنمان جوانە و زەمکردنمان بەئێشە، پێغەمبەرﷺ بەو هەراو هوریایەی ئەوان تەنگەتاو

بوو ئێش بەدڵی گەیی، ئیتر ئایەتی﴿ان الذین ینادونك من وراء الحجرات ...﴾ دەربارەی ئەوان نازڵ بوو.

ریوایەتی تریش هەن ئەم بێئەدەبیە دەخەنە سەرشانی خەڵکانی‌تر ، بەهەر حاڵ کەسێك بیەوێ لەم بارەیەوە شارەزای هەمو ریواتەکان بێ بابگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە تایبەتەکان.

ئێستایش دێینە سەرشیکردنەوەی ئایەتەکان:

دەفەرموێ: ﴿یاأیها الذین آمنوالاتقدموا بین یدي الله و رسوله و اتقوا الله، ان الله سمیع علیم﴾ ئەی ئەو کەسانەی کەئیمانداری راستەقینەن و لەناخەوە بڕواتان بەپەیامی پێغەمبەران هێناوە، دەست پێشخەری مەکەن و پێش حوکمی خوداو پێغەمبەری خودا هیچ بڕیارێك مەدەن، لەخۆتانەوە بێ بەڵگەودەلیل حوکم دەرمەکەن و بڕیار مەدەن، چونکە وێدەچێ حوکم و بڕیارەکەتان هەڵە بێ و زیانی لێبکەوێتەوە!

لەهەموو کارو کردەوەیەکتان دا لایەنی خوداتان لەبیر بێ ولەخودا بترسن ، شتێك مەکەن خودا و پێغەمبەری خودا بڕیاریان لەسەر نەدابێ بۆ خۆتان یاسا بۆ خۆتان دامەنێن بێگومان خودا شنەوایە بۆ هەموو قسە و گوفتارێکتان ئاگاداری هەموو کارو کردەوەیەکتانە و هیچی لێ گوم نابێ و هیچی لێ تێك ناچێ .

ئەم ئایەتە بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا لەوەدەکا ئادەمیزادەکان پێچەوانەی فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا رەفتار بکەن، ئیبنو عەبباس لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرمویەتی: (شتێك مەڵێن پێچەوانەی قورئان و حەدیثی پێغەمبەرﷺ بێ) .

ئیمامی (الضحاك) دەڵێ: واتە حوکم و بڕیارێك دەرمەکەن دژی فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا بێ.

واتــە: ئیجتــهادو دۆزینــەوەی حوکــم کــاتێ دروســتە لــەقورئان و فــەرموودەی پێغەمبــەردا دەق وەگیر نەکــەوێ ، دەبــێ حوکــم لــەقورئان وەربگیرێ ئەگەر نەبوو لەفەرموودەی پێغەمبەرﷺ ئەگەر نەبوو ئەو کاتــە دەبێ ئیجتهاد بکەین بۆ دۆزینەوەی حوکم .

ئیمامی ئەحمەد و ئەبوداودو تیرمیزیو ئیبنو ماجە لەمەعاذی کــوڕی جەبەلــەوە ریوایــەت دەکــەن دەفــەرموێ: کــاتێك پێغەمبــەرﷺ کردمــی بەفەرمانڕەوای وڵاتی یەمەن ویستم بڕۆم دەست بەکاربم ، فەرمووی: لەوێ چۆن کاروبار بەڕێوەدەبەی و حوکم دەردەکــەی؟ وتم : بــەگوێرەی قورئــان ، وتی: ئەگەر ئــەو حوکمــەت لــەقورئاندا نەدۆزیــەوە؟ وتم: دەگەڕێمــەوە لای فــەرموودەکانی پێغەمبــەرﷺ فــەرموی: ئەگــەر لەوێشدا هیچت چنــگ نەکەوت؟ وتم: ئەوکاتە رەئی خۆم دەخەمە گەڕو ئیجتهاد دەکەم و بڕیــارو حوکــم دەردەکــەم، دەڵــێ: ئیــتر پێغەمبــەر ﷺ لەسینگی داو فــەرمووی: سوپاس بۆ ئەو خودایەی تەوفیقی فروستادەی پێغەمبەری خودای داوە بۆ ئەنجامدانی کار بەگوێرەی ویستی پێغەمبەری خودا ...

ئەوەتا مەعاذ رەزای خــودای لێبــێ راو ئیجتــهادی خــۆی خســتە دوای قورئان و حەدیث ، خۆ ئەگەر ئیجتهادی خۆی پێش بخستایە دەبوە دەست پێشخەری لەسەر قورئان و حەدیث و بێ جایی دەبوو.

﴿یاأیها الذین آمنوا لاترفعوا أصواتكم فوق صوت النبيّ﴾ ئەی ئــەو کەســانەی بــڕوای ســاغتان هەیــە بــەتاك و تەنــهایی خــوداو راســتی پێغەمبەرایــەتی موحەممــەد! هــەرکاتێ ویســتتان ئاخــاوتن لەگــەڵ پێغەمبــەردا بکــەن بەئــەدەب و حشــمەتەوە قســەی لەگــەڵ دا بکــەن، مەنــەڕێنن و دەنگتــان بەســەر دەنگی ئــەودا بــەرز مەکەنــەوە ، چونکــە نــەڕاندن و دەنــگ بەرزکردنــەوە لەقســەکردندا نیشــانەی کــەم ئــەدەبی و بێڕێزییە ، لەسەرە خۆیی و دەنگ نزمکردنــەوە لــەئاخاوتن دا نیشــانەی

ویقار و ئەدەبە، هەڵبەتە ئەمە ئەدەب و هەڵسوکەوتێکە بۆ هەموو کەس لەگەڵ هەموو کەس دا پەسەندەو دەبێ پەیڕەوی بکرێ.

﴿ولاتجهروا له بالقول كجهر بعضكم لبعض﴾ ئەگەر قسەتان لەگەڵ پێغەمبەردا کرد بەئەدەبەوە بانگی لیبکەن و نازناوی بۆ بەکاربێنن، بەهێدی و لەسەرەخۆیی بە(یا رسول الله) و (یا نبي الله) بانگی لی بکەن ، وای بانگ مەکەن کە خۆتان لەناو خۆتاندا بانگ لەیەکتری دەکەن، بەدەنگی بەرزو بەناوی خۆی بانگی قسە لەگەڵ کراوتان دەکەن پێویستە ئاخاوتنتان لەگەڵ پێغەمبەردا جیاوازبێ لەو شێوە ئاخاوتنانەی لەناو خۆتان دا لەگەڵ یەکتری ئەنجامی دەدەن.

﴿أن تحبط اعمالكم و أنتم لاتشعرون﴾ پەروەردگار نەی لیکردون لەوەی لەڕووی پێغەمبەردا دەنگ بەرز بکەنەوە ، نەوەکو ئەو دەنگ بەرزکردنەوە پاداشتی کردەوەکانتان پوچ بکاتەوە، یا نەوەکوو بێ ڕێزی نواندان لەڕوی پێغەمبەردا سەربکێشێ بۆ کوفرو بێدینیو ئێوەش بەخۆتان نەزانن، فەرمودەیەکی صەحیح و راست هەیە: ئیمامی مالیك و ئەحمەدو تیرمیزی و نەسائی و هیتریش لەبیلالی کوڕی (الحارث)ەوە ریوایەتیان کردووە دەفەرموێ: (ان الرجل ليتكلم بالكلمة من رضوان الله تعالى لا يلقى بالأ، يكتب له بها الجنة ، و ان الرجل ليتكلم بالكلمة من سخط الله تعالى لايلقى بالأ، يهوى بها في النار أبعد ما بين السماء و الأرض)

جاری واهەیە ئادەمیزاد قسەیەکی خێر دەکات خودا پێی خۆشە بەندەکە بۆ خۆی چ گرنگیەکی پێ نادا ، وەلێ قسەکە کاریگەر دەبێ و خودا لەپاداشتیدا بەهەشتی بۆ دەنوسێ، وایش دەبێ کابرا قسەیەکی تاوان ئامێز دەکا، خودا پێی ناخۆشە بەندەکە خۆی چ گرنگیەکی پێ نادا وەلێ خودا لەسزای ئەو قەسەیەدا دەیخاتە ناو قولایی دۆزەخەوە.

ئەمجار موسوڵمان هەڵدەنێ بۆ ئەوەی بەدەنگی نزم ئاخاوتن ئەنجام بدەن و دەفەرموێ: ﴿ان الذين يغضون أصواتهم عند رسول الله ، اولئك الذين امتحن الله قلوبهم للتقوى ، هم مغفرة و أجر عظيم﴾ بێگومان ئەوانەی لەلای پێغەمبەرﷺ دەنگی خۆیان نزم دەکەنەوە و بەهێواشی قسەی لەگەڵ دەکەن ڕێزو حورمەتی پێویستی لێدەگرن ، ئەوانە خودا دڵی پاڵفتە کردون و لەبۆتەی داون بۆ تەقوا و خوداپەرستی..

دڵی ئەوانەی کردوە بەشوێن و کانی عیبادەت و لەخودا ترسی، دڵ و دەروونی مشت و ماڵ کردوون، چلك و خڵتەی تاوانی تێدا نەهێشتوە ، ئەوانە بەر بارانی ڕەحمەت و لێخۆشبوونی خودا کەوتون و پاداشتی بەهەشتیان دەدرێتێ ، ئەمەش ئەوپەڕی بەختەوەرییە، خودا لەتاوانیان خۆش دەبێ، دڵیان مشت و ماڵ دەکا بۆ خوداپەرستی ، لەدۆزەخ ڕزگاریان دەبێ و بەبەهەشتی بەرین و ڕازاوە شاد دەبن. چونکە لەخزمەت پێغەمبەردا دەنگی خۆیان نزم کردۆتەوە، بەئەدەبەوە ئاخاوتنیان لەگەڵ دا کردووە، ڕێزیان لێناوە، لەخزمەتیدا بەوپەڕی دڵسۆزی جیهادیان کردووە .

وەکوو لەئایەتێکیتردا دەفەرموێ:﴿لتؤمنوا بالله و رسوله وتعزروه و توقروه﴾ الفتح/٩ .

ئیمام ئەحمەد لەموجاهیدەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ : نامەیەك بۆ ئیمامی عومەر نێردرا تیایا نوسرابوو ، ئایا مەبەست لەئایەتەکە کەسێك حەزی لەتاوان نیە، تاوانیش ناکا، یان حەزی لێیەو نایکا؟ لەوەڵام دا حەرزەتی عومەر فەرموی ئەوانەی حەزیان لەتاوانەو لەترسی خودا نایکەن.

﴿أولئك الذين امتحن الله قلوبهم للتقوى لهم مغفرة و أجر عظيم﴾
ئەمجار پەروەردگار رەخنە لەوانەدەگریّ کەدەهاتن لە دوورەوە و لەدەرەوەی ماڵـەکانی پێغەمبەرەوە بەدەنگی بەرز بانگیان لیّدەکردو دەیانگوت : ئەی موحەممەد! وەرە دەرەوە ئیشمان پێتە ، رەهنومایی‌یان دەکا بۆ شێوە هەڵس و کەوتێکی‌تر و چاوەڕوانکردنی پێغەمبەر تاخۆی تەشریفی لەماڵ دەردەچیّ.

دەفەرمویّ: ﴿ان الذين ينادونك من وراء الحجرات أكثرهم لايعقلون﴾ بێگومان ئەوانەی لەدوورەوە لەدەرەوەی ماڵەکانی خێزانەکانت بانگت لیّ دەکەن زۆربەیان، واتە: هەموویان نەزانن و ئاداب و وصول نازانن ، نەفام وتەبیات وشك و گەڵحۆن رێزو تەقدیر نازانن ، ئەدەب و رەوشتی بەرزیان تێدا نیە، هەست بەئەرکی سەرشانی خۆیان ناکەن بەرامبەر بە تۆ، نازانن کە پێویستە بەرێزو تەقدیرەوە بانگت بکەن و چاوەڕوانی بکەن تاخۆت لەماڵ دێیتە دەرەوە.

وەکوو گوتراوە مەبەست بە(حجرات) ئەو هۆدە و خانوانەن، کە خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ تێیدا نیشتەجیّ بوون، پێغەمبەرﷺ نۆ خێزانی هەبووە هەریەکەیان خانووی جیای هەبووە، کە بریتی بووەلەهۆدەیەکی سادە کەهەڵاشەکەی بە لقی دارخورما گیرابوو، بەسەر درگاکەیەوە پەردەیەکی رەشی لەموو چنراوو تەندراو هەبوو، هەڵاشی هۆدەکان وابوون بەئاسایی دەستیان دەگەیشتیّ، لەنزیك مزگەوتی مەدینەوە بوون .

لەسەردەمی وەلیدی کوری (عبدالملك) دا خرانە ناو حەرەمی مزگەوتەوە ، خەڵك پێیان ناخۆش بوو گریان و نارەزاییان دەربڕی ، سەعیدی کوری (المسيب) لەو رۆژەدا فەرمووی : من پێم خۆش بوو ئەم هۆدەو حەرەمخانانەی خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ لەسەر شێوەی خۆیان

بهێڵدرانایەوە بۆ ئەوەی خەڵکی مەدینە بەو شێوە زوهدو دونیا نەویسیتە پەروەردە بونایە و کەسانی دیکەش کە زیارەتی مەدینە دەکەن بیانبینیایە کە پێغەمبەرﷺ چەند دونیا نەویست بووە لەچ هۆدەو خانویەکدا ژیانی بەسەر بردووە!

﴿ولو أنهم صبروا حتّى تخرج اليهم لكان خيراً لهم ، والله غفور رحيم﴾ ئەگەر ئەوانە دانیان بەخۆدا بگرتایەو ئارامیان هەبوایە تا تۆ بەشێوەی ئاسایی دەهاتیە دەرەوە بۆ ناویان ئەوسا قسەو باسی خۆیانیان لەگەڵدا بکردیتایە، ئەگەر صەبریان بگرتایە تا تۆ بەشێوەی عادەتی دەهاتیە ناویان بەو شێوە نەفامیە جارِسیان نەکردیتایە خێرو خۆشی دەبوو بۆیان و بەرژەوەندیی دونیاو قیامەتیان بۆ دەستەبەر دەبوو، چونکە ئەو کاتە موراعاتی ئەدەب و رێزلێنان لە پێغەمبەریان بەرچاو دەگرت و ئەرکی سەرشانی خۆیان ئەنجام دەدا ، پەروەردگار لێبوردەو تاوانپۆشە خاوەنی رەحم و بەزەییە بۆ بەندەکانی ئەگەر تۆبە بکەن و جارێکیتر ئەو هەڵسوکەوتە دووبارەنەکەنەوە لێیان خۆش دەبێ.

قازی ئەبوبەکر ناسراو بە (ابن العربي) دەفەرموێ: رێزگرتن لە پێغەمبەر پاش مردنی وەکوو رێزگرتنی کاتی ژیانی وایە ، ئەگەر چویە زیارەتی گۆڕی پیرۆزی دەبێ بەو پەڕی رێزو حورمەتەوە دیدەنیەکەت ئەنجام بدەی .

لەکاتێکدا فەرموودەکانی دەبیستی دەبێ بەو پەڕی ئەدەبەوە گوێچکەی بۆ کلۆر بکەی بەهیچ شێوەیەك ئیهمالی نەکەی و پشتی تێنەکەی وەکوو چۆن لەحاڵی ژیانیدا ئەوە پێویست بوو ، چونکە فەرموودەی صەحیحی پێغەمبەرﷺ وەکوو قورئان وایەو ئەو رێزەی دەدریتێ، پەروەردگاریش دەفەرموێ: ﴿واذا قرئ القرآن فاستمعوا له وانصتوا﴾ الأعراف/٢٠٤ .

وەلیٚ ئەو دەنگ بەرزکردنەوە نەی لیٚکراوە، دەنگ بەرزکردنەوەییٚکە : کەشیاوی گەورەپیاوان نەبیٚ و لەعادەت دەربچیٚ، دەنگ بەرزکردنەوە لەخزمەت پیٚغەمبەردا ﷺ بەمەبەستی ئیهانەو سوکایەتی پیٚکردن ئەوە کوفرە وپیٚویستە لەکاتی بیستنی قورئان و حەدیثی پیٚغەمبەردا ﷺ خوٚمان توشی ئەو تاوانە گەورەیە نەکەین.

واتە: هەرکاتیٚ قورئان یان فەرموودەکانی پیٚغەمبەر ﷺ خویٚندرانەوە، بەوپەڕی ئەدەبەوە گویٚیان لیٚبگرین ، دەنگ بەرزکردنەوە لەکاتی موجادەلەو دەمەدەمیٚ لەگەڵ دوژمن دا، هەروا نەڕاندن لەکاتی شەڕو جەنگدا بوٚ ورە بەرزکردنەوەی جەنگاوەران و ترساندنی دوژمن، ئەوە نەی لیٚنەکراوە بەڵکوو پیٚویستە..! ئەوەتا پیٚغەمبەر ﷺ لەغەزای حونەین دا بەعەبباسی فەرموو: (اصرخ بالناس) هاوار بکەرە موسوڵمانان و دەنگ هەڵبڕە باوەڕی موجاهیدەکانان بەرزبیٚتەوە و دوژمن بترسیٚ ، چونکە عەبباس زوٚر دەنگ بەرزبوو.

ریوایەتکراوە بەیانیەك موسوڵمانان هیٚرشیان دەکریٚتە سەر عەبباس بەدەنگی بەرز هاوار دەکا(یا صاحباه) سەبارەت بەوە ئافرەت منداڵی لەبارچووە.

لیٚکوٚڵینەوە و دڵنیابوون لەهەر هەواڵیٚک کە دەبیستریٚ

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ أَن تُصِيبُواْ قَوۡمَۢا بِجَهَـٰلَةٖ فَتُصۡبِحُواْ عَلَىٰ مَا فَعَلۡتُمۡ نَـٰدِمِينَ ﴿٦﴾ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ فِيكُمۡ رَسُولَ ٱللَّهِۚ لَوۡ يُطِيعُكُمۡ فِي كَثِيرٖ مِّنَ ٱلۡأَمۡرِ لَعَنِتُّمۡ

وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ ٱلْإِيمَٰنَ وَزَيَّنَهُۥ فِى قُلُوبِكُمْ وَكَرَّهَ إِلَيْكُمُ ٱلْكُفْرَ وَٱلْفُسُوقَ وَٱلْعِصْيَانَ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلرَّٰشِدُونَ ﴿٧﴾ فَضْلًا مِّنَ ٱللَّهِ وَنِعْمَةً ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٨﴾

دەربارەی ئایەتی ژمارە (٦) زۆر لەموفەسیرین گوتویانە ئەم ئایەتە دەرحەق بە(الولید) ی کوڕی عوقبە نازڵ بووە .

ئیبنوجەریرو ئەحمەد و طەبەرانی و ئیبن ئەبی دونیا و هیتریش لەئیبنوعەبباسەوە ریوایەتیان کردووە فەرموویەتی : ئەم ئایەتە دەربارەی وەلیدی کوڕی عوقبەی کوڕی ئەبی موعیەط نازڵ بووە، ئەوەبوو پێغەمبەرﷺ ناردی بۆلای هۆزی (بني المصطلق) بۆ کۆکردنەوەی زەکات لەنێوان وەلیدو ئەو هۆزەشدا رق و کینەیەك هەبوو ، کە بیستیان وەلید دەچێ بۆ لایان هاتنە پێشوازی و و بەرەو پیری هاتن وەلیدیش بەوەی زانی ترساو بەڕێی خۆیدا گەڕایەوە .

.. وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! زەکاتەکەیان نەدامێ و ویستیان بمکوژن، پێغەمبەرﷺ ویستی غەزایان بکا لەوکاتەدا کە خەریکی ئامادەباشی و کۆکردنەوەی جەنگاوەران بوو شاندی (بني المصطلق) گەیشتە خزمەت پێغەمبەر و تیان : ئەی پێغەمبەری خودا کە بیستمان نوێنەری خۆت ناردووە بۆلامان هەموومان کۆبووینەوە و هاتینە پێشوازیی و رێزی لێبگرین و زەکاتەکەمانی بدەینێ.

پێغەمبەرﷺ گومانی لێکردن و قەسەکەیانی نەچووە دڵەوە. فەرمووی: بەسە چیتر درێژە بەمجۆرە قسانە مەدەن، بەبێ دواخستن زەکاتەکەتان بدەن، یان پیاوێك دەنێرمە سەرتان شەڕتان لەگەڵ بکا و

ژن و منالەکانتان بکاتــە سـەبایا و مـالّ و سـامانتان بکاتـە دەسـکەوتی جـەنگ ، ئـەمجار دەسـتی موبـارەکی خستەسەرشـانی ئیمـامی عــەلیو ئاماژەی بەوەکرد:کە ئەو دەنێرمە سەریان ئەوانیش وتیان: پەنا بەخوا لـە رق هەلّسانی عەلی و پێغەمبەری خودا !!

ریوایـەتیتر هەیـە ئامـاژە بـەوە دەکـا : کـە پێغەمبـەرﷺ هــێزێکی بەفەرمانرەوایی خالیدی کـوری وەلیـد ناردنـە سـەر ، بـۆ ئـەوەی شـەریان لەگـەلّ بکـا کـەخالید چـووە سـەریان دیتـی وا بـانگ دەدەن و خــەریکی خۆئامادەکردنن بۆ نوێژو کۆمەلّگایەکی موسولّمانن ، ئیـتر زەکاتەکـەیان تەسلیم بەخالید کردو ئەو یش هاتەوە بۆ خزمەت پێغەمبەرﷺ .

موفەسسـیرین کۆکـن لەسـەر ئـەوە کـە ئـەو کەسـە خەبەرەکـەی دایـە پێغەمبەرﷺ وەلیدی کوری عوقبە بـوو ، ئایەتەکـە دەربارەی ئـەو نـازل بووە، وەلیّ وەکوو ئوصولّی دەفەرموون: (عیبرەت بەعمومی لەفظە نـەك بەخصوصی سەبەب) .

بەگشـتی ئایەتەکـە داوا دەکـا موسـولّمانان ووردبـین و بــەراوردکار و خـاوەن توێژینـەوە بـن ، کـە هـەوالّێکیان بیسـت بیخەنـە بــەر تیشـکی لێکۆلّینەوە و سەرنج دان و خێرا پێی باوەرنەکەن، هیـچ کـاتێکیش پشـت بەقسەی فاسق نەبەستن و بریاری لەسەر گەلاّلە نەکەن.

پەیوەندی ئەم کۆمەلّە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم روەوەیە:

کە لەئایەتەکانی پێشودا فەرمانی بەموسولّمانان کرد ، کـە ملکـەچی فــەرمانی خــودا و پێغەمبــەری خــودا بــن ، لەخزمــەت پێغەمبــەردا بەئەدەب و حیشمەت بن و دەنگ بەرزنەکەنەوە ، دوای ئاراستەکردنی ئەم دوو فەرمانـە فـەرمانی پێکـردن کەپشـت بەقسـەی ئـادەمیزادی فاسـیق نەبەستن و هەر هەوالّێك دەیبستن بیخەنە بەر لێکۆلّینەوەو تاوتوێ کردن ،

بەهەموو قسەیەك باوەڕنەکەن ، سافیلکەو خۆشباوەڕ نەبن نەبادا سافیلکەییان سەربکێشێ بۆ فیتنەو ئاژاوە لەنێوانیادا.

﴿یاأیها الذین آمنوا ان جاءکم فاسق بنبأ فتبینوا أن تصیبوا قوماً بجهالة فتصبحوا علی ما فعلتم نادمین﴾ ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە بەخوداو پەیامی پێغەمبەرﷺ ئەگەر فاسیق و بێویژدانێك هاتە لاتان و هەواڵێکی پێڕاگەیاندن ، یەکسەر پێی بڕوا مەکەن، لەناوەڕۆکی هەواڵەکە بکۆڵنەوە و ئەم دیوو ئەودیوی بکەن، هەوڵ بدەن بگەنە حەقیقەت و واقیع و ڕاستیتان بۆ دەربکەوێ، دەم و دەس لەسەر بڕیاری فاسیق و درۆزن بڕیار دەرمەکەن، تا حەقیقەت و ڕاستیتان بۆ دەرنەکەوێ هەڵوێست وەرمەگرن .

نەوەکوو لەهەڵوێست وەرگرتنی بەپەلە و بڕیاردانی خێرایی و بێ لێوردبوونەوە زیان بەکەسانی دیکە بگەیەنن و بەناڕەوا خەلکی بێتاوان توشی چورتم و گێرەو کێشە بکەن، ئێوە ئاگاداری وەزع و حاڵی ئەوان نین و بەبیستنی هەواڵی بێ بناغە حوکم دەربکەن و بێتاوان توشی زیان ببێ ئەو کاتە ئێوە لەکردەوەی خۆتان پەشیمان دەبنەوە : خۆزگە دەخوازن و دەڵێن: سەد بریا ئەوەمان نەکردایە.

کە لەئایەتەکەدا بەتایبەتی ناوی (فاسق)ی هێنا هۆیەکەی ئەوەیە (فاسق) جێگای گومانە بایەخ بەهەواڵی نادرێ، هەروەها بۆ ئەوەشە شك وگومان نەکەوێتە ناو کۆمەڵی موسوڵمانانەوە، هەرچی دەیڵێن وەرنەگیرێ بێ‌ئیقەیی و بێ متمانەیی لەناویاندا بلاوبێتەوە .

ئەصڵ و حەقیقەت لەنێو ئەفرادەکانی کۆمەڵگای موسوڵمانان دا ئەوەیە ئەفرادەکانی جێگای متمانە بن و هەواڵیان بڕوا پێکراو و ڕاستگۆبن، فاسق جێگای گومانە و بەبێ لێوردبوونەوە هەواڵی لێوەرناگیرێ و بڕوا بەقسەی ناکرێ، بۆیە پێویستە کاربەدەستانی

موسوڵمانان بەتایبەتی و موسوڵمانان بەگشتی هەواڵی بیستراو لەفاسیق بخەنە بەر توێژینەوە و سەرنجدان و خێرا بڕیاری لەسەر دەرنەکەن! نەوەکوو توشی هەڵەو تاوان بن و بەنەزانی زیان بەکەسانی‌تر بگەیەنن و دوایی پەشیمان ببنەوە!!

ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کەخەبەری تاك (خبر الواحد) ئەگەر عادڵ بێ بەڵگەیە و متمانەی پێدەکرێ . شایەتی فاسق وەرناگیرێ .

بەشێوەیەکی گشتی ئایەتەکە داوای لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لەهەواڵی فاسیق دەکا؛ وەلێ هەواڵی ئادەمیزادی خوداناسی عادڵ وەردەگیرێو بڕوای پێدەکرێ ئەمەیە ئەصڵ و بنەمای قاعیدەی کۆمەڵگای ئیسلامیی، بڕواکردن بەقسەی پیاوچاك و عادڵ بەشێکە لەمەنهەج و پرۆگرامی (تثبت) و دڵنیابوون، چونکە قسەی عادڵ یەکێکە لەسەرچاوەی ئەو مەنهەجە ئیسلامییە!

وەکوو لەوەپێش رونمان کردەوە ئایەتەکە دەربارەی وەلیدی کوڕی عوقبە نازڵ بووە،. ئەوە بوو پێغەمبەرﷺ ناوبراوی نارد بۆ ئەوەی زەکات لە (بني المصطلق) وەربگرێ، بەڵام کارەکەی ئەنجام نەداو زوو گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەر و وتی: زەکاتیان نەدامێ نەك هەرئەوەندە بەڵکوو ئەوان لەئایین پاشگەزبوونەوە، خۆیان ئامادەکردووە بۆ هێرش کردن و شەڕکردن ، پێغەمبەرﷺ خالیدی کوڕی وەلیدی ناردە سەریان و فەرمانی پێکرد کە بەباشی لەحاڵ و وەزعیان وردبێتەوە وەبزانێ ئاخۆ هەڵوێستیان چۆنەو چی‌یە؟ ئەمجار هەڵویست وەربگرێ.

خالید بەخۆی و لەشکرەکەیەوە بەشەو لێیانە نزیك بوونەوە و چاودێرو جاسوسی نارد بۆ ناویان، هاتنەوە هەواڵیان پێدا: کە ئەو هۆزە موسوڵمانن و بانگ دەدەن و نوێژ دەکەن، کە رۆژ بووەوە خالید هاتە ناویان و بۆی دەرکەوت هەڵس و کەوتیان پێچەوانەی ناوەڕۆکی

هەواڵەکەی وەلیدی کوڕی عوقبەیە، جا خالید گەڕایەوە بۆلای پێغەمبەرﷺ و واقیعی حاڵی گێڕایەوە ئیتر ئەم ئایەتە هاتەخوارێ، جا لەوەودوا پێغەمبەرﷺ دەیفەرموو: (**التثبت من الله و العجلة من الشیطان**) لێکۆڵینەوەو هەوڵدان بۆ ڕاستی لەخوداوەیەو پەلەکردن لەشەیتانەوەیە .

واپێدەچێ هەندێ لەموسوڵمانان بەبیستنی هەواڵی یەکەمجار لەوەلیدی کوڕی عوقبەوە خوێنیان گەرم بووەو ویستویانە بەزوویی هێرش بکرێتە سەر هۆزی (بني المصطلق) و تۆڵەیان لێبستێندرێ، زۆر تەنگەتاوبوون بەنەدانی زەکات و رقیان لەو هۆزە هەڵساوە، ئیتر ئەو ئایەتەی دوایی هاتوەتە خوارێ بۆ ئەوەی راستیەکی گەورەو مەزنیان بیر بخاتەوە ، نیعمەتێکی گەورەی پەروەردگاریان بۆ روون بکاتەوە .

دەفەرموێ: ﴿**واعلموا انّ فیکم رسول الله لو یطیعکم في کثیر من الأمر لعنتّم**﴾ بزانن: ئێوە پێغەمبەری خوداتان لەناودایە، رێزی لێبگرن پابەندی فەرمان و جڵەوگیریەکانی بن ، بێگومان ئەو باش دەزانێ بەرژەوەندی ئێوەلەچیدایە ، قسەی پڕوپوچ مەکەن و بەبێ لێکۆڵینەوەو توێژینەوە دەم و دەست بڕیار بەسەر کەسدا مەدەن ، چاوەڕوان بن ئاخۆ پێغەمبەر چیتان پێ دەڵێ وچ رێو شوێنێکتان بۆ دادەنێ ..

بێگومان پێغەمبەر ئەگەر بێتو بەگوێی ئێوەبکا لەزۆر لەو شتانەی خەبەری دەدەنێ و ئەو ڕایانەی بۆی دەردەبڕن لەئاکامدا تووشی ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمە دەبن ، دەکەونە ناو تاوان و هیلاکەتەوە ، وەلێ ئەو زاتە پێغەمبەری خودایە و لەخۆیەوە قسە ناکا و هەڵوێست وەرناگرێ، هەرچی دەیکا بەگوێرەی نیگاو سروشە .

بۆیە پێش دەرکەوتنی حەقیقەت بەگوێی ئێوە ناکا و پەلەناکات لەوەرگرتنی هەڵوێست و بێ لێوردبوونەوە لەهەواڵی پێگەیشتو بڕیار نادا. کەوابێ چاك وایە بۆ ئێوەی موسوڵمان و خوداپەرست گوێڕایەڵی فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا بن، ملکەچی قەزاو قەدەری خودا بن! پێشنیارو ئیقتراحاتی بۆ نەکەن!

ئەنجار سەرنجی موسوڵمانان رادەکێشێ بۆ لای نیعمەتی ئیمان و دەفەرموێ: ﴿**ولکن حبّب الیکم الإیمان و زینه في قلوبکم و کرّه الیکم الکفر و الفسوق و العصیان أولئك هم الراشدون**﴾ واتە: بەڵام خودا ئیمانی لەدڵی بڕێکتان دا خۆشەویست کردووە و جوانی کردوە، بۆیە بەبیستنی هەواڵەکە وەلیدی کوڕی عوقبەو هەواڵیتر پەلەناکەن لەبڕیاردان و هەڵوێستی نامەسئولانە وەرناگرن و تۆمەتی خراپ پاڵ کەسانی دیکە نادەن ، چونکە خودا ئیمان و باوەڕی لەهەموو شتێك لەلا خۆشەویستتر کردوون و لەدڵتاندا جێگیری کردوە و ریشەی داکوتاوە، کوفرو فیسق و بێدینی لەلا دزیۆکردون و بەهیچ جۆرێك سەرپێچی فەرمانی خودا و پێغەمبەری خودا ناکەن و سنوور شکێنی ئەنجام نادەن . ئەمەش هەمووی:

﴿**فضلاً من الله و نعمة، و الله علیم حکیم**﴾ فەضل و نیعمەتی خودایە بۆ ئێوە بەمەحضی بەزەیی و رەحمەتی خۆی ئیمانی لەلا خۆشەویست کردون و بێدینی لەلا دزیو کردون . خودا زانا و ئاگادارە بەهەموو روداوێکی رابووردوو داهاتوودا هیچی لێگوم نابێ، زاناو دانایە لەبەڕێوەبردنی کارەکانیدا، هەرچی دەیڵێ و دەیکا لە دانایی خۆیەوە سەرهەڵدەدا و حیکمەتی تێدایە ، تەشریع و تەقدیری پڕە لەحیکمەت !!

هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئاژاوەو ناوخۆو حوکمی یاخی بوان

وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُوا۟ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا ۖ فَإِنۢ بَغَتْ إِحْدَىٰهُمَا عَلَى ٱلْأُخْرَىٰ فَقَـٰتِلُوا۟ ٱلَّتِى تَبْغِى حَتَّىٰ تَفِىٓءَ إِلَىٰٓ أَمْرِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن فَآءَتْ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَهُمَا بِٱلْعَدْلِ وَأَقْسِطُوٓا۟ ۖ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلْمُقْسِطِينَ ﴿٩﴾ إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ إِخْوَةٌ فَأَصْلِحُوا۟ بَيْنَ أَخَوَيْكُمْ ۚ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ ﴿١٠﴾

ئەم دوو ئایەتە قاعیدەیەکی گشتیو کۆمەڵایەتییان لەخۆگرتووە بۆ پاراستنی کۆمەڵگای ئیسلامیی لەپچڕان و پەرتەوازەبوون و بەرپابوونی ئاژاوە لەنێوان تاکەکانیدا، ئاوێنەیەکی بالانومایە ، بۆ چەسپاندنی حەق و عەدالەت و ڕێکخستنی کۆمەڵگاو لەئاکامدا گەڕانەوە بۆ تەقواکاری و لەخوداترسان و چاوەڕوانی رەحمەت و بەرەکەتی!!

دەربارەی سەبەب نزولی ئایەتی نۆیەم پێنج هۆکاری جیا جیا ریوایەت کراون، هەر ریوایەتە روداوێك بۆ سەبەب نزولەکە دیاری دەکا، وێدەچێ روداوەکان رویان دابێ و ئایەتەکە دەربارەی هەموویان نازڵ بوو بێ، وێشدەچێ روداوێکیان سەبەب نزولی ئایەتەکە بێ و ئەوانیتر وەگەڵ خرابن تێکرارو موتەشابیە بن ، یەکێك لەو روداوانەی کراوەتە .

سەبەب نزولی ئایەتی نۆیەم ئەو ریوایەتەیە کە ئەحمەدو بوخاری و موسلیم و ئیبنوجەریر و هی‌تریش لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە ریوایەتیان کردووە:

دەفەرموێ: عەرزی پێغەمبەرﷺ کرا ئەی پێغەمبەری خودا! خۆزگە سەردانی (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی)یت بکردایە، پێغەمبەرﷺ بەسواری گوێدرێژێك کەوتە ڕێ بۆلای و موسوڵمانان شوێنی کەوتن..

دەوروبەری ماڵی عەبدوڵڵا زەویەکی بەردەلان و پیس و پۆخەڵ بوو ، گوێدرێژەکەی میزی کرد ، عەبدوڵڵا وتی: لێم دوور بکەونەوە سوێندم وابێ بۆگەنی میزەکەی تەواو تێکی دام ، عەبدوڵڵای کوڕی رەواحە وتی: سوێندم بەخوا میزی گوێدرێژەکەی پێغەمبەرﷺ بۆنی لەبۆنی تۆ خۆشترە ، پیاوێکی خزمی (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) تورەبوو پشتگیری (عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی) کرد ، کەسانی‌دیکەش لایەنی (عەبدوڵڵای کوڕی رەواحە) یان گرت و پێك هەڵپرژان و بەلقە دارخورما و کۆڵەمستەو نەعل بەربوونە یەکتری ، ئیتر ئایەتی ﴿**وان طائفتان من المؤمنين اقتتلوا** ....﴾ نازڵ بوو .

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم رووەوەیە:

لەوە پێش پەروەردگار موسوڵمانانی ترساند لەوەی هەواڵی بیستراو لەفاسیق وەربگرن . بی‌لێکۆڵینەوە (تثبت) پێی هەڵ بخەڵەتێن . ئەمجار لێرەدا ئاکامی بڕواکردن بەقسەی بێدین و فاسیق رون دەکاتەوە کەزۆر جار بڕواکردن بەهەواڵی فاسیق سەردەکێشێ بۆ بەرپابوونی کێشەو شەڕو ناکۆکی ئا لەم کاتانەدا کەشەڕو دووبەرەکی پەیدا دەبێ.

پەروەردگار داوا لەکاربەدەست و دەست رۆیشتوی موسوڵمانان دەکا: کە نەصیحەت و ئامۆژگاری هەردوو لایەن بکەن و هەوڵ بدەن بەئاشتی ئاژاوەکە بکوژێننەوە ، نەهێڵن تەشەنە بکا ، خۆ ئەگەر لایەنێکیان ملی

نەداو سوور بوو لەسەر شەڕو نیزاع ئەوە بەیاخی و ستەمکار دەژمێردرێ و پێویستە موسوڵمانان دژی بوەستن و شەڕی لەگەڵدا بکەن و ڕیشەی شەڕخوازان لەبێخ دەربێنن ... دەفەرموێ:

﴿وان طائفتان من المؤمنين اقتتلوا فأصلحوا بينهما﴾ هەرکاتێ دوو لایەنی موسوڵمان بەشەڕهاتن و دژ بەیەك وەستان پێویستە لەسەر کاربەدەست و پیاو ماقوڵ و بەرپرسی موسوڵمانان خێرا بچن بەپیر کێشەکەوە و هەوڵ بدەن بەنەصیحەت و ئامۆژگاری شەڕ و نیزاعەکە دابمرکێننەوە ، هۆکاری بەرپابوونی دژایەتیەکە قەلاچۆ بکەن و شك و گومان لەدڵی هەردوولا دەربهاوێن ..!

کۆمەڵێکی زۆر لەزانایانی ئیسلام ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە لەسەر ئەوە کە کردنی تاوانی گەورە نابێتە هۆی کافربوون و موسوڵمان تاوانی گەورەشی لێ ڕوویدا هەر لەجوغزی موسوڵمانێتیدا دەمێنێتەوەو ناچێتە کەمپی کوفرەوە موعتەزیلەو خەواریج دەبێژن کەسێك تاوانی گەورە بکا کافر دەبێ و لەقیامەت دا بۆ هەتا هەتایە دۆزەخیە!!

لەصەحیحی بوخاری دا هاتووە ئەبوبەکرە ڕیوایەتی دەکا یەژێ: ڕۆژێ پێغەمبەرﷺ لەسەر دوانگە وتاری دەدا و حەسەنی کچەزایشی لەپەنایەوە بوو ، لەکاتی وتاردانەکەدا کەمێك رووی دەکردە حەسەن و چەلێك رووی دەکردە خەڵکەکە و دەیفەرموو: (ئەم کوڕەیەم ئاغرو ڕێزدارە هومێدم پێیەتی ناوبژی دووتاقمی موسوڵمان بکا و ئاژاوەی نێوانیان بکوژێنێتەوە) ئەوەبو دوا ئەو شەڕە خوێناوییەی چەندین ساڵەی نێوان موسوڵمانان : کە لەئاکامدا ئیمامی حسینی تێدا شەهید بوو ئیمامی حەسەن توانی ئەو ئاگرە بکوژێنێتەوەو کۆتایی بە کوشت و کوشتار بهێندرێ .

ئایەتەکە بەئاشکرا وەصفی ئیمان بۆ هەردوو لایەنەکە دەهێڵێتەوە ، هەرچەندە ئیحتیمالی ئەوەهەیە لایەکیان یان هەردوو لایان تەجاوزکارو سنوور شکێن بن و تاوانی گەرورە ئەنجام بدەن !

﴿فإن بغت احداهما على الأخرى فقاتلوا التي تبغي حتّى تفيئ الى أمر الله﴾ ئەگەر لایەکیان وازی نەهێنا و هەر سوور بوو لەسەر یاخی بوون و تەجاوزکاری خۆی و دەستدرێژی دەکردە سەر هێزو لایەنەکەیتر، ئەوە بەهەموو هێزو تواناتانەوە دژی لایەنی یاخی بوو ، دەستدرێژی کار بوەستێن و شەری لەگەڵ بکەن تا مل دەدا و پابەندی یاسای خودا دەبێ و ئاشتی قەبوڵ دەکا، موسوڵمانان هەقە لەم جۆرە کاتانەدا هەڵوێستیان هەبێ و نەهێڵن ئاگری شەرو فیتنە هەڵ بهایسێ بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدەن دیاردەی شەرو هەرا نەهێڵن و ڕیشەی فیتنە لەبێخ دەربێنن ، جا ئەگەر بەبێ بەکارهێنانی چەك مەبەستەکە هاتەدی، ئەوە باشە ئەگینا چەك و هەموو هێز و توانایەکی دەستەبەر بوو وەکاردەخەن .

جا ﴿فإن فاءت فأصلحوا بينها بالعدل و أقسطوا ان الله يحبّ المقسطين﴾ ئەگەر لایەنی یاخی بوو وازی لەشەرەنگێزی هێناو ملی دا بۆ ئاشتی و رازی بوو بەشەریعەتی خودا، ئەوە ئێوەی موسوڵمان صوڵحی نێوانیان بکەن و بەعەداڵەت رێکیان بخەنەوە ، بێگومان خودا هەمیشە عەداڵەتکاری خۆش دەوێن و رێزی عەداڵەتکاران لای خودا زۆر و بێ ژمارە.

ئیبنو ئەبی حاتەم و نەسائی لەعەبدوڵڵای کوری عەمرەوە ریوایەتیان کردووە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرمووی: (ان المقسطين في الدنيا على منابر من لؤلؤ بين يدي الرحمن عزّ و جل بما أقسطوا في الدنيا) عەداڵەتکاران لە دونیادا پاداشتی گەورەیان دەدرێتی دەخرێنە سەر

مینبەری لوئلوئو لەژێر رەحمەتی خودادا دەگوزەرێنن لەپاداشتی ئەو عەدالەتکاریەی لەدونیادا ئەنجامیان داوە.

موسلیم و نەسائی لەعەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە بەم دەقە ئەم فەرموودەیان ریوایەت کردووە ، دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (المقسطون عند الله تعالى يوم القيامة على منابر من نور على يمين العرش الذين يعدلون في حكمهم و أهاليهم و ماوُلوا) .

ئەمجار بەشوێن ئەو فەرمان و تەوجیهاتەی پێشوودا حەقیقەت و راستیەك دەخاتە روو، سەرنجی موسوڵمانان بۆ پەیوەندی و برایەتی و خۆشەویستی نێوان موسوڵمان رادەکێشێ و دەفەرموێ:

﴿إنّما المؤمنون إخوة فأصلحوا بين أخويكم، واتقوا الله لعلّكم ترحمون﴾ موسوڵمانان برای ئایینی یەکترن، پەیوەندی ئایین بەیەکیەوە بەستوون و کۆی کردوونەتەوە، کەواتە صوڵحی نێوان براکانتان بکەن و رێکیان بخەنەوە، لەهەموو هەڵسوکەوتێکیشتان دا تەقوای خودا بکەن و لایەنی رەزامەندیی خوداتان لەیاد بێ ، پابەندی هەق و عەدالەت بن ناوبژی کردن ونێوان کردنتان عەدالەتکارانە بێ، مافی هیچ لایەنێك بۆ لایەنەکەیتر پێشێل مەکەن، پابەندی فەرمان و جلەو گیریەکانی خودا بن بۆ ئەوەی رەحمتان پێ بکرێ.

فەرموودەی زۆر لە پێغەمبەرەوە ریوایەت کراون جەخت لەسەر برایەتی ئایینی دەکەنەوە و ئەو پەیوەندیە بەرزو پیرۆز دەنرخێنن وپەیوەندییەکە توندو تۆڵتر دەکەن ، لەفەرموودەی صەحیح دا هاتووە کە پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (المسلم أخو المسلم لايظلمه و لا يسلمه) موسوڵمان برای موسوڵمانە زوڵمی لێناکا و پشتگیری دەکاو ناهێڵێ دوژمن زیانی پێبگەیەنێ .

یان دەفەرموێ: (واللہ في عون العبد ما دام العبدُ في عون أخيه) پەروەردگار پشتگیری بەندەی خۆی دەکا بەمەرجێ ئەو بەندەیە یارمەتی برای موسوڵمانی خۆی بدا.

هەروەها لەحەدیثی صەحیح دا هاتووە دەفەرموێ: (مثل المؤمنين في توادهم و تراحمهم و تعاطفهم كمثل الجسد الواحد اذا شتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر و الحمى) نموونەی موسوڵمان لەیەکتر خۆشویستندا و لەبەزەیی هاتنەوەیان دا بەیەکتری لەپەیوەندی و هەماهەنگی و بەهانا هاتنی یەکتریەوە وەکوو جەستەیەك وان هەرکاتێك ئەندامێکی ئەو جەستەیە تووشی ئازارێك بوو هەموو جەستەکە ئێشی پێ دەگاو خەوی لێ ناکەوێ و هەماهەنگی ئەو ئەندامە بەئەو ئازارە دەکەن!

یان دەفەرموێ: (المؤمن للمؤمن كالبنيان يشدّ بعضهُ بعضا) موسوڵمان بۆ موسوڵمان وەکو چینی دیوار وەهایە هەندێکی هەندێکی‌تری پتەو دەکا.

داب و نەریتی موسوڵمان لەگەڵ موسوڵمان و لەگەڵ خەڵکی‌تردا

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا يَسۡخَرۡ قَوۡمٞ مِّن قَوۡمٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُونُواْ خَيۡرٗا مِّنۡهُمۡ وَلَا نِسَآءٞ مِّن نِّسَآءٍ عَسَىٰٓ أَن يَكُنَّ خَيۡرٗا مِّنۡهُنَّۖ وَلَا تَلۡمِزُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَلَا تَنَابَزُواْ بِٱلۡأَلۡقَٰبِۖ بِئۡسَ ٱلِٱسۡمُ ٱلۡفُسُوقُ بَعۡدَ ٱلۡإِيمَٰنِۚ وَمَن لَّمۡ يَتُبۡ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلظَّٰلِمُونَ ﴿١١﴾ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱجۡتَنِبُواْ كَثِيرٗا مِّنَ ٱلظَّنِّ إِنَّ بَعۡضَ ٱلظَّنِّ إِثۡمٞۖ

وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ ﴿١٢﴾ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾

دەربارەی ژمارە ئایەتی یانزە (الضحاك) دەڵێ سەبارەت بە شاندی بەنی تەمیم نازڵ بووە، ئەوانەی لەباسی سەبەب نزولی ئایەتی یەکەمی سورەتەکەدا باسیان هاتووە ، ئەوەبوو ئەو شاندە گاڵتەیان بەصەحابە هەژارەکانی وەکوو عەممار و خەبباب و ئیبنوفوهەیرەو بیلال و صوهەیب و سەلمانی فارسی و سالم ئازادکراوی ئەبو حوزەیفە... هتد دەکرد کە بینیان روت و رەجاڵ و شڕو شۆڵ و چلکنن گاڵتەیان پێهاتن!

هەندێکیتر دەڵێن: سەبەب نزولی ئەم ئایەتە ئەوەیە عیکرەمەی کوڕی ئەبوجەهل ئیمانی هێنا و هاتە ناوشاری مەدینە، کە موسوڵمانەکان عیکریمەیان بینی وتیان ئەوە کوڕی فیرعەونی ئەم ئومەتەیە، ئەویش لای پێغەمبەرﷺ شکوای حاڵی خۆی کردو ئەم ئایەتە نازڵ بوو،

هەندێ لەموفەسسیرین هۆکاریتر بۆ سەبەب نزولەکە دەستنیشان دەکەن! بەهەر حاڵ پێدەچێ هۆکاری نازڵ بوونی ئایەتەکە زیاتر لەهۆکارێك بێ یان چەند هۆکارێك بێ. هەرچۆنێك بێ عیبرەت بەگشتگیری لەفظەکەیە نەك تایبەتمەندی نازڵ بوونەکەی .

دەربـاری ئایـەتی ﴿ولانسـاء مـن نسـاء﴾ ئیبنوعـەبباس دەفـەرموێ: (صەفیە)ی کچی حویەی کوڕی ئەخطەب هاتەخزمـەت پێغەمبـەرو وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـودا! ئافرەتـەکان قەشمـەریم پێدەکـەن، دەڵێـن: ئـەی جولەکەی کچی جولەکە! پێغەمبەرﷺ فەرموی: بۆ پێیانت نـەوت: بـاوکم هارونەو مامم موسایەو مێردەکەم (محمد)ە ئیتر ئەو ئایەتە نازڵ بوو.

دەربـارەی ئایـەتی: ﴿ولاتنـــابزوا بالألقـــاب﴾ ئەبوجوبـەیری کـوڕی (الضحاك) یەژێ پیاوی واهەبوو دوو ناو سێ ناوی هەبوو، کەبەهەندێ ناو بانگیان دەکرد دڵگران دەبوو ئیتر ئەم ئایەتە لەو بارەوە نازڵ بوو.

حاکم و هیتریش لەبارەی حەدیثی ئەبوجوبەیرەوە دەڵـێ: لەسـەردەمی نەزانیدا بانگ لیکردن بەلەقەب و نازناو باو بوون پێغەمبەرﷺ بەشێوەی نازناو بـانگی لـەپیاوێ کـرد، عـەرزی پێغەمبـەرﷺ کـرا : کەئـەو پیـاوە لەوانەیـە بـانگ لیکردنـی بـەو نازنـاوە لـەلا نـاخۆش بـێ ئیـتر ئایـەتی: ﴿ولاتنابزوا بالألقاب﴾ نازڵ بوو.

دەربـارەی ئایـەتی ﴿ولایغتـب بعضکـم بعضـــاً﴾ ئیبنولمونزیـــر لەئیبنوجـەریرەوە نـەقڵ دەکـا دەڵـێ: واپێدەچـێو وادەگوتـرێ کـە ئـەو ئایەتە دەربارەی سەلمانی فارسی نازڵ بووە ، نانی خواردو راکشا ویسـتی بنـوێ پیـاوێ لاسـایی خـواردن و راکشـانەکەی کـردەوە ئیـتر ئـەو ئایەتـە نازڵ بوو.

دەربارەی ئایەتی: ﴿یاایـها النـاس إنّـا خلقنـاکم مـن ذکـر و أنثـی﴾ ئیبنـو ئـەبی حاتـەم لـە کـوڕی ئـەبو مولەیکـەوە ریوایـەت دەکـا: دەڵـێ: کەشاری مەککـە رزگـار کـرا بیـلال چـووە سـەربانی کەعبـەو بـانگی دا، هەندێ کەس وتیان: ئەو کۆیلـە رەشـە پیسـە چووەتـە سـەربانی کەعبـەو بانگ دەڵێ؟! هەندێکیتر وتیان: ئەگەر خودا رقی لیێ هەڵسێ دەیکاتە

شتێکی‌تر یان وتیان : ئەگەر خودا شتێکی بوێ دەیگۆڕێ ئیتر ئایەتی: ﴿یاأیها الناس انا خلقناكم من ذكر و أنثی﴾ نازڵ بوو.

پەیوەندی ئەم کۆمەڵە ئایەتە بەهی پێشەوە لەم ڕووەیە:

لەوەپێش پەروەردگار ئەوەی روونکردەوە کە پێویستە موسوڵمان چ هەڵسو کەوتێکی هەبێ بەرامبەر بە خودا و بە پێغەمبەرﷺهەروەها بەرامبەر ئەوانەی دوژمن و بەرهەڵستکارانی خوداو پێغەمبەری خودان!

ئەمجار لەم کۆمەڵە ئایەتەدا ئەوە روون دەکاتەوە کە موسوڵمان پێویستە چۆن بێ لەگەڵ موسوڵمانان بەتایبەتی و غەیری موسوڵمانان بەگشتی جڵەوگیری لەموسوڵمانان دەکا کە قەشمەری و سوکایەتی بەیەکتری نەکەن، و تانەو تەشەر لەیەکتریی نەدەن و ناوناتۆرەی ناشیرین لە یەکتری نەنێن، جاسوسی بەسەر یەکترەوە نەکەن ، واز لەفیتنەیی و غەیبەت بێنن، بەنژادو بنەماڵەو بنەچە نەنازن تەرازوی بەرزو نزمی ، سەنگی مەحەکی چاکی و خراپی تەقوایە، کێ زیاتر خوداپەرست بێ و لەخودا بترسێ ئەوە رێزدارە ، گەورەیی رێزداریی بەلەخودا ترسان دەستەبەر دەبێ دەفەرموێ:

﴿یاأیها الذین آمنوا لایسخر قوم من قوم عسی أن یكونوا خیراً منهم﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان بەتاك وتەنهایی خودا و راستی پێغەمبەرێتی موحەممەد هێناوەو خۆتان بەشوێنکەوتووی پەیامی دەزانن، باهیچ گەل و نەتەوەیەك هیچ دەستەو تاقمێك گاڵتە بەدەستەو تاقمی‌تر نەکا، چونکە لەوانەیە گاڵتەپێکراو لەگاڵتەکار چاکتر بێ و لای خودا رێزی زیاتر بێ، وێدەچێ ئەو کەسەی گاڵتەی پێدەکرێ لای خودا خۆشەویستتر بێ لەو کەسەی گاڵتەکە دەکا .

پێغەمبەرﷺ لەفەرموودەیەکدا ئەبوهورەیەرە ریوایەتی کردووە دەفەرموێ: (ربَّ أشعث أغبر ذي طِمرَينِ تنبوا عنهُ أعين النّاس، لو أقسم على الله لأبرّهُ) رواه الحاكم ، واتە: زۆر کەس هەیە تەپ و تۆزاوی و چلکن و شرِو شۆڵ خەڵکی بێزی لیّدەکاتەوە، بەڵام لای خودا هێندە خۆشەویستە ئەگەر هەر شتێك داوا لەخودا بکات بۆی جیّبەجیّ دەکات.

ئیمامی موسلیم ئەم فەرموودەیەی بەم جۆرە ریوایەت کردووە (ربّ أشعث أغبر مدفوع بالأبواب لو أقسم على الله لأبرّهُ) زۆر تەپ و تۆزاوی و چلکن لەبەردەرگایان پاڵیان پێوە دەنێن ، خەڵکی بەهیچیان نازانن وەلیّ لای خودا رێزدارن وەهەرچی داوا لەخودا بکەن بۆیان دەستەبەر دەکا .

ئەمجار چۆن جڵەوگیریی لەپیاوان کرد لەوەی گاڵتە بەیەکتری بکەن ، بەهەمان ئوسلوب و شێوە دوابەدوای جڵەوگیریی لەوان جڵەوگیریی لەئافرەتان کردو فەرمووی:

﴿ولا نساءٌ من نساءٍ عسى أن يكنَّ خيراً منهنّ﴾ باهیچ ئافرەتێك گاڵتە بەهیچ ئافرەتێکیتر نەکا، چونکە لەوانەیە گاڵتەپێکراو لەگاڵتەکەر چاکتر بیّ، زۆر جار ئەو ئافرەتانەی گاڵتە بەئافرەتانی تر دەکەن و پێیان پیّدەکەنن و خۆیان بەچاك و بیّعەیب دەزانن ئەوان خۆیان عەیبدارو لەککەدارن و گاڵتەپێکراوەکان لەوان باشترن.

هەڵبەتە ئەگەر ئافرەتیش گاڵتە بەپیاوان بکەن یان پیاو گاڵتە بەئافرەت بکەن هەر حەرامەو هەمان حوکمی ئایەتەکە دەیانگرێتەوە . پێویستە ئادەمیزاد زۆر ئاگاداری ئەوەبیّ بەگاڵتەکردن بەکەسانیتر کۆڕو مەجلیس نەڕازێنێتەوە، خۆی لەم تاوانە بپارێزیّ و پابەندی ئەو

تەوجیهاتە قورئانییە بێ، کەبنەمایەکی سەرەکیە و فاکتەرێکی گرنگە بۆ قەڵاچۆکردنی حیقدو کینە.

﴿ولاتلمزوا أنفسكم﴾ تانە و تەشەر لەکەسی دیکە مەدەن، عەیب و عار لەیەکتری مەگرن ، چونکە ئادەمیزاد هەموو برای یەکترن لەباوك و دایکێك کەوتونەوە، کەسێك تانەو تەشەر لەبرای موسوڵمانی بدا وەکوو ئەوە وایە تانە لەخودی خۆی بدا ، خەڵکی عەیبدار بکا خۆی عەیبدار دەکا، موسوڵمانان وەکوو ئەندامی جەستەیەك وان هەر ئەندامێك ئازاری هەبوو ئەوانی‌تر هاوبەشی ئازارەکە دەکەن و لەگەڵی‌دا شەو بەخەبەرن ، بۆیە قورئان تانەدانی لەکەسانی دیکە بەتانەدان لەخودی کابرای تانەدەر حسێب کردووە .

﴿ولاتنابزوا بالألقاب﴾ ئەی موسوڵمانان! نەکەن نازناوی سووك و ناشیرین لەیەکتری بنێن، هەر نازناوو لەقەبێك کابرا پێی ناخۆش بێ نابێ بەوە بانگی لیّبکەی، ئەمەش تاوانێکی گەورەیەو بڵاوبوونەوی لەناو کۆمەڵدا دەبێتە هۆکاری دوژمنایەتی و رق و کینە لەیەکتری بون و لێك هەڵوەشاندنی برایەتی و نەمانی خۆشەویستی .

وەلیّ ئەگەر کابرا بەو لەقەبە ناشیرینە مەشهور بوو پێشی ناخۆش نەبوو بەوە بانگی لیّبکرێ بەلایەوە ئاسایی بوو ئەوە قەیناکا ، بۆ نموونە موفەسسیرێکی قورئان کورد بووە ناوی (یوسف الأصم)ە یوسفە کەڕە . ئەو لەقەبەی بۆ خۆی هەڵبژاردووەو بەوە بانگی لیکراوەو بەلایەوە ئاسایی بووە، نازناوو لەقەبی جوان و مەدح ئامێز نەهی ئایەتەکە نایگرێتەوە، بانگ کردن بەو جۆرە نازناوە پەسەندەو لەناو موسوڵمانان دا لەکۆن و نویّ دا باو بووە و باوە.

﴿بئس الإسم الفسوق بعد الإيمان﴾ بەڕاستی دوای ئیمانهێنان و موسوڵمان بوون ناشیرینە ئێوە بەنازناوی ناشیرین بانگی یەکتر بکەن و لەقەبی ناخۆش لەیەکتری بنێن ، ئەوە فیسق و تاوانە خۆتانی لێبپارێزن .

﴿ومن لم يتب فأولئك هم الظالمون﴾ کەسێك واز لەو تاوانانە نەهێنێ‌و تۆبە نەکا ئەوە پێڕی ستەمکارانە و عەزابی دۆزەخی بۆ خۆی دەستەبەرکردووە. چونکە بەردەوام بوون لەسەر تاوان دەبێتە هۆی کافر بوون !

﴿ياأيها الذين آمنوا اجتنبوا كثيراً من الظنّ إنّ بعض الظنّ إثم﴾ ئەی ئەوانەی ئیمانتان بەتاك و تەنهایی خودا هێناوەو شوێن پەیامی ئیسلام کەوتوون و محمدﷺ بەپێغەمبەر دەزانن، خۆتان لەزۆر شك و گومان بپارێزن ، لەخۆتانەوە بەبێ بەڵگەی بەهێز گومانی خراپ بەموسوڵمانان مەبەن، وەلێ گومانی خراپ بردن بەکەسانی خراپ و رەوشت ناشیرین دروستە بۆ ئەوەی خۆی لێبپارێزێ ، بەڵام نابێ لەسەر ئەو گومانە قسەی ناڕاست هەڵچنێ و غەیبەت و بوختان ئەنجام بدا ، چونکە هەندێ لەگومان تاوانە و لەککەدار کردنی موسوڵمانە و دەبێتە هۆی لێڕەنجانی پەروەردگار .

ئیبنوماجە لەعەبدوڵڵای کوڕی عومەرەوە ریوایەت دەکا دەفەرموێ: پێغەمبەرم بینی تەوافی ماڵی خودای دەکردوە دەیفەرموو: (ما أطيبك و أطيب ريحك، وما أعظمك و أعظم حرمتك و الذي نفس محمد بيدهِ لحرمة المؤمن أعظم عند الله تعالى حرمة منك ، مالهُ و دمه ، وان يظن بهِ الاّ خيرا).

ئیمامی مالیك و بوخاری و موسلیم و ئەبوداود لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەت دەکەن دەفەرموێ. پەروەردگارﷺ فەرمووی: (اياكم و الظن فإن الظن اكذب الحديث، ولاتجسسوا ، ولاتحسسوا، ولاتنافسوا ، ولاتحاسدوا،

ولاتباغضوا، وكونوا عباد الله اخوانا) خۆتـان بپـارێزن لـەگومان، بێگومـان گومـان بردنی خراپ بەموسوڵمان درۆترین درۆیە تاوانێكی گەورەیە.

﴿ولا تجسّسوا﴾ جاسووسی بەسەر یەكترەوە مەكەن ولەعەیب و عاری یـەكتری مەكۆڵنـەوە ، هـەوڵ مـەدەن نـهێنی و كـەم و كـورِی براكانتـان بخەنـەروو، گوێتـان هەڵمەخـەن بۆگفتوگۆی كەسـانی دیكـە كـە پێیـان ناخۆشە گوێیان لیَبگرن، هـەروەها لـەكون و كـە لەبـەرەوە مەروانـنـە نـاو ماڵی خەڵك .

ئەبوداودو هیتریش لەئەبوبـەرزەی ئەسـلەمییەوە ریوایـەتیان كـردووە دەڵێ: پێغەمبەرﷺ وتاری بۆ خوێندین و فەرمووی: ئەی ئەو كەسـانەی بەقسە موسوڵمانن و ئیمـان و تـەقوا بەتـەواوەتی نەچۆتـە نـاو دڵتانـەوە، لێكۆڵینـەوە لەعـەیب و كـەم و كورتـی خـەڵكی مەكـەن ، چونكـە هەركەسێ لەعەیب و عاری خەڵكی بكۆڵێتەوە خودا لـەناو مـاڵی خـۆیدا ریسوای دەكا.

طەبـەرانی لەحاریثـەی كـورِی (النعمـان) ریوایـەت دەكـا كـە دەڵـێ: پێغەمبـەرﷺ فـەرمووی: سـێ شت ئەزمـەو نوشوسـتین بـۆ ئومەتەكـەم: رەشـبینی و حەسـودی و گومـانی خـراپ، یـەكێك لـەهاوەڵان وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! چ شـتێك قـەڵاچۆی ئـەو رەوشـتە ناشـیرینانە دەكـا؟ پێغەمبەرﷺ فەرموی: ئەگەر حەسـودیت بـرد تەوبـەو ئیسـتیغفار بكـە، ئەگـەر گومـانی خراپـت بـرد شـوێنی مەكـەوەو مـەچۆرە بنـج و بنـاوانی بەڵكوو پاشگوێی بخە، ئەگەر لـەكردنی شـتێكدا رەش بـین بـووی گـوێی پیٚمەدە بەڵكوو بوێرانە ئەنجامی بدە.

ئەبو قیلابـە دەڵێ: بەعومـەریان گـوت كـە ئـەبو میحجـەنی ثەقـەفی لەماڵی خۆیدا هاوەڵانی كۆدەكاتەوەو مەی دەخۆنەوە، حەزرەتی عومەر بەرەو ماڵیان كەوتـەرِێ و چـووە ژوورەوەو هیچـی نـەبینی ئەبومیحج[illegible]

وتی: ئەی عومەر ئەمە نابێ و بۆت رەوا نیە هەروا هەڵکوتیتە سەر ماڵی خەڵك، چونکە پەروەردگار نەی لەجاسوسی کردن کردووە ئیتر حەزرەتی عومەر بێ سێو دوو ماڵی ئەبومیحجەنی بەجێهێشت .

﴿ولا يغتب بعضكم بعضاً، ايحبّ احدكم أن يأكل لحم أخيه ميتاً فكرهتموه؟﴾ با هیچ کەس لەئێوە باسی خراپەی کەسانیتر لەئێوە نەکا، جا باسکردنەکە بەڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەو خۆ بێ، باسی خودی خۆی یا باسی منداڵ و خێزانی بێ، یان هەر شتێك پەیوەندی بەوەوە هەبێ چونکە باسکردنی کەسانیدیکە بەخراپە دەبێتە هۆی دڵڕەنجانی باسکراوەکەو حیقدو کینە لەدڵیاندا بەدی دێنێ.

پێغەمبەرﷺ لەفەرموودەیەکیدا کە ئەبوداودو تیرمیزی و ئیبن جەریر لەئەبوهورەیرەوە ریوایەتیان کردوە، لەپێناسەی غەیبەت کردندا فەرمووی: غەیبەت ئەوەیە باسی برای موسوڵمانت بکەی بەجۆرێك پێی ناخۆش بێ،هاوەڵێك عەرزی کرد : قوربان! ئەی ئەگەر ئەو کەسە رەوشتە ناشیرینەکەی تێدا بوو؟ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەگەر ئەو کەسە رەوشتە دزێوەکەی تێدابوو ئەوە غەیبەتە، خۆ ئەگەر تێیدا نەبوو ئەوە بوختانە .

ئەبوداود دەگێڕێتەوە دەڵێ: خاتوو عائیشە بەپێغەمبەری گوت: ئەتۆ (صەفیە)ت بەسە کورتە باڵایەکی واو وا !! پێغەمبەر فەرمووی: (لقد قلت كلمة لو مزجت بماء البحر لمزجته) قسەیەکت کرد ئەگەرلا تێکەڵاوی دەریای بکەی لێڵی دەکا..

ئەمجار پەروەردگار غەیبەت کردنی شوبهاندوە بەخواردنی گۆشتی برای مردووی بۆ ئەوەی موسوڵمانان راچڵەکێنێ و قێزیان لەغەیبەتکردن بێتەوە، چونکە خواردنی گۆشتی ئادەمیزاد تەبیعەتی سەلیم قێزی لێدەکاتەوە چ جایی بەمردوییش و جگە لەوەی کە لەشەرعیشدا حەرامە !!

ئایەتەکە بەڵگەیەکی زۆر بەهێزو ئاشکرایە لەسەر ئەوە: کە غەیبەت کردن حەرامەو شتێکی قێزەونە، جا ئەگەر کەسێك تووشی ئەو تاوانە بوو بازوو تۆبە بکا و گەردنی بەغەیبەتکراوەکە ئازاد بکا.

وەلێ ئەگەر غەیبەتکردنەکە بەرژەوەندییەکی تێدا بوو ئەوە غەیبەتکردنەکە دروستە، بۆنمونە : ئەگەر کابرایەك بیەوێ کچی ، خوشکی، خزمی بدا بەشوو بەکەسێك ، ئەو کەسە عەیبی تێدا بوون تۆ پێت دەزانین و راوێژیان پێکردی دەبێ چی راستە بیلێ و عەیبی کابرای خوازبێنی کەر دەربخەی .

غەیبەت پەیوەندە بەپارێزگاریی رێزی ئادەمیزاد بەغەیبەت ئەو رێزە دەشکێ و ئەو سنوورە دەبەزێندرێناموسو کەسایەتی هەتك دەکرێ.

پێغەمبەرﷺ لەحەجی ماڵئاواییدا وتارێکی خوێندەوە لەوتارەکەدا خیطابی ئاراستەی موسوڵمانان کرد و فەرمووی: (انَ دماءکم و أموالکم و أعراضکم علیکم حرام کحرمة یومکم هذا، في شهرکم هذا ، في بلدکم هذا) خوێنتان ماڵتان ناموستان لەیەکتر یاساغە ، نابێ دەستدرێژییان بکرێتە سەر دەبێ پارێزگارییان بکرێ، وەکوو چۆن ئەم رۆژە کەرۆژی عەرەفەیە و ئەم مانگە کە مانگی ذیلحیجەیە و یەکێکە لە (أشهر الحرام) و ئەم وڵات و خاکە کە مەککەیە رێزدارن و پێویستە رێزیان بگیرێ و پارێزگارییان بکرێ .

لەفەرموودەیەکیتردا ئەبوداود و تیرمیزی لەئەبو هورەیرەوە ریوایەتیان کردووە دەڵێ: پێغەمبەرّ فەرمووی: (کلّ المسلم علی المسلم حرام، مالە ودمە و عرضە، حسب امرئ من الشرَ أن یحقر أخاه المسلم) هەموو موسوڵمانێك لەسەری حەرامە دەستدرێژی بکاتە سەر ماڵ و ناموس و خوێنی موسوڵمانانیتر، بەسە بۆ خراپی ئادەمیزاد کە سوکایەتی بە برای

موسوڵمانی بکا. بەچاوی سوك سەیری بکا پاشملە غەیبەتی بکا و ڕێزی بشکێنێ.

لەفەرموودەیەکی‌تردا ئەبو داود لەئەبو بوردەی بەلەوی‌یەوە ریوایەتی کردووە دەڵێ پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەی ئەو کەسانەی بەڕواڵەت ئیمانتان هێناوە بەلاّم ئیمان نەچوەتە ناو دڵتانەوە، وریابن غەیبەتی موسوڵمانان مەکەن شوێن کەم و کوڕی و نهێنی‌یەکانیان مەکەون، چونکە بێگومان هەرکەسێ بەدوی عەورەت و نهێنی موسوڵمان دا بکەوێ بیەوێ ئاشکرایان بکا، خوداش شوێن نهێنی و عەیب و عاری ئەو دەکەوێ، کە سێکیش خودا شوێن نهێنی و عەیب و عاری بکەوێ لەماڵی خۆی دا ریسوای دەکا !!

﴿واتقوا الله ، ان الله توابٌ رحیم﴾ تەقوای خوداتان هەبێ و بترسن لەبێ‌گوێی فەرمان و جڵەوگیرییەکانی، خۆتان لەسزاو تۆڵە بپارێزن قێزتان لەغەیبەت بێ و توخنی نەکەون، بێگومان خودا تۆبە وەردەگرێو بەزەیی دێتەوە بەوانەی لەتاوان دەگەڕێنەوە و پشت بەخوا دەبەستن .

دوای ئەو هەموو بانگ لێکردنە یەك بەدوای یەکانە بە﴿یاأیها الذین آمنوا﴾ و سەرنج راکێشانیان بۆ ئەو ئاسۆ بەرزەو دنەدانیان بۆ ئەوەی بگەنە ئەو ئاستە بەرزو پیرۆزە پڕ فەڕو بەرەکەتە، بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئادابە نەفسی و کۆمەلاّیەتیانە .

پاش دروست کردنی ئەو هەموو شوراو سیاجانەی دروستی کردن بۆ پارێزگاریی ئازادی و کەرامەت و ماڵ و ناموسی موسوڵمان و زامنکردنی ئەو هەموو شتانە بەتەقوای خوداو لەخودا ترسان ، دوای بەرزبوونەوە بەسەر ئەو هەموو پلیکانانەدا بۆ گەیشتن بەو ئاسۆ بەرزو

پیرۆزە ، خیطاب ئاراستەی هەموو ئادەمیزاد دەکا وێڕای جوداوازی رەچەڵەك و رەنگ و زوبان ولات و هۆزو بنەماڵە، بۆ ئەوەی سەرنجیان رابکێشێ بۆ حەقیقەت و راستی‌یەکی حاشا هەڵنەگر بۆ تەرازویەکی بێوێنەو سەنگی مەحەکی کۆمەڵگای ئادەمیزادی نموونەیی و دەفەرموێ:

﴿یاأیها الناس انا خلقناکم من ذکر و أنثی و جعلناکم شعوباً و قبائل لتعارفوا إنّ أکرمکم عند الله أتقاکم، انّ الله علیم خبیر﴾ ئەی ئادەمیزاد بەگشتی بەهەموو چین و توێژو رەچەڵەك و نژادو رەنگ و زوبانتانەوە کەدابەش بوون بەسەر چەندەها هۆزو گەل و تاقم و کۆمەڵەوە، هەر گەلەی بەزمانێك دەدوێ و لەشوێنێکی سەر زەوی نیشتەجێیە، هەیە رەش پێستە و هەیە سوورە و هەیە سپی‌و هەیە گەنم رەنگ ، هەمووتان لەبنەڕەتدا لەدایك و باوکێك بەدی هاتوون و وەچەو نەوەی ئادەم و حەوان، ئادەمیش لەگڵ دروستکراوە.

کەواتە پەرتەوازە مەبن و کێشەو دووبەرەکی مەخەنە نێوانتانەوە ئێوەمان کرد بەو هەموو هۆزو گەل و نەتەوە جیاجیایانە بۆ ئەوەی یەکتری بناسن و بەیەکتر ئاشنابن، نەك بۆ ئەوەی کێشەتان تێبکەوێ و دژ بەیەکتر بوەستن ، وشانازی بە بنەماڵەو هۆز و عەشیرەتەوە بکەن، خۆتان بەسەر یەکتردا هەڵبنێنەوە!! بەکورتی هەمووتان خودا دروستی کردوون و کردوونی بەگەل و هۆز و خێڵ و بنەماڵە بۆ یەکتر ناسین نەك خۆبەزلزانین و خۆهەڵنانەوە بەنژاد!

رێزو گەورەیی نێوانتان بەتەقوا و خوداپەرستی‌یە ، کێ زیاتر لەخودا بترسێ و تەقوای هەبێ ئەوە رێزدارترە، واز لەخۆبەزلزانی و خۆهەڵنانەوە بێنن ، بێگومان خودا زانایە بەحاڵ و نهێنی و کارو بارتان ، خەبەردارە بەئاشکراو نهێنی‌تان، هیچی لی‌گوم نابێ .

بێگومان ئەم ئایەتــە بەڵگەیــە لەسـەر ئـەوە کـە کەفائـەت لـە بـەینی ژن و مـێردا بەغـەیری ئـایین داریـی بایــەخی نیــە، ئــەو حەدیثانــەی ریوایـەتکراون کـە گوایـە کـوڕە مسـکین و کـوڕە کـوردو کــوڕە فــارس و .... هتـد هـاوکوفی کچـە قورەیشـیەك نـین، کچـە هاشمییـەك بــازۆر دینداریـش نـەبێ لـەکوڕە کوردێکـی خوێنـدەوارو موسـوڵمان پایەبـەرزترە هـەروا زۆر لـەم قسـەو قسـەڵۆکانە کـە لەهـەندێ کتێبـان دا چەسـپاون راستەوخۆ دژی ئەم ئایەتە پیرۆزەن، بۆیە دەبــێ بەحـەدیثیان نـەزانین ، وە بەبەڵگەوە رەتیان بکەینەوە .

رەحمــەت لــەئیمامی مــالیك: کــە تەنــها ئــاییندارى و کەفائــەت دەکاتـە مـەرجی کەفائـەت و هـەر ئـەو بـوارە بەتـەرازوی بــەرزو نزمــی ئادەمیزادەکان دەزانێ!!

ئایینی ئیسلام بەئاشـکراو بەنـهێنی دژی ئـەو دەمارگـیریی(عصبیـە) نەزانیانـە وەسـتاوەو ویسـتویەتی بەهـەموو جۆرێـك ریشەکێشـیان بکــا. بۆ ئەوەی لەژێر ئاڵای (لاالـە الا الله)دا یاسـا ئیسـلامییە جهانگیریەکـەی بچەسـپێنێو ئـادەمیزاد بکەوێتـە بەختەوەرییــەوە و کامــەرانی دونیــاو قیامەتی بۆ دەستەبەر ببێ.

تەنانەت بانگەشەی خێڵەکی و دەمارگیریی بە شتێکی بۆگەن و قیزەون دانـاوە، ئیمـامی موسـلیم لـەجابیری کـوڕی عـەبدوڵڵاوە فەرموودەیــەکی ریوایەت کردووە تێیـدا هـاتووە کـە پێغەمبـەرﷺ دەربـارەی (عصبیـة) فەرمویەتی: (دعوها فإنّها منتنـه) وازی لیٚبێنـن بانگەشـەی بـۆ مەکـەن چونکە بۆگەنە.

هەروەها لە فەرموودەیەکیتردا کە ئەبوبەکری بەزار ریوایــەتی دەکـا، دەڵـێ: پێغەمبــەرﷺ فــەرمووی: (کلکـم بنـو آدم، وآدم خلـق مـنَ تـراب، ولینتهین قوم یفخرون بآبائهم ولیکون أهون علی الله تعالی من الجعلان)!

بنەمای ئایینی راستەقینە

قَالَتِ ٱلۡأَعۡرَابُ ءَامَنَّاۖ قُل لَّمۡ تُؤۡمِنُواْ وَلَٰكِن قُولُوٓاْ أَسۡلَمۡنَا وَلَمَّا يَدۡخُلِ ٱلۡإِيمَٰنُ فِي قُلُوبِكُمۡۖ وَإِن تُطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ لَا يَلِتۡكُم مِّنۡ أَعۡمَٰلِكُمۡ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٌ ﴿١٤﴾ إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ لَمۡ يَرۡتَابُواْ وَجَٰهَدُواْ بِأَمۡوَٰلِهِمۡ وَأَنفُسِهِمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلصَّٰدِقُونَ ﴿١٥﴾ قُلۡ أَتُعَلِّمُونَ ٱللَّهَ بِدِينِكُمۡ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٞ ﴿١٦﴾ يَمُنُّونَ عَلَيۡكَ أَنۡ أَسۡلَمُواْۖ قُل لَّا تَمُنُّواْ عَلَيَّ إِسۡلَٰمَكُمۖ بَلِ ٱللَّهُ يَمُنُّ عَلَيۡكُمۡ أَنۡ هَدَىٰكُمۡ لِلۡإِيمَٰنِ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴿١٧﴾ إِنَّ ٱللَّهَ يَعۡلَمُ غَيۡبَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَٱللَّهُ بَصِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١٨﴾

ئەمجار لەکۆتایی سورەتەکەدا حەقیقەتی ئیمان و نرخی ئەو هێزە مەعنەویە روون دەکاتەوە رەددی ئەوانە دەداتەوە کە بەڕواڵەت خۆیان بەموسوڵمان دەزانن و بەڵام مەعنای ئیمان لەکردەوەکانیاندا رەنگی نەدەدایەوە، بەزمان ئیمانیان هێنابوو بەڵام نەچوو بوە ناو دڵیانەوە، دەفەرموێ:

﴿قالت الأعراب آمنّا ، قل: لم تؤمنوا ، ولكن قولوا: أسلمنا ولّما يدخل الإيمان في قلوبكم﴾ هەندێ لەعەرەبە سارانشینەکانی بەنی ئەسەد لەسالانی گرانیدا هاتنە مەدینە و شایەتومانیان هێنا بەلام لەناخەوە موسولمان نەبوو بوون، دەستیان کرد بەمنەت کردن بەسەر پێغەمبەردا دەیانگوت: ئەوە ئێمە دژت نەوەستاین و بەئارەزووی خۆمان ئیمانمان پێهێنای وەکوو فلان هۆزو فیسار خێلمان نەکرد شەڕت لەگەڵ بکەین بەرەنگارت ببینەوە، دەسابێنە لەمالی زەکات بەشی باشمان بدەرێ..!

ئەی موحەممەد پێیان بلێ: ئەوە ئێوە ئیمان نەچوەتە ناو دلتانەوە بەلکوو بەڕوالەت خۆتان بەموسولمان نیشان دەدەن، کەواتە مەلێن: ئیمانمان هێناوەو باوەڕی ئیسلامی لەدلمان دا جێگیر بووە، بەلکوو بلێن گەردن کەچت بووین و خۆمان تەسلیم کردووە، ئێوە هێشتا ئیمان نەچوەتە ناو دلّ و دەروونتانەوە چونکە ئەگەر ئیمانی راستەقینە لەناختان دا جێگیر بوایە لەهەلسوکەوتتاندا رەنگی دەدایەوەو ئاکارو رەفتارتان بەشێوەیەکیتر دەبوو.

ئایەتەکە بەلگەیە لەسەر ئەوە: کە ئیمان لە ئیسلام تایبەت ترە، ئەمەش دەق رای ئەهلی سوننەو جەماعەیە! واتە: لەنێوان ئیمان و ئیسلام دا عام و خاصی رەها هەیە ، ئیمان (خاص)ەو ئیسلام (عام)ە .

ئەمجار پەروەردگار موسولمان هەلدەنێ بۆ وەدەستهێنانی ئیمانی راستەقینە و تەواو دەفەرموێ:

﴿وان تطيعوا الله و رسوله لايلتكم من أعمالكم شيئاً، ان الله غفور رحيم﴾ ئەگەر ئێوە بەراستی تاعەتی خودا بکەن، دلسۆزانە ئەرکی سەرشانی خۆتان ئەنجام بدەن، بڕوای راست و دامەزراوتان

هەبێ ئەوە پڕاو پڕ پاداشتتان دەدرێتەوە و هیچ لەپاداشتتان کەم ناکرێتەوە، کەوابێ پاداشتی خۆتان پوچ مەکەنەوە دڵسۆزانە ئەرکی سەرشانتان ئەنجام بدەن !

بێگومان خودا لێخۆشبوو خاوەنی بەزەیی‌یە، هەرکەسێ تۆبەبکا و دڵسۆزانە کارو ئەرکەکانی خۆی راپەڕێنێ، لەتاوانی خۆش دەبێ و دوای تۆبەکردن سزای نادا.

﴿إنّما المؤمنون الذين آمنوا بالله و رسوله ثمّ لم يرتابوا و جاهدوا بأموالهم و أنفسهم في سبيل الله أولئك هم الصادقون﴾ بەراستی موسوڵمانانی راستەقینە هەر ئەوانەن، کە ئیمانێکی راست و ریشەییان هێناوەو بڕوای تەواویان بەتاك و تەنهایی خودا و پێغەمبەرێتی (موحەممەد) هەیە، لەدڵیان دا ئەم باوەڕە چەسپیوە بەزوبان ئیقراری پێدەکەن و لەکردەوەکانیان دا رەنگ دەداتەوە ..

.. ئەنجار پاش دەستەبەربوونی ئەم ئیمانە ئیتر شك و گومان و لاوازی رووی تێنەکردوون و لەسەر بیروباوەڕی خۆیان بەردەوام بوون ، بەماڵ و گیانی خۆیان لەپێناو ئایینی خوادا تێکۆشاون، هەوڵیان داوە خودا لەخۆیان رازیی بکەن و ئالای (لااله الا الله) بەرزبێتەوەو بەئازادی بشەکێتەوە، ئائەوانە موسوڵمانی ساغ و خوداناسی راستەقینەن، نەك ئەو عەرەبە سارانشینانەی بەرواڵەت ئیسلام بوبوون وەلێ ئیمان نەچوبووە ناو دڵیانەوە!

﴿قل أتعلّمون الله بدينكم؟ والله بكلّ شيءٍ عليم﴾ ئەی پێغەمبەر! پێیان بڵێ: بۆچی ئێوە خودا ئاگادار دەکەن بەسەر ئایینی خۆتان دا؟ وادەزانن خودا نازانێ چیتان لەدڵ دایە؟ نانا وامەزانن خودا ئاگاداری نهێنی ناو دڵتانەو دەزانێ چی تێدایە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکوو خودا

دەزانێ ئاسمانەکان و زەوی چییــان تێدایــە، هــەر لــەزەڕڕە هــەتا مەجــەڕە ئاگاداری هەموانیانە وردو دروشتی ئــەم بوونــەوەرەی ئاگـا لێیــە . ئــەدی چۆن نــازانێ ئــاخۆ ئێــوە موســوڵمانی راستــەقینەن یــان نــا؟ خــودا زانایــە بەهەمــوو شتێك و هیچی لی‌ناشاردرێتەوە .

﴿یمنّون علیك ان أسلموا قل: لاتمنّــوا علــيّ إســلامكم. بــل الله یمــن علیكــم أن هداكــم للإیمــان إن كنتــم صـــادقین﴾ ئــەی پێغەمبــەر! پێیان بڵێ: موسوڵمان بوونی خۆتان مەکەنە منــەت بەســەرمەوە، چونکــە سودی ئیمانهێنانەکەتان بۆ خۆتانە، بەڵکوو خودا منەت دەکا بەسەر ئێوە دا ســەبارەت بــەوەی کــە هیدایــەتی داون بــۆ ئیمانــهێنان و تــەوفیقی داون بۆ ئەوەی قبوولّی ئایین بکــەن، ئەگــەر راســت بکــەن ئێــوە ئیمانتــان هێنــابێ! واتــە: ئێــوە درۆ دەکــەن ئیمانتـــان نــەهێناوە هـــەر بەرواڵــەت موسوڵمان بوون!

ئەمجار پەروەردگار جەخت لەسەر ئــەو، دەکاتــەوە: کــە هــەرچی نــهێنی ئاسمانەکان و زەوی هەیە بەسەری‌دا ئاگادارەو دەفەرموێ:

﴿ان الله یعلم غیب السموات و الأرض، و الله بصـیر بمـا تعملـون﴾ بێگومان خودا ئاگادارە بەهەموو نهێنی و ئاشکرایيەك لەناو ئاسمانەکان و زەوی‌دا، لەوانە ئەو نهێنی و شاراوانەی ناو دڵی ئادەمیزاد، خودا ئاگادارە بەسەر هەموو هەڵسوکەوت و ئاکارو رەفتارێکتان دا، پاداشتان دەداتــەوە چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە . هیچی لی‌گوم نابێ، ئیمـانی راسـتەقینەو ئیمانی فــڕو فێــڵ لێــك جیـا دەکاتــەوە، نیــازو مەبەســتەکانی ئــادەمیزاد دەزانــێ، ئاگـــاداری هیوایـــەت و تـــرس و خەتـــەرەو خـــەیاڵاتی هـــەموو ئادەمیزادێکە .

❋❋❋

بسم الله الرحمن الرحيم

سورەتی (ق)

ئەم سورەتە ناونراوە سورەتی (قاف) چونکە سەرەتای سورەتەکە بەو پیتە دەست پێ دەکا، لەهەمان کاتدا یەکەم پیتە لەوشەی قورئان!

سورەتێکی هەست هەژێنەو ترس هاوەرو دڵ وەلەرزە هێنە، جەرەسی وشەکانی و تارمایی ماناکانی کاریگەریەکی تەواوی لەسەر دڵ و دەروون هەیە ، ئەم لاو ئەو لا لەنەفسی ئادەمیزاد دەگرێ و لەهەموو خەتەرەو جم و جوڵێکیدا بەشوێنیەوەیەتی بەئاشکراو بەنهێنی چاودێری دەکا بەچاودێری پەروەردگار کە تاقە چرکەیەك لێی بێئاگا نابێ.

ئەوە بەئادەمیزاد رادەگەیەنێ و بەگوێی دا دەدا: کە هەر لەرۆژی لەدایك بوونیەوە، وەلەوەپێشیش تا دەمرێ و لەوەدوایش هەموو هەڵسوکەوت و ئاکار و رەفتارێکی هەموو خەتەرەو خەیاڵێکی، هەموو قسەو ورتەیەکی لەلایەن خوداوە کۆنترۆڵە بەوردی موراقەبەو حسێب و لێکۆڵینەوەی لەسەرە .

هەڵبەتە سورەتەکە مەککییە و ناوەڕۆکەکەی ئەو باس و خواسانەن : کەسورەتە مەککییەکان لەخۆیان گرتوون، کەبریتین لەبنەمای عەقیدەو چەسپاندنی یەکتاپەرستی و راستی پێغەمبەرایەتی و زیندوبوونەوەی ئادەمیزاد لەرۆژی قیامەت دا، وەلی ئەم سورەتە پێ لەسەر باسی زیندوبوونەوە رادەگرێ و رەددی ئەوانە دەداتەوە کەبڕوایان بەزیندوبوونەوە وحیساب و لێکۆڵینەوەی قیامەت نیە. بۆیە سەرەتا باسی ئینکاری کردنی موشریکەکانی عەرەب دەربارەی زیندوبوونەو سەرسامیان لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر دەست پێدەکا!

بۆ دەرخستنی دەسەڵاتی ڕەهای پەروەردگار بۆ بەدیهێنانی ڕۆژی قیامەت.ئایەتەکان ئادەمیزاد هەڵدەنێن بۆ تێڕامان و وردبوونەوە لەڕوبەری بوونەوەر وسەیرکردنی ئاسمان و وردبوونەوە لەجوانی و فراوانی ئاسمان و زۆریی ئەستێرەکانی . ووردبوونەوە لەزەوی و کێوو کەژ و دەشت و بیابان و لەشیوو دەشت و چۆم و دەریاکانی لەڕوەك و دارو درەختی لەبەفرو باران و زریانی!

ئەمجار دێرۆك و بەسەرهاتی گەلە پێشینەکانی وەکوو گەلی نوح و ئەصحابی ڕەس و قەومی‌عادو ثەمود وعادو نوح و ئەصحابولئەیکەو قەومی شوعەیب و قەومی توببەع رادەنوێنێ وسەرنجی خەڵکەکە رادەکێشێ بۆ بیرلی‌کردنەوەو سەرەنجامیان: کە لەراستیدا جێگای سەرنجن و هەق وایە هەموو کەس پەند و عیبرەتیان لی‌وەربگری!

ئەمجار بەرپرسیاریەتی هەموو ئادەمیزادێك رادەگەیەنێ و ئەوە روون دەکاتەوە : کە هەر یەکێك لەئێمە دوو فریشتە چاودێرنی‌و وردو درشتی کردەوەو گوفتار و ئاکارو رەفتاری تۆمار دەکەن و بۆ چاکەو خراپە چرکەیەك لی‌ی بێ ئاگا نین .

ئەمجار ئەوە رادەگەیەنێ کە فلیمی ژیانی ئادەمیزاد بەچەشتنی پیاڵەی شەرابی مردن کۆتایی دێ و دەکەوێتە ژیانێکی‌ترەوە و تووشی تەنگ و چەڵەمەی ژیانی بەرزەخ و زیندووبوونەوەی قیامەت و حەشرو حیساب و لێکۆڵینەوە دەبێ، کەوابێ پێویستە ئادەمیزادەکان پەند وەربگرن و خۆیان بۆ ئەو رووداوە ئامادە بکەن و توێشوی سەفەر بۆ ئەو سەفەرە سامناکە دەستەبەر بکەن .

کۆتایی سورەتەکەش بەسەرنج ڕاکێشانی ئادەمیزاد دەهێنێ بۆلای دیـ[illegible]ـنەوەریەکانی وەکوو دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی ئەوەی تیایا[illegible]یەو[illegible]داوی زیندوبوونەوەی قیامەت و گۆڕ هەڵتەکاندنی ئەو

هەموو مردوانەی کە هەر خودا خۆی ژمارەیان دەزانیّ کەبەهەڵەداوان و بەخێرایی بەپیر بانگەوازی خوداوە دێن لەسارای مەحشەردا کۆدەبنەوە بۆ لێکۆڵینەوەو سەرەنجام سزاو پاداشت بەگوێرەی کردەوە.

ئەم سورەتە جەرەس و وەقعێکی تایبەتی هەیەوهەست هەژێنە،بۆیە لە مێژوودا هەمیشە بەبۆنەی روداوی سامناك و کۆبوونەوەی گشتی خوێنراوەتەوە بۆئەوەی بیسەران بەخەبەرە بێنیّو پەندو عیبرەتی لیّوەربگرن .

جابیری کوری سەمورە فەرموودەیەك ریوایەت دەکا و موسلیم لەصەحیحەکەیدا هێناویەتی کە پێغەمبەرﷺ لەنوێژی بەیانیدا سورەتی(ق)ی دەخوێند .

موسلیم وئەبوداودو بەیهەقیو ئیبنوماجە لە(أم هشام)یکچی حاریثەی (النعمان) ریوایەتیان کردووە کە دەڵیّ: ﴿ق والقرآن المجيد﴾ م لەدەمی پێغەمبەرەوە بیستووە لەوتاری رۆژانیهەینیدا لەسەردوانگەی دەیخوێند.

موفەسسیرین لەنێوان سورەتی (ص) و سورەتی(ق) دا چەند شێوە لێکچوون و موشابەهەیان بەدی کردوون لەوانە:

هەردوو سورەتەکە بەیەك پیتی هیجا دەستیان پیّکراوە، لە هەردوکیاندا دوابەدوای پیتەکە سوێند بەقورئان خوراوە، دوابەدوای ئەوە وشەی (بل) و ئوسلوبی (تعجب) بەکارهێنراوە .

لەسەرەتای سورەتی (ص)دا دەفەرمویّ: ﴿والقرآن ذي الذكر﴾ لەکۆتاییشیدا دەفەرمویّ: ﴿إن هو الاّ ذكرٌ للعالمين﴾ . لەسەرەتای سورەتی(ق)دا دەفەرمویّ: ﴿والقرآن المجيد﴾ لەکۆتاییشیدا دەفەرمویّ: ﴿فذكّر بالقرآن من يخاف وعيد﴾ . ناوەڕۆکی هەردوو سورەتەکە بریتیە لەچەسپاندنی بنەماکانی بیروباوەڕ (تەوحید، نبوة، زیندوبوونەوە) .

موشریکەکان بڕوایان بەزیندوبوونەوە نیە و قورئان ڕەددیان دەداتەوە

بسم الله الرحمن الرحيم

قٓ وَٱلْقُرْءَانِ ٱلْمَجِيدِ ﴿١﴾ بَلْ عَجِبُوٓا۟ أَن جَآءَهُم مُّنذِرٌ مِّنْهُمْ فَقَالَ ٱلْكَٰفِرُونَ هَٰذَا شَىْءٌ عَجِيبٌ ﴿٢﴾ أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا ذَٰلِكَ رَجْعٌۢ بَعِيدٌ ﴿٣﴾ قَدْ عَلِمْنَا مَا تَنقُصُ ٱلْأَرْضُ مِنْهُمْ وَعِندَنَا كِتَٰبٌ حَفِيظٌۢ ﴿٤﴾ بَلْ كَذَّبُوا۟ بِٱلْحَقِّ لَمَّا جَآءَهُمْ فَهُمْ فِىٓ أَمْرٍ مَّرِيجٍ ﴿٥﴾ أَفَلَمْ يَنظُرُوٓا۟ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَٰهَا وَزَيَّنَّٰهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ ﴿٦﴾ وَٱلْأَرْضَ مَدَدْنَٰهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَٰسِىَ وَأَنۢبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ زَوْجٍۭ بَهِيجٍ ﴿٧﴾ تَبْصِرَةً وَذِكْرَىٰ لِكُلِّ عَبْدٍ مُّنِيبٍ ﴿٨﴾ وَنَزَّلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً مُّبَٰرَكًا فَأَنۢبَتْنَا بِهِۦ جَنَّٰتٍ وَحَبَّ ٱلْحَصِيدِ ﴿٩﴾ وَٱلنَّخْلَ بَاسِقَٰتٍ لَّهَا طَلْعٌ نَّضِيدٌ ﴿١٠﴾ رِّزْقًا لِّلْعِبَادِ وَأَحْيَيْنَا بِهِۦ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَٰلِكَ ٱلْخُرُوجُ ﴿١١﴾

﴿ق﴾ هێنانی ئەم جۆرە پیتانە لەسەرەتای هەندێ لەسورەتەکانی قورئاندا چەند مانایەك دەبەخشێ وێچووتر مانا ئەوەیە: پەروەردگار تەحەددای عەرەب و غەیری عەرەبی کردووە کەبتوانن نموونەی قورئان یان

دە سورەتی بەڵکوو سورەتێکیشی بخەنە ڕوو ، واتە: پێیان دەفەرموێ: ئەوە قورئان لەو جۆرە پیتانە پێك هاتووە! دەی ئێوە ئەگەر ئازان نموونەی قورئان بێنن، خۆتان بەتاقی بکەنەوە، خۆ قورئان بەزمانی خۆتانەو لەو پیتانە پێك هاتووە!

بێگومان ناتوانن بەڵکوو ئەگەر هەموو جندۆکەو ئادەمیزادیش یەك بگرن توانای خۆیان بخەنە گەڕ هەر ناتوانن نموونەی قورئان تەنانەت سورەتێکیشی بخەنە ڕوو.

﴿والقرآن المجيد﴾ سوێندم بەقورئانی پڕ خێرو بەرەکەت و بەرزو پیرۆز بێ، ئەتۆ ئەی موحەممەد پێغەمبەری و ڕەوانەکراوی بۆ سەر ئەو قورەیشییانەو هەموو ئادەمیزادو جندۆکە، بانگەوازییان دەکەی بۆ یەکتاپەرستی و لەسزاو عیقابی ڕۆژی قیامەت دەیانترسێنی، دەتەوێ لەتاریکی کوفر ڕزگاریان بکەیو بیانخەیتە سەر ڕێگای ڕاست و ڕۆشن و بەختەوەریی دونیاو قیامەتیان بۆ دەستەبەربێ

﴿بل عجبوا أن جاءهم منذرٌ منهم، فقال الكافرون هذا شيئٌ عجيب﴾ بەڵکوو کافرەکانی قورەیش سەرسام بوون لەوەی کە لەڕەگەزی خۆیان پێغەمبەرو ترسێنەر بێتە سەریان و بانگەوازییان بکا بۆ یەکتاپەرستی، شتەکەیان لەشك و گوماندا نەهێشتەوە بەڵکوو بەئاشکرا وتیان: ئەمە کە (محمد) پیاوێکە وەکوو خۆمان و لەڕەگەزی خۆمانەو لافی پێغەمبەرێتی لێدەدا شتێکی سەرسوڕهێنەرە و ئیمە لەبەرامبەریدا سەرسامین! بەڵام بابزانن ئەوە هیچ جێگای سەرسوڕمان نیە، چونکە ئەو کارە بەدەست خودایەو خوداش بۆ خۆی فروستادەی خۆی لەفریشتەو ئادەمیزاد هەڵدەبژێرێ و ئەرکی تایبەتیان دەخاتە ئەستۆ!

نەك هەر ئەوەندە بەڵكوو بەلایانەوە سەیرە كە دوای مردن زیندوببنەوە، ئەوەتا بەئاشكرا دەڵێن:

﴿أئذا متنا و كنّا تراباً؟ ذلك رجعٌ بعيد﴾ ئایا كە ئێمە مردین وبوینەوە بەخاك و خۆڵ جارێكیدی زیندودەكرێینەوە؟ بەراستی ئەو زیندوبوونەوەمان و رابوونی قیامەتمان شتێكی دوورەو عەقڵ وەری ناگرێ و مومكین نیە شتی وا ڕوو بدا!!

ئەمجار پەروەردگار رەددیان دەداتەوەو دەفەرموێ:﴿قد علمنا ماتنقص الأرض منهم و عندنا كتاب حفيظ﴾ بێگومان ئێمە بەزانیاریەكی تەواو زانیومانە و دەزانین خاك چۆن جەستەی خواردون و چۆن رزیون و چیان بەسەر هاتووە ، هەموو حاڵ و وەزع و روداوو بەسەر هاتیان پێش مردن و دوامردنیان لای ئێمە لەلەوحولمەحفوظدا و نوسراوەو ئاشكرا و عەیانەو هیچمان لیگوم نەبووە، هەركاتێ بمانەوێ زیندویان بكەینەوەزۆر بەئاسانی جەستەیان رێك دەخەینەوەو زیندویان دەكەینەوە و كێشیان دەكەین بۆ حیساب و لێكۆڵینەوە، هەركەسە بەگوێرەی خۆی سزاو پاداشتی كردەوەكانی وەردەگرێتەوە.

ئەمجار پەروەردگار هۆی كوفرو سەرەقی قورەیشییەكان دیاریی دەكاو دەفەرموێ: ﴿بل كذّبوا بالحقّ لمّا جاءهم فهم في أمرٍ مريج﴾ كافرەكانی مەككە لەراستیدا قورئان بەدرۆدەخەنەوە و بڕوا بەپێغەمبەریەتی موحەممەدﷺ ناكەن و بەبێبەڵگەو لیوردبونەوە پشت لەبانگەوازیی ئیسلامیی هەڵدەكەن و ئەو پەیامە پیرۆزە رەتدەكەنەوە..

ئەوان دەربارەی ئیسلام لەحاڵەتی سەرلێشێواوی و راڕاییدان، دەمێك دەڵێن: قورئان سیحرەو محمد ساحیرە ، چەلێك یەژن: قورئان شیعرە و محمد شاعیرە، وەختێكیش دەبێژن: قورئان فاڵ و فڕوفیشاڵە و محمدیش

جادوبازو کۆڵەوەنانی‌یە، نازانن چۆن بەربەرەکانی ئەو پەیامە بکەن، هەمیشە لەدڵەراوکێ‌دان و سەرگەردان و سەراسیمەن!!

نەدەبوو ئەو هەڵوێستەیان هەبێ **﴿أفلم ينظروا الى السماء فوقهم كيف بنيناها و زيّناها و مالها من فروج﴾** ئایا ئەو کافرانە بۆچی سەیری ئاسمان ناکەن لەژوور سەریانەوە چۆنمان دروست کردووەو بەبێ کۆڵەکە رامان گرتووە، چۆن ئەو ئاسمانە بەرفراوانە: کە هەر خودا دەزانێ چەندەوە چۆنە بەبێ درزو کون و کەلەبەرە، دەسەیری بکەن و بیر لەدەسەڵاتی خودا بکەنەوە.

وەکوو لەئایەتێکی‌تردا دەفەرموێ: **﴿الذي خلق سبع سموات طباقاً ما ترى في خلق الرحمن من تفاوت فارجع البصر هل ترى من فطور، ثمّ ارجع البصر كرّتين ينقلب اليك البصر خاسئاً و هو حسير﴾** الملك/٣-٤ ئەوانە ئەگەر کەودەن و نەفام نەبوونایە بەسەیرکردنی ئاسمان و تێفکرین لیێ خودایان دەناسی وە ئیمانیان پێی دەهێنا، و یەکتاپەرستی‌یان ئەنجام دەدا !!

﴿والأرض مددناها و ألقينا فيها رواسي وأنبتنا فيها من كلّ زوج بهيج﴾ هەروەها بۆچی ئەوانە سەیری زەوی ناکەن و لێی‌وردنابنەوە بزانن ئێمە چۆن رامان خستوەو بەرفراوانمان کردوە ، کێومان لەسەر داکوتاون بۆ ئەوەی جم و جوڵ و لەرزە بەدانیشتوانی سەرییی نەکا، نەیانهەژێنێ و رایان نەتلەقێنێ گیانلەبەران لەسەری هەست بەئارامی بکەن.

ئەمجار بۆ ناڕوانن ئێمە لەسەر زەوی چۆن ئەو هەموو دارو درەخت و گیاو گوڵ و گوڵزارەمان رواندووەو دیمەنی زەویمان پێ رازاندۆتەوە، لەهەموو جۆرێك نێرومێ‌مان تێدا خولقاندون، وەکوو لەئایەتێکی‌تردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: **﴿ومن كلّ شيءٍ خلقنا زوجين لعلّكم تذكّرون﴾** الذاريات/٤٩ .

ئێمە کە بەو جۆرە ئاسمان و زەویـان دروستکردون ﴿تبصرة وذكرى لكلّ عبدٍ منيب﴾ بۆ ڕێنمایی ئادەمیزاد بۆ ئەوەی بەندە گەڕاوەو تۆبەکارەکان، تێیان رامێنن و بیریان لیّبکەنەوە، و زیاتر ئیمانیان بەهێز بیّ و پتر خودا پەرستی بکەن .

ئەمجار ئاماژە بەچۆنیەتی روانی گیاو درەخت دەکاو دەفەرمویّ:
﴿ونزّلنا من السّماء ماءً مباركاً فأنبتنا به جنّات و حبّ الحصيد﴾ با ئەو خەڵکە لەدەسەڵات و توانایی ئێمە وردببنەوە ، بڕوانن چۆن ئێمە لەبەرزاییەوە ئاوێکی پڕ فەڕو بەرەکەتمان باراندووە، بەوە دارو درەخت و روەکمان رواندووە، باغ و نزارمان پێك هێناوە، دانەوێڵەو بەروبومی جیاجیامان پیّ هێناوەتە دی، دانەوێڵە ئێوە دەیچێنن بەباران پیّدەگاو دوایی دەیدورونەوە و دەیکەنە بژێو .

﴿و النخل باسقات لها طلعٌ نضيد﴾ هەروەها بەئاو دارخورمامان رواندوە کەدەیبینن چەند بەرزو جوانە، میوەکەی زۆرو چین چین لەسەر یەك دەکەویّ.

ئاوا بەو جۆرە بارانمان باراندوە درەخت و گژو گیامان پیّڕواندوە، بەروبوم و دانەوێڵەی لیّدەستەبەر دەکەن ، ﴿رزقاً للعباد و أحيينا به بلدة ميتاً كذلك الخروج﴾ بۆ ئەوە ببێتە رزق و رۆژی بۆ بەندەکانم، سوپاسی پەروەردگاریان بکەن لەسەر ئەو نازونیعمەتانە، ئێمە بەو بارانە وڵاتی مردوو روت و سوتەمەڕۆ زیندوودەکەینەوە، گیاوگژو دارو درەختی تێدا دەروێنین ، هەر بەو جۆرەش ئێوەی ئادەمیزاد دوای مردن زیندودەکەینەوە .

واتە وێنەی زیندوبوونەی رۆژی قیامەت دەق وەکوو شین بوونەوەو روانەوەی دارو درەخت و گژو گیایەهەردوو حاڵەتەکە بۆ دەسەڵاتی خودا

چون یەکن، چۆن بەبەرچاوتانەوە ئێمە بەهۆی بارانەوە زەوی وشك و سوتەمەڕۆ زیندوودەکەینەوە بەهەمان شێوە بە بێ ماندوبوون ڕۆژی قیامەت مردووەکان زیندوودەکەینەوە

ئینکاری کردنی زیندوبوونەوە دیاردەیەکی کۆنی ئادەمیزادە

كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَأَصْحَٰبُ ٱلرَّسِّ وَثَمُودُ ﴿١٢﴾ وَعَادٌ وَفِرْعَوْنُ وَإِخْوَٰنُ لُوطٍ ﴿١٣﴾ وَأَصْحَٰبُ ٱلْأَيْكَةِ وَقَوْمُ تُبَّعٍ كُلٌّ كَذَّبَ ٱلرُّسُلَ فَحَقَّ وَعِيدِ ﴿١٤﴾ أَفَعَيِينَا بِٱلْخَلْقِ ٱلْأَوَّلِ بَلْ هُمْ فِى لَبْسٍ مِّنْ خَلْقٍ جَدِيدٍ ﴿١٥﴾

لەوە پێش ئەوەی ڕوونکردەوە کە قوڕەیشییەکان بڕوایان بەزیندوبوونەوە نەبووە، هاتنی ڕۆژی قیامەتیان بەڕوداوێکی دوور و نامەعقول زانیوە، لێرەدا پەروەردگار هەڕەشەیان لێدەکا بەوە کە گەلەپێشینەکان هاتنی قیامەتیان بەرناڕاست لەقەڵەم داوە و خودا تۆڵەی لێستاندون و لەناوی بردوون قوڕەیشییەکان ئەگەر بەردەوام بن لەسەر ئەو هەڵوێستە ناشیرین و سەرڕەقییەیان ، ئەوە هەمان تۆڵەیان لێدەسەندرێ دەفەرموێ:

﴿كذّبت قوم نوح و أصحاب الرّس و ثمود، وعاد و فرعون و إخوان لوط و أصحاب الأيكةو قوم تبّع كلّ كذّب الرّسل فحقّ وعيد﴾ لەپێش قوڕەیشییەکاندا زۆر گەل و نەتەوەیتر هاتنی قیامەتیان بەدرۆخستەوە خودا تۆڵەی لێستاندون و لەناوی بردوون،

قەومی نوح (نوح)یان بەدرۆخستەوە، خودا بەتۆفان لەناوی بردن، قەومی فیرعەون پەیامی موسایان رەتکردەوە لەدەریادا خنکاندمانن.

﴿أصحاب الرس﴾ ئەو خێڵەیە کەلەسەر بیرێکی هەڵنەچنراو لەوڵاتی یەمامە نیشتەجێ بوون ئاژەڵداری‌یان دەکرد، بتیان دەپەرست .

هەندێکیش پێیان وایە ئەو گەلە (أصحاب الأخدود)ن پەروەردگار ئەم خێڵەو قەومی ثەمودو ئەهلی مەدیەن و ﴿أصحاب الأيكة﴾: کە قەومی شوعەیب بوون لەسەر ئیمان نەهێنانیان، بەناڵەو گرمە لەناوی بردن ، هەروەها قەو می عاد کە گەلی هود بوون بەرەشەبای بەشیددەت، گەلی (لوط) بەرەشەبای بەهێزو بەردەباران و رۆچوونی زەوی لەناوبران.

قارون و دارودەستەکەی بەزەوی‌دا رۆچوون و فەوتێنران، هەموو ئەو گەل و نەتەوە پێشینانە سەرپێچیان کردو پەیامی پێغەمبەرەکانیان رەتکردەوە ، خودا هەرەشەی خۆی هێنایەدی و لەناوی بردن، دەی باقورەیشییەکان و هەموو ئەوانەی: کە ئەم قورئانەیان ئاراستە کراوە بترسن لەوەی کە ئەو عەزابانەی یەخەی ئەو گەلانەی گرتووە تووشی ئەمانیش بێ ، چونکە سوننەتی خودا ناگۆرێو هەرچی بیشیەوێ بیکا دەیکا.

ئەنجار پەروەردگار بەڵگەیەکی‌تر لە خودی ئادەمیزادەکان لەسەر هاتنی رۆژی قیامەت دەهێنێتەوە و دەفەرموێ: ﴿أفعيينا بالخلق الأول بل هم في لبسٍ من خلقٍ جديد﴾ ئایا ئێمە کەلەسەرەتادا ئادەمیزادمان دروست کرد، یان ئێمە: کە لەسەرەتادا بوونەوەرمان هێنایە وجوود، پێوەی ماندوو بوین؟! نەخێر هیچ ماندوبوونێکمان بەخۆمانەوە نەدی زۆر بەسانایی دروستکردنی یەکەنجارمان ئەنجام دا، ئەدی چۆن ئێمە ناتوانین دوای مردنی ئادەمیزاد جارێکی‌تر زیندویان بکەینەوە؟!

لەڕاستیدا هێنانی ڕۆژی قیامەت و دروستکردنەوەی زیندوان زۆر لەدروستکردنی سەرەتایان ئاسانترە . وەکوو لەئایەتێکیتردا ئاماژە بەوەدەکاو دەفەرموێ: ﴿**وهو الذي يبدأ الخلق ثمّ يعيده، وهو أهون عليه**﴾ الروم/٢٧ .

یان دەفەرموێ: ﴿**وضرب لنا مثلاً ونسي خلقه قال: مَنْ يحيي العظام وهي رميم، قل: يحييها الذي انشأها أولَ مرّة وهو بكلِ خلقٍ عليم**﴾ يس/٧٨-٧٩ . بەڵکوو ئەوان لەشك و گومان و ڕاڕایی دان دەربارەی زیندوبوونەوە و هاتنی قیامەت، سەیرە ئەوان دان بەوەدا دەنێن کەلەسەرەتادا خودا دروستی کردوون و بەدیهێنەری بوونەوەر پەروەردگارە ، ئەدی چۆن ئەوان ئینکاری زیندوبوونەوە دەکەن!

خودا بەدیهێنەری ئادەمیزادە و زانایە بەهەمووحاڵ و وەزعێکی

وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَٰنَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِۦ نَفْسُهُۥ ۖ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ ٱلْوَرِيدِ ﴿١٦﴾ إِذْ يَتَلَقَّى ٱلْمُتَلَقِّيَانِ عَنِ ٱلْيَمِينِ وَعَنِ ٱلشِّمَالِ قَعِيدٌ ﴿١٧﴾ مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ ﴿١٨﴾ وَجَآءَتْ سَكْرَةُ ٱلْمَوْتِ بِٱلْحَقِّ ۖ ذَٰلِكَ مَا كُنتَ مِنْهُ تَحِيدُ ﴿١٩﴾ وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ ۚ ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلْوَعِيدِ ﴿٢٠﴾ وَجَآءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَآئِقٌ وَشَهِيدٌ ﴿٢١﴾ لَّقَدْ كُنتَ فِى غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَآءَكَ فَبَصَرُكَ ٱلْيَوْمَ حَدِيدٌ ﴿٢٢﴾

لەوە پێش بەڵگەی جۆراوجۆرو بەهێزی هێنانەوە لەسەر ڕابوونی قیامەت و زیندوبوونەوەی ئادەمیزاد ، ئەمجار دەست دەکات بەچەسپاندنی

ئەو ڕاستیە: کە هەر خودا لەسەرەتادا ئادەمیزادی دروست کردوە و زانیاری تەواوی دەربارەی حاڵ و وەزع و هەڵسوکەوتی هەیە، دەفەرموێ:

﴿ولقد خلقنا الإنسان و نعلم ماتوسوس به نفسه ونحن أقرب اليه من حبل الوريد﴾ واتە: سوێندم وابێ ئێمە ئادەمیزادمان بەدیهێناوەو هەموو کاروبارێکی دەزانین چۆنەو چۆن نیە، تەنانەت ئەو خەتەرە و خەیاڵانەی بەدڵیدا دێن لەئێمە شاراوە نین و زۆر بەباشی ئاگامان لێیەتی، ئێمە لەڕەگی لاملی خۆی لێی نزیکترین، چۆن ئاگاداری نهێنیو خەتەرەی ناو دڵی نین؟

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: مانای ﴿ونحن أقرب اليه من حبل الوريد﴾ ئەوەیە فریشتەی خودا لەڕەگی لاملی ئادەمیزادە کە خۆی لیێ نزیکترن، هەموو چاکەو خراپەیەکی دەنووسن و هیچیان لیێ فەراموش نابێ .

بەکورتی خودا بۆ خۆی ئادەمیزادی دروستکردوە، هەموو کاروبارێکی دەزانێ و هیچی لیگوم نابێ، تەنانەت خەتەرەو خەیاڵی ناو دڵ و دەروونیشی ئاگا لێیە ، وەلیێ پەروەردگار ئادەمیزاد لەسەر خەتەرەو قسەی نەفس سزانادا، هەتا بەکردەوە ئەنجامی نەدا.

لەحەدیثی صەحیح داهاتووە پێغەمبەرﷺ دەفەرموێ: (ان الله تعالى تجاوز لأمتي عما حدثت به أنفسها مالم تتكلم به أو تعمل به) بوخاری و موسلیم و ئەبوداودو نەسائی و تیرمیزی لە ئەبوهورەیرەوە ئەم فەرموودەیان ریوایەت کردووە ، ئەمجار پەروەردگار ئەوە رادگەیەنێ کە وێڕای ئاگاداری و زانیاری خۆی بەهەموو کاروبارێکی ئادەمیزاد

فریشتەیتایبەت هەموو چاکەو خراپەیەکی تۆماردەکەن و دەفەرموێ: ﴿اذ يتلقى المتلقيان عن اليمين و عن الشمال قعيد﴾ واتە: ئێمە لەئادەمیزاد لەڕەگی لاملی نزیکترین لەو کاتەدا دوو فریشتەی چاودێر

بەسەریەوە لەراست و چەپیەوە گوفتاری دەبیستن و کردەوەی دەبینن و تۆماری دەکەن، فریشتەی لای راستی چاکەکانی تۆمار دەکاو فریشتەی لای چەپی خراپەکانی دەنووسێ، لەفەرموودەیەکدا هاتووە ئەبوئومامە دەیگێڕێتەوە: دەفەرموێ: ئەو فریشتەی چاکە دەنووسێ لای راستی ئادەمیزادەکەیە ، خراپەنووسیش لەلای چەپیەوەیەتی نووسەری چاکە سەرداره بەسەر نووسەری خراپەدا .

جا ئەگەر چاکەیەکی کرد ئەوە فریشتەی لای راست یەك بەدە بۆی تۆمار دەکا ئەگەر خراپەی کرد فریشتەی لای راست بەهی لای چەپ دەڵێ: حەوت سەعات وازی لیێبێنە بەڵکوو تۆبە بکا و پەشیمان بێتەوە، ئادەمیزاد هەمیشە لەژێر چاودێری دایەو ئەو دوو فریشتە موراقەبەی دەکەن..

﴿مایلفظ من قولٍ الاّ لدیه رقیبٌ عتید﴾ هیچ وتەیەکی لەدەم دەرناچێ ئیللا فریشتە وائامادەباشە بەلایەوە و دەینووسێ، فریشتەی لای راستی چاکەکانی دەنوسێ و فریشتەیلای چەپی خراپەکانی تۆمار دەکا، هەموو وتەو سرتەو جم و جوڵێکی کۆنترۆڵەو تۆمار دەکرێ.

زاهیری مانای ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە فریشتەکان هەموو شتێك دەنووسن، ئیبنو عەبباس دەفەرموێ: ئەو شتانە تۆمار دەکەن کەسزاو پاداشتیان هەیە.

فەرموودەیەکی پێغەمبەر هەیە تیرمیزیو نەسائی و ئیبن ماجە ریوایەتیان کردووە ، پشتگیری قسەکەی ئیبنوعەبباس دەکا و دەفەرموێ: (ان الرجل لیتکلم بالکلمة من رضوان الله تعالی مایظن أن تبلغ ما بلغت، یکتب الله عزّو جلّ بها رضوانه الی یوم یلقاه، و ان الرجل لیتکلم بالکلمة من سخط الله تعالی مایظن أن تبلغ ما بلغت، یکتب الله تعالی علیه بها سخطه الی یوم القیامة) پیاو جاری واهەیە لەپێناو

ڕەزامەندی خودادا قسەیەکی وادەکا خۆی زۆر بایەخی پێنادا و کەچی لای خودا زۆر گەورەیەو ڕەزامەندی خۆی پێدەبەخشێ و ڕۆژی قیامەت پاداشتی لەسەر وەردەگرێ، هی وایش هەیە قسەیەکی خراپ دەکا و خۆی بەهەندی ناگرێ، کەچی لای خودا زۆر تاوانەو هەتا ڕۆژی قیامەت ناڕەزامەندی خۆی لەسەر دەنووسێ.

ئەمجار دوابەدوای ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی کافرەکان کە بریتییە لەبڕوانەبوونیان بەڕابوونی قیامەت و زیندوبوونەوە، ئەمجار ڕەتدانەوەیان بەوە، کە ئەو کارە بۆ خودا ئاسانەو هیچ ئەرکێکی تێدا نیە . دێتە سەر ڕاگەیاندنی ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر ئەویش ڕوبەڕوبوونەوەی مردنە ، ئەوکاتەی مردن لێیان نزیک دەبێتەوە و بۆیان دەردەکەوێ کە ئەوان هەڵە بوون .

دەفەرموێ: ﴿وجاءت سكرة الموت بالحقّ ذلك ماكنت منهُ تحيد﴾ ئێش و ئازارو تەنگ و چەڵەمەی مردن هات و یەخەی گرتن و تاساندنی ئەوکاتە هەموو مرۆڤێك بۆی دەردەکەوێ کە ئەو هەواڵ و وادەو بەڵێنانەی پێغەمبەرەکان ڕایان گەیاند بوو دەربارەی زیندوبوونەوەو حیساب و لێکۆڵینەوەو حەشرو نەشرو بەهەشت و دۆزەخ هەموو حەقن و هیچ گومانێکیان تێدا نیە، ئا ئەو مردنە یان ئەو حەق و ڕاستی‌یە ئەوەیە: کە تۆ ئەی ئادەمیزاد خۆت لێ گێل دەکردو لێی هەڵدەهاتی، بەهەندت نەدەگرت و بایەخت پێنەدەدا .

هەڵبەتە کاتی سەرەمەرگ و گیانەڵا کاتێکی سەخت و دژوارە ، هیچ کەس نیە خۆی بۆ ڕابگرێ، لەحەدیثی صەحیح و چەسپاودا هاتووەخاتوو عائیشە دەیگێڕێتەوە دەفەرموێ: پێغەمبەرﷺ کەوتە حاڵەتی سەرەمەرگ و گیانەڵاو عەرەقی لەدەم و چاوی خۆی دەسڕی دەیفەرموو: (سبحان الله ان للموت سكرات) پاك و مونەزەهی بۆ خودایە مردن ئێش و

ئازاری تاسێنەری هەیە، خودایە ئاگادارمان بەو یارمەتیمان بدە لەسەر ئێش و ناڕەحەتی کاتی سەرەمەرگ.

ئەمجار باسی رابوونی قیامەت دەکا و دەفەرموێ: ﴿ونفخ في الصور ذلك يوم الوعيد﴾ فوو کرا بەکەڕەنای صوردا بۆ زیندوبوونەوەی قیامەت ئەو کاتە کاتێکە سەخت و دژوارو ترسناکە، ئەوە ئەو رۆژەیە: کە خودا هەڕەشەی پێ لەبەندەکانی کردووە، کافرەکانی پێترساندووە کە ئادەمیزاد زیندوبوونەوە لەگۆڕەکانیان هاتنە دەرێ ئەمجار راپێچی سارای مەحشەر دەکرێن.

﴿وجاءت كلّ نفسٍ معها سائق وشهيد﴾ هەر کەسێ بۆ سارای مەحشەر فریشتەیەکی لەتەکدایە کێشی دەکاو فریشتەیەکیشی لەگەڵدایە شایەتە بەسەریەوە جا ئەو کاتە بەئادەمیزادە بێباوەڕەکان دەگوترێ: یان بەهەموو ئادەمیزادێکی چاك و خراپ دەگوترێ.

﴿لقد كنت في غفلة من هذا فكشفنا عنك غطاءك فبصرك اليوم حديد﴾ بێگومان تۆ بێئاگابوویت لەهاتنی ئەم رۆژە وەکوو پێویست توێشوت بۆ نەخستووە، ئێستا واپەردەمان لەسەر لادای و حەقیقەتت بۆ دەرکەوت هەموو شتێکت بۆ ئاشکرا بوو ، دەسا بڕوانە و ئاکامی کردەوەکانی خۆت ببینە، ئەمڕۆ چاوت تیژەو باش شتەکان دەبینێ! راستیت بۆ دەرکەوت .

گفت و گۆی ئادەمیزادی کافرو شەیتانی هاوەڵی لە رۆژی قیامەت دا

وَقَالَ قَرِينُهُۥ هَٰذَا مَا لَدَيَّ عَتِيدٌ ﴿٢٣﴾ أَلْقِيَا فِي جَهَنَّمَ كُلَّ كَفَّارٍ عَنِيدٍ ﴿٢٤﴾ مَّنَّاعٍ لِّلْخَيْرِ مُعْتَدٍ مُّرِيبٍ ﴿٢٥﴾ ٱلَّذِي جَعَلَ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا

ءَاخَرَ فَأَلْقِيَاهُ فِي ٱلْعَذَابِ ٱلشَّدِيدِ ﴿٢٦﴾ ۞ قَالَ قَرِينُهُۥ رَبَّنَا مَآ أَطْغَيْتُهُۥ وَلَٰكِن كَانَ فِي ضَلَٰلٍۭ بَعِيدٍ ﴿٢٧﴾ قَالَ لَا تَخْتَصِمُواْ لَدَيَّ وَقَدْ قَدَّمْتُ إِلَيْكُم بِٱلْوَعِيدِ ﴿٢٨﴾ مَا يُبَدَّلُ ٱلْقَوْلُ لَدَيَّ وَمَآ أَنَا۠ بِظَلَّٰمٍ لِّلْعَبِيدِ ﴿٢٩﴾ يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ ٱمْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ ﴿٣٠﴾

لەوە پێش وەزع و حاڵی سەرەمەرگی ئادەمیزادەکانی روونکردەوە، ئەمجار دیمەنی مشت و مڕی ئادەمیزادی بێبڕوا و شەیتان رادەنوێنێ، کە لەرۆژی قیامەت دا یەخەی یەکتر دەگرن و دەکەونە گازەندە کردن لەیەکتری .

دەفەرموێ: ﴿وقال قرينه: هذا ما لديّ عتيد﴾ ئەو فریشتەی کە ئەرکی راپێچ کردنی کافرەکەی لەئەستۆیە یان ئەو فریشتەی شایەتە بەسەریەوە، دەڵێ: ئەی ئادەمیزاد ئەوەتا نامەی کردەوەکانت لامەو ئامادەیە چت کردووە بەبێزیادو کەم تۆمارکراوە .

دەگونجێ مەبەست بە(قرین) شەیتان بێ، واتە: شەیتان دەڵێ ئەم کابرایە لەژێر کۆنترۆڵی من دا بووە،و گومڕام کردووە بۆ دۆزەخ .

بەکورتی دیمەنەکە بەم جۆرەیە: فریشتەیەك کێشی دەکاو فریشتەیەك شایەتە بەسەریەوە، و شەیتانیش بەتەکیەوەیەتی دەڵێ: ئەم کابرایەم گومڕا کردووە و ئامادەم کردووە بۆ چوونە ناو دۆزەخ ، ئەوەی پشتگیریی ئەم بۆچوونە دەکا ئایەتی﴿نقيض لە شيطاناً فهو لهُ قرين﴾ الزخرف/٣٦.

سەرەنجامی دیمەنەکەش ئەوەیە: کەپەروەردگار فەرمان بەهەردوو فریشتەکە ﴿سائق و شهيد﴾ دەکا دەفەرموێ: ﴿ألقيا في جهنّم كلّ كفّار

عنید﴾ تورِ بدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە هەموو ئەوانەی لەژیانی دونیادا کافرو سەرِەق و دژ بەهەق بوون هاوەڵیان بۆ خودا دانـاوە و پێغەمبەریان بەدرۆخستۆتەوە..

.. وێرای ئەوەش چروك و دەست قوچاو بوون، زەکاتیان نەداوە و خێروصەدەقەیان نەکردووە صیلەی رەحمیان بەجێنەهێناوە، نەیانهێشتوە کەسانیدیکە ئیمان بهێنن و چاکە کاربن ، دەستدرێژیکارو زمان پیس و ستەمکارو سنور بەزێن و خراپەکار بوون .

ئەمجار پەروەردگار دیمەنێکیتری جیاوازی نێوان کافرو شەیتان نمایش دەکاو دەفەرموێ: ﴿وقال قرینهُ: ربّنا ما أطغیتهُ ولكن كان في ضلال بعید﴾ هاوەڵی بێبڕواکە (شەیتانەکە) دێتە قسەو دەڵێ: خودایە من لێی بێبەریم و گومڕام نەکردووە ، ئەو خۆی ئامادەباشی گومڕایی تێدا بووە خۆی بەئیختیار خۆی بەتاڵی بەلاوە پەسەند بووە، دژی هەق بووە، بانگەوازییم کرد بۆ گومڕابوون بەپیر بانگەوازیەکەمەوە هات، ئەو خۆی لەبەندە راستاڵ و دڵسۆزەکان نەبوو، ئەگەر موخلیص و خوداپەرست بوایە من نەم دەتوانی رێبازی کوفری لەدڵدا شیرین بکەم، بەڵام ئەو خۆی ئامادەباشی کوفرو ئیلحادی تێدا بووبانگەوازییم کرد کەوتە داوی منەوە!

﴿وقال: لاتختصموا لديّ، وقد قدّمتُ الیكم بالوعید﴾ پەروەردگار بەشەیتان و کابرای گومڕا دەفەرموێ: لای من دەمەدەمێ مەکەن؛ ئێستا کاتی حیساب و لێکۆڵینەوەیە ، سەردەمیژیانی دونیا بەسەرچوو، لەژیانی دونیادا هەڕەشەم لیکردن و لەسەرەنجامی کوفرو بێدینی ترساندمن ، لەسەر زمانی پێغەمبەران ئامۆژگارییم کردن، نامەو پەراوی

ئاسمانیم بۆ ناردن، بەڵگەی جۆراوجۆرم لەسەر راست کردنەوە، گوێڕایەڵ نەبوون و پەندو عیبرەتتان وەرنەگرت، ئێستا عوزر هێنانەوەتان بێسوودە.

﴿مایبدّل القول لديّ وما أنا بظلاّمٍ للعبيد﴾ ئەوەی بڕیارم داوە هەر ئەوەیە هەڵوەشاندنەوەی تێدا نیە، گۆڕانکاری لەحوکم و بڕیارم دانیە و نابێ، چیم بڕیار داوە هەر ئەوە دێتە جێ، بڕیارم داوە بەهۆی کافربوونتانەوە سزای دۆزەختان پێبچێژم .چارتان ناچارە دەبێ بیچێژن و قوتار بوونتان نابێ! هیچ کەسێکیش بە بێتاوان عەزاب نادەم!

ئەمجار پەروەردگار جەخت لەسەر عەزابی دۆزەخ دەکاتەوە دەفەرموێ: ﴿یوم نقول لجهنّم: هل امتلأتِ؟ وتقول: هل من مزید؟﴾ ئەی موحەممەد ئەوە بۆگەلەکەت باس بکەو بیانترسێنە لەعەزابی دۆزەخ، بیانترسێنە لەهەول و کارەساتی ئەو رۆژەی بەدۆزەخ دەڵێین: ئەرێ پڕبووی لە ئادەمیزادو جندۆکە؟ ئەو حەمکە تاقم و کۆمەڵەی تورمان دانە ناوتەوە پڕیان کردی؟

دۆزەخ دێتە وەلام و دەڵێ: جا بۆ کەس ماوە بیخەنە ناومەوە؟ واتە: پڕبووم و کیفایەتمە، دەشگونجێ مانای ئەوەبێ:دۆزەخ بڵێ: جا بۆ کەس ماوە تێم فڕێ دەن؟ ئەگەر هەیە بابێ شوێنم هەیە بۆ ئەوە زیاتر تاوانباران جێگایان پێتەنگ ببێ و بکەونە ناخۆشییەوە، بەکورتی ئایەتەکە دوو مانا هەڵدەگرێ:

١- یەکەمیان ئەوەیە: دۆزەخ هەرچەندە بەرفراوانە بەلام پڕ دەبێ و هیچی لێ زیاد نابێ.

٢- دووەم ئەوەیە دۆزەخ هێندە فراوانە چەندێك تاوانباری تێفڕێ بدرێن هێشتا شوێنی تری هەیەو پڕ نابێ .

وەزع و حاڵی تەقواکاران

وَأُزۡلِفَتِ ٱلۡجَنَّةُ لِلۡمُتَّقِينَ غَيۡرَ بَعِيدٍ ﴿٣١﴾ هَٰذَا مَا تُوعَدُونَ لِكُلِّ أَوَّابٍ حَفِيظٍ ﴿٣٢﴾ مَّنۡ خَشِيَ ٱلرَّحۡمَٰنَ بِٱلۡغَيۡبِ وَجَآءَ بِقَلۡبٍ مُّنِيبٍ ﴿٣٣﴾ ٱدۡخُلُوهَا بِسَلَٰمٍۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلۡخُلُودِ ﴿٣٤﴾ لَهُم مَّا يَشَآءُونَ فِيهَا وَلَدَيۡنَا مَزِيدٌ ﴿٣٥﴾

ئوسلوبی قورئان وەهایە هەرکاتێ باسی شتێ بکا باسی دژەکەشی دێنێ، جا چونکە لەئایەتەکانی پێشوودا باسی گفت و گۆی نێوان بێباوەڕەکان و شەیتانی کرد، سەرەنجامی ئەوانەی روون کردەوە و ئەمجار باسی حاڵ ووەزعی خوداپەرستەکان دەکاو دەفەرموێ:

﴿وازلفت الجنّة للمتقين غير بعيد﴾ بەهەشت نزیك دەکرێتەوە دەرازێنرێتەوە بۆ خوداپەرستان، بەباشی چاویان لێی دەبێ و هەموو نازو نیعمەتێکی ناوی دەبینن، دەیروانن هەرچی تێیدایە هەمووی ناوازەیە، لەوەپێش چاو نەیدیوە و گوێچکە نەیبیستووە و هیچ ئادەمیزادێك بەخەیاڵیش پەی پێنەبردووە، فریشتە پێیان دەڵێن:

﴿هذا ما توعدون لكلّ أوّابٍ حفيظ﴾ ئەم نازو نیعمەتانەی دەیبینن لەناو بەهەشتدا ئەوەیە: کە لەژیانی دونیاتان دا لەسەر زمانی پێغەمبەران وادەو پێدراوە ، ئەم نازو نیعمەتە نەدیتراوە و نەبیستراوە بۆ ئەوانەیە لەتاوان و کوفر گەڕاونەتەوە بۆ لای خودا گەڕاونەتەوە، زۆر پارێزگاریی سنوورەکانی خودایان کردووەو پابەندی وادەو بەڵێنی خۆیان

بوون، کەمتەرخەم و بێمویالات نەبوون، بەجیددی خوداپەرست و تەقواکار بوون، کێن ئەوانەی ئەوە رەوشتیانە؟

﴿مَنْ خشيَ الرحمن بالغيب وجاء بقلب منيب﴾ کەسێکە بەغائیبانە لەخودا ترسابێ، و بەنهێنی و ئاشکرا خودای لەبیر بووبێ، خودای نەبینیوە بڕوای پێی بووە، لێی ترساوە و بەندایەتی بۆ کردووە، لەشوێنێکا کەس چاوی لێ نەبووە لەترسی خودا تاوانی نەکردووە، هەرکە لەچۆڵی و خەڵوەت دا یادی خودای کردوە چاوی پڕبوون لەئاوو فرمێسکی باراندوون، بەدڵسۆزیی بۆ لای خودا گەڕاوەتەوە و رەزامەندیی خودای لەزوور هەموو شتێکەوە داناوە . بەدڵی ساغ و بێگەرد بەرەو رووی بوەتەوە .

جا ئەو موسوڵمانە راستاڵانە لەپاداشتی باوەڕو ئاکارو کرداری دونیایان دا پێیان دەگوترێ: ﴿ادخلوها بسلام، ذلك يوم الخلود﴾ بڕۆنە ناو ئەو بەهەشتەوە بەسەلامەتی لەعەزاب و بەدڵنیایی لەنەبڕانەوەی نازو نیعمەتەکان، ترسی هیچتان نەبێ هیچ کەم و کوڕییەك نابینن، خودا سڵاوتان لێدەکاو فریشتەش هەروا، ئەو رۆژەی ئێوەی تێدا دەچنە ناو بەهەشتەوە ئەوە رۆژی (خلود)ە، رۆژێکە ئیتر مردنی لەدوا نیە و خۆشیەکانی نەبڕاوەن و پیری و نەخۆشی و ناخۆشی تێدا نابێ.

﴿لهم فيها ما يشاؤون و لدينا مزيد﴾ هەیە بۆ ئەو تەقواکارانەی ئەوە باوەڕو کردەوەی دونیایان بووە، هەرچی بیانەوێ و داوای بکەن و هەرشتێك حەزیان لێی بێ و لەبەر چاویان جوان بێ و پەسەندی بکەن یەکسەر بۆیان ئامادەیە، هیچ پێوەی ماندو نابن ..

نیعمەتی زیادەشمان لایە پێیان دەبەخشین کە لەوە پێش نەیاندیوە و بەخەیاڵیش بەسەر دڵیاندا رانەبوردووە ئەویش بریتیە لە بینینی

پەروەردگار وەکوو لەئایەتێکی‌تردا دەفەرموێ: ﴿للذين آمنوا الحسنى و زيادة﴾ يونس/٢٦ .

پێغەمبەرﷺ لە فەرموودەیەکی‌دا کە ئیمامی موسلیم لەصوهەیبی کوڕی سەنانی ڕۆمیە وە ریوایەتی دەکا دەفەرموێ: (انها النظر الى وجه الله الكريم) ئەوە نیعمەتی زیادەی بەهەشتە و تێڕوانینە بۆ زاتی پەروەردگاری خاوەن بەخشش .

هەڕەشە لەکافرو مولحیدەکان و فەرمان کردن بە پێغەمبەر بەبەردەوام بوون لەسەر پەیامی خۆی

وَكَمْ أَهْلَكْنَا قَبْلَهُم مِّن قَرْنٍ هُمْ أَشَدُّ مِنْهُم بَطْشًا فَنَقَّبُوا فِي الْبِلَادِ هَلْ مِن مَّحِيصٍ ﴿٣٦﴾ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَذِكْرَىٰ لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ ﴿٣٧﴾ وَلَقَدْ خَلَقْنَا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ ﴿٣٨﴾ فَاصْبِرْ عَلَىٰ مَا يَقُولُونَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ ﴿٣٩﴾ وَمِنَ اللَّيْلِ فَسَبِّحْهُ وَأَدْبَارَ السُّجُودِ ﴿٤٠﴾ وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ ﴿٤١﴾ يَوْمَ يَسْمَعُونَ الصَّيْحَةَ بِالْحَقِّ ذَٰلِكَ يَوْمُ الْخُرُوجِ ﴿٤٢﴾ إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي وَنُمِيتُ وَإِلَيْنَا الْمَصِيرُ ﴿٤٣﴾ يَوْمَ تَشَقَّقُ الْأَرْضُ

عَنْهُمْ سِرَاعًا ذَٰلِكَ حَشْرٌ عَلَيْنَا يَسِيرٌ ﴿٤٤﴾ نَّحْنُ أَعْلَمُ بِمَا يَقُولُونَ وَمَا أَنتَ عَلَيْهِم بِجَبَّارٍ فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَن يَخَافُ وَعِيدِ ﴿٤٥﴾

لەوەپێش پەروەردگار هەڕەشەی توندی لەبێباوەڕان کرد بەوە کە لەقیامەت دا سزای توندیان دەدا ، لێرەدا جارێکیتر هەڕەشەکە دووپات دەکاتەوە، لەنێوان هەردوو هەڕەشەکاندا وەزع و حاڵی خوداپەرستانی بەیانکرد، ئەوەشی روونکردەوە کە مردن و تێدا چوون پەندو عیبرەتە بۆ هەموو کەسێکی ژیرو داناو خاوەن عەقڵو ئاوەز.

لەلایەکیترەوە لەوەپێش سەرنجی ئادەمیزادی بۆ لاپەڕەی بوونەوەر راکێشاوە و فەرمووی: ﴿**أفلم ينظروا الى السماء فوقهم كيف بنيناها و زيّناها و مالها من فروج والأرض مددناها و القينا فيها رواسي و انبتنا فيها من كلّ زوج بهيج**﴾

ئەمجار لێرەدا سەرنجیئادەمیزاد رادەکێشێ بۆ حەقیقەتێکیترو تێڕوانین لەلاپەڕەکانی بوونەوەر و دەفەرموێ: ﴿**ولقد خلقنا السموات و الأرض و ما بينهماڤي ستّة أيام و ما مسّنا من لغوب**﴾ بێگومان ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی لەناویاندایە لەشەش رۆژدا یان لەشەش قۆناغدا دروستکردوە و هیچ ماندوبون و ئەرکێکمان پێوە نەبینین ، ئەدی چۆن ناتوانین جارێکیتر ئێوە زیندوبکەینەوە.

خۆ دروستکردنەوەی ئێوەو زیندوکردنەوەی ئێوە لەدوای مردنتان لەئاست دروستکردنی بوونەوەردا هەر قیاس ناکرێ و حیسابی بۆ ناکرێ، کەوابوو پێویستە بیرێك لەداهاتووی خۆتان بکەنەوە و خۆتان توشی عەزابی سەختی دۆزەخ نەکەن!

﴿وكم أهلكنا قبلهم من قرنٍ هم أشدّ منهم بطشاً فنقبوا في البلاد هل من محيص﴾ ؟ زۆر گەل و نەتەوەمان لەپیش ئەو كافرە سەر ڕەقانەدا لەناو بردوەو ئەوان زۆر لەم قورەیشیانە زۆرتر و بەهێزترو دەسەلاتدار تربوون، شوێن دەستیان لەزەوی‌دا كاریگەرترو زۆرتر بوو، بازرگانی و بیناسازیو گەشت و گوزاریان لەمان زۆرترو پێشكەوتووتر بوو..

ئایا توانیان لەچنگ عەزابی سەختی خوا رزگاریان بیّ؟ ئایا توانیان پێچەوانەی قەزاو قەدەری خودا بجولێنەوە؟ ئایا ئەو ماڵو سامانەی كۆیان كردبوەوە فریایان كەوت؟ عەزابی خودای لیّڕەت كردنەوە؟ نەخەیر، دەیسا ئێوە ئەی قورەیشیەكان ئەی هەموو ئەوانەی كافرو بیّبڕوان چاك بزانن كەئێوەش هیچ شتێك نیە بتوانیّ بەرگری عەزابی سەختی خوداتان لیّبكا، بەهیچ شێوەیەك لەچنگ عەزابی سەختی خودا رزگاربوونتان نیە!

﴿إنّ في ذلك لذكرى لمن كان لهُ قلبٌ او ألقى السمع و هو شهيد﴾ بێگومان لەگێڕانەوەی سەرگوزەشت و چیرۆكی گەل و نەتەوە پێشینەكان دا هەروەها لەو هەموو ئاداب و ئامۆژگاریانەی ئاڕاستەتان دەكریّو كراوە لەم سورەتەو لەسورەتەكانی پێشوودا پەندو عیبرەت هەیە بۆ كەسانێك دڵیان وشیار بیّ و عەقلّ و هۆشیان هەبیّ، وردببنەوە و تیّ بفكرن و بیر لەئاكام و سەرەنجام بكەنەوە، كەسێك بەم سەرگوزەشت و پەندو ئامۆژگارییانە وەهۆش خۆ نەیەتەوە ، لەناوچوون و سەرەنجامی گەل و نەتەوە پێشینەكان وەخەبەری نەهێنیّ ئەوە دڵی مردووە یان هەر دڵی نیە!

ئەمجار پەروەردگار بەڵگەیەكی‌تر ئاڕاستە دەكا لەسەر بەتوانایی و دەسەلاتی رەهای خۆی و هاتنی رۆژی قیامەت و زیندوبوونەوە،

دەفەرموێ: ﴿ ولقد خلقنا السموات و الأرض و ما بينهمافي ستّة أيام و ما مسّنا من لغوب﴾ بێگومان ئێمە ئاسمانەکان و زەوی‌و ئەوەی تیایاندایەو لەناویاندایە لەماوەی شەش رۆژدا یان لەشەش قۆناغ دا دروستمان کردون و هیچ ماندوبونێکمان پێوە نەدیوە .

جا خودایەك بتوانێ بەبێ‌ماندوون ئەو ئاسمان و زەوی و حەشاماتە دروست بکا بێگومان دەتوانێ مردوان زیندوو بکاتەوەو قیامەت هەڵسێنێ و حیساب و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدا.

وەکوو لەئایەتێکی‌تردا ئاماژەبەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**أو لم يروا ان الله الذي خلق السموات و الأرض ولم يعي بخلقهنّ بقادر على ان يحيي الموتى، بلى إنّه على كلّ شيئٍ قدير﴾ الأحقاف/٣٣.**

﴿**فاصبر على مايقولون﴾** ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! خۆڕاگر بە لەبەرامبەر موشریکەکان دا ، بەرەتکردنەوەی پەیامەکەت لەلایەن ئەوانەوە دلگران مەبە، هەروەها گرنگی مەدە بەقسەی بێ‌بناغەو هەڵەت و پەڵەتی جولەکەکان کە دەڵێن: خودا ئاسمانەکان و زەوی لەشەش رۆژدا بەدیهێناون سەرەتا رۆژی یەك شەممە و لەرۆژی هەینی‌دا تەواوی کردون و رۆژێ پشووی داوە و ئیستراحەتی‌تەواوی کردووە. ئەمە قسەیەکی بێ‌سەرو بەرە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نیە.

﴿**وسبّح بحمد ربّك قبل طلوع الشمس و قبل الغروب، ومن الليل فسبّحه و إدبار السجود﴾** ئەتۆ ئەی پێغەمبەر! بەردەوام تەنزیهی خودا بکە بێ‌خەوش و عەیبی بزانە، هیچ کەم و کوڕییەکی پاڵ مەدە هەمیشە سەرگەرمی حەمدو سوپاسی بە، بڵێ: (سبحان الله و بحمدهِ) کاتی بەیانی و دەمی عەسر و هەندێ لەشەو ئەم ویردە بخوێنە.

﴿واستمع یوم ینادي المنادي من مكان قریب﴾ ئەتۆ ئەی پێغەمبەر، گوێ رابگرە بۆ ناڵەو گرمەی هاتنی قیامەت (نفخة)ی دووەم: کەئیسرافیل فوو دەکا بەکەرەنای صوردا و بانگ هەڵدەدا و هەموو کەس دەی بیسێ، پێیان دەڵێ: رابن بۆ حیساب و لێکۆڵینەوە، ئیتر هەموو ئادەمیزاد تێکڕا لەگۆڕەکانیان رادەبن و بەرەو سارای مەحشەر دەچن و لەو دەشتە پان و فراوانەدا کۆدەکرێنەوە بۆ حەق و حیساب .

﴿یوم یسمعون الصیحة بالحقّ، ذلك یوم الخروج﴾ ئەو رۆژەی کە دەنگی کەرەنای صور دەبیستن کە رووداوێکی هەقەو گومان لەپەیدابوونیدا نیە، ئەو رۆژە رۆژی زیندوبوونەوەیەو رۆژی هاتنەدەرەوەیە لەگۆڕ، رۆژی لێکۆڵینەوەی هەق و حیسابە، رۆژی لێك جیاکردنەوەی چاك و خراپەیە، رۆژی وەرگرتنەوەی سزاو پاداشە .

﴿انّا نحن نحیي و نمیت و الینا المصیر﴾ ئێمە لەدونیادا ژیان دەبەخشین و لەقیامەت دا مردوو زیندودەکەینەوە، لەدونیادا زیندوان دەمرێنین کاتێك تەمەنیان تەواو دەبێ، ئەوە تەنها بەئێمە دەکرێ بۆ ئێمە کارێکی ئاسانە و کەسی‌تر شەریکمان نیە، کەس نیە بتوانێ هاوبەشیمان بکا یان هەر بۆ خۆی بیکا، سەرەنجام گەڕانەوەی هەموو شتێك بۆ لای ئێمەیەو هەموو ئادەمیزاد دێنەوە بۆ لای ئێمەو ئێمە حەق و حیسابیان لەگەڵ دەکەین هەرکەسە بەگوێرەی کردەوەکانی سزاو پاداشتی خۆی وەردەگرێتەوە چاکە بەچاکەو خراپە بەخراپە.

﴿یوم تشقق الأرض عنهم سراعاً ذلك حشرٌ علینا یسیر﴾ سەرەنجام گەڕانەوە بۆلای ئێمەیە ئەو کاتەی زەوی شەق دەبێ و ئەوانیش بەگورجی لەگۆڕەکانیان دێنە دەرەوە و راپێچی سارای مەحشەر دەکرێن و بەپەلە بەرەو رووی بانگ دەر دەڕۆن، ئەو زیندووکردنەوە حەشرو نەشرە بەلای

ئێمەوە ئاسانە و هیچ ئەرك و ماندوو بونێکی پێوە نابینین، وەکوو لەئایەتێکیتردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**ما خلقكم و لابعثكم الاّ كنفسٍ واحدة، انّ الله سميع بصير**﴾ لقمان /٢٨ .

ئەمجار هەڕەشە لەموشریکەکانی مەککە دەکا و دەفەرموێ: ﴿**نحن أعلم بما يقولون و ما أنت عليهم بجبّار**﴾ ئێمە زۆر باش دەزانین موشریکەکان چیدەڵێن، ئاگامان لێیە پەیامەکەت رەت دەکەنەوە و ئینکاری زیندوبوونەوە و تاك و تەنهایی خودا دەکەن ، تۆ ئەی پێغەمبەر زۆرت بەسەر ئەوانەوە نیە، ناتوانی بەتۆبزی ئیمانیان پێبهێنی، ئەتۆ راگەیاندنت لەسەرە ، ئیمە حەق و حیسابیان لەگەڵ دەکەین.

وەکوو لەئایەتێکیتردا ئاماژە بەوە دەکاو دەفەرموێ: ﴿**فإنّما عليك البلاغ و علينا الحساب**﴾ الرعد/٤٠ یان دەفەرموێ: ﴿**فذكّر فإنّما انت مذكّر لست عليهم بمسيطر**﴾ الغاشية/٢١-٢٢ .

﴿**فذكّر بالقرآن من يخاف وعيد**﴾ ئەی پێغەمبەر ئەتۆ بەم قورئانە پیرۆزە ئامۆژگاریی بکەو پەیامی خۆت رابگەیەنە، جا ئەوانەی دڵیان زیندوەو ترسی خودایان هەیە پەند ئامێز دەبن و بەپیر بانگەوازییەکەتەوە دێن، ئەوانەش کەهیچ شتێك کاریان تێناکا، تەنانەت ئایەتەکانی قورئانیش دڵیان راناچڵەکێنێ هەر سوورن لەسەر کوفرو ئیلحادی خۆیان ، کۆڵیان پێوە هەڵمەگرەو خەفەتیان بۆ مەخۆ ئێمە لەعۆدەیان دێین و حیسابیان بۆ دەکەین .

بەیارمەتی خودا رۆژی ٢٠٠٢/٩/٢٧ لەپاکنووسی جزمی (٢٦) بوومەوە و خودا تەوفیقم بدا بۆ تەواو کردنی جزمەکانی تریش .

سلێمانی/ مامۆستایان / گەڕەکی قازی محمد

مەلا محمود

پێڕستی بابەتەکان

